# ڕاست و چەپ

مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی بۆ **نووسەر** پارێزراوە.

**چاپی یەکەم - ٢٠٢١**

# ڕاست و چەپ

نووسینی

## دڵزار حەسەن

بابەت: **کۆمەڵە وتار**

**پێوانە**

١٣.٥*٢١سم (٣٠٨) لاپەڕە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارە سپاردنی (٣٧٨)ی ساڵی ٢٠٢١ی پێ دراوە.

# ڕاست و چەپ

دڵزار حەسەن

# ناوەڕۆك

ناوەڕۆك ........ ٥
عێراق دابەش ناکرێت ........ ٩
کولتوور و دەوڵەت ........ ١٢
عەرەفات و تاڵەبانی ........ ١٥
لە ٤٤ وەزارەتەوە بۆ ١٦ وەزارەت لە کۆمپانیاوە بۆ فرۆشتنی هەوا ........ ١٨
حزب و حکوومەت خەڵک و دەسەڵات ........ ٢١
گریانی ئەو کرێکارە بەنگلادیشە جەرگی سووتاندم ........ ٢٤
بەهای مرۆڤ و چەمکی لە سێدارەدان ........ ٢٧
تۆپ و ئاڵا ........ ٣٠
کێ عێراق بەڕێوە دەبات ........ ٣٣
کورد لە نێوان بەغدا و هەرێمدا ........ ٣٦
نامەیەک بۆ حەوت وەزیرەکەی دژ بە گەندەڵی ........ ٣٩
یەکێتی و ئەوانی دیکە ........ ٤٢
دار عەسایەک بۆ تەمبێکردن ........ ٤٥
بارزانی و تاڵەبانی لە دەرەوە و سوپاش لە کوردستان ........ ٤٨
با هەڵەبجەییەکان سکاڵا دژی ئاسایشی سلێمانی تۆمار بکەن ........ ٥١

عێراق و عارەب و قۆندەرە ........................................ ٥٤

بە یادی یازدەی ئادار پیێ و قەدەمتان بەخێر نیشتمانی عارەبان ............... ٥٧

فێستیڤاڵ و خەڵات ........................................ ٦٠

کوردستان زۆر لە لوبنان دەچێت ........................................ ٦٣

درامای ئاریا.. ئەلقاعیدە و مەلا و گەندەڵەکانی کوردستانی هێنایە دەنگ ........................................ ٦٦

لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێم گەمەکان بەرە و کۆتایی دەبات ............ ٦٩

دیسان پرۆژە یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی ........................................ ٧٢

تورکیای نوێ لە نێوان گرەوی دیموکراتی و سوپادا ............................ ٧٦

مافی گەیشتن بە زانیارییەکان ........................................ ٧٩

سەرۆکی حکوومەت و ڕاوێژکارەکانی ........................................ ٨٢

کیسەڵەکەی زیرەک میرە و تونێلی سیاسیی کورد ............................ ٨٥

ئاوابوونی تەنگژەکان ........................................ ٨٨

لە پەرویزی کۆنگرەی شەرم ئەلشێخ تورکیا و یەکێتیی ئەورووپا بەرە و کوێ؟ ........................................ ٩١

دوای پەنجا ساڵی دیکە شاری هەولێر بێ ئاو دەبێت............................ ٩٤

حەسەن نەسروڵڵا لە کوردستان چ دەکات ........................................ ٩٧

ڕاگەیاندن و حەسارەکەی شێرزاد حەسەن........................................ ١٠٠

قاچی تورک و زمانی کورد........................................ ١٠٣

ئەرێ بەڕاست کوردسانیش عێراقە!........................................ ١٠٦

شیعە و سوونە: ئەزموونێک بۆ کوشتنی دیموکراتی ............ ١٠٩
دیاردە و مەترسییەکانی ماددە هۆشبەرەکان لە کوردستاندا ............ ١١٣
تەنگژەی بودجە ............ ١١٧
شەفافیەت و بە هەدەردان لە بودجەی هەرێمدا ............ ١٢١
ئەنفال وەک پرسێکی کۆمەڵایەتی ............ ١٢٤
تێبینییەکانی دایکم ............ ١٢٨
باوەڕ و ئازادی ............ ١٣٢
مرۆڤ و مەزرای ئاژەڵانی جۆرج ئۆرۆیل ............ ١٣٤
گوناه ............ ١٤١
دڵڕەقی ............ ١٤٣
ترس لە ئایندە ............ ١٤٩
فەرهاد پیربال وەک دیاردە ............ ١٥٣
من کوڕی کاغەزم ............ ١٥٧
لە وشەیەکی فڕێدراو زیاتر نیم، من ............ ١٥٩
پارادیسۆ ............ ١٦٢
ئەو شتانەی دەمگرێنن! ............ ١٦٤
ئاوێنە و شار ............ ١٦٧
خوێندنەوەی بازنەیی ............ ١٦٩
دادگەییکردنی نووسەر ............ ١٧١
کۆمەڵگەی کراوە و داخراو ............ ١٧٣

له ئیسلامی قورئانەوە بۆ ئیسلامی فەرمووده ........................ ١٧٦
هێربەرت مارکۆز.................................................. ١٨٠
مارتن لۆسەر بکوژی جووەکان ...................................... ١٨٢
دیرۆکی فەتوا..................................................... ١٨٦
بیرکردنەوە و ئازادی .............................................. ١٩٠
له پەراوێزی ئازادیدا............................................... ١٩٣
ئەدەب چییە؟..................................................... ١٩٨
ترس له نووسین و سادەیی له گێڕانەوەدا ............................ ٢٠٥
دیمانه ........................................................... ٢٢١
نووسین بەتامی چیرۆک.............................................. ٢٣٢
نامەی ٢٦مین ...................................................... ٢٥٥
ئایین و بیرکردنەوە، دۆزەخی کەلامییەکان: له حەللاجەوە بۆ سورەوەردی
................................................................. ٢٧٧

# عێراق دابەش ناکرێت

بەپێی چەندان ڕاپۆرت و لێدوانی بەرپرسانی دونیا و سیاسەتمەداران، ئاییندەی عێراق لە لێواری دابەشبوون نێزیک بووەتەوە. دوایین پێشنیازیش سەبارەت بە چارەنووسی ئەو پرسە ئاڵۆزە، لە لایەن کۆنگرێسی ئەمریکاوە، بۆ هەمان مەبەست خرایە بەرباس و لێدوان. کاربەدەست و هێز و لایەنە عێراقییەکان، بە تایبەتی ئەوانەی تاوەکوو ئێستە بە هەناسەی یەکپارچەیی خاکی عێراقەوە، دەنوارنە ئاییندەی ئەو وەڵاتە، بە شێوە کلاسیکییەکەی خوێندنەوەی بۆ دەکەن، بە بێ بەرنامەش داکۆکیی لێدەکەن. پێیان وایە عێراق، عێراقی عارەبانە و هەر پرۆژە و پێشنیازێکیش بۆ شکاندنی ئەو یەکپارچەیە! دواجار سەروەری و ئەو پیرۆزییە تێک دەشکێنێت، کە مێژووی سیاسیی عێراق بەرهەمی هێناوە. لە لایەکی دیکەوە، بەشێک لە دەسەڵاتدارانی شیعە لە باشوور، هەردەم خەون بەو ڕۆژەوە دەبینن، کە عێراق بە سێ پارچەییەوە دەربکەوێت. دەرکەوتنی عێراق بەو شێوەیە بۆ شیعەکان سەروەرییەکی دیکەیە، بۆ زاڵبوونیان بەسەر ناوچە پیرۆزەکاندا. هاوکات لەگەڵ ئەوەش، دابەشبوونی عێراق سوننەکان دەخاتە قۆناخێکی دیکەی بە

پەراوێزکردنەوە، کە بۆ هەردەم پێوەندییە سیاسیی و ئابوورییەکانی لەگەڵ ناوچەکەدا دەپچڕێت. ئەو گریمانەیە وای لە بەشێک، لەو هزرە کلاسیکییە عارەبییە کردووە، کە بەردەوام بە گومانەوە سەیری ئەو هەڵوێستانە بکات، کە لە دەرەوە دەرهەق بە عێراق دەدرێت. بەرپرسە دیارەکانی نێو ئەو پرۆسە سیاسییەش، جیاوازتر لەوەی، کە هەیە خوێندنەوە بۆ دەرهاویشتەکانی ئەو پرۆژەیە دەکەن، لەگەڵ ئەوەدا بە کارێکی دژ بە دەستووری عێراقی دانانێن! سەرۆک تاڵەبانی لە دوایین لێدوانیدا، بە شێوەیەکی گەشبینانە سەیری ئەو پێشنیازەی کۆنگرێس دەکات، پەرلەمانی عێراقیش بە دەستێوەردان لە ناوەخۆیی عێراق پێناسەی پرۆژەکە دەکات. وەڵاتانی دراوسێ بە تایبەتی تورکیا، هەر هەنگاوێک بە دابەشکردنی عێراق، بۆ بەرژەوەندیی کورد لێکی دەداتەوە، بۆیە هەردەم نەیاری ئەو پرۆژانەیە، کە عێراق بەرە و دابەشبوون دەبات. دەسەڵاتدارانی ئێرانیش تاوەکوو ئێستە ترسیان لەوەیە، کە ئەمریکا بۆ نێزیکبوونەوەی لە ئان و ساتی لێدانی وەڵاتەکەی، بۆیە عێراق بەرەو ئەو چارەنووسە دەبات. ڕەنگە ئەمریکاییەکانیش دوای ئەو ئەزموونە تاڵەی، لەو چەندساڵەی لە عێراقدا بە دەستیان هێناوە، هاتبنە سەر ئەو قەناعەتەی، کە بیر لە گۆڕینی کلێشەی ئەو عێراقە بکەنەوە، لە یەکپارچەییەوە بۆ سێ پارچەیی. هەڵبەتە سیناریۆکانی نێو ئەو جۆرە پرۆژانە سەرنجی دەسەڵاتدارانی کوردی بۆ لای ئەوە ڕاکێشاوە، هەردەم لایەنگری ئەو بۆ چوونە بن، کە عێراق بەرە و دابەشبوون دەبات. پێشوازییەکەی سەرۆکی هەرێم لە پێشنیازەکەی کۆنگرێس، جارێکی دیکە هاوسۆزی کورد و ئەمریکاییەکانی، بۆ ئاڕاستەکردنی عێراق

قوولْترکردەوە. ئەمەیش ئەوە دەردەخات، کە تێڕوانینی سیاسیی و ئابوورییانەی کورد، هێندە ڕووی لە ڕۆژئاوا و ئەمریکایە، هێندە چارەی ڕۆژهەڵات و عێراقێکی یەکپارچەیی ناوێت. بەپێی زۆر لە پێشهات و ڕووداوەکانیش، دەسەڵاتدارانی ئەمریکا هێندە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی لەگەڵ کورد و هەرێمی کوردستان دەگونجێت، هێندە ئامانجەکانی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراقدا تێک ناکاتەوە. سەرباری ئەو تێگەیشتن و بۆچوونانەشیان لەبارەی عێراقەوە، بەڵام هێشتە گومان هەیە عێراق بەرەو دابەشبوون بچێت، ئەمریکاییەکانیش بۆ درێژکردنەوەی کات ئەوە جۆرە پرۆژانە دەخەنە ڕوو، عێراقیەکانیش هەردەم لە چاوەنواڕی گۆدۆیەکدان، کە عێراق بە یەکپارچەیی بهێڵێتەوە.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٣٠٨ – ٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی.

# كولتوور و دەوڵەت

بەهای دەوڵەت ئەو کاتە دەردەکەوێت، کە کۆمەڵگەکەی خودان فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی کولتووری بن. هیچ کاتێکیش دەوڵەت سازنەکراوە گەر لەژێرەوە، ژێرخانێکی کولتووری بە هێز ئامادەیی نەبووبێت. وەک دەبینرێت و دەبیسترێت، زۆرینەی هەرە زۆری ئەوانەی بونیادی دەوڵەتی تۆکمە و پڕ لە سەروەرییان ڕۆناوە، ئەو نەتەوە و کۆمەڵگەیانەن، کە بەهای کولتوور، بووەتە مەزنترین سەرمایەی مێژوویی بەلایانەوە. بە پێچەوانەی ئەوەیش، کۆی ئەو نەتەوە و کۆمەڵگەیانەی، کە خاوەنی بەهای کولتووریی و فەرهەنگی ڕاستەقینەی خۆیان نین، یاخۆ بە واتایەکی دیکە خۆیان نەیانویستووە، یان نەیانتوانیوە دواجار کولتوورسازییەک لەنێو مێژووی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ژیاری خۆیاندا بکەن. بێگومان لە ئان و ساتی دامەزراندنی دەوڵەتدا، زۆر بە کەمی سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە. نموونەی ئەو جۆرە نەتەوە و کۆمەڵگەیانەیش زۆرن، هەردەم بینیومانە چۆن چارەنووسێکی نادیار ئاراستەیان دەکات. هەڵبەت بۆ توندوتۆڵکردنی سەرخان و ژێرخانی دەوڵەت، بە تایبەتی بۆ ئەو نەتەوە و کۆمەڵگەیانەی، لە هەوڵی بونیادنانی دەوڵەتی

سەرمایەگوزاری کولتووریدان، بەر لە هەموو کار و کردەوەیەک، پێویستە هەنگاو بۆ دامەزراندنی وەرشەیەکی بەرهەمهێنەری خۆماڵی بنێن، بۆ ئەوەی مەودای پێکهاتە و بەهای جەوهەری کولتووری ئەو دەوڵەتەی، لەسەر بنەخشێندرێت. نەخشاندنی هێماکانی ئەو دەوڵەتەش، سەرەتا دەبێت لە بونیادێکی خاوەن ژیرییەکی سەردەم هەڵقوڵێت، ئینجا دەرهاویشتەکانی، بە شێوەیەکی ئاسۆیی و ستوونی تەواوی ئەو جۆگرافیایەی، کە دەوڵەتی لەسەر بیناکراوە بگرێتەوە. نموونەی هەرێمی کوردستان، کە بەرهەمی حەڤدە ساڵی مێژووی سەوداکاریی سیاسی و بەڕیوەبردنی ئێمە لە خۆ دەگرێت، یەکێکە لە وێنەی ئەو بێ دەوڵەتانەی، کە نەیتوانیوە شوێنی بەهای کولتوور، لە پێکهاتەی قەوارەکەدا بکاتەوە. کولتوور بە واتای کۆی ئەو خەسڵەتە شارستانیی و ژیارییەی، کە دواجار مرۆڤی تایبەتمەند بەرهەم دەهێنێت، لەنێو وەڵاتدا. کاتێکیش دەڵێین مرۆڤی تایبەت، دیارە مەبەستمان مێژووی تایبەت و زمان و فەرهەنگ و ئەتەکێتی تایبەتییانەی ژیانە. ئەو ژیانەی، کە تۆ لە کولتووری عارەب و فارس و تورک جیا دەکاتەوە و تایبەتمەندیی کولتوورێکی تایبەت، بە هاووەڵاتییانی نێو ئەو قەوارەیە دەدات، کە ژیانی هاوبەش و مێژووی هاوبەش و ئاوهەوا و خاک و سەروەری کولتوورێک بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە. ئاماژەکانی بوون بە دەوڵەت، لە لایەن وەڵاتانی ئەڵمانیا، فەرەنسا، بەشێک لە وەڵاتانی ئاسیا، میسر، تورکیا، ئێران و...هتد بەرهەمی هەمان ئەو دۆخەن، کە کولتوور لە پشتەوەی دروستبوونی وەڵاتەکانیاندان. هەڵبەتە سەرەتا واقیعی سیاسیی و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی دەخواست، بیر لە هێنانە

پێشەوەی ئەو ورشەیە بکرابوایەوە، بۆ ئەوەی بمان توانیبوایە ئەو نەوەیەی، کە لە دوای ئەو ئەزموونەوە بەرهەم دەهێنرین، بەو کولتوور و فەرهەنگە نوێیە گەشەیان بکردایە، نەک ئێستە دەبینین زۆر لە گەنجانی ئێمە، بە هۆی نەبوونی فەرهەنگ و ژێرخانێکی کولتووری ئاراستەکراوەوە، نازانن هەنگاو بۆ کوێ ببەن. بێگومان ئەو سەرلێشێواوییەی نەوەکانی ئێمە، دواجار سەر دەکێشێت، بۆ شێوەیەک لە بێئومێدی، کە سەر بکێشێت بۆ باوەڕ نەبوون بە بوون و بەهای مرۆییان، ئەوەش دۆخێکی دیکەی پەتای لەناو چوونی نەتەوەکان دەگەیەنێت، لەنێو ئەو ئاپۆرای جیهانگەراییدا، کە هەردەم ئاماژەیەک بووە بۆ لەناوبردنی ئەو جۆرە نەتەوە و کۆمەڵگەیانەی، کە لە هەوڵی سڕکردن و بێبەشکردنی تاکەکانی نێو کۆمەڵگەکەیاندان. ئیدی لە هەر نوێبوونەوەیەك، کە لە کولتووردا دەکرێت. هەر ئەوەش مەترسی سەرنەکەوتن و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانمان بە گوێدا دەچرپێنێت، بەڵام گەر وریا نەبین و بێ سازدانی ئەو کولتوورە هەنگاو بنێین. بێگومان دواجار خۆشمان و نەتەوە و دەوڵەتەکەشمان، دەبەینەوە ژێر گڵ.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٢٧٣ – ١٩ی ئابی ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی.

# عەرەفات و تاڵەبانی

پرسی مەرگ و جێگرەوەی دوای تاڵەبانی، چی کەمتر نییە لە ئان و ساتی مەرگی نائاسایی یاسر عەرەفاتدا. کەسیش لە ئێمە نەیتوانیوە، جیاوازییە بنەڕەتییەکانی ئەو دوو پرسە گوماناوییە بخاتە ژێر پرسیارەوە، هەر ئەوەشە وایکردووە، بەهای مانەوە و مەرگی ئەو دووانە، پڕ بایەخترین گوتوبێژی نێو مەیدانی سیاسەت و میدیاکانی ناوەخۆ و دونیا بن. ئەگەر و گریمانەکانی هەردوو بارودۆخەکەیش یارمەتیدەرن، بۆ ئەوەی مشتومڕی نێوانیان بخەینە خانەی شرۆڤەکردنێکی قووڵەوە. مانەوەی تاڵەبانی دوو وێستگە دەبات بەڕێوە، لە لایەک وزەیە بۆ سڕکردنی تەنگژە و ئاریشەکانی نێو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. بە دیوێکی دیکەوە، وەک تاکە نموونەی سەرۆکایەتیی عێراقێکی داڕوخاو، بە ئەزموونی یەکدی کوشتن و شەڕی ئایینزایی دەردەکەوێت. بەهای تاڵەبانی لەو فۆڕمەدا گەورەترین وەرشەیە بۆ ساردکردنەوەی ئەو دۆخەی، کە لە عێراقدا هاتووەتە دی. لە پانتایی تێز و پرەنسیپە دیپلۆماتییەکانەوە، بوون و نەبوونی تاڵەبانی خوێندنەوەی هەمەچەشنەی بۆ دەکرێت، جگە لەوەی تاڵەبانی لە ئێستەدا گیانی لە لێواری

فەنابووندایە، بێ بوونی ئەویش ئاییندەی یەکێتی و پرۆسەی هێورکردنەوەی ئاڵۆزی و گرژییەکانی ناوچەکەیش، دەچێتە قۆناخێکی دژوارترەوە. زەمینەسازبوونی تەختی سەرۆک کۆمارەیش لە عێراقدا، تاڵەبانی گەیاندە پەیژەکانی نەمرییەوە. تاوەکوو ئێستەکەیش تەنیا هەناسەکانی تاڵەبانی، بوونی یەکێتیی لە لێواری متبوونەوە دووردەخاتەوە و هیچ ئەگەرێکیش، بۆ لەسەر پێ ڕاوەستانی یەکێتیش، لە دوای تاڵەبانییەوە لە ئارادا نییە. لێرەوەیە بەهای خەسڵەتە سیاسیی و دیپلۆماتییەکانی هەردوو سەرکردە، عەرەفات و تاڵەبانی، سەرنجی لێکدانەوەکان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. بێگومان کەسیش ناتوانێت نکۆڵی لە گەمە هەستیارەکانی عەرەفات بکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پێشبینی و ڕووداوەکانی دوای مەرگی عەرەفاتیش ئاراستەیەکی واقیعبینانەیان پێکا، کە پێیان وابوو دوای لەدەستدانی ئەو، ئیدی فەڵەستین و ناوچەکەیش بەرەو کوشتاری ناوەخۆیی و تەنگژەی دەسەڵات و ئابووریش دەبێتەوە. بەڵگەش زۆرن، کە ئەمریکاییەکان لە دوای عەرەفاتەوە نەهاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی، کە ئاییندەی چارەسەرکردنی کێشەی فەڵەستین بە دەستیانەوە دەمێنێت، یاخۆ نا. گوشارەکانی ئێران و گرووپە سەلەفییەکانی ناوچەکەیش، لە بەرانبەر ئەمریکادا، ڕووگەی سیاسیانەی ئەمریکاییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. دۆخی عێراقیش، وەک بوونی درێژترین تەنگژە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، خەریکە بە هۆی هاو ئایینزایی و سیاسەتەکەیانەوە، دەمارەکانی تێکەڵ بە جەستەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێت. لێرەوە پرسیار و گومانە بنەڕەتییەکانی نێوان تاڵەبانی و عەرەفات دەردەکەون، بە شێوەیەک لە شێوەکانیش خوێندنەوەکان

ڕاماندەهێنن لەسەر ئەوەی، قسەیەکیش لەبارەی دۆخی دوای تاڵەبانیش بکەین، ئەو وتەیەی، کە پێی وایە تاڵەبانی هەردەم گرژییەکان بەرە و لێواری هێوربوونەوە دەبات، ڕەنگە ئەو بۆچوونە لە کەنارێکدا بوەستێت، ئەگەر لە پێش مەرگیدا، عێراق لە ناوەخۆیدا ڕووبەڕووی گەرمترین کوشتارگەی خوێناوی ببێتەوە. ڕاستبوونی ئەو پێشهاتانەش، چانسی سەرۆک کۆمارێکی ئاشتیخوازی پشی درێژ، لە تاڵەبانی دەستێنێتەوە. تاوەکوو ئێستەکەیش ئەگەری ئاڵۆزبوونی ناکۆکییەکانی سوننە و شیعە لە لایەک، کورد و عارەب و تورکمان لەسەر چارەنووسی کەرکووک لە لایەکی دیکەوە، لە لووتکەی گرژیدایە. چاوەدێرانی سیاسیش ڕەوشەکە بە مەترسی، بۆ سەر ئاییندەی عێراقێکی یەکپارچە و دامەزراو لێک دەدەنەوە. تاڵەبانی ئەگەر نەبێتە ئەو فریادڕەسە، عێراق لەو تەنگژەیە ڕزگار نەکات، ئەو کاتە مێژوو وێنەی عەرەفاتێکی دیکە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دووبارە دەکاتەوە، ئەویش تاڵەبانییە. تاڵەبانییەک لە دوای مەرگیدا، دونیایەک گرێی سیاسیی و حزبی و دەسەڵات بە دوای خۆیدا جێدەهێڵێت.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ١٩٢ – ٢٦ی نیسان ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی.

# لە ٤٤ وەزارەتەوە بۆ ١٦ وەزارەت لە کۆمپانیاوە بۆ فرۆشتنی هەوا

ASK کە ڕێکخراوێکی کوردی – ئەمریکاییە، لە بواری گەشەپێدانی تواناکانی کورد کار دەکات، لە دوا ڕاپۆرتیدا سەبارەت بە ڕێژەی هەڵاوسانی ئابووریی و نرخی شتومەک، لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا، لە نێوان هەرسێ شاری هەولێر - سلێمانی و دهۆک، شاری سلێمانی وەک شارێکی "گران جان" بە هۆی بەرزی نرخی خواردن و پێداویستییەکانی دیکەی ژیان، پێناسە دەکات. ڕێکخراوی ناوبراو، لە میانەی ئەو ڕاپۆرتە نوێیەدا، کار لەسەر جیاوازی نرخی سووتەمەنی، سەوزە، میوە، جۆرکانی خواردەمەنی، دراو، زێڕ و کەلوپەلی تەلارسازی دەکات. بە پێیی کاریگەریی و دیاریکردنی بەرزی و نزمی ڕێژەی نرخەکانیشیان ڕاپۆرتەکە دەوڵەمەند کراوە، لە لاپەڕە ١٨ی ژمارە ٧٤ی هەفتەنامەی ئاوێنەشدا، وردەکارییەکانی بڵاوکراوەتەوە. ڕاپۆرتەکە دەری دەخات شاری سلێمانی، بە هۆی بەرزی نرخی ئەو شتانەیەوە، جیاوازی لەگەڵ شارەکانی دیکەی کوردستاندا هەیە. هەر لە هەمان ژمارەی هەفتەنامەی

ئـاوێنەدا لە لاپەڕە ٣ و لە میـانی دیدارێکـدا لەگەڵ بەڕێـوەبەری ئاماری شاری سلێمانی ئاماژە بەوە دراوە، کە ٣٤٧٢ کەس دەبـڵ مووچە و زیاتریـان هەیە، لە دوا ئاماریشـدا، کە لە مـانگی ١٠ی ٢٠٠٥ کــراوە تــاوەکوو مــانگی ٦ی ٢٠٠٦ تەنیــا لە ســنووری پارێزگەی سـلێمانی و گەرمیانـدا، ٣٢٨٢٩٧ هەزار مووچەخـۆری حکوومــەت هەن، کە لەنێویانـــدا ٣٤٧٢ هەزار کەســـی دەبـــڵ مــووچەی نایاســاییبیان تێـدابووە، ئێســتە موچەیەکیـان بـڕدراوە. بەوەش مانگـــانە ٣٤٧٢٠٠ دۆلار گەڕاوەتەوە بـــۆ گەنجینـــەی حکوومــەت، کە دەکـــاتە ٤١٦٦٤٠٠ دۆلاری ئەمریکـــایی. لەو باسەدا قسەی جددی ئێمە ئەوەیە، کە بڵێـین شـارێک ئەگەر بەو شـێوەیە نرخـی شـتومەک لە بازاڕەکانیـدا بەرز بێـتەوە. بێگومـان دەتوانین ئەو ڕاستیە بـدرکێنین، کە ئەو گـرانییەش لە دبئەنجـامی بێ بەرنامەیی و نەبـوونی سیسـتەمێکی ئـابووری درێژخـایەن، بـۆ کـۆنترۆڵکردنی ڕێـژەی هەڵاوسـانی نرخەکـان لە ناوەنـدەکانی بازرگانیـدا هـاتووەتە ئـاراوە، کە حکـوومەت و بەڕێـوەبەرایەتییە داراییەکـان، نەیـانتوانیوە بەو شـێوەیە سـەوداکاریی لەگەڵ دراو ونرخەکانـدا بکـات، کە بتوانێـت هاوسـەنگی لە نێـوان گیرفـانی هاووەڵاتی و بـازاڕدا دروسـت بکـات. کـاتێکیش نرخەکـان بەو شێوەیە بەرز دەبێتەوە، ئەو کاتە هاووەڵاتییـان و فەرمـانبەران، بیـر لە شێوەیەکی دیکەی وەدەستهێنانی پـارە دەکەنەوە، کە بتوانێـت لەو ڕێگەیەوە هاوسەنگییەک، لە نێوان گیرفان و بازاڕدا دروست بکات. لێرەوە تاک بە شێوەیەکی نائاسایی و ناڕاستەوخۆ تـێکەڵ بە پرۆژەی ئەو گەندەڵییە دەکـرێتەوە، کە لە نـەبوونی سیسـتەمی ئــابووری و کــارگێڕیی لە دەزگــە و دامەزراوە حکومییەکــانی کوردســتاندا هــاتووەتە ئــاراوە. هەر بـۆیە هاووەڵاتییــان، یــاخۆ

فەرمانبەران هەوڵ بۆ ڕێگەی جۆراوجۆر دەبەن، بۆ ئەوەی بتوانن زیاد لە مووچەیەکیان دەست بکەوێت. ئاشکرایە و ئەستەمیشە، کەسێک بتوانێت بەو شێوەیە گرانییەی، کە ئێستە لە بازاڕەکانی کوردستاندا هەستی پێدەکرێت، بە یەک مووچە گوزەرانی بە شێوەیەکی ئاسایی تێپەڕ ببێت، بۆیە دەبێت بەرپرسان بە لایانەوە شتێکی ڕۆشن بێت، کە تاکەکانی، کار بۆ زیاد لە مووچەیەک دەکەن. هەر لەبەر ئەوەی خاوەن دەسەڵاتەکانی ئێمە خودان چەندان کۆمپانیای ناشەرعی و ناحکومییان بۆ خۆیان پێک هێناوە، کە وایکردووە هاووەڵاتییان لە بەرانبەر ئەو دەستڕۆیشتوونەی، هەموو لایەکمان دەزانین پڕبوونی گیرفانەکانیان لە ئەنجامی ئەو گەندەڵییەدایە، کە ڤایرۆسەکەی پەڕیوەتە جەستەی تاک بە تاکی خەڵکی کوردستانیشەوە. هەر لێرەوە دەمەوێت ئاماژە بەو دەستپێوەگرتنە دارایی و ئابووری و کارگێڕییەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەم، کە ماوەیەکە بە نیازە لە ٤٤ وەزارەتەوە کابینەکە بکاتە ١٦ وەزارەت و لە فرە مووچەیەوە فەرمانبەر ڕابێنێت لەسەر یەک دانە مووچەیی! بێگومان ئەو کارەش تاوەکوو سەر نابێت، مادامەکێ سنوور بۆ گیرفانی بەرپرسان و دەسەڵاتداران و خاوەن کۆمپانیا بێ مۆڵەتەکان دانەنرێت، کە بەس ماوە هەوا بە پارە بەسەر هاووەڵاتییاندا دابەش بکەن.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٢٣٨ — ١ی تەمووزی ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی.

# حزب و حکوومەت
# خەڵك و دەسەڵات

یەکێک لەو چیرۆکە درێژانەی، هەردەم دەسەڵاتی کوردی بە مێشک و گوێماندا دەیگوزەرێنێت، حیکایەتی جیاکردنەوەی حزب و حکوومەتە لەیەکدی. ئەو حیکایەت و چیرۆک و سەرگوزەشتانە لە هزری ئەو خاوەن دەسەڵاتانە، هێندە قاڵبێکی ڕۆتینی و سرکەرانەی لە واقیعی ئێمەدا وەرگرتووە، هێندە نەچووەتە واری جێبەجێکردن و پراکتیکییەوە. هەر ئەوەشە بە شێوەیەک لە شێوەکان وایکردووە، کەس بڕوا بەوە نەکات بارەگەیەکی وەک "لق" یاخۆ "مەڵبەند" خۆیان بەدووربگرن، لە هەر دەستێوەردانێکی حزبی، لە دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا. ڕەنگە لە زۆر کاتانیش جێگەی پێکەنین بێت، بۆ ئەو کەسەی پێی وایە یەکێتی و پارتی بە هیچ شێوەیەک کارتەکانی خۆیان لەناو حکوومەتدا بەکار ناهێنن! بە پێچەوانەوە ئەو کاتە دید و دیدگەمان ڕاست و دروست دەردەچێت، کە ئەوەی ڕوودەدات لەنێو گەمەکانی حکوومەت و حزبدا، وەک خۆیان بیانگوازینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بێ پەردە

و دیوەدەرانە ئاماژەش بەوە بدەین، کە حزب نەک هەر لە کاری ڕۆتینی حکوومەت دەستوەردەدات، بگرە زۆرێک پرۆژە و دامەزراندنی بەرپرس و فەرمانبەر و جێگۆڕکێکردنی ئەم و ئەویش، هەر بە واژەی بەرپرسانی حزبی دێتە ئاراوە. جگە لەوەش تا ئەم ساتەیش کارگێڕانی هەردوولا بە پلەی بەڕێوەبەریی گشتی و هەورازتریش مووچە لە حکوومەت وەردەگرن، لەگەڵ ئەوەشدا لە بارەگەکانی حزبیش دەوام دەکەن. ئایە ئەوە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی حزب و حکوومەتە لە یەکدی!؟ یان تێکەڵکردنەوەی هەردووکیانە، بەڵام بە شێوە مۆدێلە تازەکەیەوە، کە هونەرەکانی حزبی کوردی خولڵقاندوویەتی، یان لە زۆر کاتان ئەوەمان بەر گوێ دەکەوێت، کە دەسەڵات لە هەوڵی ئەوەدایە گەل و حکوومەت ئاشت بکاتەوە. لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەدا پروپاگەندەشیان بۆ ئەوە دەکرد، کە ئەوان لە خەمی ئەوەدانە دەسەڵاتی کوردی دابەزێننە خوارەوە، بە تایبەتی بۆ نێو ڕیزەکانی گەلەوە. هەرچەندە ئەوەی بە چاوی واقیع و لۆژیک و ویژدانەوە سەیری ئەمڕۆکەی حکوومەت و کۆمەڵگەی کوردستان بکات، بە ئاشکرا هەست بەوە دەکات، کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان دەسەڵات و خەڵکدا هەیە، بە ئەندازەیەک وای لێهاتووە بەرپرسان و دەسەڵاتداران، تەنیا لە بۆنە و یادەکاندا ببینرێن. جگە لەوەش بە هیچ شێوەیەک، چ لە هەڵسوکەوتیان، چ لە کاتە فەرمی و تایبەتەکاندا ئاسانکاریی بۆ هاووەڵاتییان ناکەن، کە ڕووبەڕوو یەکدی ببینن، بۆ خاتری ئەوەی ئەو کەشە خراپەی کوردستان چاک بکەن. دیارە لەمەشیان دەسەڵات کەمتەرخەمە، کە نەیتوانیوە لەو ماوەیەی دەسەڵاتی خۆیدا واز لە

بەشێک لە بەرژەوەندیی و دەستکەوتەکانی بهێنێت، لە پێناوی ئەوەدا تاوەکوو لە سروشت و ڕاستگۆیی بەها و بوونی خۆی تێکەڵ بە خەڵک بکات و لە کێشە و گرفتەکانی تاکی نێو ئەو جڤاکە نێزیك بکەویتەوە. لێرەدا بە هۆی ئەو دوورەپەرێزیەی دەسەڵاتەوە لە خەڵک، بە پلەی یەکەمین هاووەڵاتییان زیانمەند دەبن، ئینجا خودی حکوومەت و دەسەڵات. پێشموایە ئەو دیاردەیە چەندی درێژەی هەبێت و هەناسە بدات، هێندە تەنگژهەکانی نێوان جڤاك و دەسەڵات، بە واتا "هیگڵ"یەکەیەوە چڕتر دەبێت و وەک فاکتێک شێوەی خۆی وەردەگرێت.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٥٦١ — ٤ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی.

# گریانی ئەو کرێکارە بەنگلادیشە جەرگی سووتاندم

ئەستەمە بۆ گەلێک مێژووی ژیانی هەمووی نەهامەتی بێت، ئامادەش بێت گەلانی دیکە بچەوسێنێتەوە، مخابن بۆ ئەو کۆمەڵگەیەی خۆی بابە کوشتەی دەستی ستەمکاران و پیاوە دڵڕەقەکان بێت، خۆشی بێ ویژدانی بەرانبەر بە کەسانی دیکە بکات. بێ ڕێزییە بۆ کەسانێک بەشی زۆری ژیانیان دەربەدەری و ئاوارەیی بێت، بای ئەوەندەیش ئەدەبی ئەوەی نەبێت، ڕێز لە بێگانە بگرێت. ئاهوو و حەسرەت بۆ میللەتێک، ئەوەندە بێ ویژدان بێت و ڕێزی میوانی لانەبێت.

بەداخەوە لەو هەرێمەی من جگە لە هاونیشتمانەکانی، مرۆڤە بێگانەکانیش ئازار دەدرێن. ئەو خەڵکە درۆیەکی گەورە دەکات، گەر پێی وابێت، بەختەوەری لە دروستکردنی ژیانێکی پاشایانە بۆ خۆیی و گوزەرانێکی کوێلانەش بۆ بەرانبەرەکەیدایە. بە ڕاستی لەو کارەساتەی کە ڕووی دا، تنۆکی فرمێسکم لە چاوی ئەو کرێکارە بەنگلادیشیانە بینی، کە بۆ داکۆکیکردن لە مافی زەوتکراویان، لە شاری سلێمانی هاتبوونە سەر شەقام و پیاوەکانی حکوومەتیش بە شەق و پێلەقە یەک بە یەکیانی

ڕاپێچی زیندان کرد. ئەو کات هەستم کرد ئێمە بە ڕاستی سەر بەو کولتوورە بەربەرییەین، کە هیچ کاتێک ناتوانین ڕێزی مرۆڤ لەبەر چاوبگرین.

هەزار مخابن بۆ کۆمپانیایەکی کوردی دەخوازم، کە فێڵ لەو مرۆڤە داماوانەی دونیا دەکات و بە زگی نیوە برسییەوە دەیان چەوسێنێتەوە. کۆمپانیایەک ئەوە هەست و ویژدانی بێت و بەڵێنی ٣٠٠ دۆلار بۆ کرێی مانگێك بە کرێکارێکی بیانی بدات، کەچی پاشان ١٥٠ دۆلاری پێ بدات، ئایا خاوەنی ئەو کۆمپانیایە دەبێت چ سۆز و هەستێکی نامرۆڤانەی هەبێت. هاووەڵاتییانی وەڵاتێکی وەک بەنگلادیش بچەوسێنێتەوە، کە ژیانیان لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، چی لە ئێمە کەمتر نییە.

نازانم تاکەی ئەو شێوازی کۆیلایەتییە، لەناو گەلانی ڕۆژهەڵاتدا برەوی دەبێت، زمانێک هیچ بەهایەک بۆ مرۆڤ و بوونی مرۆڤەکان ناهێڵێتەوە. باشە ئەو مرۆڤانەی لەم هەرێمەدا بەو شێوەیە ستەمیان لێ بکرێت، ئاخۆ شایانی ئەوەن لێیان بدرێت و ڕسوا بکرێن، یان پێویستە لەسەر حکوومەت بە دەنگ داواکانیانەوە بچێت، ئەو کەس و کۆمپانیایەی، کە مافی خواردوونە بێت مافی زەوتکراویان بۆ بستێنێتەوە، یان پێویست دەکات حکوومەتیش جەستەی خێر نەدیویان پتر هەنجن بە هەنجن بکات. بێگومان لە پێش هەموو شتێکدا کاری حکوومەت و پۆلیس و ئاسایش ئەوەیە، ڕێز لە بەها و داخوازییەکانی مرۆڤەکان بگرێت، نەک بە شەق و زللە وەڵامی خۆپیشاندەران بداتەوە. دیارە پیاوەکانی حکوومەت، هیچ لە

ژیانی شارستانی و دیموکراسی نەگەیشتوون، یان تەنیا فێری ئەوە کراون، ڕێپێوانەکان بە توندوتیژی کۆتایی پێبهێنن. نازانم حکوومەت ئەو جارە چ پاساوێک بۆ ئەم پێشێلکارییانە دەهێنێتەوە، کە ڕۆژانە بەرانبەر بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دەکرێت لە کوردستاندا. سەیرم پێدێت خۆمان و نەوەکانمان لە وڵاتانی دونیادا پەنابەرین، هەموو لایەکیشمان دەزانین، کە چۆن یاساکانیان ڕێزمان بۆ دادەنێن، بەڵام بەداخەوە ئێستە خۆمان بووینەتە خاوەن ماڵ و بێگانە و پەنابەران دەچەوسێنینەوە. نازانم ئەوە چ سیحرێکە وا لەو گەلە دەکات، تەنیا بەرچاوی خۆی ببینێت و دووربین نەبێت. زۆر سەیرە بۆ ئەو واقیعەی، تەنیا دەسەڵاتی چەوسێنەر و توندوتیژ بەرهەم دێنێت.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٢٧٩ – ٢٧ی ئابی ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی.

# بەهای مرۆڤ و چەمکی لە سێدارەدان

پرسیی لە سێدارەدان، وەک پرۆسەیەکی کوشندە، بۆ قڕکردنی دەنگ و هەناسەی مرۆڤ تاوەکوو کۆتایی بە ژیان بهێنێت، مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، لە دۆخی ئێستەشدا لەنێو زۆرینەی هەرە زۆری وەڵاتانی دونیادا بەردەوامی هەیە، هەردەم لەسەر تاوانباران جێبەجێ دەکرێت. لێرەدا نامەوێت قسە لە وردەکارییەکانی یاسا و بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ بکەم، کە زۆر ماددەی تایبەتی بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤی تێدایە. ڕەنگە ئەو باسە دوورمان بخاتەوە لە مەبەستی سەرەکیی تەوەرەکە، کە قسەکردنە لەسەر بەهای مرۆڤ و چەمکی لە سێدارەدان، کە بەداخەوە تاوەکوو ئێستەش وەک ئاماژەم پێدا، ئەو بڕیار و دیاردەیە لە زۆر لە حکوومەتەکانی ناوچەکەدا ماوە بە هەرێمی کوردستان و عێراقیشەوە. بوونی ئەو جۆرە سزایەش، دواجار مرۆڤ لەناو دەبات و کۆتایی بە ژیانی دەهێنێت. ئەوە خۆی لەخۆیدا شێوەیەک، لە قڕکردن و سڕینەوەی مرۆڤی لێوە دەخوێندرێتەوە. دیارە وەک چۆن، هەردەم ڕەخنە و توانج لەو

دەوڵەت و حزب و کۆمەڵگەیانە دەگیرا، کە شلگیرانە مرۆڤایەتیان کوشتوبڕ دەکرد و سڵیشیان لە هیچ یاسا و ڕێسایەک نەدەکردەوە، ڕەنگە بە هەمان شێوەش، قسە لە ئەو دیاردەیەش بکرێت، کە دواجار بە نەمانی مرۆڤ کۆتایی پێدێت. من ناڵێم یاسا نەبێت و سزای تاوانبار نەدرێت، بگرە پێم وایە لەوەتەی مرۆڤایەتی لەسەر زەوی ژیان دەکات، بەردەوام بەدەست کەسانی ناحەز و شەڕانگێزەوە گرفتیان هەبووە، لە زۆر کاتانیش ئەو کێشە و ئاریشانەیان سەرئەنجام جەنگی گەورە و کاولکارانەیشی لێوە بەرهەم هاتووە، بۆیە مێژووی مرۆڤایەتی چەندی شانازیکردن بێت، بە داهێنان و شارستانییەت و پێشکەوتنەوە، بەقەد ئەوەش لە زۆر دۆخی نادروستانەدا جێگەی شەرمەزاریی هەموو لایەکمان بووە. کاتێکیش سەیری جوانی مرۆڤ و پێکهاتە و بەهاکەی دەکەین لە ژیاندا، تووشی سەرسووڕمان دەبین، لە ئاست سزای لە سێدارەدانەوە، چونکە مرۆڤ ئەمڕۆکە زیاتر پێویستی بە ژیانە، نەک مەرگ، بۆیە بەخشینی ژیان بە مرۆڤایەتی ئەرکی دەوڵەت و حکوومەتە، بەڵام ڕۆح سەندنەوە و مردن لە ئەستۆی داهێنەری گەردوون و بوونەوەراندایە، کە هەر ئەو دەتوانێت گیانی مرۆڤ بکێشێت. هەرچەندە وەک باسمکرد، ئەم بابەتە زۆری دەوێت و قسەی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام خۆم دەپارێزم لە باس و خواسی چەمکە یاسایی و ئایینییەکان لەو بارەیەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێداگرم لەسەر ئەوەی هەوڵ بدرێت ئەو سزایە، کە دژی بنەمای مافەکانی مرۆڤ و چەمکە مرۆییەکان و یاسا نێودەوڵەتییەکانە، بۆیە پێویستە چاوێکی پێدا بخشێندرێتەوە و ڕەچاوی بەهای مرۆڤ و مرۆڤایەتی بکرێت. هەروەها وەک

زانراویشە لە زۆر وەڵاتدا ئەو بڕیارە هەر نەماوە، لە شوێنی ئەودا سزای دیکە دانراوە. هەر ئەوەش سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت، ئێمەیش بە یاسا و سزاکانماندا بچینەوە و گۆڕان لەو یاسایانەدا بکەین، کە لەگەڵ کۆمەڵگەی دیموکراسی و کراوە و پێشکەوتوو ناگونجێت. تا لەو ڕێگەیەوە ڕێز و بەها بۆ تاوانباران و لە یاسا لادراوەکان کە تێبگەیەندرێن ئێوەش بەشێکن لەو خەڵکە و پێویستە بە خۆتاندا بچنەوە و چیدی تاوانی ئەوها دەرهەق بە خەڵک و نیشتمان و نەتەوەکەتان نەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا بەها بۆ مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگەیش بگەڕێنینەوە، کە بەداخەوە ڕۆژانێک بێبەش بوون لە ئازادی، گەڕاندنەوەی بەهاش بۆ مرۆڤەکان هێمایە بۆ پابوندبوون بە یاسا نێودەوڵەتییەکان و بنەماکانی مافی مرۆڤ. کوردستان زۆر پێویستیی بەو متمانە مرۆییانە هەیە، کە ڕۆژانێک بە هۆی ڕژێمە ستەمکارەکانی عێراق و ناوچەکەوە لێی سەندرابووەوە. ئەمرۆکەیش پێویستە ئەو قۆناخە بگۆڕین و داپەروەرییەکی کۆمەڵایەتی و یاسایی گەورە و مرۆڤدۆستانەیش بۆ هاووەڵاتییان مسۆگەر بکەین.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٥٧٠ – ١٩ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٩ی زایینی.

# تۆپ و ئاڵا

ئەو ڕۆژە بەدەست خۆم نەبوو، خورشت کەوتبووە گیانمەوە، هەر لە خۆمەوە حەزم دەکرد عێراق بباتەوە. دوای غەنەیەکی زۆر و پاسێک لە کۆڕنەوە "یونس"ی یەخە دڕاو، گۆڵی سەرکەوتنی جامی ئاسیای بۆ گەلی داماوی عێراق تۆمارکرد. منیش بە بێ ئەوەی بە خۆم بزانم، هەر لە خۆمەوە، کردم بە هەراوزەنا و چەپڵەڕێزان. تەقە دەستی پێکرد، "دە" هاووەڵاتی بێچارەی شاری قەڵا و منارە زامداربوون و کەوتنە نەخۆشخانە، یەکێک لە بریندارەکان گوتی: من نە حەزم لە تۆپ تۆپێنە و نە عێراقیشم خۆشدەوێت. دوای ئەو "شایی و گریانە" شاری هەڵمەت و قوربانی، وەک پیاو هەستانە سەرپێ و نەیانکردە نامەردی، بۆ خاتری سەرکەوتنی عێراق شەو تاوەکوو بەیانی بە خۆ و ئاڵای عێراقەوە کەوتنە سەما و هەڵپەڕکێ. ڕەنگە لە مەشیان ناهەقیان نەگیرێت، چونکە بڕیاری سەرۆکە و دەبێت جێبەجێ بکرێت. ئەو شەوە وەک ئەوەی شتێکم لێ ون بووبێت، هەر لە خۆمەوە کۆنترۆڵی سەتەلایتەکەم "تەسبیح"ئاسا، ئەمسەر و ئەوسەر پێدەکرد. لە کەناڵی "دریم"ی میسری لە بەرنامەی "المسا و" کە کچێکی شۆخ و شەنگ پێشکەشی

دەکات. لەبارەی سەرکەوتنەکانی "تیپی عێراق" لە بەرانبەر "یانەی سعوودیە"دا، ڕاپۆرتێکی لەگەڵ پەنابەرە عێراقییەکاندا کردبوو. لەنێو ئاپۆرای خەڵکە بە جۆشخواردووەکەیدا، ئاڵای عێراق و سعوودیە پێکەوە بەرزکرابوونەوە. پێشکەشکارەکەیش بەدەم پێکەنینەوە دەیگوت: بڕواننە برایەتی نێوان عارەبان، سەیربکەن چۆن بەبێ جیاوازی شایی سەرکەوتن دەگێڕن. لە کەناڵی عارەبانی عێراقیشەوە، تەنیا ئاڵای عێراق بەرزکرابووە. لەوەش سەیرتر"پۆلیسێکی هاتوچۆ" بە دەمانچەکەیەوە، لە بەغدای پایتەخت و لە ناوەڕاستی شەقامدا تەقەی خۆشی دەکرد. تیرۆریستانیش بە پێچەوانەی خەڵک، ئەمجارە ئەوان تەقەی خۆشییان ڕاگرت بوو، لەو ڕۆژەدا هیچ چالاکییەکی مەیدانییان ئەنجام نەدا. باشە دەبێت ئەو تیرۆریست و تێکدەرانە حەزیان لە تۆپ تۆپێن بێت و کەیف ساز بن بەو بردنەوەیەی عێراق، یان ئەوانە ئەو هێز و گرووپە ئایینزایی و ئایدیۆلۆجیانەن، کە هەم دوژمنن، هەمیش خاوەن ماڵن لە عێراقدا. دیارە لە کاتی ئاوادا خۆیان دەبن بە خاوەن ماڵ، پاشانیش دەبنەوە بە نەیاری یەکدی. وەڵامی ئەو پرسیار و گومانەش بۆ کاربەدەستانی بەغدا جێدەهێڵم.

بە ناچاری منیش ڕێک لەگەڵ ئەوەدا خستمەوە سەر کەناڵی "کوردسات" بینیم بە ئاڵاکەوە شایی لۆغانەکە گرمەی دێت. منیش لە خۆم پرسی ئاخۆ دەبێت دوای بڕیاری هێنانە خوارەوەی ئاڵای عێراق لە لایەن سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانەوە، دەبێت ئەو ئاڵایە چۆن مابێت لەو شارانەی کوردستان و دەبێت لە لایەن کێوە پارێزراو بێت؟! یان دەترسم بە نهێنیی هەڵگیرابێت، بۆ ئەوەی لە دەرفەتێکی ئاوادا

عێراقچییەتی خۆمان بۆ وەڵاتانی عارەبان نوێ بکەینەوە، بە ڕاستی ئەوە جێگەی پرسیارە و پێویستە وەڵام بدرێتەوە. خۆم پێڕانەگیرا و خستمەوە سەر کەناڵی "کوردستان"، ئەویش وێنەی بریندارانی تەقەی خۆشی شاری هەولێری پیشان دەدا. بۆ بەیانیش زانیم، کە ئاسایشی ناوەخۆ لە شاری هەولێر چەند کەسێکی بە تاوانی هەڵکردنی ئاڵای عێراق گرتووە، ئەوەشیان پێچەوانەی ئازادی ڕادەربڕین و بنەماکانی مافی مرۆڤە، کە ناکرێت خەڵک بەو ناوە دەستگیر بکرێت. بێگومان ئەو بەزمەی تۆپ و ئاڵایە، ئەوەم بیردەخاتەوە، کە ئێمە هێشتە لەنێو کولتوورە وێرانکەر و نەگریسەکەی سیاسەت و ململانێیەکداین، کە کەسمان نازانین بۆ کێ هەڵدەپەڕین و بۆ کێش پێ دەکەنین.

رۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٢٦٠ – ٣١ی تەممووزی ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی.

# کێ
# عێراق بەڕێوە دەبات

سەرم لەوە سوورماوە عێراقێک خاوەنی ئەو مێژووە قووڵەیە و بەپێی ئەجندای بەریتانی کۆن و بلۆکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە، تاوەکوو ڕادەی خۆ بە قوربانیکردن بایەخیان پێداوە، لەگەڵ ئەوەشدا زیاد لە سەتەیەکە، نەبووەتە وەڵاتێک، خەڵکەکەی بێ جیاوازی تێیدا بحەسێنەوە. دەکرێت خاک و کەشیی ئەم ناوچەیە، هۆکارێکی بەڵگەدار بن، بۆ بایەخپێدانەیان. هەموو لایەکیشمان دەزانین عێراق خاوەن سامانێکی زۆری نەوت و کانزایی سروشتییە، بە گوێرەی زانیارییەکان توانستی ئەوەی هەیە زیاد لە پێویست، دەرامەتی جۆراوجۆر بۆ خۆی و وەڵاتانی دیکەیش بەرهەم بهێنێت. ئەی باشە بۆچی تاوەکوو ئێستە لە سایەی ئەو داهات و سامانەیدا ئۆقرەی نەگرتووە و نەحەساوەتەوە؟! بە پێچەوانەوە سامان و بەروبوومەکەی، هەردەم بۆی بووەتە کێشە وماڵوێرانی. لە سەردەمی پاشایەتیی سووننە مەزهەبەوە، تاوەکوو مالیکی شیعە مەزهەب، عێراق وەک ئەڵقەیەک هەر ڕۆژە و لە پەنجەی زلهێزێکدایە، میللەتەکەیشی

دیاره مەبەستم بە کورد و عارەب و تورکمان و کلدان و ئاشووری و... هتد بەردەوام وەک هاووەڵاتی پلە دوو و سێ، یان کۆیلە و ژێردەستە سەوداکاریی لەگەڵدا کراوە. پێشم وایە عێراق کۆمەڵێک خاوەنی هەیە، تەنیا عێراقییەکان نەبێت، بۆیە هەردەم پشێویی و دەردەسەری ئامادەیی هەیە لەم سەرزەمینەیدا.

تەواوی ئەو گرژییە سیاسی و تەناهییانەی عێراقیش وای لە زۆر ڕۆژنامەڤان و چاوەدێرانی سیاسیی کردووە، ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن " ئاخۆ کێ عێراق بە ڕێوە دەبات؟!". عێراقێک بە دوێنێ و ئێستەیەوە، بۆ ساتێکیش ڕێکنەکەوتووە خاوەن بڕیاری سروشتییانەی خۆی بێت. هەڵبەتە مافی ئەو کەسەیە، لە بەرانبەر ئەو دەوڵەتە سیحراوییە تووشی بەدگومانی بێت و بڵێت ئەوانە کێن لە پشتەوەی هەڵسووڕاندنی سیاسەتەکانی عێراقدان، یاخۆ کێ مافی بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی عێراقی هەیە؟! لەبەردەم گومانێکی ئەوهادا پرسیارگەلێکی زۆری بێ وەڵام سەرهەڵ دەدەن، کە ماف و ڕێگە بە بابایەکی وەک من دەدات، لە ستوونێکی کورتی ئاوادا بێژم، ئەرێ کێ شەمەندەفەری عێراق لێدەخوڕێت؟ کاتێکیش دەڵێین، کێن ئەوانەی عێراقی تێک شکاو نۆژەن دەکەنەوە. دیارە مەبەستمانە پەنجە بۆ ئەو پێکهێنانە درێژ بکەین، کە سەرباری ئەوەی خۆیان دەستیان لە پشێوییەکاندا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لە بەرنامەیاندایە عێراق بەو شێوەیە بهێڵنەوە. ڕەنگە بۆچوونەکەی ئێمەیش سەت لە سەت قایلکەر نەبێت، بەڵام دەبێت وا دابنێت بۆ قسەکردنمان لەسەر بابەتێکی لەم جۆرە، پێویستیمان بە فۆرمێکی دیکەی بیرکردنەوە هەبێت، کە ڕاستەوخۆ ئاگەدارمان بکاتەوە عێراق هی ئێمە نییە. کاتێک وا تێگەیشتی عێراق موڵکی تۆ نییە، ئەو کاتە زۆر بە

ئاسانی لەوە دەگەیت، کە کێن ئەوانەی عێراق بەڕێوەدەبەن. باشە بە هەڵواسراوی هێشتنەوەی کێشەی عێراق بە درێژایی ئەو مێژووە ئەوە ناگەیەنێت، کە بزوتنەوەی سیاسیی کوردستان لەو قۆناخەدا هەڵەیەکی گەورە دەکات، کاتی خۆی بەو عێراقە لەدەست ڕۆیشتووە بە فیڕۆ دەدات، لە لایەکی دیکەوە بە هۆی سەرقاڵبوونیەوە بە عێراقیش کەمتر خەمی لە بەڕێوەبردنی حکوومەت و خزمەتگوزاری و مافەکانی مرۆڤ و دروستکردنی کەشێکی کراوە و دیموکراتییانە خواردووە، کە هەموو لایەکمان دەزانین بەردەوام لە دەرەوە ڕەخنەی ئەومان لێ دەگیرێت، وەکوو پێویست نەمانتوانیوە پارێزگاری لە مافی گشتی و مرۆڤدا بکەین. گەر بەو ئەقڵییەتەوە ئاراستەی کارەکانمان لە عێراقەوە گۆڕی بۆ هەرێم، ئەوکات هێندە سەرقاڵی ئەوەش نابین، کە ئاخۆ کێن ئەوانەی عێراق بەڕێوە دەبەن. بە واتایەکی دیکە دۆسیەی عێراق وەکوو کەرەستەیەکی بابەتی سەیر دەکەین، نەک وەک گرفتێکی چارەنووسسازی تایبەت بە خۆمان. گەر بەو شێوەیە بیرمان کردەوە، ئەو کاتە ناکەوینە نێو فەزای عێراقێکەوە، کە کەس نازانێت کێ بەڕێوەی دەبات.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٥٠٤ – ١١ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی.

# کورد لە نێوان بەغدا و هەرێمدا

تەنگژەی سیاسیی ئەم دواییەی نێوان، بەرپرسانی عێراق و سەرکردایەتیی سیاسی کوردستان، زۆرێک ئاریشەی گەورەی دیپلۆماتی و دەستووری بۆ هەردوولا چێ کردووە. تا ئەو ڕادەیەی وای لێکردوون، گەمەی چارەنووسسازانە دژ بەیەک بەرهەم بهێنن، هەردەم لە بۆسەدا بن بۆ لەناوبردنی یەکدی. پێشم وایە بەشێکی زۆری تەنگژەکان بۆ سەرکردایەتیی سیاسیی کورد دەگەڕێتەوە، کە نەیتوانیوە وەک پێویست کاری سیاسییانە و دیپلۆماتییانەی خۆی بکات لە بەغدا، بۆیە ئەو جۆرە لە سەوداکارییکردنە زیاتر لە گەورە و بچووک، یان شێر و ڕێوی دەچێت. ئەوەش بووتە هێمایەکی کوشندە، بۆ سەر قەوارەی سیاسیی کوردستان لە ناوچەکەدا. بە دیوێکی دیکەوە لێپرسراوانی بەغدا، بە تایبەتی بەشێک لە شیعەکان و ئەو سوونانەی، کە بەردەوام لە بەرەی بەعسییەکانن، لەگەڵ ئەو پارت و نەتەوە و گرووپانەی، لە کۆنی کۆنەوە بڕیاریانداوە دژی کورد بجووڵێنەوە. لێرەدا ڕاستییەک هەیە، نابێت سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان چاوپۆشی لێ بکات، ئەویش

دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خەمخۆرییە لە ڕادە بەدەرەیان بۆ عێراق و زیندووکردنەوەی عێراقێک، کە خۆیان لە پرسەی مەرگەکەیدا ئامادەبووینە! هەر ئەوەش وایکردووە پەتای عێراقچییەتی بۆ گەلی کوردستان، دواجار وەک ڤایرۆسێکی مەترسیدار وابێت. کوردیش لە جیاتی ئەوەی سوود لەو تێک شکانەی عێراق و ئەم سەردەمە وەربگرێت، کە بەشێکی زۆری ناوچە کوردستانیەیەکانمان بەبێ سەرپەرشت مابوونەوە و لەگەڵ ئەوەشدا هێزی پێشمەرگە و حکوومەتی هەرێم لە ئاستێکی باشی توانستی کارگێڕی و ئابووریا بوو، کە دەیتوانی بە ڕێگەی جۆراوجۆری خزمەتگوزاریی و تێکەڵاوبوون لەگەڵ نەتەوە و ئایینزا پێکهاتەکانی دیکەی کەرکووک و ئەو ناوچانەی، کە زیاد لە نەتەوەیەکی تێدا دەژێت و ماوەیەکیشە بەدەست کوردەوە نەماوە، زۆر گۆڕانی ڕیشەیی لە تێڕوانینی ئەو کەس و نەتەوانەدا بکات، دوێنێ پێیان وابوو کورد نەک هەر خاوەن ماڵ نییە، بگرە ستەمکاریشە و ناشتوانن هیچ کارێک بۆ ئەو ناوچە دابڕاوانە بکەن. ئەگەر سەرانی کورد و بە تایبەتی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار، جگە لەو مۆدێلەی، کە لە پێشتردا سەوداکاریی حزبایەتییان پێدەکرد، لە شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستاندا، ئەوجارە بە شێوەیەکی کاراتر و دروستانە شێوەی خۆی بگۆڕیبایە، لە هێزێکی نائاساییەوە بۆ دەستەیەکی خاوەن ماف و بەشخوراو، کە وایبکردایە دونیایەکی نوێ و کراوە بۆ تەواوی پێکهاتەکان فەراهەم ببوایە. هەر ئەوەش وا دەکات بڵێین دەبوا ئەمان جیاوازتر لەو سەردەم و فۆرمەی، هەردەم زەرد و سەوزی خستووەتە دوو بەرەی جیاوازەوە، ئاکاری سیاسیانەی خۆیان بگۆڕیبایە. ئێستەکەیش دەبینین سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان

به ناڕاستەوخۆ لە دیمانە و دیدارەکانیدا پەنجەی سستی، بۆ بەرپرسە سیاسییەکانی کورد و هاوپەیمانی لە بەغدا درێژ دەکات، کە وەک پێویست نەیانتوانیوە داخوازی و مافەکانی گەلی کوردستان بەرە و ئاقارێکی باشتر بەرن، لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانیوە ڕووی جوانی سیاسییانەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بە دەرەوەی خۆیان بناسێنن. ئەوەش بە لای سەرۆکایەتیی هەرێمەوە شکستێکی دیکەی سیاسی و دیپلۆماتییانەی بەرپرسانمانە لە بەغدا، کە هەوڵیان نەداوە خاڵی گرینگ بۆ مێژووی کوردستان لە بەغدا تۆمار بکەن. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە قسەیەکیش لەسەر ئەو ڕۆڵەش بکەین، کە لە هەرێمەوە بۆ پرس و کێشەکانی عێراق دادەنران، بۆ ئەو باسەش دەکرێت ڕەخنەیەکیش ئاراستەی سەرۆکایەتیی هەرێم و حکوومەتی کوردستان بکرێت، ئەوانیش وەکوو پێویست نەیانتوانیوە ئەدای خۆیان بکەن و داخوازی ڕەوای دانیشتووانی کوردستان بە دەرەوەی خۆیان بگەیەنن، بگرە تەنیا لە کاتی ناخۆشی و ساتە سەختەکاندا بە ئاگا دەهاتنەوە، ئینجا بیریان لە چارەسەر دەکردەوە. ئەم جۆرە سیاسەتەش، هێندە زیان بە خۆمان دەگەیەنێت، نێو هێندە بە بەرانبەر ناگەیەنێت. وەک ئاشکرایە تاوەکوو ئێستەش زۆرترین زیان بەر کورد کەوتووە، نەک ئەوانی دیکە.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٥٠٠ – ٤ی ئەیلوولی ساڵی ۲۰۰۸ی زایینی.

# نامەیەك بۆ حەوت وەزیرەكەی دژ بە گەندەڵی

ئەو ڕۆژەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لیژنەیەکی حەوت کەسی لە وەزیرەکان بۆ قەڵاچۆپێکردنی گەندەڵی دامەزراند، هەر ئەو ڕۆژە لەو گۆشەیەدا پەلاریکم لێیان دا و گوتم: ئەو لیژنەیە بەختی هەیە، کە ماوەی کارەکانیان دژ بە گەندەڵی کەوتووەتە مانگی ڕەمەزان، چونکە لەو مانگەدا نە کەس درۆ دەکات، نەکەسیش بە دزیکردنەوە خۆی ماندوو! شکوور بۆ خوا بە خێر و سەلامەتی گەیاندمانە کۆتایی ڕەمەزان، تاوەکوو ئێستە نەشمان بیستووە، ئەو لیژنەیە لە ئانوساتی ئیشکردنیدا هەراوزەنا و گۆبەندێکی گەورەیان، بۆ قڕکردنی گەندەڵی لەنێو دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێمدا دروست کردبێت، تەنانەت ئەوەی من زانیبێتم جگە لە وەزارەتی ئەوقاف، ڕووپێوێکی مەیدانی بۆ لادانی چەند فەرمانبەرێکی بندیوار، داوای فەسڵکردنیان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە. ئەگینا نەمان بیستووە وەزارەتێکی دیکە، کە وەزیرەکە خۆشی ئەندام بووە لە لیژنەکە چاکسازی لەنێو وەزارەتەکەیدا کردبێت.

ئەوە هۆکاری زۆرە، هۆکارەکانیش پێوەندییان بە خودی گەندەڵییەوە هەیە، کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا گەندەڵی بووەتە بەشێک لە ژیانمان. واتە نە گەندەڵی بێ ئێمە دەژیت، نە ئێمەش بێ گەندەڵی بەڕێوەدەچین. وەک بەرپرسێکی حکومی عەیار ٢١ گوتەنی: خێر لە گەندەڵیدایە. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە، پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە گیرفانەکانەوە هەیە، هەردەم لە نێوان دەسەڵاتدار و بەرپرسەکاندا، بەهای لە دابەزین و بەرزبوونەوەدایە. بە واتایەکی دیکە لە گەورەترین پایەی دەسەڵاتەوە، تاوەکوو خواری خوارەوە، بە حزبی و حکومییەوە، لە ململانێدان بۆ پڕکردنی گیرفان و خۆ دەوڵەمەندکردن، تاوەکوو وای لێهاتووە ناوی بازرگانیان لە یەکدی ناوە وەک" فڵان ئاسمان و فیسار سیاحی و ئەمی ڕوکن و ئەوی مەیدانی" بە ڕاستی خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین، گەر پێمان وابێت توانی ئەوەمان هەیە دادوەری لە نێوان ئارەزووی گەندەڵی و خودی گەندەڵیدا بکەین، چونکە ئەوەی دەگوزەرێت بە ناوی پرسی گەندەڵییەوە، خودی گەندەڵی نییە، بگرە حەز و ئارەزووی گەندەڵییە، کە لە هەست و ناخی زۆرینەماندایە، بە بەرپرس و هاووەڵاتییەوە. بەڵگەشم بۆ ئەوە گەلێک زۆرە، بەس لەم دەرفەتەدا تەنیا نموونەیەک دەخەمە بەرچاوی ئەو لێژنەیە، تاوەکوو لەوە بگەن، چۆن گەندەڵی لەنێو جەستە و خوێنماندا گوزەر دەکات. ئەگەر لە بیرتان بێت، ئەندامانی لێژنەکە لە سەرەتای دەستبەکاربوونیانەوە ڕایانگەیاند، یەکێک لەو سەرچاوانەی دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی بەڵگە و زانیاریی بۆیان لەسەر گەندەڵییەکان، ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکانن. دوا بە دوای ئەو قسەیە زۆرینەی وەزیر و بەڕێوەبەرایەتییەکان، بە ئەنجومەنی وەزیرانەوەش، بە نووسراوی

فەرمی تەواوی دامەزراوەکانی خۆیان ئاگەدار کردووەتەوە، بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بە ڕۆژنامەڤان و ڕاگەیاندنەکان نەدرێت، قاچ بخەنە نێو حەرەمی فەرمانگە حکومییەکانەوە. هەر کەسێکیش ئەوە بکات سزا دەدرێت، ئایە ئەوە یاریکردن نییە بەو لێژنەیە، کە بە ناوی دژە گەندەڵییەوە بە پرۆسەی چاکسازی دەکرێت؟ ئەگەر دەرگەتان لەسەر ڕۆژنامەڤان و ڕاگەیاندنەکان داخست، نازانم چاوەڕوانی چ لەو لێژنەیە دەکرێت. لە کاتێکدا خودی لێژنەکە پێی وابێت ڕۆژنامە و میدیاکان سەرچاوەیەکی گرینگن، بۆ ئاشکراکردنی گەندەڵییەکان. هەر لە سەرەتاوە باوەڕم بەوە نەبووە، کارێکی ئاوا لە کوردستان سەربگرێت، بەڵام بێ هیواش نیم. هەرچەندە وەک جەنابی وەزیری ئەوقاف بۆی دەچێت، لای من تێگەیشتنێکی دروستیشە، کە دەڵێت: بنبڕکردنی گەندەڵی، پێویستی بە بڕیاری سیاسیی هەیە. خۆشم (دیارە مەبەستی خۆیەتی جەنابی وەزیر، کە سەرۆکی لێژنەکەیە) قەد ئامادە نیم کارێکی ئاوا بکەم، تا ئەو پرۆسەیە نەبەستنەوە بە بڕیاری سیاسییەوە، چونکە من یاری بە فیشەکی چرووک ناکەم. بێگومان تەنیا ئەو جۆرە ئەقڵییەتە دەتوانێت ئەو گۆڕانە گەورەیە دژ بە گەندەڵی بکات، نەک ئەوانەی ئەندامی لێژنەشن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگە بە خۆیان دەدەن، سانسۆڕی زیاتر بخەنە سەر ڕۆژنامەڤان و میدیاکان.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٥١٣ — ٢٨ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی.

# یەکێتی و ئەوانی دیکە

بەو فۆرم و دیزانە کۆنەی حزب، کە زیاتر لە نیو سەتەیە، لەنێو بزوتنەوەی سیاسیی کوردستاندا شێوەی گرتووە، ناکرێت گۆڕان و نوێبوونەوە، ئاراستەی تازە بە خۆیەوە ببینێت. ئەو نائومێدییەش، هێندە پێوەندیی بە جەدەلی "هەر خۆم و تۆش هیچ"ـەوە هەیە، هێندە نە چووەتە خانەی لێک تێگەیشتن و گوتووێژی هزری و بابەتییەوە، ئەگینا دەمێک بوو ئەو قۆناخەمان دەبڕی. هەرچەندە ئێستە ئەو باس و خواسە، کردنەوەی ڕەهەندێکی دیکەی خۆ جوینەوەیە لەبارەی پرسی گۆڕان لەناو حزبدا، بەو نووسینەی منیشەوە. بە واتاکی دیکە ئەو پرسە لە ئێستەدا زیاتر لەنێو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا سەری دەرکردووە، کە ڕاستەوخۆ جۆری ململانێی و شێوازی کێشمەکێشمەکانی لە کەرەستەیەکی دیالێکتیکی مۆدێرن و کراوەوە، بووەتە ناوەندێک بۆ یەکدی بوغزاندن و خۆقالاکردنەوەی ئەندامە ناکۆکەکانی. ئەو جۆرە لە واقیعەش ناڕاستەخۆ ئاماژەیە، بۆ ئەو دەردەشە ناڕۆشنەی، نێوان باڵەکانی نێو یەکێتییەوە، کاتێکیش دەڵێن گوتوبێژی ناڕۆشن، دیارە مەبەستمانە دەست بۆ ئەو کەناڵانە درێژبکەین، کە ئێستە بە ناوی

ڕیفۆرم و دیوەدەری، گرووپ و دەستەبەندییەکان بەردەوامی بە ململانەکانیان دەدەن. ڕەنگە لەو شێوە گفتوگۆیانە تەنیا کرۆکی باسەکە زیانی گەورەی پێبکەوێت، کە من پێم وایە، تاوەکوو ئێستەش هیچێک لەو لایەنانە باسەکانیان لەنێو بازنەی چەمکی دیموکراسیەت و سۆسیال دیموکرات و حکوومەتی دامەزراوەیی و کۆمەڵگەی کراوە و شارستانیدا گوزەر ناکات، کە وامان لێ بکات بەو جۆرە پێکداکێشانە بڵێین دروست و جددی، چونکە هەر لە سەرەتاوە هەردوو لایەن (باڵی مام جەلال و کاک نەوشیروان) نەیانویستووە خۆیان لە ئاقاری بابەتە جددییەکانەوە نێزیک بکەنەوە، ئەویش قسەکردنە لەسەر چەمکی حزبایەتی و ڕیفۆرم و شەفافیەت. ئەو خۆ بەدوورگرتنەیان چەند لێکدانەوە و واتایەك لە خۆ دەگرێت، سەرەکیترینیان دەستەواژەی خۆ ڤاڵاکردنە لە بەرانبەر یەکدی، کە من پێم وایە ئەوەی ئەو دوو باڵە و باڵەکانی دیکەیش دەیورووژێنن، وەک بوونی گەندەڵی و نەبوونی شەفافیەت و قۆرخکردنی بازاڕ، لە لایەکی دیکەوە حکوومەت و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لە لایەن هەردوو زل حزبەوە و.... هتد، چەندێک ڕاستی حاشەهەڵنەگریش لەخۆ دەگرێت، بەڵام هێشتە شێوە و شێوازی مشتومڕەکان لە ئاستی ئەوەدا نییە، پێیان بگوترێت، گوتوبێژی کراوە و جددی. نووسینەکانی نەوشیروان مستەفا لەسەر پرسیی سیاسەت و دەسەڵات و بەڕێوەبردن و گەندەڵی ناو دامەزراوەکانی حکوومەت، گەمەکردنێکە لەکاتی بەسەرچوودا، چونکە کارەکتەری سیاسیی دەبێت لە کات و ساتی خۆیدا قسە لە کێشە و گرفتەکان بکات (بە تایبەتی ئەگەر ئەو کارەکتەرە سیاسییە، هێشتە ڕۆحی وەبەر مابێت و لەنێو

پرۆسەکەدا بێت) ئەگینا ئەو نووسین و ڕەخنەگرتن و هەڵدانەوەی ئەرشیفە، تەنیا بزواندنی یادەوەریمانە، بەڵام لە کەینونەیەکی مێژوویی وشکدا، کە بە هیچ جۆرێک ئەو هەڵشەقاندنەی ڕووداوەکان لە دۆخی ئێستەدا ئەو ڕاستگۆییە لە خۆیان کۆناکەنەوە، ببێتە مایەی گۆڕینی واقیع و دروستکردنی پێگەیەکی ڕیفۆرمی لە هەناوی دەسەڵات و کۆمەڵگەدا. مەگەر کارەکتەر لە سات و وادەی خۆیدا، قسە و کرداری سیاسی و ئیداری خۆی، وەک بەرنامە و پرۆژە پێشکەش بە لایەنی بەرانبەر کردبێت. ئەو کاتە قسە دەبێتە کردار و لایەنی بەرانبەریش دەبێتە مێژوو، بەڵام ئێستە قسە بووەتە مێژوو، لایەنی بەرانبەریش بووەتە کردار. لێرەدا پێویستە ئەو لۆژیکە لەبەر چاو بگیرێت، کە پێی وایە دەربڕینی دیدو بۆ چوون ئەو کاتە سەنگی دەبێت، کە ڕۆشن و بابەتیانە بێت، نەک بە هەناسەی کەسیی و نابابەتیانە سەوداکاریی لەگەڵ پێشهات و ڕوداوەکاندا بکرێت. نموونەی نووسینەکانی مەلا بەختیاریش لەسەر ئەوانی دیکەوە، یەکێکە لەو جۆرە کلێشانەی، هەردەم خوێنەر لە خۆی دەبوغزێنێت، دیارە مەبەستم خودی نووسینە نەک کەسەکە. بوغزاندنیش بە مەبەستی خۆ بەدوورگرتن لە کرۆکی باسەکەوە بەکار دەهێنم، کە مەلا بەختیار بەردەوام کاری لەسەر دەکات، بۆ کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەرانبەرەکەیدا. ئەو فۆرمەی زمان و نووسینە بە جۆرێک گەشەی کردووە، کە دواجار وەک مەترسییەک بۆ سەر بەهای چەمکەکان سەیر دەکرێت.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٥٢٠ – ١٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی.

# دار عەسایەك بۆ تەمبێكردن

"پێیەک لەنێو حکوومەت، پێیەکیش لەنێو ئۆپۆزیسیۆندا" ئەو وتەیە لێدوانی ڕۆژنامەوانیی مەکتەبی سیاسی هەردوو حزبی دەسەڵاتدارە، کە وەک دوو کاربەدەستی گەورەی سیاسی نێو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دوای کۆبونەوەیەکی سیاسیی هەردوو لایەن لە هاوینە هەواری دوکان ڕایانگەیاند، کە چیدی لەو حزبانەی ناو حکوومەت قبووڵ ناکەین، هەم بەشداری حکوومەتن، هەمیش خۆیان وەک ئۆپۆزیسیۆن پیشان دەدەن. لێرەدا لەوە دەگەین، جۆرێک لە ناتێگەیشتن و فەوزا هەیە، لە نێوان پارتە سیاسییە بەشداربووە جیاوازەکانی ناو پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، پێشموایە ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دیوارێکی ناشەفاف و پڕ لە تەلیسم لە نێوان ئەواندا هەیە، بۆیە هەردەم بە گومان و ڕاڕاییەوە سەیری یەکدی دەکەن، لابەلاش توانج و ڕەخنەی بریندارکەرانەیش لە یەکدی دەگرن، وەک دەشزانن پارتی و یەکێتی بە هۆی بەشداری کارایان و زۆری دەسەڵاتیان لە حکوومەت، خۆیان کەمترین ڕەخنە و سەرنجیان لەسەر ئەدای

حکوومەتەکەیان هەیە، گەر هەشیان بێت ئەوە بە ئاشکرا نایڵێن، بگرە لە کۆبوونەوە تایبەتە حزبی و حکومییەکاندا دەیدرکێنن. هەرچی حزبەکانی دیکەی بەشداربووی حکوومەتیشن وەک حزبی شیوعی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵ و زەحمەتکێشان و سۆسیالیست و... هتد، گشتیان بە نوقرچەی ئۆپۆزیسیۆنەوە سەیری حکوومەت دەکەن، لە ئاشەکەشیاندا باراش لێدەکەن. سەیر لەوەدایە پێش ماوەیەک هەر چوار حزبی ناڕازی لە ئەدای حکوومەت، پرۆژەیەکیان بۆ پێهاتەی نوێی حکوومەتی کوردستان داوە بە سەرۆکایەتیی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار، تاوەکوو چاوێک بە کار و سیستەمی خۆیاندا بخشێننەوە و چیتر بە هەوای تاکلایەنانە هەناسە بە حکوومەتەکەیان نەدەن. ئێستەکەیش لەجیاتی وەڵامی یاداشتەکەیان بدرێتەوە، بگرە گوێبیستی ئەوە دەبن، کە چیتر ئەو ناماقولییەتەیان لێ قبووڵ ناکرێت، کە هەم بەشداری حکوومەت بن، هەمیش ئۆپۆزیسیۆن. ڕەنگە ئەوجارە کابینە نوێیەکەی پارتی و یەکێتی جیاوازتر دەربکەوێت لەوانی پێشوو، بە بەڵگەی ئەوەی لە گەڕی پێشوویاندا بۆ موجامەلە، هەوڵیانداوە کەس و لایەنەکان لە خۆیان نێزیك بکەنەوە و نەشیان زانی بۆیان دەبن بە ئاگر و دێوزمە بەسەریانەوە. ئەو ڕەوشەش بەرچاوی هەردوو لایەنی تاریک کردووە، بە ئەندازەیەک خەریکە گومان دەخاتە دڵی بەرانبەر، ڕەنگە نیازی ئەوجارەی ئەو دوو حزبە دژوار بکەوێتەوە لەسەر ئاییندەی بەشداربوونیان لە کابینە تازەکەدا. پێشموایە هیچ یەکێک لەو حزبانەی بە قسەی ئەوان دووفاقییانە مامەڵە دەکەن لەگەڵیاندا، ئەوها بە ئاسانی جڵەوی خۆیان بۆ هەردوو حزب شۆڕناکەن و پێدەچێت ئەوجارە پێکهاتەی

حکوومەت بێ ئەوان ڕێکبخرێت و ڕاگەیاندنی کابینەکەش ماوەیەک دوا بکەوێت. هەرچەندە بە شێوەیەک لە شێوەکان، لەگەڵ ئەو بۆ چوونەی ئەو دوو حزبەم، سەبارەت بە دووفاقیبوونی حزبەکانی دیکە لەنێو حکوومەت و واقیعدا، بەڵام نابێت ئەوەش لە یاد بکەین، کە بەشداری ئەوانیش بۆ حکوومەت شتێک نییە، ئەوان بە خێر و سەدەقە بیدەن بەو حزبانە، بگرە ئەوە مافێکی ڕەوای خۆیانە و لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە کورسی پەرلەمانیان وەرگرتووە، بە پێیی دەنگەکانیشیان مافی وەرگرتنی چەند پۆستیکیان لە حکوومەتدا هەیە. ڕێگەگرتنیش لەو بەشدارییە، یان ئامۆژگاریکردنیان بەو زمان و فۆرمە سیاسی و تەمێکردنەوە، پێم وایە ئەو گوتارەیان وێنەیەک وەردەگرێت، دواجار دەچێتە خانەی توندوتیژی و کاری نادروستیەوە، چونکە هەموو لایەکمان دەزانین، حکوومەت بە ڕەخنە و تێبینی و پێشنیاز پێش دەکەوێت، بڕواش ناکەم ئەو حزبانەی خەباتێکی دوور و درێژی شاخیان هەبووە، وەک ئەمانیش درێژەپێدەری تێکۆشانی شتی دیکە بووینە، لە هەوڵی لە کەدارکردن و ڕووخانی ئەو دەسەڵاتەدا بن، کە لەکورتترین واتادا هەموو لایەکمان دەزانین هاوبەش و شەریکیشن لە زۆر کار و فەرماندا. ڕەنگە ئەو لۆژیکەش، کە دارعەسایانە سەوداکاریی دەکات، لە هەناویدا کەشێکی کوشندە بە دوای خۆیدا جێ بهێڵێت، دواجاریش تەڕ و وشک پێکەوە بسووتێنێت.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٤١٤ – ٧ی نیسان ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی.

# بارزانی و تاڵەبانی لە دەرەوە و سوپاش لە کوردستان

سەفەری ناوادەی هەردوو سەرۆک، گومانی خستە دڵی هەموو لایەک. ئەوەش چەندان هۆ و دەرهاویشتەی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆیە نەخۆشییە درێژخایەنەکەی تاڵەبانی و سەفەرە ناوەختەکانی بارزانی وامان لێ دەکات، هەردەم بە نیگەرانییەوە بنوارِنە دیارنەمانیان. هەر ئەوەشە وا دەکات هەر چرکەیەکی دیارنەمانیان بە بەشێک لە پشێوی سیاسیی ناوچەکە چاولێبکەین، گەر وا نییە؟!. ئەی بۆچی کات و ساتی سەفەر و ئامانج و هۆکارەکانی دیارنەمانی بارزانی ڕاناگەیەندرێت، لەکاتێکدا نەبووە و نابێت سەرۆک بەبێ هۆ و لە غافڵەتی لەبەر چاوی گەلەکەی ون ببێت. گەر لە پشووش بێت، ئەوە دیسان دەبێت کات و ساتی پشووەکەی ئاشکرا بکرێت، بۆ خاتری ئەوەی هاووڵاتییان دڵنیا بن لە سەلامەتی گیانی و سیاسیی سەرۆکەکەیان. هەرچەندە تاڵەبانی پێچەوانەی بارزانی سەفەری تایبەتی زۆر کەمە و کەمتر لەبەرچاوی کامێرا ون دەبێت، بەڵام

ماوەیەکە ئەویش بە هۆی نەخۆشییەکەیەوە سەری لە زۆرێک لە چاودێرانی سیاسی و هاووەڵاتیاین شێواندووە و گومانی بۆ دروست کردوون، کە پێدەچێت بە هۆی نەخۆشییەوە بەشێک لە پرسە سیاسییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکا تاوتوێ بکەن. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا هێشتە خەڵک نادڵنیایە لە ئایندەی کێشەی کەرکووك و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، کە وای کردووە پرسیار لەو هەموو دانیشتنانە بکەین، کە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لەگەڵ بەرپرسانی عێراق دەیکات، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک بپێکن، لەپڕێک لەبەر چاوان ون دەبن. پێشم وایە ئەو کێشانە هێندە زامەکانیان قووڵە، زۆر بە زەحمەت دەتوانرێت سارێژ بکرێنەوە. جگە لەوەش پێدەچێت گەمەیەکی مەترسیدار لە ئارادا بێت، بێ ئەوەی سەرکردایەتیی سیاسی کوردستانیش هەست بە گەورەیی مەترسییەکە بکات، بۆیە پێویست بەوە دەکات، تەقەلای دیکەی دیپلۆماتی و سیاسییانەی دیکە بهاوێژێت تا لەو دۆخە دژوارە دەربازی دەبێت. باشترین نموونەیش ئەو گفتوگۆیانەی دەرهەق بە ماددەی ٢٤ بوو، کە یارییەکی زۆر هەستیارانەی لە لایەن نەیارەکانی کوردەوە لەگەڵ کرا و گەر جۆش و خرۆشی جەماوەر نەبوایە، ئەو پەتایە زۆر بە زەحمەت لە کۆڵ جەستەی کورد دەبووەوە. هەر چەندە کوردیش وازییەکی سیاسییانەی باشی تێداکرد، بەڵام هێشتە فێڵی نەیاران لە لووتکەی گەمەکەدایە و هەنگاوی ترسناکانەتر بەڕێوەیە. بۆ نموونە ماوەیەکە "مالیکی" سەرۆک وەزیرانی عێراق، کە خۆی فەرماندەی هێزە چەکدارەکانیشە، فەرمانی بە چەک داماڵینی پێشمەرگەی داوە، بە تایبەت لەو ناوچانەی ماددەی ١٤٠دا، هەر

دوێنێکە هاوبەشی سوپای عێراق بووە بۆ گرتن و ڕاوەدوونانی تیرۆریستان لە سنووری دیالە و حەمرین و... هتد، ئەمڕۆکەیش پێشمەرگە لە دیدی مالکییەوە، وەک میلیشا و دوور لە دیسپلینەکانی سوپا سەیر دەکرێن. دیارە ئەو هەوڵەی مالیکی دوای ئەو شکستەیان دێت، کە بە هۆی ماددەی ٢٤ی سەپێندرایە سەر شاری کەرکووک، بەڵام ئەوان دەیانەوێت لە غیابی سەرۆک تاڵەبانی و بارزانییەوە، ئەو هەلە بقۆزنەوە و جارێکی دیکە سوپا بگەڕێننەوە سنووری کوردستان و شکۆی پێشمەرگە و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بشکێنن. لە کاتێکیدا ئەو نیازەیان پێڕەو دەکەن، کە لە لایەن ڕۆشنە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان سەرقاڵە بە هەندێک پێوەندیی تایبەت بە بارودۆخی کوردستانەوە، هەرچەندە من بۆ خۆم گلەیی ئەوە دەکەم، کە نابێت لەیەک کاتدا، هەم سەرۆک کۆمار، هەمیش سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەم سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆک وەزیران و... هتد، دیار نەمێنن و سەفەر بکەن، جا بە هەرچی هۆیەک بێت، چونکە ڕەوشی سیاسیی عێراق ناجێگیرە و جڵەوەکەیشی لە دەستێکی ئەمیندا نییە، تاوەکوو بە دڵنیاییەوە گۆڕەپانی نەک عێراق، بگرە بە داخەوە کوردستانیشیان بۆ چۆڵ بکرێت، بۆیە نابێت ئەو جۆرە دیاردانە لەنێو ئیدارە و حکوومەت و دەوڵەتدا دووبارە ببێتەوە، چونکە ڕووداوی نەخوازرا و بە دوای خۆیدا دەهێنێت..

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٤٨٨ – ١٤ی ئابی ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی.

# با هەڵەبجەییەکان سکاڵا دژی ئاسایشی سلێمانی تۆمار بکەن

دەنگۆی هەڵاتنی فڕۆکەوانەکەی کیمیابارانی هەڵەبجە کرد، ئەوەمان بیردەخاتەوە کورد چەند کەمتەرخەمە لەئاست مێژووی خۆیدا، یان چەند ساویلکەیە و گوێ بۆ گشت هەواڵ و ڕووداوێک شل دەکات و باوەڕیشی پێ دەهێنێت. بێ ئەوەی بپرسێت، یان گومان بخاتە سەر شتەکان و لە ناڕاستی و نهێنییەکانیان بکۆڵێتەوە. دیارە ئێمە بۆ زۆر شت واین، بەڵام ئەوەی زۆر ناخۆشە، هەردەم ناڕەحەتمان دەکات، ئەو گرووپە دەستڕۆیشتووانەن، کە لە پشتی پەردەوە یاری بە چارەنووس و سەروەری و مێژووی نەتەوەکەمان دەکەن. بڵاوبوونەوەی هەواڵی ڕاکردنی فڕۆکەوانێک لە شاری سلێمانی، لە دەستی ئاسایشی کوردستانەوە، لە ئان و ساتی دادگەییکردنی تاوانبارانی هەڵەبجەدا، لە ساویلکەیی و بێ بەرنامەی خۆمانە بۆ ئەو دادگەییکردنە زیاتر چیتر ناگەیەنێت. نازانم دەسەڵاتی کوردستان، بۆ هێندە میللەتیان پێ گەمژە و نائاگایە. ڕەنگە لەمەشیاندا ناهەقیان نەبێت، کاکە هێندە چەپڵەی بەناهەقیان بۆ

لێدراوە، هێندەی قبووڵی ستەم و نادادپەروەری و کارە نایاسایەکانمان کردووە، بۆیە پێت سەیر نەبێت نەک فرۆکەوانێک، بگرە توانایان هەیە تەواوی ماف و سەروەرییەکانیشت لێ زەوت بکەن و بە ڕەنگ و بۆنی دیکەوە پێت بفرۆشنەوە. ئەو ڕۆژەی بەشداران و میوانانی فێستیڤاڵی گەلاوێژ سەردانی شاری هەڵەبجەیان کرد، لە وتارەکەیدا بەرپرسی یەکەمی فێستیڤاڵ بەس مابوو بڵێت "ئەو شارە هێندە خزمەتگوزاری بۆ کراوە، خەریکە قەرزاری حکوومەت دەبنەوە" بە ڕاستی لەبەرخۆمەوە زۆر پێکەنیم، چونکە من چەند ڕۆژێک دەبوو، لەو شارە گەڕابوومەوە، ئەوەی ئەو دەیگوت هیچی لەو شێوەیەم نەبینیی بوو. بە هەرحاڵ سروشتی بەرپرس وایە بەردەوام چەند هەنگاوێک لە پێشەوەی خەڵکەوەیە! بەڵام ناشبێت لە نهێنیی ئەو قسە زلانەی ئەو جۆرە بەرپرس و لەولاوەش لە هەڵاتنی فرۆکەوانێک بێدەنگ بین، بە شتێکی سەرپێی و کاتی سەیری بکەین، چونکە بە لای منەوە هەردووکیان پێوەندییان بەیەکەوە هەیە، پیشاندانی ئەو شارە وێرانە، وەک بەهەشت لەگەڵ دووبارە زامدارکردنەوەی جەستەی ئەو شارە، بە ونبوونی فرۆکەوانێک لە شێواندنی ڕاستییەکان زیاتر چیدیکە نییە! بەردەوام ئاماژەم بەوە داوە، سیحر و نهێنییە گەورەکان لەم هەرێمە سەرهەڵدەدەن، حکوومەت دەبێت بە کۆمپانیا و حزب دەبێت بە دەسەڵات و ڕاگەیاندن دەبێت بە ڕاپۆرتنووس و پەرلەمانیش دەبێت بە دیوەخان. هیچ کاتێک لەوە دڵنیا نەبویمە، کورد توانی وەرچەرخاندنی مێژووی خۆی هەبێت. پێشم وابووە، هەردەم فەلسەفەی "گەر پێشم نەکرێت، ئەوە دەتوانم تێکی بدەم"ی بەسەر هەموو شتێکدا پەیڕەو کردووە. لە

سەروبەندی دادگەییکردنی تاوانبارانی هەڵەبجەش، خەریکە ڕیسەکە دەکەنەوە بە خوری و ئەزی تێدا شەرمەزاردەکەن، کورد گوتەنی"خروشت بەدەستی خۆت نەبێت داناکەوێت" هەر لە یەکەمین دانیشتنی دادگەییەکەدا بۆمان دەرکەوت، کورد لە خەمی ئەو دۆسیەیەدا نییە، ئەگینا وەرگێڕێکی دەبەنگی ئاوهایان بۆ ئەو ڕووداوە گرینگە نەدەبرد، یان دەبوا لە خەمی هێنانەوەی خەزرەجی دابونایە، کە بە ددانپێنانی خۆیدا تاوانباری یەکەمینی ئەو ڕووداوەیە، نەک لەو لایە فڕۆکەوانێک، کە وەک لە میدیاکاندا بڵاوکرایەوە بە شێوەیەکی نهێنیی دووربخرێتەوە. بە ڕاستی لەبەردەم دەنگۆیەکی ئاوادا هەست بە شەرمەزاری دەکەین، هەرکەسە و بۆ خۆی حکوومەت و دەسەڵاتێکە، بۆیە لەو دۆخەدا دەبێت بڵێین مافی هەموو لایەکمانە، بە تایبەتی خەڵکی هەڵەبجە، سکاڵا لە دژی ئاسایشی سلێمانی تۆمار بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا لێپرسینەوە، لەگەڵ وەزارەتی ئەنفال و شەهیدانیش بکرێت، کە بۆچی وەرگێڕێکی ئاوها خراپت بۆ ڕۆژی دادگەییکردنەکە دیاری کردووە.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٥٥٧ – ٢٥ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی.

# عێراق و عارەب و قۆندەرە

هەرچەندە عێراق خاوەنی مێژووەیەکی سەربەخۆی سیاسی درێژ نییە، بەڵام لە ڕووی ململانێی ئایینی، ئایینزایی، نەتەوەیی، ئایدیۆلۆجیایی دیرۆکێکی پڕ لە شەڕ و خوێنڕشتن وماڵوێرانی هەیە. عارەبانی عێراقیش، وەک لە زۆر سەرچاوە مێژوویی، چ ڕۆژهەڵاتناسەکان، چ لە کتێب و زمان و ددانپێنانەکانی عارەبان خۆیداندا نەتەوەیەکی نەخوێندەوار و دەشتەکیی بووە، تاوەکوو ڕادەیەک ئەو کولتوورەش قووڵبووەتەوە تاوەکوو سنووری یەکدی قڕکردن و کوشتاری بە کۆمەڵ و تاڵان و دەستدرێژی بۆ سەر ژن و خێزانیان چووە. نموونەی کوشتنی دوو نەوەی پێغەمبەری ئیسلام "د.خ"، ئەو تاڵان و کوشتارگەیەی بە ناوی ئاینداریی و دەسەڵاتی شیعە و سوونەوە، کە لە سەردەمی مەعاویە و عەلیدا لە ئارادابوو، تاوەکوو دەسەڵاتی تۆتالیتاریەتیی عەباسی و ئەمەوی و ڕاشیدییەکان شۆڕبووەتەوە. هەریەکێکیان لە قۆناخی خۆیاندا دونیایەک غەدر و ستەمیان لە نەتەوە و ئایینزا و ئایینی دیکە کردووە. "بۆ ڕاستی قسەکانیشم دەتوانن مێژووی تەبەری بخوێننەوە" هەر ئەو جۆرە لە ڕەوشتە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئەو نەتەوەیە بووە، کە وای لە

یەکێکی وەک کۆمەڵناس و بیرمەندی بە ڕەگەز عێراقی " عەلی ئەلوەردی" کردووە لە پێناسەی گەلەکەی خۆیدا زۆر ڕاستگۆیانە باس لە ئەقڵییەت و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، کولتووری عارەبانی عێراق بکات، بە نەتەوەیەی بەربەری و دەشتەکی و خوێنڕێژ و بێباك وەسفیان بکات. هەڵبەتە لەو جۆرە قسانەدا لەوە دەگەین، عارەبانی عێراق دەروونێکی تێکشکاویان هەیە، هەم لە ڕووی سەرداریێتییان بۆ ئیسلام، هەمیش لە هەڵسووڕاندنی کاروباری سیاسەت و دەوڵەتداریێتیدا. هەر ئەوە وایلێکردوون، هەردەم زمان و پێکهاتەی مەعریفییان لەنێو ئەجندایەکی شۆڤێنی و مەزهەبی و ڕەگەزپەرستییەوە ئاراستە بکەن. باشترین بەڵگەشمان مێژووی کۆن و ئێستەی ئەقڵی عارەبانی سەر بە هەردوو مەزهەبە، کە چۆن بە قڕکردن و پەراوێزخستنی یەکدی مێژووی خوێناوی عێراقیان نووسیوەتەوە. پێڵاویش کە دیرۆکێکی درێژی هەیە، لە کۆڕ و دیوەخانی میر و سەردارانی جیهان و ئەفسانە و حیکایەتیی گەلاندا سەربووردەی تایبەتی خۆی هەیە. دەتوانم بڵێم بەو دیزاینەی ئێستەکەیشی پێڵاو، کە لەناو عێراقییەکاندا باشترین جۆریان قۆندەرەی ئیتاڵییە، بە یەکێک لە داهێنانەکانی سەردەمی مۆدێرنەی ئەورووپایی ئەژمار دەکرێت، بەڵام قۆندەرە لای عارەباندا بۆ خۆپۆشتەکردن و پاراستنی تەن دروستی لەش بەکار نەهاتووە. بە پێچەوانەوە بەڵگەمان زۆرە، عارەبانی عێراق، تاوەکوو سەرەتای هەفتاکانیش جگە لە دانیشتووانی شارە گەورەکانیان نەبێت ئەمانی دیکەیان بە پێ خاوسیی و بێ پێڵاو بوون، بەو پێیەی خەڵکی شارۆچکەی مەخموورم، لەباو باپیران و ئەهلی ئەوێم بیستووە، عارەبان قەت قۆندەرەی لە پێ نەدەکرد، بۆیە ئەوان هەردەم پێیان گوتوون" عارەبی پێ پەتی"

ئەو عارەبە پێ پەتییەی، کە سەدام حوسێن لە ددانپێنانێکدا وەک خۆیان گوتەنی لە بارەی ئەو حەلەی بەعسییەکان بەرانبەر بە عارەبانی عێراق کردوویانە، بە عارەبانی عێراقی گوتبوو" ئێوە پێ پەتی بوون، من فێری ژیان و کەرامەتم کردن" بەس بەرە بەرە بە هۆی دەسەڵاتی بەعسییەکان لە عێراقدا، واتا و مەغزاکانی پێڵاو لە هۆش و تێگەیشتنیان لە ڕەهەندێکی شارستانییەوە دەگۆڕێت بۆ نێو فەرهەنگی جنێو و یەکدی ناشیرینکردن، ئەوە ئەوەمان بۆ ساخ دەکاتەوە، چونکە پێڵاو ڕەهەندێکی شارییانەی هەیە، ئەوانیش بەدەرن لەوە، بۆیە بۆ جنێودان و بیرێزیکردنی بەرانبەر بەکاریان هێناوە. زاراوەی" قۆندەرە" کە وشەیەکی عارەبی داتاشراوی واتا بەخشینێکی فەرهەنگی بەعسییەکانە، هەموو لایەکیشمان دەزانین بەعسییەکان سووکترین جنێو لایەن ئەو وشەیە بووە. لێرەدا لەوە دەگەین کە تێگرتنی قۆندەرەکەی "مونتەزر"یش بۆ سەر دەم و چاوی جۆرج بۆشی سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، درێژە پێدەری هەمان جنێوی بەعسیەکانە، بەڵام ئەمەیان لە فەزایەکی فرەوانتردا. بێگومان نموونەی وەک "مونتەزر زەیدی" کەم نین، کە کولتووری بەعس بەرهەمی هێناون. کاتێکیش کەناڵی ئاسمانی بەغدادیە ڕاستەوخۆ مانگرتنەکەی بەردەم گۆڕەپانی سەوزی بەغدا دەگوازێتەوە، پێت سەیر نەبێت یەکێک لەناویاندا بڵێت هەموو عێراق بە قوربانی قۆندەرەکەی مونتەزەر بێت! چونکە ئەمە عێراقی بەعسە ئەزیزم.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٥٥٤ – ٢١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی.

# بە یادی یازدەی ئادار
# پێ و قەدەمتان بەخێر نیشتمانی عارەبان

یەکێک لەو ناکۆکییە درێژخایەن و سەرسەختانەی نێوان کورد و بەعس، لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠ ئەو خاڵە بووە بەعسییەکان، هەردەم پێداگربووینە لەسەر ئەوەی "ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەشێکە لە عێراق، عێراقیش بەشێکە لە نیشتمانی عارەبان" دەگێڕنەوە ئەو پێشنیازەی ناسیۆنالیستە عارەبە بەعسییەکانی عێراق بە شێوەیەک ئیستفزازی بووە، وای لە زۆر لە ئەندامانی شاندی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان کردووە، بڵێن: گەر ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت، ئەوە ژووری کۆبوونەوەکان جێدەهێڵین. لە پێناوی وەرگرتنی زانیاریی تایبەت و ورد، سەبارەت بە ڕاستی و دروستی ئەو داتایەم، بەر لە نووسینی ئەو گۆشەیە لە ڕێگەی پێوەندییە تایبەتیەکانمەوە لەگەڵ کەسانی مێژووناس و بەرپرسانی حزبیەوە هەوڵێکی زۆرم دا زانیاریم لەبارەی ڕێککەوتننامەی یازدەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ی نێوان سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و ڕژێمی بەعس دەست بکەوێت، بۆ ئەوەی بزانم ئاخۆ لە چ بڕگەیەک و دانیشتنێکدا باس لەو خاڵە کراوە، بەڵام هەوڵەکەم بێ ئاکام مایەوە، ئیدی بە دوودڵییەوە ملی ڕێگەی ئەو نووسینەم گرتە بەر، چاوەڕێشم

کەسێک وەک فریشتە بۆم پەیدابێت و زانیاریی دروستم لەبارەی ئەو ڕووداوە مێژووییە پێبدات. ناهەقیشم نییە هێندە پەرۆشی ئەو پێدراوەم، چونکە ئەمڕۆکە کۆی پەرلەمانتاران و نوێنەرانی نیشتمانی عارەبان، جگە لە دەربڕینی هەستی شەرمەزارییان بەرانبەر بەو ئەزموونە و کەمتەرخەمییان لەگەڵ واقیعەکەدا، لەگەڵ ئەوەشدا پەرۆشییان بۆ قووڵکردنەوەی پێوەندیی دیپلۆماتی و بازرگانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، لە سەرووی هەموو ئەوانەشەوە بە سیما و زەردەخەنەیەکی پڕ فڕوفێڵ و نازەوە، هاتوون ئەو قسەیەی بەعسییەکان دووبارە دەکەنەوە، ٣٨ ساڵ بەر لە ئێستە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان ڕەتی کردووەتەوە، کە " هەرێمی کوردستان بەشێک بێت لە عێراق، عێراقیش بەشێک بێت لە نیشتمانی عارەبان" ئەوە دەستپێکی وتەی "نوردەدین بوکروح"ی ئەمینداری گشتیی یەکێتیی پەرلەمانتارانی عارەبانە، لە سەروبەندی کۆبوونەوەی پەرلەمانتارانی عارەباندا، لەگەڵ سەرۆکایەتیی هەرێم و حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان و عێراق لە پایتەختی هەرێم خوێندیەوە. ئەگەر ئەو وتەیەی لەژێر ڕۆشنایی دەستووری هەمیشەیی عێراق بێت، کەسمان لاریمان نییە لەسەری، بەڵام پێفرۆشتنەوەی ئەو ڕستەیە بە دیوە سیاسییەکەیدا و بە تایبەتی لەو ئان ساتەدا، کە ئەلقاعیدە و عارەبانی سووننە لە عێراق لە شکست و پاشەکشێدانە و دەوڵەت و سوپای کۆماری تورکیاش هەر ڕۆژە و بە بیانوویەکەوە هێرشمان دەکاتە سەر، ئەوانیش تاوەکوو ئەمڕۆکەیش بێدەنگ بووینە لە بەرانبەریدا، خۆی لە خۆیدا ئەمە جێگەی گومان و پرسیارە. ڕەنگە لەگەڵ ئەوەدا نەبم پێوەندیی دیپلۆماتی و بازرگانی و هاوسێیەتی و نێودەوڵەتیمان لەنێواندا نەبێت، بە پێچەوانەوە ئەو جۆرە هاتنەیان وەک خۆیان

ئاماژەیان پێدا درەنگ وەختە و دەبوا چەند ساڵێک لەمەوبەر بەهاتبانایە. گەر وایان بکردبوایە بێگومان ئەو هەموو خوێنەش لە عێراق و هەرێمی کوردستان نەدەڕژا، بەڵام ئەوان لە جیاتی هاوکاری بۆ گەلی کوردستان و عێراق، بگرە بێ دەنگییان هەڵبژارد، لە زۆر کاتانیش لە ڕێگەی هاوکاری لۆجیستی و پاڵپشتیکردنەوە لە هێز و گرووپە توندڕۆکانەوە ڕۆڵی تێکدەر و نەیارانەشیان دژ بە گەلانی عێراق دەبینی، بە بێ جیاوازی. ئەو لۆژیکەی ئەوان کاریان پێ دەکرت، زۆر خراپتر بوو لەوەی کاری تەقاندنەوەی لە شارەکان ئەنجام دەدا. لاریم لەوە نییە هاتوون، بەڵام مافی خۆشمانە دونیایەک پرسیار و گومان لە بارەی هاتنەکەیان بکەین. دیارە ئەوان ڕایانگەیاندووە هاتوون بۆ گفتوگۆ و یەکدی ناسین و پێوەندییە دیپلۆماتی و بازرگانی و پێوەستکردنەوەی هەرێمی کوردستان بە عێراق، عێراقیش بە ئوممەی عارەبانەوە، لێرەدا ئەجێندایەک خۆی حەشارداوە! کە نازانین پەرچەکرداری ئەو هاتنەیان لە ڕووی ستراتیجییەتی نیشتمانی و نەتەوەییەوە، ئاکامەکەی بۆ ئێمە چۆن دەبێت! لێکدانەوەکانی دوای ئەو سەردانە چۆن دەبن؟ کێ سوودمەندە و کێ زیانبەخشە؟ تاوەکوو چەند هاتنەکەیان پێوەندیی بە گرژی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان و عێراقەوە هەیە؟ حکوومەت و دەسەڵاتی هەرێم چ سوودێک لەو هاتنە دەبینێت؟ ئەمان ئەو پرسیار و گومانەن، کە پێویستیان بە وەڵامی مەنتقی و جددی هەیە.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٤٠٤ – ١٣ی ئایاری ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی.

# فێستیڤاڵ و خەڵات

یازدەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ وەک نەریتی جارانی، بە باوەشێک سوپاس و دونیایەک گلەیی و دەرزەنێک لە دیاری و خەڵات کۆتایی هات. زۆر نووسەر و کەسایەتی جۆراوجۆر لە عارەب و فارس میوانی بنکەی گەلاوێژ بوون، دەبوا ڕۆژێک بۆ ڕووناکبیرانی عارەبان و ١٠ کاتژمێریش بۆ کولتووری فارس بۆ گفتوگۆ و تێکەڵکردنی ڕاو بۆچوونەکان دیاری بکرابوایە. کات درەنگ بوو، ستافی بنکە بەوە ڕانەگەیشتن خشتەی کاریان دروست بێت، لەگەڵ ئەوەی لە بەرنامەیانداب وو، فەرهەنگی دەرچوون لە پرۆگرامی بۆنە و فێستیڤاڵەکان ئاکارێکی هەمیشەیی هەڵسووڕێنەرانی کۆڕ و سیمنارەکانن، هەر بۆیە نەبیستراوە و نەزانراوە، فێستیڤاڵێک وەک پێویست توانیبێتی گرەوی خۆی لە میوانان بەرێتەوە، بەبێ گلەیی و تێبینیی جێهێشتن خوا حافیزییان لێ بکات ( ێمە بۆ خواردن و خواردنەوە میوانی فێستیڤاڵ بووین، نەک بۆ باس و خواسی هزری و ئەدەبی). ئەوە وتەی بەشێک لە ڕووناکبیرانی فێستیڤاڵی گەلاوێژ بوو، کە جگە لە ئەمساڵ لە ساڵانی دیکەیش گوێم لێیان بووە، مقۆ مقۆی بەها و وەرگرتنی خەڵاتەکان ڕۆژ بە ڕۆژ بازاڕی گەرمتر دەبوو، خدر و میوانە ناوەختەکانیش وەک

پیشەی هەردەمییان لە ڕیزی پێشەوەی بنکە ئامادە بوون و ناوە ناوەش گلەیی ئەوەیان دەکرد، شوێنیان خراپە و مەجلیسی شەوانەشیان عەرەقی تێدا نییە، ئەدیب و نووسەرانی دهۆک هەموو ساڵێک بۆ موجامەلە بەعزێکیان لێ دەعوەت دەکرێت، یەک دوانێکیان هەر بۆ خۆشی خەڵات وەردەگرن. شکور بۆ خودا ئەمساڵ بوونە خاوەن دەنگ و ڕەنگی خۆیان و بە جیا شیعریان بە ئەدیبانی سەر بە زاری کرمانجی سەروو خوێندەوە، لەوەشیان ناماقولییان کرد، ئەوە وتەی ئەو شاعیرە دەعوەتنەکراوەی دەڤەری بادینان بوو، کە وەک نارەزاییەک بۆ ئەو کارەی گەلاوێژ دەرهەق بە جیاکردنەوەی سۆرانی و بادینی دەری بڕیبوو. کەرکووک و هەولێر وەک دوو میوانی بێنازی فێستیڤاڵ تەنیا ماندووبوونیان بۆ مایەوە. ڕەنگە دڵیان بەوە خۆش بێت، هەفتەیەک دوور لە وەزیفەکەیان، نانێکی چەور دەخەنە دەمیانەوە. حەمەی شاعیر وازی لە کۆلێج هێنا، ڕێگەی هات و نەهاتی بنکەی گرتە بەر، نەیدەزانی ئەو شارەی ئەو لێی هاتووە ناوی لە دەفتەری یادگارییەکان سڕاوەتەوە. کەس نەبوو نازی میوانێکی تاقانەی شار هەڵبگرێت، کەس فرمێسکی چاوی ئەو شیعرە شەهیدەی نەسڕی، کە بۆ بیستنی ئاوازی دەنگی باوکی ڕێگەی دووری گرتبووە بەر. تا بە یادی جارانەوە شەوێک لە ئامێزیدا بخەوێت. چاوەدێر نەک وەک زمانی هەفتانەی، ئەمجارەیان لە جەستەی مرۆڤێک ڕۆژانە لەنێو ئاپۆراکە و لە چەقی هۆڵەکەوە چاوەدێری جووڵە و بزاوی میوانە بەڕێزەکانی دەکرد.

چایەکی زۆر خورایەوە، بەڵام کەس نەبوو بەدەم چا خواردنەوە بڵێت: نامەکەی سەید عەلی ساڵحیش لە جێگەی

خۆیدا بوو، گەر بە زمانی فارسی بخوێندرابوایەوە. بە ڕاستی شین و شایی بۆ زامداریش، وەک ئاشی ئاو لێبڕاو وایە، هەگبەکەی سابیر ڕەشید و نەوزاد ڕفعەتیش تەنیا سڵاوێکی دۆستانەی بۆ فێستیڤاڵ پێبوو. تاوەکوو ئەم ساتەیش زەنگی تەواو بوون بە گوێمدا نازرینگێتەوە، پێم وایە هێشتە فێستیڤاڵ بەردەوامە و کەس نەچووەتەوە سەر کارەکانی، هێشتە دەنگی بۆڵە بۆڵ گرمەی دێت و هەردەم لە دەرگەی چاوەدێر دەدات.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٣٤٣ – ٢٩ی تشرینی دووەم ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی.

# کوردستان زۆر لە لوبنان دەچێت

ئەو بۆچوونەی پێی وایە هەرێمی کوردستان، لە "دوبەی " دەچێت. ڕەنگە دواجار بە لەبەر چاوگرتنی هۆشیاریی سیاسی و ئابووری و جوگرافی کوردستان، نەتوانێت ئەو ئامانجە بپێکێت، کە بەرپرسان و خاوەن دەسەڵاتدارانی ئێمە بۆی دەچن. هەر ئەوەشە سەرنجان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت، لەنێو ئەو جۆرە تێڕوانینەدا، بۆ گۆڕینی دیزاینی کوردستان بۆ سەر فۆڕمی شارەکانی کەنداو، لەناو ئەوانیشدا شاری دوبەی هەوڵی بۆ دەدرێت ئاراستەکەی بگۆڕێت. لێرەدا دەبێت لەوە بگەین، پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جوگرافیای کوردستان، هێندە لە لوبنان نێزیکە، هێندە لە کەنداو و شاری دوبەیەوە نێزیك نییە. بە لۆژیکی ئەوەی لوبنان وەڵاتێکی داگیرکراو بووە، لە هەمان کاتیشدا ماوەکیش شەڕی ناوەخۆ لەو وەڵاتەدا ڕووی داوە. کوردستانیش داگیرکراو بووە و شەڕی ناوەخۆشی بینیوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێکهێنە سیاسییەکەیشی وەکوو کوردستان دەردەکەوێت، ئەوان فرە حزبییان لەناودا هەیە، کوردستانیش پێکهاتەیەکی فرە حزبییانەی هەیە. لە ڕووی داڕمانی ژێرخانی

ئابووریشەوە بە هەمان شێوە لە نموونەی کوردستان دەچێت. ئێمەیش وەڵاتێکی داڕماو بووین و گوندمان وێرانکرابوو، شارەکانمان وەک خۆیان نەمابوون، بەڵام ئێستە دەست بە ئاوەدانکردنەوە دەکەین، حکوومەتی لوبنانیش ماوەیەکە کەوتووەتە سەرپێی خۆیی و خەریکی نۆژەنکردنەوەی وەڵاتەکەیەتی. لێرە حکوومەت و حزب دوو دەسەڵاتی دیارن، لەوێندەرێش بە هەمان شێوە ئەو دیاردەیە دەردەکەوێت. لوبنان خۆی بە ناوچەیەکی گەشتیاریی پیشان دەدات، ئێرەش هەردەم بانگەشە بۆ ئەوە دەکات، کە شوێنەکانی کوردستان دواجار بەکار دێنن بۆ گەشتیاران. لەوێ نەیارێکی مێژوویی بۆ تێکدانی گیانی سەروەری خاکی لوبنان ئامادەیە، لێرەش ئەو وێنانە ڕۆژانە خۆیان بەبەر چاومان نمایش دەکەنەوە. لە ڕووی فرە مەزهەبی و ئایینی و نەتەوەیەوە وەک ئێمە وان، ئەوان تاوەکوو ئێستەش شەڕی مەزهەبی و نەتەوەیی و ئایینیان لەگەڵ هاونیشتمانەکانیاندا نەکردووە، ئەوەش هیچ کاتێک لە کوردستان ڕووی نەداوە، ئەو گرووپ و نەتەوە و ئایین و هێزانە ناکۆکی و شەڕ بکەوێتە نێوانیان. لوبنان وەک دەروازەیەک پیشان دراوە تاوەکوو ببێتە نموونەیەک بۆ ئەوەی وەڵاتانی دیکەی عارەبان لە ڕووی دیموکراتی و شارستانی و بازاڕی ئازادەوە چاوی لێ بکرێت. بە هەمان شێوە هەرێمی کوردستانیش وێڕای زۆر تێبینی و سەرنج لەسەر هەڵسوکەوتیدا لەگەڵ ئەو چەمکانەی باسمان لێوەکردن، بەڵام لە هەوڵی ئەوەدایە وەک نموونەیەکی پڕ ئەزموون لەو بوارەدا دەربکەوێت، دواجاریش وەڵاتانی دیکە و بەشەکانی دیکەی عێراقیش چاوی لێ بکەن. لە ڕووی ڕۆشنبیری و پێکهاتەی کولتووریمانەوە لەوان دەچین، زمانی عارەبی و

ئینگلیزی زمانی دووەممانە، ئەوان و ئێمەش هەوڵ بۆ ئەوە دەدەین، لە فەرهەنگ و کولتووری ڕۆژئاوایی نێزیك ببینەوە. باڵاخانە و سوپەرمارکێت و ڕێگە و بان و فۆڕمی هۆتێلەکانمان لێک دەچن، ئەو بەنگەلادیشی و کچە ئەسیوپیانەی لە ماڵە دەوڵەمەندەکانی ئێرەن، بە هەمان شێوە لە ماڵە سەرمایەدارەکانی لوبنانیش خزمەتکارن. ئێمە زۆر لەوان دەچین، بەڵام تەنیا لە یەک شت جیاوازیمان هەیە، ئەوان دەریایان هەیە، ئێمەش پیسی و کەمی ئاوی خواردنەوە مەترسی بۆ سەر گیانمان دروست کردووە.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی "دەنگ" ژ- ٢٩٦ – ١٩ی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی.

# درامای ئاریا..
# ئەلقاعیدە و مەلا و گەندەڵەکانی کوردستانی هێنایە دەنگ

سانسۆردانان و کەمکردنەوەی ئەڵقەکانی درامای " ئاریا "، کە چوار بەشی بە وتەی هادی ئەلمەهدی دەرهێنەری دراماکە، لە کەناڵی ئاسمانی کوردسات، بە پچڕ پچڕی و مۆنتاجکردنێکی سانسۆرکارانە پەخشکراوە. ڕاویژکارانی کەناڵەکە بە نووسراوێکی ڕەسمی پەخشی دراماکەی ڕاگرت. میکانیزمی ڕاگرتنەکەش بەپێی ناوەڕۆکی دراماکە بۆ سێ ڕەهەندی هاوتەریب بەیەک دەگەڕێتەوە، لایەنێکیان ئاماژەیە بۆ ڕۆڵی ئەو مەلایەی، کە کارەکتەرێکی دووڕوو و ئاژاوەگێڕیی هەیە، ئەو ڕۆڵەی ئەو مەلایە دواجار بووەتە مایەی ئەوەی لە ڕۆژی هەینیدا، لە مزگەوتەکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان لەلایەن مەلاکانەوە دەنگی نارەزای لە دژی ڕۆڵی ئەو مەلایە دەربڕن. ڕەهەندی دووەمی سانسۆر خستنە سەر ئەو درامایە، مەترسی وروژاندنی هەستی تۆڵەسەندنەوەی تیرۆریستانە، بە تایبەتی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە حکوومەتی هەرێمی و کەناڵی ئاسمانی کوردسات و ناوچەکانی سلێمانی، کە ماوەیەکە ئەو گرووپە چالاکیان لێیەوە دەرکەوتووە. هۆکاری سێیەم

دەگەڕێتەوە بۆ بێتاقەتی ئەو بەرپرس و خاوەن دەسەڵات و سەرمایەدار و ئاغایانەی، بە وشەی گەندەڵی تێکدەچن و بە هیچ شێوەیەک نایانەوێت لە دەمی کەسدا ببیستن، لە کوردستان گەندەڵی هەیە. لێرەدا بۆ هەر سێ دۆخ، دواجار بە هۆیانەوە، کە بەداخەوەش دەڵێم کەناڵی کوردسات لەژێر ڕۆشنایی ئامۆژگارییە ئایینییەکانی ڕاوێژکاری ئایینی سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، کە هێرۆخانی خێزانی سەرپەرشتی دەکات، دراماکەی لە پەخشکردن ڕاگرت. دیارە ئەو درامایە لە پێشتردا ڕەزامەندی لە لایەن لیژنەی هونەری کەناڵی کوردساتەوە لەسەر دراوبوو، نێزیکەی هەشتا هەزار دۆلاری بۆ تەرخانکرا. جگە لەوەش بەبێ ئاگەداری دەرهێنەر زۆر دیمەن و گوتووێژی نێو دراماکەش مۆنتاج و سانسۆرکراون. لەگەڵ ئەوەشدا کەناڵی کوردسات نەیتوانی لەبەر گوشاری مەلا و ترسی ئەلقاعیدە و چاوسوورکردنەوەی دەسەڵاتدار و بەرپرسە گەندەڵەکانەوە، درێژە بە پەخشکردنی دراماکە بدات، کە بە هۆی بیرۆکەکەیەوە بینەرێکی زۆری بۆ لای خۆی پەلکێش کردووە. بێگومان دەنگ هەڵبڕینی مەلاکانی کوردستان، لە دژی وێنەی ئەو مەلا گەندەڵکار و خۆویست و ئاژاوەگێڕە، بیری ئەو فەتوایەی شێخ و مەلاکانی زانکۆی ئەزهەرم دەخاتەوە، کە بۆ بەکافردانان و موردەتکردنی هزرڤانی میسری نەسر حامید ئەبوو زەید دایان. ئەو کات وێڕای پاڵپشتی و داکۆکیکردن لە هەردوو تێڕوانین ئازادی پێدان بە ئەبوو زەید و کافردانانی، کە لە نێوەندەکانی بڕیاردا لە وەڵاتی میسر لە ئارادابوو. ئەو تەنیا گوتی: سەیرە کەسانێک دەرم دەکەن، لە کولتوورەکەی خۆیان کە نە کتێبەکەی منیان خوێندووەتەوە، نەشارەزاییان لە ئایین و کولتوورەکەی خۆشیاندا هەیە" بەو پێیە دەتوانم بڵێم مەلاکانی

ئێمەش نە دراماکەیان بینیوە، نە ئەوەندەش زانیارییان هەیە لە کاری دراما و هونەری هزرری تاوەکوو بە چوار ئەڵقەی درامایەک، لە ناوەرۆکی حاڵی بن. بگرە مەلاکانی ئێمە تەنیا لە هەوڵی دروستکردنی ئاژاوە و تێکدانی بیر و هۆشی تاکەکانی کۆمەڵگەدان. لە لایەکی دیکەوە با فەتوا بێ سەر و بەرەکەی عەبدولسەبوور شاهین بە نموونە وەربگرین، لە دژی قورئانناسی سووریایی محەمەد شەحروردا، لە بەرانبەر کتێبە نوێیەکەی بە ناوی "پەڕتووك و قورئان خوێندنەوەیەکی نوێ"دا، لە هەمان کاتیشدا شاهین دوای بڵاوبوونەوەی تێزەکەی لەمەڕ "ئایە مرۆڤ پێش ئادەمە، یان ئادەم پێش مرۆڤ دروستکراوە" هەمان فەتوای لە لایەن کۆمەڵێک شێخەوە دەرهەق کرا. لێرەدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە مەلا و شێخە ئایینییەکان لەنێو ململانەیەکی نادروستی قووڵدان، لە بەرانبەر تێگەیشتنیان بۆ ئایین. هەر ئەو ناحاڵیبوونەشیانە بۆ چەمکە ئایینییەکان، وایکردووە مەلا قسە لە هەموو شتێکدا بکات. لە کاتێکدا دەرهێنەر و خاوەن سیناریۆ و بیرۆکە ئازادن، چ نموونەیەک لە کۆمەڵگە دەکەن بە کارەکتەر تاوەکوو ڕۆڵی تێدا ببینێت، هەڵبەتە هەڵبژاردنی ئەو مەلایەش بەو شێوەیە واتایەکە بۆ بڕیاری سەربەستانەی خاوەن فیلمەکە. بۆیە دەڵێم دواجار کەناڵی کوردسات کارێکی نادروست و ناهونەری دەکات، گەر ڕێگە بە خۆی بدات سانسۆر بخاتە سەر درامایەک، کە باس لە گرووپێکی تیرۆریستی و مەلایەکی ئاژاوەگێڕ و حکوومەتێکی گەندەڵ بکات.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٢٣٣ – ٢٤ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی.

# لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێم گەمەکان بەرە و کۆتایی دەبات

پرسی کەرکووک وەک دۆخێکی سیاسی، هەڵگری بەرفرەوانترین کێشمەکێشم بووە، لە نێوەندە سیاسی و سەربازییەکانی عێراق و کوردستان لەلایەک، وەڵاتانی ناوچەکەش لە لایەکی دیکەوە. ڕەهەندە پراکماتییەکانی ئەو پرسەش، هەردەم مایەی سەرئێشە و گرفت بووە، بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان. بە درێژایی ئەو ڕێگەیەش سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان، جگە لە سەوداکارییەکی دیپلۆماتییانەی ڕووت، لەگەڵ دۆخی کێشەکەدا، نەیتوانیوە ئاریشەکە جیاواز لە ڕەهەندێکی نەتەوەییانەی، وابەستە بە چارەسەرێکی عێراقچییانە هەڵاوێرد بکات. ئەمڕۆکەش چوار ساڵ بەسەر داگیرکردنی عێراق تێدەپەڕێت و کولتووری توندوتیژی و بەعسیش لەو شارەدا لەوپەڕی پەرەسەندندایە. سەرباری بوونی دەستوورێکی هەمیشەییش بۆ چارەسەری کێشەی کەرکووك و ناوچە تەعریبکراوەکان. ماوەی دوو ساڵە

به شێوازی جۆراوجۆرەوە پارت و گرووپە شۆڤێنییەکانی عێراق و وەڵاتانی دراوسێمان، بەتایبەتی دەوڵەتی تورکیا، هەردەم یاریەکی چارەنووس سازانە لەگەڵ شاری کەرکووك و پێگەی سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکات، میکانیزمی چارەسەرکردن و ئاڵۆزییەکانی کەرکووکی خستووەتە مەترسییەوە. لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش سەبارەت بە لۆژیکی سیاسییانەی لێپرسراوانی تورکیا لە جێگەی خۆیدایە، ئەگەر بوار بڕەخسێنێت بۆ زمانێکی نێونەتەوەییانەوە، کە دواجار مەودای گفتوگۆکان بەرفرەوانتر بکات لەگەڵ تورکیادا. هەرچەندە دەوڵەتی تورکیا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر لێدوان و باس و خواسێکی کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان بە هەڕەشە و لەشکرکێشی سوپا وەڵام دراونەتەوە. وەک چۆن لەبارەی لێدوانەکانی ئەو چەند ڕۆژەی سەرۆکی هەرێم دەریخست، کە تورکیا هێشتە لە لۆجیکی هێزەوە سەوداکاریی لەگەڵ نەیارانیدا دەکات. پێ دەچێت ئاماژە سیاسی و دیپلۆماتییەکانی ئەمجارەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، گەمەیەکی تێپەڕیوی کاتی نەبێت، بگرە فرەوانکردنی گۆڕەپانی یارییەکە بێت، لە عێراقەوە بۆ ناوەندە نێودەوڵەتییەکانەوە، گریمانە زۆرن بۆ ئەوەی ئەو ئەگەرانە ڕاست دەرچن. ڕەنگە ئەوە ڕێگەیەکی دیکەی کورد و ئەمریکاییەکان بێت بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی شاری کەرکووك، لەو کێشە و گرفتانەی کە ئێستە تێی کەوتووە. وەک زانراوە بەرژەوەندییەکانی تورکیا لە کەرکووکدا، جگە لە دوورخستنەوەی کورد لەو شارە و نێزیککردنەوە و زۆرترکردنی پێگەی تورکمانەکان لەو شارەد. تورکیا هیچ ئامانجێکی دیکە

ناپێکێت، هەر ئەوەش وایکردووە تورکیا بە گومانەوە سەیری گوتار و هەڵسوکەوتەکانی کورد بکات لە ناوچەکەدا. وەک ڕاگەیاندنەکانیش بڵاویان کردەوە سەرۆکی هەرێم، جگە لە گوتارێکی دیپلۆماتییانەی گشتکیر بۆ پرسەکان، وتەکانی هیچ خوێندنەوەیەکی نادروستانەی دیکە هەڵناگرێت، کاتێکیش کاربەدەستانی تورک گومان دەخەنە سەر وتەکانی و خوێندنەوەی جیا جیای بۆ دەکەن، ئەو کاتە گوتارە سیاسییەکان بە ئاقارێکی دیکە دەڕوات، کە خۆشمان بینیمان چۆن تورکیا کەوتەوە هەمان بەرداشەوە، ئەمیش بەکارهێنانی هەڕەشەی سەربازی و هێزە دژ بە هەرێمی کوردستان. هەڵبەتە ئەم پرسەش ئەمجارە کەوتووەتە واری یەکلاکەرەوە، یان گەمەکە قووڵتر دەبێت و تورکیا هەڵە سەربازی و سیاسییەکانی لە ناوچەکەدا دەخاتە خانەی پراکتییکەوە، یان تۆپی یارییەکە دەکەوێتەوە دەست سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانەوە. بە هەردوو بار بە لای منەوە، بۆ ڕەوشی سیاسیی هەرێمی کوردستان، یارییەکی جوان دەردەچێت. دەستتێوەردانی تورکیا لە کاروباری هەرێمی کوردستان و عێراقدا، لە یەکەمین ساتیدا پرۆتستۆ دەکرێت، لە لایەن ئەمریکا و وەڵاتانی دونیاوە. گەر واش نەکات، ئەو کاتە سەنگی سیاسیی تورکیا لەسەر دەستتێوەردانی شاری کەرکووك کەم دەبێتەوە. ڕەنگە ئەو گەمەیە یارمەتی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانیش بدات، مافی ڤیتۆ بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی کەرکووك و ناوچە تەعریبکراوەکان وەربگرێت.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ١٨١ – ١١ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی.

# دیسان پرۆژە یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی

بەرواری ٦- ٤- ٢٠٠٨ لە سەروبەندی کار و چالاکییەکانی پیشانگەی نێودەوڵەتی کتێب، دامەزراوەی ئەلمەدا لە پایتەختی کوردستان کۆڕێکی کراوەی، سەبارەت بە دوا پێشهات و ئاکامی پرۆژە یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستاندا بۆ عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕێک خست. هەرچەندە لەوێندەرێش ئاماژەم پێدا، کە ئەو جۆرە سیمنارانە پێویست بوو لە کاتی خۆیدا ئەنجامدرا بوایە، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران بەرچاو ڕوونیان هەبێت و ناڕاستەخۆش تەقە بە تاریکیەوە نەنێن، نموونەم بە هەموارکردنەکەی سەندیکاش هێنایەوە، کە ماوەیەک لەمەوبەر بۆ پرۆژەکەیان خستبوویانە ڕوو، کە خاڵی زۆر باش و دانسقەی تێدابوو، بەڵام ئەوان لە کاتی خۆیدا بڵاویان نەکردبووەوە، بۆیە ڕۆژنامەنووسانیش زۆر ڕەخنە و توانجیان لە سەندیکا گرت. پێموایە کەمتەرخەمی لە بابەتێکی ئەوها هەستیار و پڕ کێشە، کە

پێوەندیی بە میدیا و کاری ڕاگەیاندنەوە هەبێت، بێگومان کات و ساتێکی زۆری گەرەکە، بۆ ئەوەی گشت لایەنەکانی ئەو یاسایە هەڵاوێرد بکرێت. هەرچەندە ئەو کات و ئێستەش، پێموا بووە کە هەم پەرلەمان، هەمیش ڕۆژنامەنووسان بە هۆی ناحاڵیبوونیانەوە لە یەکدی، یان بەرد هاویشتن و نوقورچە لێدانەوە لە یەکدی دواجار ئاکامی ئەو پرۆژە یاسایە، بەو شێوەیە بە هەڵواسراوی جێهێشت، چونکە ئەو کاتە کە لەگەڵ ڕێکخراوی ئایرێکس بۆ وەرگرتنی ڕاو بۆچوونی لایەنی تایبەت بەو پرۆژە یاسایە و خودی یەکە یەکەی ئەندامانی پەرلەمان و فراکسیۆنەکانەوە، سەردانی گشت لایەکمان کردبوو لەگەڵ هەریەکێکیان باس و خواسی گەرم و گوڕمان لەبارەی یاساکە و ئەو خاڵانەی، کە بوونەتە مایەی لێدوان و دڵەڕاوکێ لە نێوان ڕۆژنامەنووسان و دەسەڵاتەوە، ئەو کات بۆم دەرکەوت، زۆر لەو پەرلەمانتارانەی،کە دەنگیشیان بەو یاسایە داوە، وەک پێویست پرۆژە یاساکەیان نەخوێندبووەوە، یان ئامادەی کۆبوونەوەکان نەبوون، بە شێوەیەک لە شێوەکان بە هۆی هەڵەی هونەری و تەکنیکییەوە لەو لێژنەیەی، کە پرۆژە یاساکەی خرابووە بەر دەست، تاوەکوو لەگەڵ هاوکارەکانی تاوتۆیان بکات، تووشیان بە تووشی ئەو ڕۆژە بوو، کە بینیمان چۆن سەدا و دەنگی ناڕەزایی زۆری لێکەوتەوە، سەرئەنجام سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بەبێ ئیمزا و بە چەند تێبینییەکەوە ڕەوانەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستانی کردەوە، لەمەوە بۆمان دەرکەوت، خودی پەرلەمان تووشی کێشەیەکی دژوار بووە، لە بەرانبەر ئەوەی ئایندەی ئەو پرۆژەی یاسایە چۆن دیاری بکات. پێم وابووە پەرلەمان، هەردەم بە

نیگەرانییەوە سەیری ئەو پرۆژە یاسایەی کردووە، چونکە چەند ماددەیەکی تێدایە بە ڕاستی سەختە بۆ پەرلەمانێک، وا بە ئاسانی ئەو چەمکانە یەکلابکاتەوە، لە شوێنی ئەواندا پێناسە و سنووری دیاریکراویان بۆ دیاری بکات. هەڵبەتە ئەو نیگەرانییەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان لە بەرانبەر سێ شتە، نەک کۆی ماددەکان، یان چەند ماددەیەک، ئەوانیش پێدانی زانیارییە بە ڕۆژنامەنووسان بە بێ جیاوازی، لەگەڵ دیاریکردنی ئادابی گشتی و نەهێشتنەوەی چەمکی ئاسایشی نەتەوە بە شێوەیەکی شەفاف. ئەو سێ ماددەیە، کە بۆ قۆناخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابووری کوردستان گەورەترین ئاریشەیان لە هەناوی خۆیاندا هەڵگرتووە. وای لە ئێمە و حکوومەت و پەلەمان و حزب کردووە، وا بە ئاسانی نەتوانین بگەینە چوارچێوەیەکی ئەوتۆ، کە بە دڵی هەموو لایەکمان بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ترس و تەنگژەیش لە دوای خۆیدا بۆ هەرێمەکەمان جێ بهێڵێت. دیارە ئەو سێ چەمکە، پێم وایە وەک خۆیان دەمێنێتەوە. ڕەنگە پەرلەمان نەتوانێت ڕێگە بە خۆی بدات، ئەو سێ چەمکە بە ئارەزووی ڕۆژنامەنووسان دابڕێژێت. ئەوەش لەبەر چەند هۆیەکە، ئەوانیش لە سەرەوەی حزب خۆیان دەبیننەوە، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هێشتە نەمانتوانیوە ئەو ئەزموونەی، پێمان وایە لە ئاستێکی باشدایە، بەڵام نەمانتوانیوە وەک پێویست بیبەینە پێشەوە. چونکە هێشتە نەیتوانیوە کار لەسەر بنەماکانی کۆمەڵگەی شارستانی و دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ بکات. بێگومان ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، دەسەڵات و کۆمەڵگەی ئێمە لە قۆناخی گواستنەوەی کایە کۆمەڵایەتی و حزبی و سیاسی و کولتووریەکانیدایە، بۆ قۆناخێکی دروستی پڕ

لە ئەزموونی درەوشاوە، لەنێو چەمکە مرۆییەکانی وەکوو دیموکراتی و کۆمەڵگەی کراوە و شارستانی، کە گشت لایەکمان چاک دەزانین نموونەی وەڵاتانی وەک ئێمە پێویستمان بە زۆر قوربانی هەیە، تاوەکوو دەگەین بەو ئاکامەی، کە پێیان بگوترێت کۆمەڵگەی ئازاد و شارستانی، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە خاوەنی کولتوورێکی دەوڵەمەند نین لە کاری بەڕێوەبردنی دەوڵەتداری و حکوومەت و فەرهەنگی نووسین و بڵاوکردنەوە و داهێنانی فەلسەفەکاری و هزریدا، تاوەکوو بۆمان ببێت بە پاشخان و سامانێکی گەورە بتوانین لەو ڕێگەیەوە کایەکانی نێو کۆمەڵگەکەمانی پێوە دەوڵەمەند بکەین. هەرچەندە سەرۆکی پەرلەمان لە کۆڕەکەیدا بەڵێنی ئەوەی پێداین، کە پرۆژە یاساکە لەم مانگەدا دەنگی پێ دەدرێت، بەڵام من هێشتە بە گومانەوە سەیری ئاییندەی ئەو پرۆژە یاسایە دەکەم، کە پێموایە ئاریشەیەکی زۆر لە دوای خۆیدا بۆ دەسەڵات و میدیای کوردی جێ دەهێڵێت.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٤١٧ – ١٣ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی.

# تورکیای نوێ
# لە نێوان گرەوی دیموکراتی و سوپادا

پرسی کولتووری دیموکراتی و چەمکی ورکردنەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکان، لەنێو خێزان و کارەکتەرە لۆکاڵییەکەیدا، لە ناوەخۆی دەوڵەتی تورکیا، بە یەکێک لەو وێستگە گرینگانەی سەرکەوتنی ئەزموونی دیموکراتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەندرێت، توانی هەیە وەک نموونەیەکی زیندووی نێو پایە و بنەماکانی دیموکراتی و کۆمەڵگەی شارستانی، هەردەم خۆی دەربخات. لە بەرانبەر ئەوەشدا دەسەڵات و هزری مۆنۆپۆڵی کەمالی، لەنێو پێکهاتەی سوپادا بەردەوام گرەوی سەرکەوتنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و هێنانە پێشەوەی چەمکی هیومانیزم و دیموکراتی لەو وەڵاتە خستووەتە مەترسییەوە. بەپێی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوورییەی، کە تورکیا لە مێژووی سیاسی خۆیدا پراکتیزەی کردووە، دەبوا دیدێکی جیاوازتری لەوەی، کە هەیە بهێنایەتە ئاراوە، بەڵام تێڕوانین و کرۆکی بنەما دەستوورییەکانی کەمالیزم، کە ئێستە تورکیا کار بۆ

هەمواركردنی بەشێک لە بڕگە و ماددەكانی دەكەن، لە ڕابردوودا بەربەست بووینە بۆ ئەوەی توركیا لە لێواری ئەو كرانەوە و دیموكراتییەی كە ڕۆژئاوایی و ئەورووپاییەكان خوازیارینن لێیەوە دووربكەوێتەوە. هەر ئەوەشە گرفتی بۆ دەسەڵاتدارانی توركیا دروست كردووە، كە نەتوانێت دەرگەی دیكە و خوێندنەوەی جیاوازتر بۆ پێكەوە ژیانی نەتەوەكان و زمان ئایینەكان لە هەناوی دەوڵەتی توركیادا بسازێنێت، بەڵام هاوكات لەگەڵ ئەو تەنگژە و گرژییانەی، كە لەنێو كایە سیاسی و سوپای توركیادا هاتوەتە پێشەوە، چەند ڕۆژێكە هاووەڵاتییانی كۆماری توركیا بۆ خاتری دەنگدان بە دەستووری هەمواركراوی تازەی توركیا لە هەڵبژاردنی سەرۆک كۆمار لەلایەن خەڵكەوە بەرە و سندوقەكانی دەنگدان ڕۆیشتوون و بە گوێرەی بەرئەنجامە نافەرمی و سەرەتاییەكان شەست لە سەتی خەڵكی توركیا دەنگیان بەو دەستوورە هەمواركراوە داوە. ئەو پرسە لە كاتێكدا ڕوودەدات، كە دەسەڵاتدارانی توركیا، هەردەم زەنگی هەڕەشە لە سنوورەكان بە بیانووی بوونی گەریلاكانی پارتی كرێكاران لە ناوچەكە بۆ خاكی كوردستان لێدەدەن. ئەوەش گوتاری هاوسەنگییەكە تێک دەشكێنێت، لە نێوان كاری چاكسازی لە دەستووردا و شەڕ و لەشكركێشی لەگەڵ نەتەوەیەكی ناوەخۆی و حكوومەتێكی دراوسێدا، بەوە دەوڵەتی توركیا خۆی دەخاتە بەردەم مەترسییەكی ئاشكراوە، یان دەبێت سەوداكارییەكی دیموكراتییانە لەگەڵ كێشەی كورد و نەتەوەكانی دیكەدا بكات، كە ئەو هەمواركردنەی دەستوور و كارەكانی دیكەی دەسەڵاتدارانی توركیا لە ئاییندەدا گرێنتی ئەو گۆڕانكارییە دەدەن بەدەستەوە، كە بە دایەلۆگ و زمانی

دیموکراتییانە گرفتەکانیان چارەسەر بکەن. جگە لەو ڕووداو و پێشهاتانەی ڕابردوو ئەمڕۆ ڕێڕەوی شانۆی سیاسیی تورکیا شێوەیەکی جیاوازتری چەند ئاراستەیی لە خۆ دەگرێت. ئەوەش یارییەکە زۆرێک لەو مشتومڕ و خاڵە ناکۆکانە چارەسەر دەکات، کە لە نێوان دەسەڵات و جیهانبینیی هاووەڵاتییانەدا هەیە، کە دیدێکی جیاوازتری لەوەی بەرپرسانی تورکیا پێیە. لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتی تورکیا چەند وێستگەیەکی خامناکی کەوتووەتە نێو گۆڕەپانی ئەو سیاسەتەی، کە تورکیای نوێ ئاراستە دەکات. کاتێکیش دەڵێین تورکیای نوێ، مەبەستمان ئەو شەمەندەفەرەیە، کە گرەوی دیموکراتی و شارستانی و ئەقڵییەتی شۆڤێنی و سوپا و لەشکرکێشی بەیەکەوە لەکۆڵ ناوە.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٣١٦ – ٢٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی.

# مافی گەیشتن بە زانیارییەکان

جگە لەوەی تاقە هەرێمێکین لە ناوچەکەدا، نیمچە سەربەخۆیەکمان وەرگرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەمانتوانیوە دەستوورێک بۆ ئەو هەرێمە بەیان بکەین، کە ببێتە هۆی هێنانە ئاراوەی کۆمەڵگەیەکی کراوە و دیموکراتی، بۆیە نەبوونی دەستوور دواجار زۆرێک کێشە و گرفتی بۆ دەسەڵاتەکانی هەرێم دروست کردووە. بە بەڵگەی ئەوەی تاوەکوو ئێستە لەژێر بنەماکانی ئەو یاسایانەی کە ماددەی کۆنن و دادگەکانی کوردستانیش تاوەکوو ئێستە بەو یاسا کۆنەوە سەوداکاریی لەگەڵ دۆسیەی تاوانەکان و بابەتە یاسایەکاندا دەکەن، ئەوەش وایکردووە دیوەدەری و کرانەوە لە نێوان دامەزراوەکانی حکوومەت و دەسەڵاتەکانی دیکە و هاووەڵاتیان دروست نەبێت، یان لە بەرئەنجامی ئەو جیاوازی و خۆ تەریککردنەوەیەدا مافی گەیشتن بە زانیارییەکان بۆ هاووەڵاتیان دژواربووە، هەرچەندە لە بەڵگەنامەکانی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ، کە لە ماددەی ١٩دا باس لە ئازادییەکانی مرۆڤ دەکات، بە هەمان شێوە لە ماددەی ٣٨ی دەستووری هەمیشەیی

عێراقیش ئاماژە بە بنەماکانی ئازادی مرۆڤ کراوە، بەڵام هیچ یەکێک لەو ماددانە لە هەرێمی کوردستان تاوەکوو ئێستە بە پراکتیک هەنگاوی بۆ نەهاویشتراوە، یان وەک پێویست شیی نەکراوەتەوە. بێگومان ئەوەش وایکردووە، کە جۆرێک لە ناحاڵیبوون و لێک تێنەگەیشتن لە بەرانبەر ماف و بەرپرسیارەتییەکان بێتە ئاراوە. نموونەی دەست نەکەوتنی زانیاری و گەیشتن بە سەرچاوە و داتاکان لەنێو دامەزراوەکانی حکوومەت و دادگە و پەرلەماندا یەکێکە لەو ئارێشانەی، کە لە ئاکامی نەبوونی یاسایەک، کە ماف بە منی هاووەڵاتی بدات، یان ماف بە هەر کایەیەکی نێو کۆمەڵگە بدات وەک نموونەی ڕێکخراوە شارستانی و میدیا و کەسانی پێوەندیدار، کە توانی ئەوەی هەبێت وردترین زانیاریی لەسەر بودجە و پرۆژە و جۆری سیستەمی کارگێڕی و کارەکانی دیکەی حکوومەت و دەسەڵاتەکانی دیکەی ناو هەرێمی کوردستان بزانێت. کاتێکیش حکوومەت و لایەنی پێوەندیدار، ئەرکی سروشتی خۆیان جێەجێ نەکرد و بوار بۆ خەڵک و میدیا و ڕێکخراوە ناحکومی و شارستانییەکان فەراهەم نەکات، هەڵبەتە ئەو کاتە ئەوان مافی خۆیانە، لە ڕێگەی کەناڵی جۆراوجۆری تایبەت بەو بابەتەوە وەک ڕێکخراوی ناحکومی و ڕاگەیاندن و کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و یاساناس و پەرلەمانتار و کاربەدەستی حکومییەوە، هەوڵ بدەن قەناعەتیان بۆ دروست بکەن، هاوسۆز و هاوپەیمان بن بۆ ئەو پرۆژەیە، یان بە شێوەیەک لە شێوەکان بەشێکیان بە دەوری خۆیدا کۆبکاتەوە، ئینجا پێشنیاز بۆ شرۆڤەکردن و بەرچاوخستنی یاسایەک بکات، کە لە ژێر ڕۆشنایی بنەماکانی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و دەستووری عێراقەوە

هەڵهێنجرابێت، کە ئەو کەس و لایەنە بە هۆی ئەو پرۆژە یاسایەوە ماف بە خۆی بدات، کە قەناعەت بە دەسەڵاتە خۆجێیەکانی هەرێم بهێنێت، بۆ ئەوەی زەمینەیەکی جیاوازتر لەوەی، کە هەیە چێ بکات، دیارە سازدانی ئەو ڕەوشەش بۆ گەییشتن بە زانیارییەکان چەندان ڕەهەندی دروست لە دوای خۆیدا جێ دەهێڵێت. وەک کەمکردنەوەی گەندەڵی و نێزیکبوونەوە لە شەفافییەت و دوورخستنەوەی دیاردەی هەژاری و دانانی سیستەمی "داتا بێس" کە هەموو لایەکمان دەزانین دیزاینی کاربگێڕی حکوومەتی هەرێم خاوەن تەکنیکێکی سیستەماتیکی مۆدێرن نییە، بۆیە بوونی ئەو جۆرە سیستەمە بۆ سیاخکردنەوەی فۆڕمی بەڕێوەبردنی کاربگێڕییە لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی پێدانی زانیاری و گەیاندنەوەی ئەو زانیارییانە بە گوێی هاووەڵاتیاندا، دواجاریش گەڕاندنەوەی بۆ نێو کایەکانی حکوومەت، بێگومان بەرئەنجامەکەی ئەرێیانە دەشکێتەوە بۆ هەموو لایەکمان، بۆیە حکوومەت لەو شێوازەوە ئاشنای هەیکەلی نوێی خۆی دەبێت، کە یاسای گەییشتن بە زانیارییەکان دێنێتەکایەوە.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٣٩٣ – ٢٤ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی.

# سەرۆکی حکوومەت و ڕاوێژکارەکانی

کابینەی پێنج، کە بە ڕێکخستنەوەی ماڵی کورد ناونراوە و بە دەستکەوتێکی پڕ بایەخی ئەزموونی نیشتمانی و پێکهێنانی حکوومەتی تەکنۆکرات بانگەشەی بۆ کرا، بەڵام هێندەی پێنەچوو ٤٢ وەزارەت بووە مایەی سەر ئێشە بۆ کابینە نوێیەکە، ئێستەیش بە نیازن کابینەی پێنج هەڵبوەشێننەوە و کابینەیەکی ستوونی لە نێوان خۆیاندا پێك بهێنن، لە بەرانبەر ئەوەدا نووسەران و ڕۆژنامەنووسان دونیایەک ڕەخنەیان لێگرتن و سەرلەبەری کابینەکەیان بە گەندەڵ وەسفکرد، بەڵام نەمانبینی جەنابی سەرۆکی حکوومەت و ڕاوێژکارانی بۆ کاڵکردنەوەی قسە و گومانەکان ڕوونکردنەوەیەک بدەن، زۆر پرۆتۆکۆڵی چارەنووسسازانە لە بواری سامانی سروشتی و نەوت و... هتد، بە ئیمزای سەرۆکی حکوومەت هاتنە ئاراوە، چەندان کۆمپانیا و سەرمایەداری گەورە سەرمایەکانیان هێنایە کوردستان، بەس لە هیچ سەرچاوەیەکی فەرمییەوە نەمان بیست بەرژەوەندیی هاووەڵاتیان و حکوومەت لەو بەرهەم و داهاتانە ئاخۆ چەندە و

کێ سوودمەندیی یەکەمە؟ زیاد لە چەند جار هات و چۆی بەغدایان کرد، هەردەم دەیانگوت کۆبوونەوەکان ئەرێنیی بووینە، بەڵام بە تەلەفۆنی تایبەتی ئەندامێکی شاندی خۆتان لێدوان بۆ ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسان دەدەن، کە بەدەستی ڤاڵا گەڕاونەتەوە! ئیدی لەو لایەش دەمی وتەبێژی حکوومەت دەبێتەوە و هەزار و یەک شێر و ڕێوی دەهێنێتەوە، تاوەکوو بیسەلمێنێت، کە ئێوە بەدەستی ڤاڵا نەگەڕاونەتەوە، بۆیە ناهەقمان مەگرە جەنابی سەرۆکی حکوومەت، کە نەزانین بە کامیان بڕوا بکەین! ئەوەی بە تەلەفۆن شکستی کۆبوونەوەکەی ڕاگەیاندووە، یان ئەوەی دەیەوێت خەڵکی چەواشە بکات.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان "نێچیرڤان بارزانی" لە دیدارێکی رۆژنامەی شەرق و ئەلئەوسەتدا گوتی: کۆمەڵگەی کوردی تەمبەڵن ! لە بەرانبەر ئەو قسەیەدا ڕۆژنامەنووسان هاواریان کرد و چەندان نووسین و وێنەیان بڵاوکردەوە لە دژی لێدوانەکانی، بەڵام سەرۆکی حکوومەت نەهات ڕاستەوخۆ بە بەرچاوی هاووەڵاتیان و میدیای ناوەخۆدا بۆچوونەکەی بە بەڵگە و داتا پشتڕاست بکاتەوە.

د. عەباس وەلی لە زانکۆی کوردستان دەرکرا، هەرا و زەنایەکی گەورەی ڕاگەیاندنی لەسەر دروستکرا، بەڵام سەرۆکی حکوومەت لەمەشیانە بێدەنگی هەڵبژارد. جەنابی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان خۆت گەنجیت و دڵنیام، کە باش لەوە دەگەیت ئاخۆ کێشەی خەڵک و گەنج لەچیدایە، بەڵام ڕاوێژکارەکانت هەریەکە و بە ئەقڵی ناوچەگەریی و خزم خزمێنە و دۆستایەتی ئیمتیاز دابەش دەکەن. پێشم سەیرە لە

شوێنی تۆدا بڕیار لەسەر چارەنووسی کەسانی دیکە دەدرێت، هەر بە ناوی تۆوەش ڕۆژنامەنووس و نووسەران لەسەر رەخنە و بیروبۆچوون دەردەکرێن. قوربان هەستی باوەڕبوون بە غرور بۆ نەتەوە و میللەتی خاوەن شارستانی و کولتوورێکی دەوڵەمەند و پڕ ئەزموون، هێشتە دەتوانین بڵێین کەمێک ڕەوایە، بەڵام ع=هەستی غرور لە لای تاک و مرۆڤەکان مایەی نەگبەتییە بۆ گەل و نیشتمان. سەرۆکی حکوومەت تاوەکوو ئێستە ڕووبەڕوو تۆم نەبینیوە و پارەشم لەو کەسانە وەرنەگرتووە، کە بترسم لەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بە چاومدا بدەنەوە و پێم بڵێن هەی پیاوی حکوومەت و دەسەلاتی نمەک حەرام، بەڵام مافیش بە خۆم نادەم بێ ویژدانی بەرانبەر دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەم بکەم و ڕابردووم ڕەش بکەمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا جەنابی سەرۆک پێم خۆش نییە، هەردەم لەسەر خاک و نیشتمانی خۆمان بە چاوی میوان و کرێچی چاو لە ڕۆژنامەنووس و نووسەر و هاووەڵاتییان بکرێت. ڕەنگە ئەو قسەیە بەردڵی زۆر کەس بگرێت، بە دەنگی ناحەز و نەیار وەسفمان بکات، بەڵام خۆشبەختم بەوەی تروسکایەک هەناسەی ئازادی لە قوڕگی چەند نموونەیەکی وەک جەنابتان ماوە، کە دەرگەی چەواشەکاری دابخات و لە بەرانبەر ئەوەدا، پەنجەرەکانی دیوەدەری و ڕاستگۆیی بۆ هاووەڵاتییان بخاتە سەر پشت.

رۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٤٤٢ – ٢٦ی ئایاری ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی.

# کیسەڵەکەی زیرەك میرە و تونێڵی سیاسیی کورد

"لە تونێڵەکەی ئەزمڕ کیسەڵێکی گەورە دۆزراوەتەوە" ئەوە نووسراوی نێو نامەی زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی شاری سلێمانییە. پێوەندیی ئەو کێسەڵەش بە تونێڵەکەی ئەزمڕەوە، ڕێک وەک ئەو پێوەندییە ئاڵۆزەی کورد بە تونێڵی سیاسەتی ناوچەکە وایە. وێنەکان هاوواتا و سەر بە یەک ئاراستەی دیاریکراون. هەموو لایەکیشمان دەزانین، کیسەڵەکەی شاری سلێمانی دروستکراوە و ڕۆحی لەبەردا نییە. گۆڕەپانی سیاسییانەی ئێستەی ناوچەکەش، هاوکات لەنێو ئەو تونێڵە تەمومژاوییەدا دۆش داماوە. لەنێو ئەگەری بە ڕاست زانینی کیسەڵەکە و بەڕاست نەزانینی، قسەیەکیش بۆ خەڵکی ماوەتەوە، کە بە فرەوانی دڵی خۆیان بەو واقیعە دروستکراوە، بڵێن "ئەرێ ئەو گەمەیە نێو ئەو تونێڵە کەی کۆتایی پێدێت؟" خۆشبەختانە بۆ ڕەوینەوەی گومانی ئەو هاووەڵاتییانەی، نەگەیشتبوونە یەقین ئاخۆ ئەو کیسەڵە ڕاستە، یاخۆ نا. هونەرمەند زیرەک میرە بە نوێژی نیوەڕۆ

هاتە سەر شاشەی تی ڤی و گوتی: ئازیزانم خەڵکی شارە خۆشەویستەکەم، کیسەڵەکەی تونێڵی ئەزمڕ بە دەستەکانی خۆم دروستم کردووە، بۆ ئەوەی ئێوەی ئازیز پێبکەنن و دڵتان خۆشبێت، خەریکم بەشداری پێبکەم لە درامایەکی کۆمیدیدا، ئەهلی شارەکەم تکایە ئارام بنەوە و نامەی نێو مۆبایلەکانتان بسڕنەوە. زیرەک میرە وای گوت و ئیدی خەڵکی شاری هونەر و ئەدەب و مەعریفەش دایان لە قاقای پێکەنین و بە خۆشحاڵییەوە نامە وەهمییەکانی نێو مۆبایلەکانیان سڕیەوە. لەو کاتەوە کەس لە کیسەڵەکەی نێو تونێڵی ئەزمڕی نەپرسییەوە، کەسیش هەواڵی ناوەڕۆکی تەمسیلەکەی نەزانی ئاخۆ سەرگوزەشتەی کام ڕووداوی کوردستان بە کۆمیدیا دەگێڕێتەوە. وەلێ تونێڵی سیاسیی کورد ئەمجارە زۆر کیسەڵی تیادایە، کە هێندە بە ئارامی دەڕۆن خەڵکی گومانیان لێ دەکات، کە هەبن، هەرچەندە مادده و بڕیار و پرۆتۆکۆڵە مۆرکراوەکانمان زۆر لە کێش و قەبارەی ئەو کیسەڵەی زیرەک میرە گەورەترە، بەڵام کیسەڵەکەی نێو تونێڵی سیاسیی ئێمە، هێشتە نازانرێت ڕووی بەرە و چ مەمەلەکەتێکە. ڕێگەی پایتەخت هێندە گەرمە، کیسەڵەکەمان ناتوانێت پێدا بڕوات، ڕێگەی شاری کەرکووکیش بە هۆی شەقامە یەک سایدکەیەوە کیسەڵەکەمان ناوێرێت لێیەوە تێپەڕێت. لێرەوەش بۆ دروستکردنی پرسیار و گومان لەسەر ڕەهەندە نائاساییەکانی نێو تونێڵی سیاسیمان، دەشێت ئەو کیسەڵە بە دۆخێکی زۆر مەترسیدار بۆ سەر ڕەوشی سیاسی و دەستووری و کولتووری کورد لە ناوچەکەدا بخوێندرێتەوە، کە بە هێواشییەوە لەسەر پشتی ئەو کیسەڵە بەڕێوە دەڕوات. هەر ئەوەشە وامان لێدەکات

بڕوا بەوە بهێنین، هیچ کاتێک بە ئەندازەی ئەمڕۆکە بارودۆخی سیاسیی کورد ئاڵۆز و تێکچڕژاو نەبووە، بارتەقای ئەو گرژییانەش دونیایەک هەنگاوی ناڕۆشن و دژ بە ڕەوشی سیاسیی کورد، لە لایەن وەڵاتانی دراوسێ و ئەو وەڵاتانەی، کە بەرژەوەندییان لەگەڵ ئێمەمانان تێک ناکاتەوە، لە ئارادایە، ئێمەش تەنیا لە بەخشینی کیسەڵێکی بێ گیان چیدیکەمان نییە بیدەین بەو تونێڵە، کە هەموو لایەکمانی پێ سەرقاڵکردووە. دەبێت وریا بین، لەوەی ئەزموونی کوردستان ئاییندەی ڕۆشن نابێت،ي گەر دواجار بە ئاگاییەوەکەوە چاو لە هەنگاوەکانی ئەو ئاریشە و مشتومڕانە نەکات، کە بە هەنگاوی کیسەڵئاسا بە ڕێگەوە دەڕۆن، بێ ئاگایشمان لە تێپەڕینی کات بەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و ماددەی ١٤٠، خەریکە ئان و ساتەکەی تەوا و دەبێت و بەر چاوی ئێمەی زیاتر لێڵ کردووە. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین پارت و ئەقلییەتە مەزهەبی و شۆڤێنییەکان لەسەر جێبەجێکردنی دەستووری عێراق و دابەشکردنی داهاتی نەوت و بودجە و کار و پرۆژەکانی دیکەی حکوومەتی بەغدا، کێشە بۆ سەرکردایەتیی سیاسی کوردستان دروست دەکەن. بێگومان تێپەڕاندنی کاتیش لە قازانجی ئێمەدا نییە، گەر وا بڕوات نەک بە پشتی کیسەڵ ناگەین بە ئامانج، بگرە دواجار کیسەڵە وەهمییەکەش لەدەست دەدەین.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٢١٨ – ٣ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی.

## ئاوابوونی تەنگژەکان

ڕیتمی سیاسییانەی ناوچەکە، زۆر شرۆڤە و لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، تاوەکوو ئەو ئاستەی کەسانێک پێیان وابوو، ڕەوتی گرژییەکان هێندە بەتین بێت، دەشێت دواجار بوار بۆ ئەوە نەمێنێت، بەرگری لە سنوورەکانیش بکەین. هەر یەک لەو تێڕوانین و تێگەیشتنانە، زیاتر لەنێو سیستەمێکی تەسکی سیاسییانەی ڕووتدا دەخولانەوە، پشتیان بەو هەواڵ و لێدوانانە دەبەست، کە جەراڵە تورکەکان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانی ناوەخۆدا ئاراستەی دەرەوەیان دەکرد. لە کاتێکدا هیچ یەکێک لەو مشتومڕانەی بۆ گرژییەکان دەهانە ئاراوە، بە هیچ جۆرێک ئاماژەیەک بە وێنە بۆ هەڵگیرساندنی شەڕێک، لە دەرەوەی پێشبینییە چاوەنوارکراوەکانەوە بێت. کۆی ئەو تەنگژانەش هەڵقوڵاوی کەشێکی هێندە مەترسیدار نەبووینە، کە تروسکایی ئاشتبوونەوە و ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکەی لێوە دوور بێت. بە پێچەوانەوە ئاکامەکان ئەوەیان دەرخست، کارەکتەری دیپلۆماتییانە بەردەوام هێمای کارەکان بە لای خۆیدا دەسووڕێنن

و ئاسۆی تەنگژەکان ڕووناکتر دەکەنەوە، سەکۆی شەڕەکانیش دەخەنە ئەودیوی مێزەکەوە. هەرچەندە ئەمڕۆکەش سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکان، بەو زمانە قسە دەکات، کە پەرلەمان نەخشەی بۆ کێشاوە، بەڵام لە دەرەوەی ئەوەشدا کەسایەتییە سیاسییەکانی تورکیا، هەردەم گوتاری ژێرەوەیان بە لای زمانی چارەسەرکردن و لێک تێگەیشتنەوە تێدەپەڕێت، نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە پارتی داد و گەشەپێدان، جگە لەوەی نوێنەرایەتیی تەواوی ستراتیجییەتی تورکیا ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا خۆی لەنێو تەنگژەیەکی گەورەدایە، لە ناوەخۆی ئەو وەڵاتدا، بەوەی ئاخۆ تاوەکوو چەند توانی بردنەوەی گرەوی ئەوەی هەیە، لە یەک کاتدا پارێزگاری لە سیما ئایینییەکە و سیاسییەکەی بکات. ئەو مەتەڵە لە ئایندەدا دەزانرێت، ناوەخنی گەمەکەشمان بۆ ئاوالا دەکات. گریمانە زۆرە پارتی داد و گەشەپێدان  ئەو سیناریۆیەی بۆ ئەوە چێ کردبێت، کە هەژموونی دامەزراوەی سوپا لەسەر خۆی دووربخاتەوە، لە بەرانبەر ئەوەشدا سەرقاڵیان بکات، بە ئاریشەیەک، کە تورکیا تەمەنێکە پێیەوەی دەناڵێنێت. ئەوەش دەرهاویشتە و واتای سیاسییانەی خۆی هەیە، بە بەڵگەی ئەوەی هەموو لایەک دەزانین ئایدیۆلۆجیای پارتی داد و گەشەپێدان، هەردەم دژ دەکەوێتەوە، لەگەڵ ستراتیجییەتە دەستووری و سیاسییەکەی، کە تورکیای کەمالی لەسەر ڕۆنراوە. کرۆکی پارتی داد و گەشەپێدان، ئەگەر ئەمڕۆکەش بە هۆی ئەو گەمە سیاسی و ئابوورییەی لە ڕێگەی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەورووپا و ئەمریکا و بەشێک لە وەڵاتانی عارەبان دەیکات ئاشکرا نەبێت، ئەوە دوای دوورکەوتنەوەیان لە دەسەڵات نهێنییەکان

وەک مانگی چواردە دەردەکەون. بێگومان فڕوفێڵی دیماگۆگییانە و سیاسییانەی ئیسلامگەرایی تورک زۆر مەترسیدارترە لە خاوەن بازووەکان، چونکە مێژووی ئایین لە ناوەندی دروستبوونی پێکهاتەی تورک، ئاماژەکانی بۆ نەتەوە ژێردەستەکانی وەک کورد و ئەرمەن، هەڵبەتە سەختر دەردەکەوێت و نوقرچەکانی کاریگەرترن، لە بابایەکی پێشکەوتنخوازی عەلمانی، یان چەپ و ڕادیکاڵ و لیبراڵەکان. هەرچەندە ئێستە دونیا گۆڕاوە و سەردەمی گوتووێژ و لێکتێگەیشتنە، کە تەنیا گرووپ و هەڵگرانی ئایدیۆلۆجیاخوازن لە بەرەی جەنگ ماونەتەوە. لە زۆر کاتدا دەبووا دەسەڵاتخوازە ئیسلامگەراییەکان جیاوازتر لە ڕابردوو، لەسەر شانۆی سیاسەتدا ڕۆڵی نوێ و کاراتر ببینن، بە بەڵگەی ئەوەی ئەوان، هەردەم هۆکار بووینە بۆ زیان پێگەیاندنی کۆمەڵگەی موسڵمان، بە هۆی هەڵە بەکارهێنانی ئایینەوە، کە دەرهەق بە گەلانی ئیسلامی کردوویانە، بەڵام تاوەکوو ئێستە هیچ یەکێک لەو شکستانە بۆ ئەوان نەبووەتە ئەزموون، بگرە بەردەوام بە زمانی سەرووەرییەکانی مێژوو وەک خۆیان دەیڵێن قسە دەکەن و هێز و بازوو نمایش دەکەن. ئەوەش بۆ ئەوان وەرچەرخان نییە، بگرە دواجار بێ ئاگایانە لە یارییەکە دەردەکرێن و تەنگژەکانیش بەرە و ئابوون هەنگاو دەنێن.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٣٣١ – ١٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی.

# لە پەروێزی کۆنگرەی شەرم ئەلشێخ تورکیا و یەکێتیی ئەورووپا بەرە و کوێ؟

هەڕەشەکانی کۆندالیزا ڕایس، لە بەرانبەر وەلید ئەلموعەلیمی وەزیری دەرەوەی سووریا، باس نەکردنی فایلی کەرکووك لە لایەن نوێنەری تورکیا و بێدەنگی کاربەدەستانی ئێران و ئەمریکاییەکان، لە ڕۆژانی تێپەڕبوونی کۆنگرەی شەرم ئەلشێخ، سەبارەت بە کێشە و ناکۆکییەکانیان لەسەر پیتاندنی یۆرانیۆم و چڕکردنەوەی گوتاری مالیکی و بەرهەم ساڵح لەنێو چوارچێوەی ئاڵنگارییەکان ڕووبەڕوونەوەی تیرۆر و فایلی تەناهییەوە، وەک دوو نوێنەر و کاربەدەستی باڵای دیاری گۆڕەپانی سیاسیی عێراق جێگەی بایەخی هەزار و حەوت سەد میدیای جیهانی بوون، کە ڕاستەوخۆ دەنگوباسی ناو هۆڵەکەیان دەگواستەوە. لە دەرەوەی ئەو هاوکێشە سیاسییانەشدا هەر یەک لە تورکیا و ئێران و سووریا، زۆر کێشە و گریمانەی هەڵواسراوی دیکەیان هەیە، نەک بەو جۆرە کۆنگرانە، بگرە هەزار دانیشتن و دونیایەک کۆنفرانس و گفتوگۆی دیکەیش، ڕەنگە نەتوانرێت، وا بە ئاسانی ئەو کێشە ئاڵۆزانە چارەسەر

بکات. هاوکات لەگەڵ تێپەڕینی ئەو تەنگژانەش تورکیا بە پەرۆشەوە چاوەدێری لێدوان و پرسەکە خۆی دەکاتن تاوەکوو لە دەرفەتێکدا خەونی ئەورووپاییبوونی بێتە دی و ببێتە ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپادا. جگە لەوەش خەریکە یەکێتیی ئەورووپاش پێگەی خۆی لە ڕووی کولتووری و ئابووری و جوگرافیاوە پتەو دەکات، بە ئاشکراش ڕایدەگەیەنێت کە تورکیا نابێت بە ئەندام لە یەکێتییەکەیاندا، ئەوەش بۆ ئەو پاشخانە دەگەڕێتەوە، کە تورکیا لەژێر دوو تەنگژەی ئاڵۆزکاو بە یەکدی دەژیت، ئەویش کێشەی کورد و ناسنامەی ئیسلامی بوونەکەیەتی. کە هیچ مومکین نییە، ئەورووپایەک تازە لە تەنگژەی موسڵمانە بۆسنییەکان ڕزگاری بووە، کە وەک پەتایەک لە جەستەی ئاڵۆسکابوو، لە ناوجەرگەی ئەورووپاش سەری دەرکردبوو، ئینجا بەدەستی خۆی زیاد لە هەفتا ملیۆن موسڵمانی دیکەی تورکیایی، کە مەترسییە لەسەر خودی کولتووری مەسیحی و دیموکراتی و عەلمانییەتی ئەورووپایی لە لایەک، مەترسیشە بۆ سەر پێوەندییە نائاساییەکانی یۆنان و قوبرسیش لەلایەکی دیکەوە، کە بەهێزترین کارتن بۆ ئەوەی ئەورووپا خۆی لە مەترسی ئەو کولتوورە و سیاسی و کێشە ناوەخۆکانی وەڵاتی تورکیا بپارێزێت. ئاشکراشە وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش، وەک کاری هەمیشەیی بە وریاییەوە چاوەدێری سەرۆکی سیاسیی و ئابوورییەکانی ئەورووپا دەکات، بە تایبەتی لە ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. مەبەستیش لەو چاوەدێریە، ترسی ئەمریکایە لە زۆربوونی هەژموونی ئەورووپا لەو ناوچانەدا. هەڵبەتە لێدوان و ململانە سیاسییەکانی نێو هەڵبژاردنەکانی فەرەنساش، پرسی کوردی وەک کارتێکی سەوز لە بەرانبەر

وەرگرتن و وەرنەگرتنی تورکیا لەو یەکێتییەدا بەکار نەهێناوە. ئاوەژووکردنەوەی کەیسی سیاسی کورد لە تورکیادا، وەک ڤایرۆسێک ئەمجارەیان یارمەتی دەسەڵاتی تورکیا دەدات، کێشە و گرفتەکانی کورد لە وەڵاتەکەی ئاڵۆزتر بکاتەوە. ڕەنگە تورکیا کێشەی کەرکووکی لە کۆنگرەی شەرم ئەلشێخدا باس نەکردبێت، وەک ئاریشەیەکی ناوەخۆی عێراق، بە دەرفەتی زانیبێت بۆ ئەوەی سەرنجی ئەورووپاییەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و بوارێکیش بۆ کردنەوەی گرێکوێرەکانی لەگەڵ دراوسێکانی بهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی دەرفەتی ئەوەی زیاتر بێت، هەم گرەوی هەڵبژاردنەکان بباتەوە، هەمیش تەنگژەکانی لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا بەرە و چارەسەرێکی دیپلۆماتییانە و بەرژەوەندییەکی ئابوورییانە بەرێت، کە بە لای تورکیاوە وەڵاتەکەی بەرفرەونترین دەروازەی تێکەڵبوونی کولتووری و ئابووری وەڵاتانی موسڵمان و ئەوروپایە. ڕەنگە لەو نێوەندەدا ئەورووپاییەکان وا بە ئاسانی تورکیایەکی سەر بە گێچەڵ قبووڵ ناکەن، ناکریت نییە پەتا کولتوورییەکانی ئەو ناوچەیەش هەر وا بە خۆڕایی تێکەڵ بە جەستەیان بکەنەوە. بێگومان لە پەراوێزی سیناریۆکانی کۆنگرەی شەرم ئەلشێخدا، دەرفەتی زیاتر بۆ تورکیا هەیە، تاوەکوو خۆی لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد نێزیك بکاتەوە، نەک چاوەنواڕی ئەندامبوونی لە یەکێتی ئەوروپادا بکات.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ١٩٩ – ٧ی ئایاری ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی.

# دوای پەنجا ساڵی دیکە شاری هەولێر بێ ئاو دەبێت

گرفتی ئاو، بە تایبەتی ئاوی خواردنەوە، زانایان بە یەکێک لە کێشە کوشندەکانی ئەم سەتەیەی دایدەنێن. بەڵگەی پیسبوونی ژینگە و خراپ بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوەش، هەردەم زەنگی مەترسی بۆ مرۆڤایەتی لێدەدات. وەک ئاشکرایە دوای فایلی نەوتی ڕەش، شەڕە دیپلۆماتییەکانی دونیا، مێزەکانیان گەرمە لەسەر نەوتی سپی، ئەو نەوتەی، کە ژیانی مرۆڤایەتی پێوە بەندە، جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق، جگە لە ئاماژە مەزهەبی و ئایدیۆلۆژجیاییەکانیان، بەڵام یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی ئەو شەڕەیان، ئاوی کەنداو بووە. نموونەی ململانەی وەڵاتانی تورکیا، سووریا و عێراق بۆ کەمکردنەوەی قورسایی ڕووباری دیجلە و فورات لەسەر یەکدییەوە ناکۆکییەکانی ئەو وەڵاتانەی گەیاندووەتە گرژییەکی دیپلۆماتییانەی ئاڵۆزەوە. هەڵبەتە تا دێت جیهان گوێ لە

ناکۆکییە نوێیەکانی وەڵاتانی جیهانی سێیەم و وەڵاتانی پیشەسازی دەگرێت و موچڕکێک بە لەشییەوە دادێت. وەڵاتە پیشەسازییەکان بە هۆی پەرەسەندنی تەکنۆلۆجیاوە، جگە لە پیسکردنی ژینگەی سەرەوەمان، خەریکە شادەمارەکانی ژێر زەویش پیس دەکەن و مەترسی نەمانی ئاوی خواردنەوەش ڕابگەیەنن. حکوومەت و تاکەکانی وەڵاتانی دواکەوتووش، بە هۆی نەشارەزاییانەوە لە بەهای ئاو و پاراستنی سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە، ئەوانیش بوونەتە مەترسی بۆ سەر ئاییندەی ئاو لە ناوچەکەدا. لێرە و لەوێش شارەزایانی جوگرافیا و ژینگە بە لێکدانەوەکانیان پێمان دەڵێن، کە تەنگژەی ئاو زۆر ترسناکترە بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی، لە شەڕە خوێناوییەکان. ڕەنگە هەر ئەو ڕاستییەش هاوکاریمان بکات، قسەیەکی جددیش لەسەر بە فیڕۆدانی ئاو و لە دەستدانی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا بکەین. دیارە شاری هەولێر بەپێی شوێنگە و هەڵکەوتەی جوگرافیاکەیەوە، جگە لە سەرچاوەی باران و توانەوەی بەفر لە شاخەکان و کانیاوەکان، سنووری نەبەستراوەتەوە بە هیچ سەرچاوەیەکی دیکەی ئاوەوە. بێگومان ئەم دۆخەش بە شێوەیەک لە شێوەکان بە ئاگامان دەهێنێتەوە، کە ئاییندەی سەرچاوەکانی ئاوی پاک لە شاری هەولێر ڕوو لە مەترسییە، ڕەنگە دوای چەند ساڵێکی دیکە شاری هەولێر بەدەست بێ ئاوییەوە بناڵێنێت. بە بەڵگەی ئەوە، ئێستە لەم شارەدا هەندێک بەرپرس و خاوەن سامان و دەسەڵاتدار، بە هۆی ئەو کێڵگە و شوێنە گەشتوگوزارییانەوە، هەڵساون بە لێدانی بیری ئیرتیوازی بە ئامێری "پایڵ" کە ئامێرێکی قەدەخەکراوە لە لایەن حکوومەتی هەرێمەوە، بە شێوەیەکی قاچاخ لە وەڵاتی سووریاوە

هاتووە، بەڵام ئەوان بێ گوێدانە یاسا و ڕێساکانی ئەنجومەنی وەزیران هەڵساون بەو کارەوە. لەکاتێکدا وەرگرتنی مۆڵەتی بیری ئیرتیوازی مۆڵەتی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی دەوێت، دوای شەش مانگان ئینجا ڕێگە دەدرێت بیرەکە لێ بدەیت. ئەویش نەک بەو ئامێرە، بگرە بە ئامێری دیکە و بە شێوەی سیستەمی کشتوکاڵییانە و یاسایانە، کە دەبێت نێوانی هەر بیرێك لەگەڵ بیرێکی دیکەدا، پێویستە پێنج سەت مەترێک بێت، بەڵام وەک دەیبینین کۆی ئەو بیرانە لە نێزیك یەکەوەن. ئاشکراشە ئەو ئامێرە مەترسییەکەی لەوەدایە، کە زەوی بە شێوەیەکی ستوونی  هەڵنادڕێت، بگرە بە شێوەیەکی پانکەرەوە، کە شادەمارەکانی زەوی شەقار شەقار دەکات و زەوییە وێران دەبێت. هەموو لایەکیشمان دەزانین، کە بە هۆی ئەو کردارەوە لە ئایندەیەکی نێزیکدا، ئاوی پاکی ژێر زەوی وشک دەکات، چونکە ئەو ئامێرە تەواوی شادەمارەکانی ژێر زەوی دەپچڕێنێت و هێواش هێواش ئاوی زەوی پەرش و بڵاو دەکات بە زەویدا و ڕەگەکانی ئاو بەرە و وشک بوون دەبات، بۆیە تاوەکوو مەترسی بێ ئاوی ڕووی تێ نەکردووینە و شاری هەولێریش بێ ئاوی پاک و خواردنەوە نەبێت، وا چاکە سنوورێک بۆ ئەو پێشێلکارییانە دابنرێت.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٢١٣ – ٢٧ی ئایاری ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی.

# حەسەن نەسروڵڵا
# لە کوردستان چ دەکات

دوو ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ دوو هاوڕێمدا، سەردانی وەڵاتی لوبنانمان کرد، دوو شەومان لە بەیروتی پایتەختی ئەو وەڵاتە دڵگیرە بەسەر برد. شتی خۆش و سەیر و سەمەرەمان بینی، برادەرێکمان دوو جاران بە ئاخ و ئۆفەوە گوتی: کاکە پێشتر ئاغا و کوڕە دەوڵەمەندەکان دەیانتوانی بێنە ئەم وەڵاتە، بەڵام ئێستە ئێمەش دەتوانین بێینە ئێرە. بە ڕاستی لوبنان لە چاو زۆرینەی هەرە زۆری وەڵاتانی ناوچەکەدا، لە جوانتر و خۆشترە. هەر ئەوەشە وایکردووە گەشتیارێکی زۆر ڕوو لەو وەڵاتە بکەن. بۆ ئێمە و مانانیش شتێکی تایبەت بوو، بۆیە لە ماوەی ئەو دوو شەو و ڕۆژەدا، زۆر شوێنی تایبەتی و ڕازاوە و سەرنج ڕاکێشی ئەو وەڵاتە گەڕاین، هەزاران وێنە و ڕەنگی جیاوازی کولتوورەکان و ژیانمان بینی. تەنانەت ژنی نیوە ڕووت و داپۆشراویشمان بینی، کە قۆڵیان کردبووە قۆڵی یەکدی، بەرەو کەناری دەریا بۆ مەلەکردن دەڕویشتن. لە کچانی سینگ

دەرپەڕیوو، کوڕانی دەم بە خەندەی نێو پاپۆڕ و لێواری دەریاش هەر گەڕێ، کە دیمەنی ئەو شارەیان ڕازاوەتر کردبوو، بەڕاستی زۆر شتی نوێ و شارستانیمان بینی و بیست، تاوەکوو ئەو ڕادەیەی شتمان بینی، وەخت بوو گومان بکەین، کە لە وەڵاتێکی عارەبانی ئیسلامیداین، لە نێوان خۆماندا دەکەوتینە قسە و پرسیارکردن، دەمانگوت: ئاخۆ دەبێت ئەو خەڵکە چەند لە خۆشیدا بن. لە کاتێکدا حزبوڵڵا و حەسەن نەسروڵڵاشی لەناودا دەژێت. پێمان سەیر بوو، کە بۆچی کۆمەڵگەی ئێمە و پارتە ئیسلامییەکان و بەناو عەلمانییەکان هێندە پارێزگارن و لێناگەڕێن، خەڵک بە ئازادیی ژیان بکات. ئێستەش تێنەگەیشتم بۆ ئەوان خۆیان بە ئایندار دەزانن و لە خۆشی و کەیفەکانی دونیاش دەست هەڵناگرن. بۆ ئێمەش هەر ئەوها جل ڕەش و خەمبار و دوور لە خۆشییەکانی ژیان بین. ئەو جیاوازییە وات لێ دەکات زۆر شت بڵێی، بەڵام ئێرە شوێنی ئەو قسانە نییە. بێگومان لەو سەردانەماندا وێنەی ڕەفیق ئەلحەریری و حەسەن نەسروڵڵامان زۆر بینی، کە لە شەقام و جامی ئۆتۆمبیلەکان هەڵواسرابوو، هەڵبەتە خەڵکی لوبنان بە هۆی دابەشبوونیان بەسەر بەرەی دەسەڵاتداران و بەریگریکاران بوونەتە دوو بەش، عەلمانییەکی پارێزگار و ئاییندارێکی شیعەی چەکدار. دیارە حزبوڵڵا هەوادارێکی زۆری لە لوبنان و ناوچەکە هەیە، بە ناشوکری نەبێت، لە مەرقەس و باڕ و مەلهاکانیش وێنەی زاتی موبارەکی حەسەن نەسروڵڵا هەڵواسراوە، تەنانەت لە لایەن کڕیار و فرۆشیارەکانی ئەو شوێنانەوە، هۆتاف و شیعریشی بەسەردا هەڵدەدەن. بێگومان ئەو دیاردەیەش یەکێکە لە ئاکارە جوان و مۆدێرنەکانی کۆمەڵگەی لوبنانی. کە حزبوڵڵا دایهێناوە. دیارە

حەسەن نەسروڵڵا داهێنان و کاری باشتری گەلێک زۆرە، کە پێم وایە هەموو ئەو سیفەتانەی بۆ خاتری جیهاد و سەرخستنی کێشەی ڕەوای فەلەستین و گەڕاندنەوەی حوکمی ئیسلامی پیرۆزە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. گەر وا نییە ئەی بۆچی لێ دەگەڕێت، کچانی داوێن پاکی لەچک لەسەری هاوبیری، لەگەڵ نیوە ڕووتێکی داوێنپیسی غەیرە دیندا بگەڕێت، یان بۆ قبووڵ دەکات وێنەکەی لە دەست سۆزانییەکانی نێو مەلهاکانی بەیروت و دیمەشق بێت. باشە گەر وا نییە ئەی بۆچی ڕیشەکەی ناتاشێت و عەمامەکەی فڕێ نادات و ناچێت لە گازینۆکانی بەیروت دەستێک تاوڵە لەگەڵ پیاوێکی پیری سەرکۆت بکات. باشە مادامەکێ ئەوها ناکات و بێدەنگیشە، بەرانبەر هەڵواسینی وێنەکانی لە مەلهاکان، ئەی بۆچی بە خۆی ڕەوا دەبینێت وێنەی خۆی بخاتە نێو کاخەزی چوکلێت و بەدیاری بینێرێت بۆ منداڵانی کوردستان، بە داخەوەش بۆ حکوومەتی کوردستان و بازرگانەکانمان، کە بێ ئاگانە لەو شتە و ڕێگە دەدەن وێنەی حەسەن نەسروڵڵا بکرێتە نوقڵ و بە دەستی مداڵانی کوردەوە بێت.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٥٦٧ – ١٣ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٩ی زایینی.

# ڕاگەیاندن و حەسارەکەی
# شێرزاد حەسەن

تێپەڕبوونی ١١١ ساڵ بەسەر یەکەمین ئەزموونی ڕۆژنامەگەری کوردی، بەس نییە تا لێیەوە قۆناخبەندی وەرچەرخانەکانی ناو ئەو بزاوتە بکەیت، ئەوەش لە کاتێکدا شرۆڤە دەکەین، کە مێژووی بزاڤی سیاسی و ڕۆشنبیری و میدیایی ئێمە، دابڕانی تێ نەکەوێت. دیارە ئەو نەبوونی دابڕانە لە هەناوی بزوتنەوەی سیاسی و کولتووری و شارستانی خەڵکی کوردستان لە بەرانبەر ڕابردووی خۆی، زۆرێک ئاریشەی گەورەی بە دوای خۆی هێناوە. کە شیکردنەوە و لەسەر وەستانیان کاتی دەوێت. هەڵبەتە زۆرێکمان پێمان وایە، زۆر بە کەمی تاونیومانە ئەزموون لەو مێژووە پچڕ پچڕە وەربگرین، کە دونیایەک کارەسات و وێستگەی ئاسایی و نائاسایی بۆ بەرهەم هێناوین. هەشە پرۆسەی ڕاپەرینی ١٩٩١ لە هەرێمی کوردستاندا، بە نەریتێکی نوێی ژیانی شار و کاربگێڕی و میدیایی دەزانێت. ڕەنگە ئەو قەناعەتە پێوەندیی بەو بیرکردنانەوە هەبێت، کە لە ڕووی فۆرمەوە، تاکی ئێمەی جیاکردووەتەوە لە ڕابردوو. ئەو بۆچوونەش جگە لە خوێندنەوەیەکی ڕووکەشانە بۆ واقیع هیچ ڕەهەندێکی دیکەی زانستی و لۆجیکی هەڵ ناگرێت. کە واتا

بێت بۆ جودایی بیرکردنەوە و جیهانبینیی تاکی کوردستانی، لە هەمبەر دوێنێ و ئاییندەدا؟ بێگومان عەلی ئەلوەردی جوانی بۆ چووە، کە دەڵێت: تاکی عێراقی ناتوانێت دابڕانی مەعریفی لەگەڵ ڕابردووی خۆیدا بکات، چونکە هێشتە ئەو تاکە لەنێو هۆشمەندییەکی دەشتەکی و بیابانشیندا یاری دەکات. لێرەدا دەتوانیت وەک نموونەیەک، واقیعی کورد بە حەسارەکەی شێرزاد حەسەن بچوێنین، ئەو حەسارەی کە تاک لێیەوە توانی دەربازبوونی کۆی ئەو دەسەڵاتانەی نییە، کە کۆمەڵگە و سیستەمی کولتووری ئێمە خولقاندوویەتی. دیارە کاری میدیایی و ڕۆژنامەگەری ئێمەش بەشێک لەو حەسارە گەورەیە، کە هێشتە وەک پێویست نەمانتوانیوە شوناسێکی مۆدێرنی پێ ببەخشین، هەرچەندە ئەو ڕوانینەی من بۆ ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا، دیدێکی ڕۆژنامەوانیانەیە بۆ واقیعەکە، نەک زانستی و بابەتییانە. پێشم وایە ڕاگەیاندنی کوردی،ت ئەو کاتە بە بابەتی و زانستی دەکرێ. کە خۆی ناسیبێت و شوناسی سروشتییانەی وەک ئەرک و بەرپرسیارەتی ڕاگەیاندبێت، لاشم وایە ئەرک و بەرپرسیارەتیی ئەو کاتە دروست دەبێت، کە دیدگە و خوێندنەوەمان بۆ واقیعی کوردستان تێڕوانینێکی هاوسەنگ و لۆجیکی بێت. بە واتایەکی دیکە، بەو پێیەی کارەکتەرەکانی ناو ڕاگەیاندن پێیان وایە حکوومەت و حزب و دەسەڵات و کۆمەڵگەی کوردی سروشتیان تێکچووە، پێویستیان بە فرمان کردن و گوشار هەیە. منیش پێم وایە هەڵسوڕێنەر و ڕۆژنامەوان و میدیای کوردی بە گشتیی پێویستییان بە خۆ فۆڕماتکردن و بە خۆداچوونەوە هەیە، تاوەکوو ئەوانیش وەک کایەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستانی، دەربازیان بێت لە ژیانی نێو حەسارە بەرفرەوانەکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا ڕاگەیاندن، پێویستە خۆی ستراتیجییەتی تەناهی و بەها کولتووری و مرۆییەکان

بپارێزێت. نەک هاودژ بێت لەگەڵ پرەنسیپەکانی ئەو چەمکانەی، کە باسمان کردن، بۆیە دەڵێم خۆی دەبێت پارێزگاری لەو کارەستانە بکات، چونکە ئەوان موڵکی خەڵکن و سەرمایەی نەتەوەیی و کولتووری و ئایینده‌یانە. ڕاگەیاندنیش خۆی بە پارێزەری ئەو دۆخە ناساندووە. لە لایەکی دیکەوە ڕاگەیاندن بەتایبەتی ئەوانەی لە چوارچێوەی ئەهلی و سەربەخۆدا خۆیان نمایش دەکەن، گرینگە لەمەودوا سەرچاوەی دارایی خۆیان ڕابگەیەنن، وەک چۆن داوای شەفافییەت لە کارەکانی دەسەڵات و حکوومەت و حزب دەکەن. بە هەمان شێوە وا چاکە خۆشیان نەختێک بە شەفافانە سەوداکاریی لەگەڵ خوێنەری خۆیاندا بکەن. هەرچەندە زۆر لێکدانەوە هەیە، کە پێیان وایە ناتوانرێت بەمانە بگوترێت ئەهلی و سەربەخۆ. چونکە هێشتە بە شێوەیەکی سیستەماتیک و داتابێسی و ژمارەی بانکی، نەتوانراوە سەرمایەی حزب و حکوومەت و بەرپرسان و بازرگان و دەوڵەمەندەکانی کوردستان دیاری بکرێت. کە چەند پارەیان هەیە و لە چی خەرجی دەکەن و چۆنیش دەستیان دەکەوێت. تا لەو ڕێگەیەوە قورمیشەکانی پشت پەردەی ڕاگەیاندن بناسین، بێگومان ئەوانە ئەو پرسیارانەن، کە وا لە تاکەکان دەکەن، گومان لە بێ وەڵامیان بکات و مەسجێکیش بۆ حەسارەکەی شێرزاد حەسەن بنێرێت، کە هێشتە زۆری ماوە دەربازبوون.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٦١٩ – ٢١ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی.

# قاچی تورك و زمانی كورد

لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوودا، بە هۆی ئەو تەنگژە ئاڵۆزەی نێوان pkk و دەسەڵاتدارانی تورکیا، بە تایبەتی سەرۆک کۆمار ئەوەی ڕاگەیاند "ئەو ڕۆژەی هێزی هاوپەیمانان و ئەمریکا لە عێراق نەمان، ئەو کاتە حیساباتەکانمان لەگەڵ کوردەکانی باکووری عێراق یەکلایی دەکەینەوە" بێگومان زەنگی ئەو لێدوانە هەڕەشە ئامێزەی "عەبدوڵڵا گول"ی سەرۆک کۆماری تورکیا، سەبارەت بە ڕەوشی ئێستەی ناکۆکی نێوان خۆیان و پارتی کرێکارانی کوردستان لە لایەک، ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی کە لەن یوان دەسەڵاتدارانی تورکیا و سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان هاتووەتە ئاراوە لەلایەکی دیکەوە، خەریکە کرۆکی ململانەکان لە کەشێکی دیپلۆماتی و سیاسییانەوە بگوازێتەوە نێو شەڕێکی نەویستراو، کە دواجار دوو گەل و نەتەوە دەخاتە بەردەم تەنگژەیەکی زۆر سەختر لەوەی، کە ئێستە لە ئارادایە، لە کاتێکیشدا سەرۆک کۆمار ئەو لێدوانانە دەدات، کە زۆرترین شاندی دیپلۆماتی و سیاسیی دونیا بە ئامادەبوونی سەرۆک وەزیرانی عێراق و وەزیری دەرەوەی هەریەک لە وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران و سووریا، بە مەبەستی

قسەکردن لەبارەی چارەسەرکردنی ڕەوشی سیاسیی عێراق و ئەو گرژی و ئاڵۆزییەی، کە لە نێوان تورکیا و پارتی کرێکاران لە ئارادایە، لە شاری ئەستەمبۆڵ کۆبوونەتەوە. جددیترین پرسیارێک، کە لێرەدا سەرهەڵدەدا ئەوەیە ئاخۆ بۆ تورکیا، هەردەم بە هەستیارییەوە سەوداکاریی لەگەڵ ئەزموونی هەرێمی کوردستاندا دەکات. ئەوە ئەو پرسیارەیە، دەبێت پێش هەموو کەسێک دەسەڵاتدارانی تورکیا وەڵام بدانەوە. ئینجا دەکرێت لە خۆشمان بپرسین، ئایا بۆچی تاوەکوو ئێستە بە درێژایی حەڤدە ساڵەی ئەزموونی کاربگێڕی سیاسی و ئابووری و دیپلۆماتییانەی هەرێمی کوردستان، کە لە ناوچەکەدا پراکتیزەی دەکات، نەیتوانیوە شێوەیەکی جیاوازتر لەوەی ئێستە لە نێوان کورد و تورک بسازێنێت. ڕەنگە لە زۆر کاتانیش هەلومەرجی لەبار ڕەخسابێت، بۆ ئەوەی گوتاری خۆمان بە ئاقارێکی دوور لە زمانە هەستیارەکەی، کە بەرپرسانی توکیا هەڵیانگرتووە بەرین. ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت، کە سەرکردایەتیی سیاسی کوردستان پەرۆشی هێنانەدی ئەو واقیعە نوێیە نەبێت لەگەڵ ئەجێندای سیاسیانەی تورکیادا، بەڵام ناشتوانین ئەو ڕاستییە لەبەرچاو نەگرین، کە ئەقڵییەتی دیپلۆماتی ئێمە هێشتە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی یاری لەنێو گۆڕەپانی سیاسەتیی تورکیادا بکات. بە هەمان شێوە تورکەکانیش خوازیاری ئەوە نەبووینە، ئەو واقیعە دروست بکەن. بەو گریمانەیەی، کە کورد و تورک، هەردەم لە بەرانبەر یەکدا وەک نەیار و لەخشتەبەر سەوداکارییان لەگەڵ یەکدا کردووە، نەک وەک دوو نەتەوە و بوونی خاک و سەرووەری سەربەخۆ و خاوەن قەوارە. هەر ئەو مشتومرە نادروستەیە وایکردووە، دەسەڵاتدارانی تورکیا بە مەبەستێکەوە

بنوارنە، ئەو نیشتمانەی کە بە درێژایی مێژوو کوردی لێیەوە جێگیربووە. جا ئەوە قەوارەیەکی سیاسیی وەک هەرێمی کوردستانی بێت، یان باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان بێت، لای ئەو ئەقڵییەتەی، کە تورکیای عوسمانلی و کەمالی هەڵدەسووڕێنێت گرینگ نییە، چونکە ئەو لە سەرەتاوە بڕیاری داوە هەڵگری هەمان گوتاری دژە بە دایەلۆگ و یەکدی قبوولکردن بێت. بە گوتەی عەبدوڵڵا گول لەبارەی قڕکردنی گەلی کورد لەسەر خاک و نیشتمانی خۆیدا، وەک کەسایەتییەکی سیاسیی خاوەن ئایدیۆلۆجیایی ئیسلامی، ئەوەمان بیردەخاتەوە، هێشتە ئایینداره‌کانی جیهانی ئیسلامی خەون بە قەڵاچۆپێکردنی نەتەوە و گەلانی سەر ڕووی زەمینەوە دەبینن. هەڵبەتە ئەوەش دەرهاویشتەی خۆی هەیە، هەر لە خوت و خۆڕاییەوە نەهاتووە، بۆیە نابێت پێمان سەیر بێت، ئەمڕۆکە نیشتمانمان دەکەوێتە بەر شاڵاوی شمشێری ئیسلامییەکانەوە. چونکە ئەو ئایدیۆلۆجیایە پەتایەکە، هەردەم کورد نەتەوە بێ دەسەڵاتەکان لەناو بەرێت. ئەوەش زەنگێکە بۆ نەتەوەی کورد کە نەیارەکانی بە نیازم تۆپی یارییەکە بخەنە گۆڕەپانی کوردستانەوە، بەڵام ئەو خەیاڵە لە لایەن نەتەوەپەرستەکانی تورکەوە لە کاتێکدا گەشە دەکات، کە کورد خاوەنی قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆی خۆیەتی و جیهانی ئەمڕۆکەشمان لە نائاگایی دەربازی بووە.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی"دەنگ" ژ- ٣٢٤ – ٤ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی.

# ئەری بەڕاست
# کوردستانیش عێراقە!

ئەوە وتەی ئەو پیرەژنە عارەبە بوو، کە دوای سڵاولێکردن و خۆناساندنمان پێی لە دیمەشقی پایتەختی سووریا " شام " ئاراستەی کردین. من و دوو هاوڕێکەم جگە لە وەڵامێکی سادەی سەرپێیانە هیچ وەڵامێکی جددی و سیاسییانەی دیکەمان نەدایەوە، کە ببێتە هۆی گفتوگۆیەکی قووڵی دیپلۆماتییانە، لە نێوان کوڕانی کورد و ژنێکی عارەبی شامییەوە. هەرچۆنێک بێت بە ناچاری گوتمان بەڵێ بەڵێ خاتوون، کوردستانیش عێراقە.

دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێك بەسەر سەفەرەکەمان و چاوگێڕان و سەرنج ڕاکێشانی وەڵاتە دڵگیرەکەی شام، جارێکی دیکە پرسی کوردستانیبوون و عێراقیبوونی لامان ورووژاندوە، دوو هاوڕێکەم و منیش تاوەکوو سەر ئێسقان باوەڕمان بە کوردستانیبوون هەبوو، وەک کارێکی تیۆری، بەڵام لە واقیعدا هەم پاساپۆرتەکەمان، هەمیش ناسنامەکانمان گشتیی مۆری عێراقیبوونی بە سەرەوە بووە، بۆیە هەر وتە و بیرۆکەیەکی دیکە

بۆ ئێمە مایەی سەرئێشە بوو. هەر لەسەر شێوازی ئەو خۆناساندنە مابنەوە، کە دواجار عێراقیبوونمان دەسەلمێنێت. ڕۆژ بە دوای ڕۆژیش لەوە حاڵی دەبووی،ن کە عارەبە شامییەکانیش بە هۆی سەوداکارییانەوە لەگەڵ کورد و عارەبانی عێراقەوە ئەو باوەڕەیان لا دروست بووبوو، کە کوردستان جیاوازە لە عێراق، ئەوان بە ئێمەیان دەگوت دەوڵەمەند و بە ڕەوشت و خاوەن ئەتەکێت و سوور و سپی، لەبارەی عارەبانی عێراقەوەش بۆچوونیان خراپ بوو. هەر بۆ بیرهێنانەوەی خوێنەریش ئەو ڕۆژەی گەیشتبووینە شام گەورەترین شەڕیان لەگەڵ یەکدی کردبوو، کە شەش ئۆتۆمبیلی عێراقییان تێیدا سووتاند. ئەو ڕووداوە و جۆرە سەوداکارییان لە پێشتردا ڕێگە خۆشکەر بوو، بۆ ئەوەی بە شێوەیەک لە شێوەکان پرسی جیاوازی دوو نەتەوە و نیشتمان لە عێراقی دوای سەددام بورووژێنرێت. ڕاستە عارەبانی سووریایی، لە دوای پرۆسەی لێدانی عێراق و ڕووخانی ڕژێمەکەی لە ساڵی ٢٠٠٣دا کەوتنە بیرکردنەوە لە کورد لەو ناوچەیەدا، بەڵام تێکەڵبوونی ئەوان بە شێوەیەکی زۆر و بەربڵاو بە هۆی ئاسانی لە سنوورەکانی سووریاوە بۆ سەفەرکردنیان بۆ دیمەشق، یەکترناسینەکەی قووڵتر و کراوەتر کردووەتەوە.

پێشتان سەیر نەبێت لە تەواوی سووریادا، جگە لە ناوچە کوردنشینەکان زمانی ئێمە و جۆری سەوداکارییمان لە دیدی ئەوانەوە، بە غەوارە و بێگانە دەچێت، بێگانەیەک کە بە هیچ شێوەیەک بۆنی ئاو و هەوای عێراقی لێنەهێت. هەر لەسەر ئەو بنەمایەشە هەرکە خۆیان پێدەناسێنیت، یەکسەر پێت دەڵێت: ئەرێ بە ڕاست کوردسانیش عێراقە! منیش لەو دوورییەوە، لە خاک و ئاوی عارەبانەوە دەڵێم برای کوردم خێرە عارەبێکی

سووریای لەسەر بوونی زمانێکی جیاواز و بوونی حکوومەت و پەرلەمان و ناوچەیەکی ئارام و کەناڵی ئاسمانی تایبەت بە خۆمان، جیاوازی هەڵسوکەوتمانەوە، پێیان وایە ئێمە وەڵاتێکی جیاوازترین لە عێراق، بەڵام سەرکردە و سیاسییەکانمان ددان بەو ڕاستییەدا نانێن و پشت لە عێراقی عارەبان و پاراستنی عێراق ناکەن! پشتکردنی ئێمەش لە عێراق، واتای ئەوە نییە، کە نەمانەوێت عێراق لەو تەنگژەیەی تێی کەوتووە ڕزگاری نەبێت، بگرە ئەو دوورکەوتنەمان بۆ ئەوەیە، تاوەکوو ماڵی خۆمان لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کولتووریەوە، باشتر و کاراتر بکەین، بۆ ئەوەی ئێمە و مانان چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەدا، شانازی بەوە بکەین، کە خاوەنی حکوومەت و نیشتمانێکی سەربەخۆ و ئازادین. ئەو بە تەنگەوە هاتنەی سەرکردە و سیاسییەکانمان بۆ جیاکردنەوەی کوردستان لە عێراقدا، فێری خۆشەویستنی خاک و نەتەوە و دەوڵەتی کوردیمان دەکات. بە پێچەوانەوەی ئەوەشەوە ناشێت لە ئاییندەدا نەتەوەیەکی ئازاد و نیشتمانێکی ئاوەدانت لە کوردستان دەسکەوێت. گەر سەربەخۆش نەبین، ئەوە ناهەقیمان نییە شەرم لە پاسەپۆرت و شوناسەکەمان بکەینەوە کە عێراقیبوونمان دەسەلمێنێت، چونکە بە لای منەوە عێراقیبوون وەک تاوان وایە، ئەگەر باوەڕیش ناکەن، بڕۆن لەو کوردانە بپرسن، کە بە هۆی پاسەپۆرتەکانیانەوە هەزاران جار ئیهانە کراون.

هەفتەنامەی هەواڵ – ژمارە "١٨٧" ی تەمووزی ساڵی ٢٠٠٦ی زاینی.

# شیعە و سوونە:
# ئەزموونێك بۆ كوشتنی دیموكراتی

لە ساتە هەرە سامناکەکانی، دوای ئاوابوونی دیکتاتۆریەت لە عێراقدا، ورووژاندن و چەکەرەکردنی ئایدیای شیعە و سوونەیە. کە دوو توخمی جیاواز بە یەکترین و لە ڕووی مێژوویی و ئایینییانەوە خاوەنی فرەوانترین بنکەی جەماوەری و مەرجەعی ئۆلین، عێراقیش بە هۆی بوونی مەزاری ئیمام عەلی و نەوەکانییەوە، لە هەردوو شاری نەجەف و کەربەلای شیعەنشینەوە، زۆرترین خەڵکیان لە دەوری خۆیان کۆکردووەتەوە، وەک دیاردە مێژوویی و مەزهەبییەکەیشی ئایدیای شیعە، هەڵگری توندوتیژترین تێڕوانینە بۆ حوکم و یاسا و دەسەڵات. کە لە هەر سێ باردا بەتێپەڕبوونی کات و ململانێیان لەگەڵ باڵی سوونە لە وەڵاتانی دیکەی عارەباندا، ژێرخان و سەرخانی مەزهەبی شیعە قۆناخی خۆی لە کەمینەوە گۆڕی بۆ زۆرینە، یەکەمین دەسکەوتی مێژوویی و سیاسیشی لە ساڵی ١٩٧٩ بە هۆی کودەتای سەربازییەوە بەسەر بنەماڵەی شا لە ئێراندا بەدەست هێنا.

شیعەنشینەکانی عێراق، وەک ئاماژەم پێدا، جگە لە بوونی

مەزاری ئەشرەفی نەجەف و کەربەلا، زۆرینەی عارەبانی عێراق پێک دەهێنن. لە هەمان کاتدا باڵە عارەبە ناسیۆنالیستە سوونیەکانی ناوەوە و دەرەوەی عێراقیش، عێراق بە بەشێک لە کولتووری ئایینی سوونە تەماشا دەکەن و پێشیان وایە، عێراقی کۆن و ئێستە درێژەپێدەری هەمان چاوگەی ئایینی و سیاسیی خەلیفەکانی ڕاشیدینە. بە پێچەوانەی سوونەکانیشەوە، شیعەکان، عێراق بە بەشێک لە میراتی شیعە دەزانن، نەجەف و کەربەلاش بە سەرچاوەیەکی پیرۆزی مەزهەبی خۆیان دەزانن، هەر بۆیە ئێستەکە باڵی عارەبە شیعەکان، لەژێر ناوی حەوزەی عیلمی و ویلایەتی فەقیە و مەرجەعی ئایینی بانگەشە بۆ یەکبوونی بڕیار دەکات، ئەو بڕیاردان و فەتوایانەیشیان وەک لە ڕێپێوان و نووسین و ڕاگەیاندەکانیاندا بەدیار دەکەوێت، تەنیا مەبەستیان لە شیعەکان نییە، بگرە پێیان وایە فەتواکانیان پیرۆزە و دەبێت بە چاوی ئایین و ئایەتی خودایی سەیریان بکرێت، وەکو خۆشیان دەیڵێن مادامەکێ زۆرینەن دەبێ مەرجەعی بڕیار خۆیان بن و فەتوا و وەلی ئەمری موسڵمانانیش هەر مەلا و عەمامە بەسەرەکانی ئەوان بن. باڵی سوونەکانیش ئێستەکە لەژێر ناوی (ئەنجومەنی ئەهلی سوونە وجەماعەت) ڕەگی ئایینی و ئایدیۆلۆجی خۆی تۆکما کردووە و سەرجەم ئەو حزبە ئیسلامیە عارەبی و کوردانەی، کە پێشینەیەکی ئایینی سوونیانەیان هەیە خستە ناو بازنەی خۆیەوە، یەکگرتووی ئیسلامیش، کە حزبێکی کوردی خاوەن ئەزموونە، لە بواری

ڕۆشنبیری و شارستانی و سیاسییەوە بوو بە ئەهلی ئەو ئەنجومەنە. دیارە چ یەکگرتووی ئیسلامی و چ حزبە ئیسلامییەکانی دیکەی عێراق، مەبەستم باڵی سوننە و شیعەکانە، بەو ئەتەکێتە مەزهەبی و ئایینی و سیاسییانەیانەوە قەت ناتوانن کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسیی لە عێراقدا بەرە و ئەزموونێکی دیموکراتییانە ببەن، چونکە دیموکراتی پرۆسەیەکی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی ئابووری سیاسی فەرهەنگییە، لە سەردەمی ئێستەکەشماندا، بووەتە دیاردەیەکی بەرچاو و پێویست. لە سایەشیدا کۆمەڵگە گەشە دەکات و سیستەمی سیاسیی و ئیداری لە وەڵاتدا لە قۆناخی دیکتاتۆری و مەزهەبی و تائیفی و ڕەگەزیەوە دەچێتە ناو ئەزموونێکی جیاوازترەوە، ئەویش سەردەمی قبووڵکردنی جیاوازی و فرە دەنگی و پێکەوە ژیانە، لەژێر سیستەمێکی دیموکراتییانەدا، بوار بۆ ئازادی و ڕێزگرتن لە بەرانبەر و بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە دەکاتەوە. هەر ئەوەش وا دەکات وێنەی دیموکراتی، کە دەرکەوتەیەکی درەوشاوەی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانە قبووڵ بکەین و تەواوی حزب و لایەنە سیاسی و ڕێکخراوە شارستانی و جەماوەرییەکانیش لە کوردستان و عێراق لە پێش و پاشی ڕژێمی بەعس، قسەیان لەسەر دیموکراتی و پراکتیزەکردنی ئەو پرۆسەیە دەکرد، ئێستەکەش هەر هەموویان بەڕوو گەشی بانگەشە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی و شارستانی دەکەن.

هەر لێرەوە دەتوانین بڵێین شیعە و سوونە، وەک دەرکەوتەی

مەزهەبی و سیاسییان خاوەنی هیچ پرۆژەیەکی شارستانی و دیموکراتییانە نین، بۆ گەشەکردنی کایە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگە. ئەمڕۆکەیش هەردوو هێز هەر ناوێکیش لە خۆیان بنێن، نابن بەو کارەکتەرە چالاک و مرۆڤدۆستە، دواجار هاووەڵاتیبوون لە پێش موسڵمانبوون یان شیعەبوون و سووینەبوونەوە دابنێت .

هەفتەنامەی میدیا – ژمارە ١٥٦ ساڵی هەشتەم – ٢٠٠٤/٢/١٥

# دیاردە و مەترسییەکانی ماددە هۆشبەرەکان لە کوردستاندا

کەم نین ئەو مەترسییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەن دروستییانەی، کە لەنێو کۆمەڵگەی ئێمەدا بوونیان هەیە. هەرچەندە هەر یەکێک لەو ئاریشە و گرفتانە، میکانیزم و بەرئەنجامی خۆی هەیە، بەڵام ناشکرێت لە ڕاست ئەو دیاردانەش دەستەوەستان بوەستین و بێدەنگی هەڵبژێرین، بۆیە هەر یەک لەو کێشانە خۆی لە خۆیدا زۆرێک واتا و خوێندنەوە هەڵدەگرێت، بەڵام لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەو دیاردە و کارەساتەی، کە ئێستە سەریهەڵداوە و بووەتە مەترسییەکی دژوار بۆ کۆمەڵگە و تاکەکانی وەڵات. پێویستە بەربەستێکی فرەوانی لەبەردەمدا چێ بکرێت، تاوەکوو نەهێڵدرێت تەشەنە بکات. بێگومان بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکانەوە، جگە لەوەی ئێستە وەک کەرەستەیەکی بازرگانی بەدەست مافیاکانەوە بۆ خۆدەوڵەمەندکردن کڕین و فرۆشتنی پێ دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەک لە

شێوەکان لای سیاسییەکانیش بووەتە چەکێکی سیاسیی و دیپلۆماتی، شەڕی نەیار و ناحەزەکانیانی پێدەکەن. نموونەمان زۆر لەبەر دەستدایە، کە چۆن بە هۆی ئەو ماددەیەوە توانراوە خەڵک و وەڵاتانی دیکە، دووچاری نەهامەتی و ڕووخان بکرێن، میسر، ئەفغانستان، ئێران، تورکیا، ئەمریکای باشوور و... هتد، بینیومانن کە چۆن دانیشتوانەکەی هێندە سەرقاڵی خواردن و بازرگانیکردنی ئەو ماددانەن، هێندە پەرۆشی کار و بەرهەمهێنان نین. ڕەنگە لەوەدا زۆر شتمان بۆ دەربکەوێت، کە وامان لێدەکات ئێمەی کوردیش بە خۆماندا بچینەوە و پرسیارێکیش لە دۆخی خۆمان بکەین و بپرسین، ئاخۆ بۆ ئەو دیاردەیە لە لای ئێمەش خەریکە پەرەدەسێنێت. هەڵبەتە بۆ قسەکردن لەسەر ماددە هۆشبەرەکان و هۆکار و سەرهەڵدانی پێویستمان بە زۆر داتا و زانیاریی هەیە، کە تاوەکوو چەند لە کوردستان بە کاردەهێنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا تا چەند فرۆشیارانی ئەو ماددەیە سزادراون، هەرچەندە لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە گوێبیستی ئەوە دەبین، کە چەند بازرگانێک و بەکارهێنەرێکی ئەو ماددە هۆشبەرانە دەستگیرکراون، ڕەنگە ئەوە هەم دڵخۆشکەر بێت، هەمیش جێگەی نیگەرانی، چونکە دەبێت بپرسین بۆ بەو شێوەیە پەرەی سەندووە و خەڵکێکی زۆریش پێیەوە ئالوودە بووینە.بێگومان هۆکارەکانی ئەو دیاردەیەش دەگەڕێتەوە بۆ نائومێدی گەنج و خەڵکی کوردستان لە ئەمڕۆ و ئایندەیان، لەگەڵ ئەوەشدا دەگەڕێتەوە بۆ نێزیکیمان لە وەڵاتانی ئێران و تورکیا و...هتد، کە بە هۆی ئەوانەوە ئەو دیاردەیە گەیشتووەتە نێو کوردستانیش. جگە لەوەش کاریگەریی ئەو کەسانەیش، کە لە

ئێران ژیاون و ئێستە گەڕاونەتەوە هەرێم و تێکەڵبوونیان بە کۆمەڵگە. دیارە بەکارهێنەرانی ئەو ماددەیە تەنیا زیانی بۆ کەسەکە نییە، بگرە زیانی ئەو ماددانە بۆ تەواوی کۆمەڵگە و خێزان و ئایندەی تاکەکانی کۆمەڵگەش هەیە، کە بە هۆی ئەوانەوە چەندان کەس ئالوودەی ئەو ماددانە دەبن، دواجاریش ناتوانن وازی لێبهێنن. بۆ نموونە، کەسانێکی زۆر تووشیان بەو دەردە بووە و لە ئەنجامیشدا خەڵکێکی زۆر هاتوونەتە سەر ڕەوشتی ئەوان. لەبەرانبەر ئەوەشدا دەبینین. سیستەمی کۆمەڵگە و شیرازەی خێزان و ڕەوشتی تاکەکان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تێک دەچێت. لە هەمان کاتیشدا کەسانی ئالوودە بەو ماددانە لە ڕووی دەروونییەوە دەشێون و ئاکاری مرۆڤانەیان وەک کەسانی ئاسایی نامێنێت. بێگومان تەن دروستیشیان تێکدەچێت، جگە لە نەخۆشی جەستەیی، دەروونیان تووشی چەند دۆخێکی نائاسایی دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر کەسی تووشبوو بەو ماددە هۆشبەرانە، زوو بە ئاگا هاتەوە و وازی لە خواردنەوەی هێنا، هەڵبەتە دەتوانرێت هەنگاو بە هەنگاو بهێندرێتەوە سەر تەن دروستی ئاسایی خۆی، وەک کەسێکی ئاسایی سەوداکاریی لەگەڵ دەوربەری خۆی بکات. لێرەدا ئەرکی سەرەکیی لایەنی پێوەندداره، کە ڕێگە بگرێت لەو مەترسییە، لە پیناو پاراستنی هاووەڵاتیان و تاکەکانی کۆمەڵگە. بێگومان ئەرکی لایەنەکانی ئاسایش و پۆلیس و حکوومەت و دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، کە هەوڵ بدات ڕێگەی تازە و زانیاریی کۆبکاتەوە و بەکاریان بهێنێت بۆ ڕێگەگرتن لە هەر دیاردەیەکی کڕین و فرۆشتن و بەکارهێنانی ئەو ماددەیە. گەر بەو شێوەیە کاری بۆ بکرێت، ئەوە تاک و

کۆمەڵگە دوور دەخرێتەوە، لە هەر ئەگەرێکی تووشبوون بەو ماددە هۆشبەرانە. لێرەدا دەتوانین بڵێین زۆر لایەن هەیە، کە وا دەکات ببێتە ڕێگر لەبەردەم تەشەنە نەکردنی ئەو ماددەیە، سەرەتا پێویستە بە هیچ شێوەیەک ڕێ بەکەس نەدرێت هیچ کەسێک چ لە ناوەخۆ دەرەوەی کوردستان هەوڵی ئەوە بدات ئەو جۆرە ڕووەکانە بچێنێت، چونکە بە لای منەوە بە هۆی گرانی نرخی ئەو ڕووەکانە ڕەنگە هەوڵ بدرێت ئەو جۆرە کارانە بکرێت، بەڵام بۆ ئەوەی ڕوونەدات وا چاکە ڕێگەکانی بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیە توندتربکرێت.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت – ژمارە" ٤٤٠" ٢٢ی ئایاری ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی.

# تەنگژەی بودجە

گرفتی حکوومەتی هەرێم لەوەدایە، ناتوانێت تەنگژەکان بە سروشتی خۆی تێپەڕێنێت، لەبەر ئەوە هەر ساتە و تووشی شێوەیەک لە ئاڵۆزی و تەنگژە دەبێتەوە. بۆ نموونە هێشتە وەک پێویست نەیتوانیوە خوێندنەوە، یان چارەسەر بۆ تەنگژەکانی پێشووتر بدۆزێتەوە. دێت بێ ئاگایانە تەنگژەی دیکەی کارگێڕی و دارایی بۆ خۆی چێ دەکات. بێگومان حکوومەت لە بەرانبەر ئەو فرە تەنگژانەوە، تاوەکوو ئێستە نەیتوانیوە هەرسی ئەو سیستەمە نوێیەی بەڕێوەبردن بکات، کە لە دونیادا باوە، چونکە لە هەر بارێکدا بێت بوونی ئەو سیستەمە یارمەتییەکی ڕیشەیی حکوومەت دەدات، تاوەکوو لەو تەنگژانە دەربازی بێت. لێرەدا لەوە دەگەین، کە بە هۆی پابەندنەبوونی حکوومەتی کوردستان بەو نۆرمە تازەیەی جیهان و مانەوەی لەسەر ئەو هەیکەلە کۆن و کلاسیکییەی، دواجار پێکهاتە و فۆڕم و بەڕێوەبردن و هەیکەلی حکوومەتی هەرێم دەکەوێتە ژێر گومان و پرسیارەوە، کە ڕەنگە لای هەموومان ئاشکرا بێت، ئەو پرسیارە چییە؟ بێگومان پرسیارێکە خۆی لە چەند ڕەهەند و دەستەواژەیەک دەبینێتەوە. کە پەرلەمان و سەرۆکایەتیی

ئەنجومەنی هەرێمی کوردستان، ناچار بە وەڵامدانەوەیان دەکات. گەر ئەوەش بەبێ وەڵام مایەوە، هەڵبەتە ئینجا بزانە ئێمە لەنێو تەنگژەیەکی زۆر ئاڵۆز و مەترسیداردایین، کە ناکرێت وا بە ئاسانی بتوانین دەستبەرداری دەستەواژە و دەرهاویشتەکانی نێو ئەو واقیعە دژوارە بین، کە لەبەر هێشتنەوەی تەنگژەکان وەک خۆیان، دەسەڵاتی کوردستان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. دیارە بەر لە هەموو شتێک، پێویستە حکوومەت لە کاری بەڕێوەبردندا شەفاف و لۆجیکی بێت، لەبەردەم ئەو قسانەی، کە لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتەکەی دێتە ئاراوە. ڕەنگە ئەو بوونی شەفافییەتە لە ڕەخساندنی ڕەنگی جیاواز لەنێو کێشەکاندا ڕێگەچارەیەك بێت، دواجاریش بە شێوەیەکی مەیدانی و دروست دەست بۆ تەنگژە و فۆرمی چارەسەرکردنەکان بەرین. بێگومان ئەوە ڕاستییەکە و پشتگوێخستنی، یان گوێ لێنەگرتنی وا دەکات دەرگە بە ڕووی ئاریشەی دیکەی تەمومژاوی واڵا بکات، کە ڕەنگە دواجار لە دەستی هەموو لایەکمان دەربچێت و ئیدی نەتوانرێت کۆنترۆڵی دۆخەکە بکرێت. بە مەزەندەی من سەرۆکایەتیی حکوومەت، بە تایبەتی بەڕێوەبەرایەتی دارایی لە ئیشوکاری پارە و خەرجی و داهات، شێوەیەک لە ناسیستەمی پێوە دیارە، کە وایکردووە نەتوانێت ستایلێک بۆ هێورکردنەوەی ئەو تەنگژانەی لە بودجەدا هەیە دیاری بکات. پێم وایە ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هێشتە لە وەڵاتی ئێمە داهاتی ئێمە لە دەستی حکوومەتدا نییە، یان بە واتایەکی دیکە بیڵێم، ئێمە نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستە، کە بڕوا بە داهاتی حکوومەت بهێنین و ورد و درشتی ژمێرەیی حکوومەت، بە خەرجی و داهاتەوە، لە دەستی یەک ئەقڵی کاربگێڕیدا بێت، کە سەر بە

ناوەندی حکوومەت بێت. واتە هێشتە لە وەڵاتی ئێمەدا ئەو کولتووورە ئابوورییە گەشەی نەکردووە، کە ئیش لەسەر ئەوە بکات، یەک گیرفان بۆ گشت تاکەکانی وەڵات دابین بکات. پێشم وایە پرسیارە جددی و چارەنووسساز لێرەدایە، کە بۆچی لە مەملەکەتی ئێمەدا "یەک گیرفان و خەرجی و داهات نییە، بۆیە تاوەکوو ئەو پرسیارانە بێ وەڵام جێبهێڵدرێت، بێگومان تەنگژەی بودجە لە کوردستان هەر لە برەودا دەبێت، باشە من دەپرسم ئەو ڕۆژەی پەرلەمانی کوردستان ویستی دەنگ بۆ بودجەی هەرێم بدات، بۆچی بەڕێوەبەری دیوانی دارایی هەرێم یاوەری شاندی حکوومەتی کوردستان بوو بۆ بەغد؟ ئایە ئەوە ناگەیەنێت هێشتە دەسەڵات نایەوێت دەدان بەو سیستەمی دابەشکردنی بودجەیەی پەرلەمان دابنێت، کە خەریکە دەنگی پێ دەدرێت، گەر وا نییە ئەی بۆچی پێشتر پەرلەمان ئاگەدارنەکرایەوە، کە بەڕێوەبەری دارایی سەفەری پایتەختی عێراق دەکات. دەشێت بە شێوەیەک لە شێوەکان، لەو گەمەیەی دەسەڵات و حکوومەتدا مەتەڵێك سەرهەڵبدات، کە لە سادەترین واتایدا پێمان بڵێت " قورسە بۆ ئێمە وا بە ئاسانی قسە لەبارەی بودجە بکەین، لە کاتێکدا هێشتە دەسەڵاتی حزب لە حکوومەت جیانەکراوەتەوە". جگە لەوەش تەنگژەی بودجەی ئەمساڵ پێوەندییەکی زۆری بە ساڵی پارەوە هەیە، کە جگە لە چەند وەزارەتێک نەبێت، زۆرینەی دیکەیان لەبەر نەبوونی داتابێس و گەندەڵییەوە، نەیانتوانیوە وەک پێویست زانیاریی لەبارەی خەرجی و داهاتەکانیان بگەیێننە دەست پەرلەمان و بەڕێوەبەرایەتی داراییەوە. ڕەنگە ئەوەش تەنگژەیەکی دیکەی هەڵواسراو بێت، کە چارەسەرکردنی ئاسان نییە. هەرچەندە

کێشەی بودجە ماوەیەکی زۆر لە بەغدا بەبێ دەنگادان مایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی سەرژمێرییەکی دروست بۆ دانیشتووان و دەروازە سنوورییەکان و داهاتیساڵانەی دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێمیش بەشێک بووینە لەو بێسەروبەرییەی، کە بۆ ئەمڕۆکە بووەتە تەنگژەیەکی ئاڵۆز. هەرچەندە کێشەکان قورس دەکەوێتەوە، کە ڕەنگە لە دەرهاویشتەکانی وەک گرانی بازاڕ و وشکە ساڵی و نیگەرانی خەڵک و لە بەرانبەردا کێشەی سیاسی و ماددەی ١٤٠ خەریکە بێدەنگی لێ دەکرێت و ئایندەی باش نابێت. سەرباری ئەوانەیش نەبوونی قورسایی کورد لەسەر تەناهی عێراق و بەستانەوەی هەرێم بەو جوگرافیایەوە. بێگومان تەنگژەکانی زیاتر تەمومژاویتر کردووە، کە پێدەچێت دەربازبوونیش لێیەوە کارێکی ئاسان نابێت، دەکرێت ئەو گرفت و ئاریشانەیش ببەستینەوە بە نەبوونی شەفافییەت و هەستی بەرپرسیارەتییەوە لە لایەن هەم حکوومەتی عێراق، هەمیش دەسەڵاتدارانی حکوومەتی کوردستانەوە، کە بێ دیاریکردنی تایبەتمەندیی بارودۆخی ناوچەکە، کەوتوونەتە نێو جۆرێک لە گێژاوی کارکردنەوە. لەوەدا دەردەکەوێت، کە واقیعی هەرێم چیدی نەتوانێت بەرگەی ئەو هەموو تەنگژانە بگرێت و ناتوانێت بێدەنگ بێت.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت گۆشەی " کۆتایی هەفتە " ژمارە" ٤٢٠"
١٧ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی.

# شەفافیەت و بە هەدەردان لە بودجەی هەرێمدا

هەرچەندە قسەکردن لەبارەی بودجە و بەکاربردنی، کاری کەسانی پسپۆڕ و ئابووریناسانە، بەڵام وەک هاووەڵاتی و ڕۆژنامەنووسێک مافی خۆمانە لە داهات و خەرجی حکوومەت و دامەزراوەکانی بپرسینەوە. ڕەنگە ئەمە سادەترین ماف بێت، کە هاووەڵاتی و ڕووناکبیرانی وەڵات پێی بگەن. دیارە لە وەڵاتانی ئازاد و کراوەدا حکوومەت خۆی ئەم پرسە دەورووژێنێت و خۆی تۆژینەوە و وردکردنەوەی بۆ دەکات، بەڵام لەم وەڵاتانەی، کە تازە دەکەونە سەر هێڵی دیموکراتی و شارستانی و دامەزراوییەوە، بە تونێڵی زۆر مەترسیدار و تەنگژاویدا دەڕۆن، تاوەکوو دەگەنە ئەوسەرەکەی. یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی دروستبوونی کێشەی بەکاربردنی بودجەی هەرێم، دەستێوەردانی حزبە لە داهاتدا، پاشان پرسیی ناشەفافییەت لە داهات و خەرجیدا. ڕەنگە ئەم قسەیەم بریندارکارنەش بێت بۆ دەسەڵات، بەس ئەمە کرۆکی کێشە و ئاریشەکانی ئەم پرسەیە. بە داخەوە دەسەڵات دەبوایە ئەمڕۆی لە ساڵانی نەوەدەکان و دوای ٢٠٠٣ی باشتربوایە! چونکە هەموو لایەکمان لە ڕابردوودا بەهانەمان بۆ حکوومەتی هەرێم بەوە دەهێنایەوە، کە ساوایە و هێشتە

سیستەماتیک نەبووە و لە هەوڵی بڕین و تێپەڕاندنی ئەم قۆناخەدایە، بۆیە پێویستە دەرفەتی پێ بدرێت، تاوەکوو بە سروشتی خۆی تەنگژە و ئاڵۆزییە کارگێڕییەکان چارەسەر دەکات. بەردەوام هەم لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن، هەمیش لەگەڵ دەسەڵات ئەو شتەم دووبارە کردووەتەوە، کە نابێت پەلە لە حکوومەت بکرێت، کێشەکان بە یەکجار چارەسەر بکات، هەروەها پێویست ناکات دەسەڵات و حکوومەتیش هێندە خەمسارد بن، تەنگژە و ئاریشە سیاسی و کارگێڕییەکانیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قەبەتر ببێت. دیارە لە پەرلەماندا ئۆپۆزیسیۆن و حکوومەت گەرمترین گفتوگۆ دەکەن، لەسەر بودجەی بەکاربردنی هەرێمدا. ئەم گوتوویێژانەش چووەتە ئاستی گومانکردن لە داهات و خەرجیدا. کێشەکەش لە بەرزبوونەوەی بەکاربردنی ئەمساڵ لەگەڵ ساڵانی ڕابردوودایە، کە چەند بەرامبەر بووەتەوە، هەرچەندە حکوومەت ڕوونکردنەوە و داتا و هۆکاری خۆی هەبووە بۆ ئەم کارەی، بەڵام هێشتە لایەنی دووەم ،کە ئۆپۆزیسیۆنە قەناعەتی بەوە نەهاتووە، کە کێشەکە بەو شێوەیە چارەسەر دەبێت. ئەوان پێیان وایە گرفتەکە ناشەفافییەت و بەهەدەردانە، بەڵام حکوومەت ئەمە بە هەدەردان و ناشەفاف نازانێت و پێی وایە ئەو خەرجییانە لە شوێنی خۆیەتی! بە بۆچوونی من ئەم دوو جۆرە بیرکردنەوە و شیکردنەوەیە بۆ بودجە، نە سەنگی مەحەکە بۆ ئەوەی بڵێین وایە یان وا نییە! نە لێکدانەوەیەکی ژیرانەشە، کە بیر لەوە نەکەینەوە، بۆ هەموو ساڵێک ئەم گرفت و تەنگژانە لەبارەی بودجەی بەکاربردنەوە دروست دەبێت. هەڵبەتە پێش هەموو شتێک دەبێت لەوە بگەین، "ژمێرەی کۆتایی بودجەی بەکاربردنی هەرێم"

دیارە مەبەستم لە کڵێشە و شێواز و بەکاربردنەکەیەتی، هەڵگری دۆخێکی گوماناوییە! ئەمەش بۆ چەند هۆیەک دەگەڕێتەوە، کە کرۆکی کێشەکە لەمە خۆی دەبینێتەوە وەک "خەرجی جۆراوجۆر، تێچووەکانی دیکە، خەرجی تەشریفاتی، هاوکاری نادیار، بەخشین و حەواڵەکردن و... هتد." ئەمانە ئەو جۆرە زاراوە و بابەتانەن، کە لە کڵێشە و بودجەی بەکاربردندا ناویان دێت، لە کاتێکدا هەر یەک لەم ناو و زاراوانە لە دۆخی یاسایی ژمێرەدا لاستیکین و ناچنە نێو هیچ خانەیەکەوە، بۆیە پێویستە جارێکی دیکە چاوی پێدابخشێندرێتەوە. بۆ ئەوەی لە ساڵانی ئاییندەدا بودجەی بەکاربردنی هەرێم بە بێ گرفت و کێشە دەنگی لەسەر بدرێت، بێگومان ئەمەش بەوە دەکرێت حکوومەت لە کارەکانیدا شەفاف بێت و ئۆپۆزیسیۆنیش هەناسەی درێژتر بێت تاوەکوو پێکەوە ئەم دۆخە تێپەڕێنن.

# ئەنفال
# وەك پرسێکی کۆمەڵایەتی

پرسی ئەنفال کە دەرهاویشتەی بابەتێکی سیاسییە، ڕژێمە تۆتالیتار و مرۆڤکوژەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ و ئاییندە، بۆ پاکتاوی ڕەگەزی و قڕکردنی جڤات و نەتەوە و ئایین و نەژادەکان وەک کەرەستەیەکی دیکەی شەڕ و ململانێکان لە بەرانبەر نەیار و دژەکانیان سەوداکاریی پێ دەکەن. ئەو پرسەش بە شێوەیەک لە شێوەکان دیرۆکێکی درێژ و پاشخانێکی زۆر نەگریس و پڕ لە کارەسات وماڵوێرانانەی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. لەو ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین پرسی ئەنفال بۆ ئێمەی کورد تەنیا خۆی لە هەلومەرجێکی سیاسی و نەتەوەییانە نەنواندووە، بگرە دەرهاویشتە و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجییەکانی پرۆسەی ئەنفال لەسەر جڤاکی کوردستان خزاوەتە نێو بابەتە کۆمەڵایەتی و کولتووری و دەروونییەکانی تاکەکانەوە. لێرەدا لەوە دەگەین، کە جگە لەوەی پرسی ئەنفال دونیایەک شرۆڤە و پەرچەکردار و دەرهاویشتەی بە دوای خۆیدا جێ هێشتووە،

بەڵام لە سەرووی هەموو ئەوانەیشەوە، دەتوانین بڵێین کرۆکی پرۆسەکە لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە جێبەجێ کرا، وێڕای ئەوەی ویستوویەتی جوگرافیای کوردستان تێک بدات و پێکهاتەی نەتەوەییمان بەرە و نەمان بەرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لەو پرۆسەیە بۆ ئەوە بووە تاوەکوو چوارچێوەی نەتەوە و خێزان و بنەما کۆمەڵایەتییەکانی جڤاکی کوردستان بشێوێنێت و میراتێکی گەورەی لێوان لێو لە تەنگژەی کۆمەڵایەتی، خێزانی. دواجار بەداماوکردنی زۆر ژن و منداڵ و پەککەوتەی بە دوای خۆیدا بەرهەم هێناوە، کە بۆ ئەمڕۆکەمان زۆر کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگە دروست کردووە. هەموو لایەکیشمان دەزانین تاوەکوو ئەو ساتەش کە ٢٠ ساڵ بەسەر ئەو پرۆسەیە تێپەڕدەبێت، بەڵام هێشتە ئەو برینە نەک هەر سارێژ نەبووە، بگرە لە هەندێک دۆخدا هێشتە خوێنی لێوە دەتکێت. بێگومان ئەو جەستەیە وا بە ئاسانی نەشێوێندراوە تاوەکوو بەو خێراییە چاک بێتەوە. ڕەنگە ئەوە قسە و لێدوانی زۆرمان ببێت، سەبارەت بە پاشماوەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەو ڕاستییەش لەبەر چاوبگرین، ئاخۆ ئەوەی بەعس دەرهەق بەو خێزان و ناوچەیە کردی، دەکرێت بە پرسێکی سادەی وەک ڕووداوێکی هاتووی تێپەڕبووی نێو ململانێکان و شەڕکان پێناسەی بکەین و وەری بگرین. هەڵبەتە گەر بەو شێوەیە سەیری پرسەکە بکەین، بێگومان لەو ڕاستییە دوور دەکەوینەوە، کە نەیارانمان نەخشەیان بۆ کێشابوو. پێم وایە

بەعسیزم وەک ئایدیۆلۆجیا هەر وا بە ئاسانی بەو پرۆسەیە هەڵنەستاوە، گەر لە پێشتردا دال و مەدلولەکانی ئەو کارەساتەی شرۆڤە نەکردبێت، بە پێچەوانەوە ئەو جگە لەوەی دەیزانی ناونانی ئەو پرۆسەیە بە ئەنفال لە ڕاگەیاندن و ناوەندە گشتییەکان لە ئایندەدا بە گران دەشکێتەوە لەسەری، ئەو چاک دەیزانی ئەنفال یانی چی!

چەمکی جینۆسایدیش لە یاسای نێودەوڵەتی و پرسە جیهانییەکانی شەڕدا بە چ واتا و ئاماژەیەک دێت، بۆیە چەمکی ئەنفال، کە دەرهاویشتە و کەرەستەیەکی زۆر جیاوازترن لە چەمکی جینۆسایدکردن، بە بەڵگەی ئەوەی لە پرۆسەی ئەنفالدا بەشێک لە خەڵکەکە لە ناودەبرێت و منداڵ و پیر و پەککەوتەکانیش دەهێڵدرێنەوە، وەک نموونەی پرسی ئەنفال لە مێژووی ئیسلامدا، کە ژن و سامانی نەیاران بۆ خۆیان حەڵاڵ بوو، کوڕ و پیاوە شەڕکەرەکانیشیان دەکوشتن. بێگومان وەک گوتم ئەو پێچەوانەی پرۆسەی قڕکردن و جینۆسایدکردنەکانی دونیان، کە تەواوی نەیارانی لەناو دەبردن. وەک ئاماژەم پێدا بەعسییەکان بە ئاگاییەوە ناویان لەو پرسە نا ئەنفال بۆ ئەوەی شیرازەی خێزان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جڤاکی کوردستان تێک بشکێنێت و بەرە و قۆناخێکی دژوار و سامناکیان بەرێت، کە تا مەودایەکی دوور ئەم جەستەیە ساڕێژ نەبێتەوە. لەبەر چاومانە، کە چۆن خێزانی ئەو ئەنفالکراوانە ژیانی تایبەتیان تێکچووە و ناسنامە و سایکۆلۆجییەتیشیان شێواوە. بە ئەندازەیەک کە خۆشیان نازانن چارەنووسیان بەرە و کوێوە دەچێت. زۆرینەیان تاوەکوو ئێستەکەیش لە پێکهێنانی

خێزانداری سروشتی خۆیان و نەریتی کۆمەڵگە دابڕوان و نەیانتوایوە شووبکەنەوە، یان خێزان پێک بهێنن و خوێندن تەواو بکەن و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بە شێوەیەکی ئاسایی بڕوات. ئەو دابڕانە و تێکشکانە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجییە کێشەی زۆری بۆ حکوومەت و کۆمەڵگەی ئێمە جێ هێشووە. کە ڕەنگە نەتوانرێت وا بە ئاسانی ئەو جەستە زامدارە سارێژ بکرێت، هەر بۆیە نابێت ئەو ئاریشە مەزنە بەو شێوەیە جێبهێڵدرێت.

ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت ژمارە "٤١٩" ١٥ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی.

# تێبینییەکانی دایکم

ژیان لەناو خەیاڵ و خەونەکاندا زۆر جیایە، لەگەڵ ژیان لەنێو واقیعدا. ئەوانەی بەر ڕووداو و کارەسات و ناخۆشییەکانی نێو واقیع دەکەون، هەردەم دڵیان لەنێو دەستیاندایە، هەستیان خامۆشە بە کۆکردنەوەی ژیان لەنێو گیرفانی ڕۆژگاردا. کەسێک چێژ لە ژیان دەبینێت ئەم سەردەمە نەناسێت، کات هیچ واتایەکی بۆ ئەو نەبێت، کات ژیانمان دەکوژێت، جوانییەکانمان بەفیڕۆ دەدات، ڕوانینمان لێدەستێنێت و تابلۆیەکی بێ ڕەنگمان پێ دەبەخشێت، پارە و سامانمان لەبری هەموو شتێک، بۆ دەکاتە ژیان. ئەوە ئێمەین واتای جیاواز بە ژیان دەدەین، چۆنمان بوێت ژیان ئەوها ڕەنگ دەکەین. هەموومان بەشێک لەو نیگەرانییەمان تێدایە، کە بووەتە پرسیار لامان، ئاخۆ ژیان چییە؟ ئەی ژیان بۆ خۆی چ واتایەکی هەیە؟ تاوەکوو کۆتایی دونیا لەم پرسیارگەلە دەربازمان نابێت، کەم کەس هەیە ئەو پرسیارەی لە خۆی نەکردبێت، وەک ئەو پرسیارەی، کە هەردەم منداڵەکان لە باوک و دایکیان دەکەن، "ئێمەتان بۆ هێناوەتە دونیاوە" ئێمەتان بۆ خستووەتە نێو ژیانێکی نادیارەوە، ئەم نادیارییە لای منداڵ وەک گومانێکی فەلسەفی ناکەوێتەوە،

منداڵ لای وایە ژیان ئەوەندەیە، کە لە هەست و ئارەزوو و خۆشییەکانیدا سنووری بۆ کێشاوە. سنووری ژیانی منداڵ ئێستەیەتی، بۆیە ژیان لای منداڵ ئێستەیە، لای پیاوانیش دوێنێیە و لای ژنانیش بەیانی ژیانە. کەواتە ئەوەی لەم نێوەدا بە نەمری دەمێنێتەوە پیاوەکان و منداڵەکان نین ژنە، کەواتە ژن ژیانە. بۆیە دەڵێم ژن ژیانە، چونکە تەنیا ئەو بۆ بەیانی دەژیت، تەنیا خەیاڵی ژن پڕیەتی لە سبەی، ئەو ڕابردوو و ئێستەی لا نەبووەتە ژیان، چونکە ئەگەر ئەو لە ڕابروو بژێت و ئێستەی بە گرینگ بزانێت چۆن دەتوانێت وەچە بنێتەوە، ئەوانەی هەڵگری نەوە و منداڵ و وەچە و دایەنگەی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتین، بێگومان ژنە، بۆیە لە ڕوانگەی من، ژن ژیانە. ئەوەی لای منیش بەردەوام بووەتە شتێک لە گومان جۆری پرسیارکردنمانە لە سەر شتەکان، دەبێت بزانین بۆ لە ژیانی خۆمان ڕادەمێنین، لەبەر چ شتێک وا ڕاهاتووین، هەستەکانمان نێزیك بکەینەوە لە تێگەیشتن، لە وەڵامی ئەم پرسیارانەی ناخ و هەستمان، کە سات بە سات چرۆ دەردەکەن. تەنیا تێبینییەکی دایکم هەرگیز بیرناچێتەوە لەسەر شێوەی ژیانمان، بە تایبەت ئەو قسەیەی تەنیا و تەنیا بۆ من دەکرد (ژیان هیچ واتایەکی نییە، ئەگەر خۆت واتایەکی بۆ نەدۆزیتەوە، بڕوا بەوانە مەکە، کە باسی ژیانت بۆ دەکەن، ئەوانەی باسی ژیانی خۆی بۆت دەکات، بە ڕاستەقینەیی نەژیاوە، بگرە دەیەوێت ئەو شتەت بۆ باس بکات، کە هێشتە پێی نەگەیشتووە. ئەوانەی لێرە و لەوێ لە تی ڤی و کتێب و ئینتەرنێتەوە باسی سەرکەوتنەکانی خۆی دەکات لە ژیان، پێچەوانەی ئەو بیر بکەرەوە و بە هیچ شێوەیەک وەک ئەو مەکە، ئەو بۆ ئەوە ژیاوە، کە کردوویەتی، ئەو ژیانەی ئەو بۆ تۆ

ژیان نییە، ژیانی تۆ ئەوەیە، کە لەبەر دەستی خۆتدایە نەک ئەوەی لەنێو ژیان و بژاردەکانی ئەوی دیکەوە ئەزموونکراوە).

مندالّی ئێمە ڕانەهێندراوە " نا و نەخێر " بکات بۆ ئەو شتەی لای ئەو پەسند نییە، وشەگەلی (بەڵێ و وایە) لە کۆتاییدا دوو وشەن، بەس بە ڕاستی سەرگەردانی کردووین. ئاخر دەستبردن بۆ سێوە حەرامکراوەکەی بە هەشت، لای ئادەم گوتنی نەخێر بوو، نایەک بوو، کە بە گەیشتن بە خۆناسین لای مرۆڤ کۆتایی هاتووە. کەواتە نا و نەخێر لەو دۆخەدا خۆناسینە، ئادەم بەم نەخێر و نا و دەستبردنە بۆ سێوێک خۆی ناسی وەک مرۆڤ، وەک بوونەوەرێکی ڕەمەکی، کە چێژ لە خێر و شەڕ دەبینێت. ئەم کارەی ئادەم وای کردووە، ئێمەش ئەو بەرهەڵستییە خودییە بکەین بە نەریت.

مرۆڤ دەبێت بژیت، بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە، نەک بیربکاتەوە، بۆ ئەوەی بژیت،

ژیانی خۆت خۆش بووێت، خۆشەویستیی لە دڵی خۆت بڕوێنە، تا لەبری ڕك وکینە، ژیانت خونچەی ئیشق بگرێت. مرۆڤ دەبێت هەردەم هەست بە دڵخۆشی بکات، نابێت چاوەڕێیی دڵخۆشی بکات، بەختەوەری بۆت نایەت، ئەوەی چاوەڕوانی بەختەوەری دەکات، هەردەم ئازار دەکێشێت، دڵی نادرەوشێتەوە. ئەوانەی دەگەن بە دڵخۆشی ئەوانەن، لە وێستگەی چاوەنواڕی نامێننەوە. نەنگییە بۆ مرۆڤ لە چاوەڕوانیدا گیانی خۆی شەکەت بکات، ئەوانەی دەیانەوێت شتێک بەدەست بهێنن نابێت کات بۆ گەیشتنی دیاری بکەن، کات خۆ دڵداری تۆ نییە، تاوەکوو ژوانی لەگەڵ دابنێیت، ئەوەی کات، وەک دۆست سەیر دەکات، خۆ وشتنی هەڵبژاردووە.

دوو شت لە ژیانت فێربە، بێگومان دڵخۆشی بەدەست دەهێنێت. (پێش ئەوەی واز بێنیت، هەوڵ بدە)، (بەرلەوەی بمریت، بۆ خۆت بژیت). لێ مەگەڕێ کەس کاتت لەگەڵ بەش بکات، کاتی خۆت بۆ هیچ شتێک مەسووتێنە، تەنیا بۆ چەند شتێک نەبێت، بێگومان ئەم چەند شتەش ژیان فێرت دەکات، بۆیە پێویست ناکات بۆت باس بکەم، دەبێت بەری بکەویت و لێکەوتەکانی ببینیت ئینجا تێ دەگەیت. هەندێك کەس گیان دەبەخشن، بۆ ئەوەی گیانی دیکە ئاسوودە بێت! گەیشتن بە ترۆپکی ئەم قوربانیدانە بەو قسەیە نابێت، ئەمە کتێب نییە پاڵەوانی وەهمیت بۆ دروست بکات، کارەکتەرت بۆ بخولقێنێت، واقیع شتێکە و قسەی کتێبان شتێکی دیکەیە .

# باوەڕ و ئازادی

گاندی دەیگوت: (ئەگەر هەموو هیندستان، بە گیانی هیندییەک ئازاد بکرێت، من ئەوە ناکەم). ئەم تێگەیشتنە لە کوێی تێگەیشتنی ئێمەدایە؟ ئەم پیاوە بۆ ئەوها گیانی لاشیرین بووە، ئەی ئازادی، ئەی خاک، ئەی ئایین، ئەی مرۆڤ، ئەی ئیشق؟ ئایە هەموو ئەمانەی باسمکردن چین! زۆر شت، لە دونیادا ئەزموون ناکرێت و چێژ و ئازار و ساردی و گەرمییەکەی ناتوانرێت بۆ کەسی دیکە بگێڕدرێتەوە، چونکە زمان ناتوانێت ئەوەی ئەو بینیویەتی، وەک خۆی بیگەینێت. مردن، قوربانیدان، بەخشین، باوەڕ. هەموو ئەمانە شتگەلێک نین، ئەزموون بکرێت و لە دەمێکەوە بۆ دەمێک بگوازرێتەوە. هەستی ئەو کەسەی، لە ساتە وەختی گیان بەخشین، ئیدی بۆ هەر شتێک بێت، چۆن ئەم هەستە وەک خۆی، کە هەیە بۆ من دەگوازرێتەوە؟. باوەڕی کەسێک بە من چی، قوربانیدانی کەسانێک چ هەستێک لای من دروست دەکات، کورد دەڵێت: (مردنی خەڵکی لای من، وەک ئەوە وایە خەوتبێت) تۆ لە هەستە سۆزدارییەکەی گەڕێ، سۆز، هیچ بنەمایەکی زانستی و ئەقڵانی نییە، دڵڕەقی و ڕەوشتە

هۆڤییەکانیش، بە هەمان جۆر تێگەیشتن لە دڵڕەقی کەسێک، ئاسان نییە .

ئەنیشتاینی بیرمەند لە نامەکەیدا، کە بۆ سیگمۆند فرۆیدی دەروونناسی ناردبوو، کاتێک لێی دەپرسێت (کەی شەڕانگێزی لە ناخی مرۆڤەکاندا، کۆتایی پێدێت)؟ سەیری وەڵامەکەی فرۆید بکە، چەند بە شێنەیی دێتە سەر باسە کرۆکییەکانی تێگەیشتن، لە دەروون و ناخی مرۆڤدا، چەند جوان لێکدانەوە بۆ دۆخی دەروونی مرۆڤەکان دەکات، ئەو باش لەوە گەیشتبوو، ڕمەك ئەنگێزەی جەنگێک بۆ هەردەم لە ناخی مرۆڤەکاندا دەکوڵێت، ئیشقێک هەتاهەتا ململانێ لەگەڵ ئەم دۆخە سایکۆیەی مرۆڤەکان دەکات، بۆ سەرکەوتنی هێزی خێر بەسەر شەڕدا، بۆیە دەڵێت: مرۆڤ لەباری دەروونییەوە لەسەر دوو ڕمەك کاردەکات.

یەکەم: ڕمەکی ئیشق و خۆشەویستی و مەیلکردن بۆ مرۆدۆستی.

دووەم: ڕمەکی شەڕ و وێرانکاری و مەیلی مەرگ دۆستی.

فرۆید ئەم سەنگی مەحەکە دەداتە دەست مرۆڤەکان و دەڵێت: ئەگەر مرۆڤایەتیی بییەوێت دەتوانێت ڕمەکی دووەم ئەزمووندار بکەن و جاریکی دیکە ژیان لەنێو گوڵزاری ئیشق و خۆشەویستی بڕوێننەوە.

# مرۆڤ و مەزرای ئاژەڵانی
## جۆرج ئۆرۆیل

تەمەن بەشی ئەوە ناکات، وەک خۆی، کە هەیە لە ژیان بگەیت، یان لە مرۆڤ بگەیت، مرۆڤ تاوەکوو ڕۆژی تەمەنی ئاوا دەبێت، گەڕی دەیە. ئەوانەی بیردەکەنەوە جیاوازن، لەوانەی بەس دەخۆن و دەخۆنەوە. گەمژەیی وەک ڕووەک وایە، لە ناخی مرۆڤەکان دەڕوێت. هەموو کەسێک نانی تێگەیشتن و ئاگایی خۆی دەخوات. بیرت نەچێت کتێب، فریوت نەدات، لەنێو کتێبدا خەون مەبینە، بە دیار وشەکانی خەیاڵ نەبیت، خەیاڵت بۆ لای پاڵەوانی نێو ڕۆمانەکان نەڕوات.

کاردانەوە بە باوەڕ مەزانە. کەستان دەتوانێت باوەڕتان لە گفتار و ڕەفتارەکانتان جیابکاتەوە؟ ئەوانەی دەیکەن و دەیڵێن باوەڕ نییە، باوەڕ ڕەگی لە ناختانەوە چەقیوە، بێدەنگی و خەیاڵەکانتان باوەڕتانن.

کەی ڕوویداوە، باوەڕ بەیان بکرێت، باوەڕ، پێش ئەوەی قسە بێت هەستە. پێش کردار، دڵنیاییە. ئاخر گەر دڵنیاییت نەبوو، چ

خاوەن باوەڕێکی. خۆ باوەڕ خاوەنداری نییە تاوەکوو بیبەخشییەوە، ئەوانەی لەسەر مینبەر و کتێب و پەرستگەکاندا باوەڕ دەبەخشنەوە، بێ باوەڕی لە ناخی ئێوە دەڕوێنن! پێت وا نەبێت ئەوانەی باوەڕیان کردووەتە بەرگ، ئیدی باوەڕ پۆشن. هەوڵدە ڕووت بە، لە ڕووتیدا جوانتر بێ باوەڕیت دەردەکەوێت، تاوەکوو وەک بێ باوەڕ گیانت ڕۆشنایی دەرنەکات، باوەڕ لە ناختان ناڕوێت، باوەڕ لە دەروونی کەسێک چرۆ دەکات، لە ڕواڵەت ڕووت و لە ناخدا باوەڕ پۆش بێت.

(مەزرای ئاژەڵانی) جۆرج ئۆرۆیلم خوێندەوە، "مێیجەر" لە نامەی ماڵئاواییدا، کە وەک وەسیەتنامەیەک وابوو، شتێک دەورووژێنێت و دەیخاتە دەنگدانەوە.

ئایە (مشک) کە ئاژەڵێکی ماڵی نەکراوە، لەم مەزرایە بمێنێتەوە یان نا؟

(پشیلە) دەنگی هەم بە "بەڵێ"، هەمیش بە "نەخێر" دابوو، بۆ؟

_ئەم ڕۆمانە زۆر شتی تێدایە، بەس تەنیا ئەو شتە سەرنجی منی راکێشا.

دیارە ڕۆمانەکە قسەکردنە لەسەر یەک دونیا، بەس لە دوو کێڵگەی جیاوازدا. دونیای مرۆڤ و ئاژەڵ، ئۆرۆیڵ چییەتی و بوونی مرۆڤ دەخاتە ژێر پرسیارەوە. لە دید و ڕوانگەی دونیای ئاژەڵانەوە، دەیەوێت قسە لە نادادپەروەری و دڵڕەقی مرۆڤەکان بکات. بە ڕاستی ئەمن خۆشیم بەو حیکایەتانە نایەت، بە لای منیشەوە ئەم ئۆرۆیڵە زۆر گەمژە بووە! هیچ شتێکی نوێ ناکات و قسەیەکی نوێی پێ نییە، هەمان قەوانەکانی شیرین و فەرهاد و

ڕۆمیۆ و جۆلیت و خەجێ و سیامەند و لەیل و مەجنونەکان لێدەداتەوە.

بێگومان جیاوازی چینایەتی، کۆتایی نایەت و پێوەندیی بە کەینوونەی مرۆڤەوە هەیە. لەملاوە بۆ گەیاندنی پەیامە سواوەکەی خۆی، دێت کودەتا بەسەر مرۆڤدا دەکات، ئاژەڵ دەهێنێتە جێگەی ئەو! لەوە گەمژەتر هەیە، تێ نەگات کێشەی مرۆڤ نان نییە، بگرە گەیشتنە بە ترۆپکی ئاگایی و لووتکەی خەیاڵ. زۆرکات خۆزگەمان بەو کەسانە نەخواستووە، کە جەستەیەکی ماندوویان هەیە، بەس لەملاوە مێشکێکی ئارامیان هەیە. ئەوانە تێرن، کێشەی برسێتییان نییە، بۆیە ئەوها بێ خەم ڕۆژگاریان تێ دەپەڕێنن. کەواتە ئەوەی بیردەکاتەوە، بەگژ خۆیدا دەچێتەوە و پرسیار و گومان بەرهەم دێنێت، برسیەکانن دەڵێن پیرەکان کۆنەپەرستن و، گەنجەکانیش نوێخوازن، بەڵام ئەم ڕوانگەیە پێچەوانە کەوتەوە. لە زۆر کایەوە، گەنجان ڕابردوو خوازترن، لە پیرەکان. ئەوان دەیانهەوێت بژین و نازانن چۆن بگەن بەو ژیانە. دەرفەتی بیرکردنەوەیان نییە و ناتوانن باشترین شێوەی ژیان بدۆزنەوە، ناچار ڕێگەیەک دەگرنەبەر، کە پێشینان بۆیان کێشاون

گەنجەکان لە دایک و باوکێک هاتوونەتە دونیاوە، بەس منداڵی ئەوان نین. خۆشەویستی و سۆز لەوان وەردەگرن، بەڵام ئەندێشە و خەیاڵەکانیان هی خۆیانن. پیرەکان دەتوانن جەستەی منداڵەکانیان لەنێو واعیزەکانیان زیندانی بکەن، بەس گیانیان لە بەرزایی دەنواڕێت و لە ماڵی سبەی دایە. لەوەدا و هەرگیزاو هەرگیز سەرناکەون، ئێمە وەک خۆتان لێ بکەن، لێ گەڕێن با خۆمان چۆنین با وا دەرکەوین.

گیاندارەکان، ئەوانەی گۆشتخۆرن، کەمتر هاوڕێیەتیی نێچیرەکانیان دەکەن، هەردەم ئارەزوویانە شەکەت بن، بە دوای ڕاوکردنیان، شێرە مێیەکان زۆر کەم چارەی ئەو نێچیرانەیان دەوێت، کە توانی ڕاوکردنیان نییە، ئەمە شکۆ و جوامێرییەکە شێر بۆ خۆی دروستی کردووە، ئەو چێژ لەم تیژڕۆیشتن و ڕاکردنەی دەبینێت، کە بڕیویەتییە ئاسکێک. شێرە نێرەکان، هەر بە سروشت چێژ لە مشەخۆری وەردەگرن، ئەوان پێچەوانەی شێرە مێیەکان چارەی نێچیرەکانیان ناوێت! پشیلەش ئەم خۆ بەکەمزانینەی قبووڵ نییە و دەڵێت: نەخێر با مشک لەم مەزرایە نەمێنێت، چونکە پشیلە باش لە یاسای دارستان و مەزراکە گەیشتووە، کە نابێت کەس کەس بخوات! کاتێکیش دەنگ بە بەڵێ بۆ مانەوەی مشک دەدات، بۆ ئەوەیەتیی هەردەم نێچیرەکەی لە بەرچاوانی بێت.

چاو پێش گەدە نان دەخوات. خوانێکی ڕازاوە بە جۆرەها خواردن و میوە و شیرینییەوە هۆش لەبەین دەبات و چێژ و ئارەزوو دێتە دیدەنی، ئاژەڵیش وەک مرۆڤ پێش گەدەی چاو دەبڕێتە خواردنەکەی. دەزانیت چەند بە بەها دەبوو، بە بۆنی سروشت بژیا باین. ئەمە چ خۆکوشتنێکە، گەدەت بە گۆشتی ئەوی دیکە تێربکەیت. خۆزیا وەک ڕووەک، بە تیشکی خۆر هەناسەمان بدایە. مرۆڤ و ئاژەڵ ژینگەیەکی هاوبەشیان هەیە، ئەوەی جیایان دەکاتەوە، هۆشمەندیی نییە؟، بگرە ڕمەکی ژیان دۆستییانە، نەک ئەقڵ و مەعریفە .

ئەوەی گوتوویەتی ژیری پێوانەی کرۆکی جیاکردنەوەی دونیای ئاژەڵ و مرۆڤەکانە، بەهەڵەداچووە، ڕوانگەی ئاژەڵ بۆ

ژیان، بۆ مانەوەیەتیی لەم جیهانەدا. کەوایە چۆن دەشێت، هەمان ڕووانین دەرهەق بە مرۆڤ بگوترێت. شەڕ، یان ململانێ لە پێناوی مانەوە، بە کوشتنی بەرامبەر تەواو دەبێت. مرۆڤ لەوەتەی بە بوون هاتووە، ئەمەیە کێشەکەی، هەردەم لە نێوان ژیانکردن و ژیاندۆستیدا، سەختییەکی نامرۆڤانەی کردووە. بەردەوام بە لای مەرگدۆستی زیاتر لە ژیاندۆستی شکاوەتەوە. ئارەزوویەکی سەیری هەیە مرۆڤ تێر نابێت، تێر.

مرۆڤ گیری خواردووە، بەدەست ناسینی خۆیەوە! لای من مرۆڤ چەقی هەموو شتێکە، جگە لە مرۆڤ هیچ شتێکی دیکە لەم گەردوونە نییە، کە قسە بۆ مرۆڤ بکات، مرۆڤ تاکە بوونەوەری قسەکەری نێو ژیانە، هیچ هێزێک، لە دەرەوەی مرۆڤ بوونی نییە!

جارێ شتێک لەم گەردوونە نییە پێی بگوترێت، ئەتائیست، (بێباوەڕ)، لە ناخی مرۆڤدا چەندان من هەیە، ئەو منانە، هەردەم لەگەڵ خۆیان و دەوروبەریاندا بەریەک دەکەن.

ئەوەی زۆر بێباوەڕە، هەردەم منێکی باوەڕدار، لە ناخیدا هەیە و بەردەوام ململانێی لەگەڵ دەکات و بانگی دەکات، بۆ سەر خوانی باوەڕ، لە هەست و ناخی باوەڕدارێکیش هەردەم منێکی بێباوەڕ هەیە و پڕی دەکات لە گومان و پرسیار.

قوربانی لە کوێ بەهای خۆی وەردەگرێت، لە شتێک، کە پێوانەکەی لە خۆی زیاتر بێت، سەنگی لە خەملاندنەکەی سەنگینتر بێت. قوربانی بە گیان مەرج نییە، بۆ کەسێک بێت، کە خۆشت بوێت، لە نێوان هاوسەرەکان، ژیانکردن هەیە نەک ژیان، ئەم شێوە ژیانەی نێوان هاوژینەکان، پڕیەتی لە قەرز،

پڕیەتی لە بەخشینەوەی، ئەوەی تۆ بۆ منی دەکەیت. پیاو لە جەنگی خێزاندا، جەنگاوەرێکی دۆڕاوە. ژن لەم ماڵە گیانێکی ماندووی هەیە، گیانی ژن لە ماڵی پیاودا، قوربانییە.

ئەو کاپتنەی کەشتی تایتانیکی لە دەریاوە ئاراستە دەکرد، دوای بەرکەوتنی بە چیا بەفرینەکان و ژێرئاوکەوتنی کەشتییەکەیان، گیانی خۆی کردە قوربانی هەموویان، گوتی: دەبێت بە دیار ڕزگارکردنی گیانی ئەو خەڵکە، لەسەر پێی خۆم بوەستم. بە لای منەوە ئەم جۆرە قوربانیدانە، زۆر جیاوازترە لەوەی، کە تۆ بۆ کەسێک بیدەیت، ئەم قوربانیدانە لە هیچ قوربانیدانێکی دیکە ناچێت. دەبێت لەوە بگەین، بەدەستهێنانی نان شتێکە، دواجار لە فۆڕمدا بۆ هەموومان وەک یەکە، هەرچەندە ئێستە دونیا گۆڕاوە، ئەوانەی لە تێری دەمرن، لەگەڵ ئەوانەی لە برسان گیان لەدەست دەدەن، لە میتۆدی زانستی پزیشکییەوە بەرئەنجامەکەی لە ڕووی گەوهەرەوە وەک یەکن، بۆ نموونە لە ئەمریکادا، خەڵک بە زۆرخۆر ناسراوە، ڕێژەی نەخۆشی دڵ و چەوری، لە چاو وەڵاتانی دیکە، لە سەری سەرەوەیە، لە باشووری ئەفریقاش خەڵک لە برسان دەمرن. بێگومان لە جیهانی نیو لیبراڵ، کە ئێستەکە شوناسێکی بان سیاسیی وەرگرتووە، کە ئابووری پاوانکراوە بۆ دەستەیەکی سیاسی و کۆمپانیا قازانجهێنەرەکانی جیهان، کە ئەو دۆخەی خولْقاندووە، بەیەک چاو سەیری هەردوو دۆخ دەکات، ئەوەی لە برسان دەمرێت یان ئەوەی لە تێربووندا گیان لەدەست دەدات، ئەوەی لای ئەو کۆمپانیا بازرگانە مۆنۆپۆڵە گرینگە، سوود و قازانج و گەشەی سەرمایەکەیانە، لەو بازاڕی ئازادەدا. هەڵبەتە هەردوو هەوڵدان بۆ نانە، کە لە گەوهەردا هیچ چێژێکی ڕاستەقینانەی مرۆڤانەی نییە، بگرە چێژ لە ئازادیدایە، کە بە

گەیشتن بە ئازادیی مرۆڤدۆستانە، کۆی مرۆڤایەتی ڕوانگەی بۆ ژیان دەگۆڕێت، لە مرۆڤێکی ماکدۆناڵدییەوە دەبێت، بە ژیاندۆست.

# گوناه

دەست بردن بۆ گوناه، لای من دەستبردنە بۆ ژینێکی نوێ، بۆ چاوگەیەکی نوێ، بۆ دەربەندێک، کە گوناهی تێدا بڕوێت، گوناه ئەو دەنگەیە، کە لە دوورەوە دێ و نەرم نەرم پەردەی دڵت دەلاوێنێتەوە و تاری دەروونت دەلەرێنێتەوە! یان خۆت ناوە ناوە دەبیتە ئەو بۆنە خۆشەی، کە لە پرێسکەی نەسیمەوە دەپێچڕێ و لەبەر هەناسەت دەکرێتەوە، گوناه بۆن دەردەکات، تامی یاخیبوون دەدات، مرۆڤەکان چێژ لەکردنیان دەبینێت، بۆیە لەگەڵ هەستەکانیان تێکەڵ دەبێت. بێ گوناه هەڵناکات مرۆڤ، ئەم ڕاڕاییەی مرۆڤ درێژ دەبێتەوە، بۆ قووڵایی ناخی، ڕۆژێک دادێت تەمێک تەواوی هەستت پڕدەکات، لەنێو هەناسەی کتێب و ژێر لێوی وشەکاندا، بە شوێن خۆردا دەگەڕێت، لە هەوادا چاوت پەل دەکوتێ بۆ مەلێکی تیژباڵ، بە هەموو توانستێکی هەستەوە خۆت مەڵاس دەدەیت، تاوەکوو چپەیەک، جریوەیەک، کورکەی پێکەنینێک، تەنانەت نووکەی تراجیدیایەک پێت بڵێت، ئەی مرۆڤ، لەنێو گێژاوی ئەو هەموو گوناهەدا تۆ ماویت، تۆ هێشتە هەیت؟ ئەفسوس، ژیان لەنێو ئەم ئاشووبی گوناهەدا، لەم حەسارە بێدەرگە و پەنجەرەیەدا، ئیدی

دڵی ناپشکوێت، نیگای ناڕوانێت، لێوی زەردەی تێنازێت. ئێمە دەستەیەک بووین لە گوناه، کەڵە گورگێک بووین لە تەوبە، مێگەلێک بووین لە قوربانی. ئێمە هەردەم لە بەستێنی دەریایەکی بێ شەپولدا ژیاوین، شەو و ڕۆژگارمان بە لایە لایەی قورینگی دەریایی و حەیرانییەک، پڕ لە حیکایەت، لێوان لێو لە کۆمێدیا، سەرمان خستووەتە سەرسەرینی چارەنووس، ئێستە لە ناچاریدا ڕۆچووین، کەوتووینەتە

باوەشی زەوییەکی خامۆشەوە، لەنێو گیانی بێدەنگیدا لە خاچ دراوین، لە ناچاریدا لە کەناری گوڵێکی بێ ڕەنگ دادەنیشین و چاودەبڕینە چاوی شەپۆلە مردووەکان، کە بێ هەست، بێ ئەوەی ئاوڕێک بدەنەوە، شۆک بووە و بووەتە بەندەیەک بە دیار چارەنووسیی خۆیەوە ژوانی گرتووە. ئەوانەی بە بێدەنگی ڕاهاتوون زمانیان لە شوێنی دیکەوە دەگەڕێت و لە جێگەی دیکە قسە بۆ ژیان دەکەن، کتێب ئەو جێگەیەیە، کە بۆ کەسە بێدەنگەکان بووەتە شوێن، بووەتە جوگرافیایەکی زیندوو، بووەتە دونیایەکی گەورە و فرەوان، لێیەوە مرۆڤە بێدەنگەکان قسە لەگەڵ وشە و زمان و وێنە و ڕووداو و کارەکتەری نێو کتێبەکان دەکەن.

# دڵڕەقی

ئەو ئاوەی بەعسییەکان ڕشتیان ئاوێکی دڵڕەقانە بوو، کوشتنی بەهای مرۆڤی کورد و جوامێری نەتەوەیەک بوو. ئەو ئێمەی فێرە دڵڕەقی کرد، ڕایهێنایین جوانی نەبینین، هەموو شتێک بە ڕەش، بە نەهامەتی ببینین، گیانی کوشتین، خەونەکانمانی گۆڕییەوە بە جەنگ، هۆشی لێساندین و سەرینێکی وشکی پێداین، ئاگاییمانی داشۆری، هەرچی قسەی نێو کتێبان هەبوو، کردی بە بۆمبێک و لەبەردەممان داینا. ئەمە چارەنووسیی نەتەوەکەمە، شوناسی کوردبوونمانە بەدەست نادیارەوە گیرمان خواردووە.

ژیان لەنێو جەنگەکاندا، جەنگی مانەوە لە ژیان، جەنگی داگیرکاری و خۆخۆری مرۆڤەکان. ئێمە لەنێو جەنگدا لە دایک بووین، بۆ جەنگ ژیاین، بۆ جەنگ مردین. فێریانکردین گۆرانی بۆ جەنگ بڵێین، شیعرەکانمان پڕ بێت لە جەنگاوەر، ئەدەب و ڕۆمانەکانمان تنۆک تنۆک گیانی قوربانی لێوە بتکێت. ڕوخسارمان ڕەنگی جەنگی گرتووە، بووین بە دونیایەک لە شەڕ، ڕایانهێنایین شەڕ لەگەڵ هەموو شتێکدا

بکەین، ماڵەکانمان پڕ بکەین لە سروودی بەرگری و وێنەی پاڵەوانەکانی جەنگ، دەروونمانیان پڕکرد، لە وردە جەنگاوەری دۆڕاو، لە وردە مەراقی خۆویست. فێریانکردین هەموو شتێک بۆ شەڕ، شەڕیش لە پێناوی مانەوە، لە شەڕی وەڵاتان، بۆ شەڕی شار و گەڕەک و ماڵەکان، هەرگیز ئەو شەڕی نێوان گەڕەکەکانی شارم بیرناچێتەوە، لەم شەڕەشدا ئێمە قوربانی بووین، ئێمە قوربانی ئەوە بووین، کە شەڕکەر نەبووین، بەشێک نەبووین لەم شەڕەدا، بەڵام سەرم شکاوە، بە بەردی وێڵی هەردوولا، بێ ئەوەی بەشێک بم لە شەڕەکە.

ئێمە لەنێو وەیشوومەی جەنگەکاندا منداڵیمان تێپەڕاند، منداڵی و مێرمنداڵیم بە دونیایەک گرێوە تێ پەڕی، گرێی ئۆدیبی چی، ئەمەی من ئۆدیبیشی تێ پەڕاندبوو، ئەوەی ئۆدیب بەخیلی بوو، شەڕبوو لە پێناو دایکی، ڕقی لە باوکی بوو، کە دایکی لە باوەش دەگرێت و ماچی دەکات و لەگەڵی دەخەوێت، ئێ خۆ (کامۆ)ش بە هەمان دەردگیری خواردبوو، کە دەڵێت: من ئاشقی کەسێکم، کە هەرگیز نایگەمێ، یان نابێت بیگەمێ، ئەوە لەگەڵ دایکییەتی کامۆ ئاشقی دایکی خۆی بوو. بەس گرێی من لەگەڵ خۆم بوو، لە شەڕێکی قووڵی ناخی خۆمدا بووم، جەنگێک تەنیا خۆم تێیدا شەڕکەر بووم، زیندانییەکان خۆم بووم، دیل و کوژراوەکان هەر خۆم بووم، پاڵەوان و پاشاکانیش هەرخۆم بووم. خۆم لە بەردەم گەورەترین جەنگی دەروونی خۆم دەبینییەوە. لە پێناو خۆم شەڕم دەکرد، لە پێناو خۆم زیندانی دەکرام و گیانم دەستپارد، ئەم جەنگەم ناونابوو، (تارماییەکان، بە دوامەوەن) کە کتێبی میری ماکیاڤیلیم خوێندەوە، لەبارەی خۆویستی مرۆڤەوە، بۆ گەیشتن بە

ئامانجەکانی خۆی، باشتر بووم بە جەنگاوەرێکی سەرسەخت لەم جەنگە ناخییەدا. هەر کەسێک لە جەنگی ناخیدا سەرکەوت، هیچ جەنگێکی دیکە نایبەزێنێت.

ژیان وەک یاری شەترەنج وایە، کە تەواو بوو پاشا و وەزیر و فیل و ئەسپ و سەربازەکان دەخرێنە نێو یەک تابووتەوە، لەم یاری و جەنگەدا دەبێت جەنگاوەرێکی باش بیت، بۆ ئەوەی بمێنیتەوە، ئەوانەی بۆ مانەوەی خۆیان ئەوانی دیکە تێک دەشکێنن، بۆ ژیان نەهاتوون، ئەوانە بۆ ئەوە لێرەن، ژیان بڕوخێنن، جوانییەکان بشێوێنن، مانەوە بۆ ژیانە، نەک بۆ ڕووخانی ئەوەی دیکە، لە جەنگدا ژیان نییە، کاولکاری و سڕینەوەی بەرامبەر هەیە، ئەوانەی دەجەنگن وات ێگەیشتوون، ئەو بۆ ژیان دەجەنگێت، ناحاڵی لەوەی، کە بۆ ڕووخانی ئەوی دیکە دەجەنگێت. کەی ژیان لەنێو بڵێسەی ئاگری شەڕدا چرۆ دەکات، ژیان لەنێو باخچەی پڕ لە گوڵ و گوڵزاری ناخی مرۆڤدۆستان گەشە دەکات. ئاخر هوتافی مردن بۆ دوژمنان، مەرگ بۆ بەرامبەر کەی هەوێنی ژیانی تێدایە، کەی ڕۆشنایی ڕۆژێکی نوێی لێوە دەبیندرێت. نامەی ئەو سەربازەی، کە دوای گیان لەدەستدانی لە جەنگ، کە لە گیرفانی دۆزرایەوە بەڕاستی واتاداربوو.

کە نووسیویەتی: ئەوانەی شەڕ دەکەن، کەسیان یەکتر نەناسن. من هیچ کەسێک لەوانەی جەنگیان لەگەڵ دەکەم ناناسم و ئەوان دەکوژم و ئەوانیش من دەکوژن، بەڵام ئەوانەی بە شەڕمان دەهێنن، یەکتر دەناسن و دۆستی یەکترن، قەت یەکتریش ناکوژن! بۆیە ئەگەر کوژرام نەڵێن کەسێکی

جەنگاوەر بووە و خۆزگەی بەشەهیدبوون دەخواست، بەم درۆیە باوەڕ مەکەن، من خۆزگەی ژیان کوشتوومی. مرۆڤ هەردەم بە دوای ئەو شتانەدا دەگەڕێت، کە نییەتی، ئەو شتانە دەبەخشێت کە لێی زیادە، مرۆڤ چۆن گیان دەبەخشێت، کە تەنیا یەک ڕۆحی بۆ ژیان هەیە، ئەو بە دوای ڕۆحدا ناگەڕێت لێیی زیاد نییە، ئەو بە دوای ژیاندا دەگەڕێت، کە لێی زەوتکراوە.

دیستۆفیسکی لە ڕۆمانی ( سووک و ڕسواکان) باش ڕوانگەمان دەگۆڕێت، لە بارەی نان و ئازادی، ژیان و مردن، جەنگ و خۆشبەختی، مرۆڤ و خۆخۆرەکان. کاتێک وێنەی ئەو پیرەمێردە و "ئازۆرکار" کە ناوی سەگەکەیەتیی پیشانمان دەدات بۆ ئەوەیەتیی دەری بخات، کە ژیان چەند لەو سەگە مات و مەلوولە دەچێت بۆ تێربوونی گەدەی گیانی ڕزیوە.

ئەم رونگەیە بۆ نان و ئازادی، بۆ ژیان و تێربوون دەبێت بگۆڕ ٍدرێت، ئەم سەگە دەبێت قسەیەکی نوێ بۆ ژیان بکاتەوە، ئەو بۆ نان ڕەنجی کێشاوە، نەک ئازادی، ئەوانەی دەگەن بە ئازادی نانیان دەست دەکەوێت، بەس مەرج نییە ئەوەی نانی دەست بکەوێت ئازاد بێت.

پێنووس لەنێو سارای پەنجەکانم وەک پیرەمێردێکی خەواڵوو ڕاکشاوە، لاپەڕەی کتێبەکە لەبەردەستم خەریکە باڵدەگرن و لە ئاسمانی چاولێکردنم لە شەقەی باڵ دەدەن و بێ پەروا دەفڕن، فڕین لەنێو دەریای نیگەرانیم و بێسارانی دڵخۆشیمدا، لە نێوان ئاوازی شادی و نەی خەمۆکیدا، وەک مەولانام لێهاتووە، بە نەی نەبێت خامۆش نابێت دڵی من، من ئیرەییەکەم لە کونی بای نەیەوە، هەوایەکم غەریب، غەریب دەڕژێمە باوەشی ژیانەوە،

لەگەڵ نەرمەگیای سەوزەڵانی مەعشووقدا، بەردەبمەوە دیمەنی هەقیقەتەوە. خۆم بیرچووەتەوە، پێنووسەکە دڵداری لەگەڵ هۆشم دەکات، پەڕە ئاواڵا سپییە خەمگینەکەی بەردەمم، باوەشی بۆ وشەکانم کردووەتەوە، دەترسم برژێم، چ پەڕی سپی نێو کتێبان هەیە ڕەش ڕەشی کەم، ترسم لە خۆنووسینەوە هەیە، لە داچۆڕینی یادەوەریم، زۆر دەترسم ئەوەندە داچۆڕێمە نێو یادەوەریم بژێمەوە، من ترسم لە دووبارە زیندووبوونەوەی خۆم هەیە، زۆر لەو دیمەنە دەترسم، کە جارێکی دیکە زیندوو بمەوە.

بە شێوەیەک مەست کەوتووم، وەکوو ئەوەی هیچ کاتێک پێنووسەکەم وشەی لێوە نەڕژابێت، کامەرانی لە ژیان نەخواستبێت، ئەوەندە دڵ مەستم، دڵم وەک ئاو نووساوە بە دەریاوە، دەریا کەی بێ ئاو هەڵدەکات، دڵی من کەی بێ ئەو پێدەکەنێت، کەی لە دووری ئەو چووەتە باوەشی کتێبەوە، پێنوسەکەم لە من زیاتر تۆی خۆش دەوێت. ئەی کتێب وشەکانم ئاشقی تۆن، ئەی پەڕە خەنەییەکانی نێو ژیانم. ئەوەندە بێهۆش چەقیووم، ئەوەندە ڕژاوم وەکوو ئەوەی لە ژیانمدا یەک دێڕم نەنووسیبێت، مەست کەوتووم بەدیار ئاوابوونی خۆمدا.

ئەوەی دەیبینم و دەیخوێنمەوە، زمانێکی نامۆ، نامۆ لە واتا نا، نامۆ لە تێگەیشتن، لە ڕووانین بۆ ئەوانەی ڕوویانداوە، چۆن یاداشتی کردوون، بۆ ئەوانەی ئێستە ڕوودەدەن چۆن دەیانخوێنێتەوە، بۆ ئەوانەی لە ئاییندەدا دێنە ئاراوە، چۆن تێیان دەڕوانێت، سەرسامم بەوەی لە منێک زیاتری دەوێت، گەڕان بە دوای ئەو مێژووە، لە منێک پتری دەوێت، مانەوە لەم ڕۆژگارە

دژوارەدا، لە منێک مەزنتری دەوێت، ڕۆیشتن بە دوای ئەم نەهاتووەدا، لە خۆم غەریبێ، کەی بەو جەستە بێ هێزەمەوە توانی هەڵگرتنی ئەو مێژووە زەبەلاحەم هەیە، بەو دڵە خەمگینەوە شنگی لەئامێزگرتنی ئێستەم هەیە، بەو گیانە شەکەتەمەوە، چۆن ئارەزووی نازپێدانی سبەییم هەیە، لە خۆم بێکەسێ، لە خۆم دەربەدەر و غەریبێ.

# ترس لە ئایندە

کاتێک ترس و دڵەڕاوکێ دەبێت بە بەشێک لە وردەکاری ژیانی هەر گەل و نەتەوەیەک، ئیدی سەقامگیری سیاسی، ئابووری، ئاسایشی کۆمەڵایەتیی لەناو ئەو ژینەگەیەدا هیچ بەهایەکی نامێنێت. زۆرن ئەم هەرێم و وەڵاتانەی ترس و دڵەڕاوکێی سیاسی، ئابووری، سەربازی، بووەتە هۆی داڕمانی کۆمەڵگەکەیان و دواجار بە تەواوی لەناوچوون. بێگومان ترس لای کۆمەڵناس و مرۆناسەکان، بە یەکێک لە پاڵنەرە بەهێزەکانی داڕمانی کەسایەتیی تاک پێناسەکراوە، ناشێت کۆمەڵگەیەک بە بەردەوامی ترس بەرهەم بهێنێت و خەونی گەورەی هەبێت. ئەو جۆرە خەڵکە ترس تۆقاندوونی، بۆیە ئەوەندەی لە بیری تێپەڕاندنی تەنگژە و ڕەوینەوەی ترسەکاندان، هێندە لە خەمی ژیان و ئاییندەدا نین، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ زۆر هۆ، هەندێکیان پێوەندیی بە خودی کۆمەڵگەوە هەیە، کە کۆمەڵگەیەکی بیرنەکەرەوەن، هەوڵ بۆ ئایندە نادەن، هەردەم لەسەر

سەرمایەکانی کولتووری دواکەوتوویان دەژین، هیچ حیسابێک بۆ شارستانیەت، کرانەوە، ژیاریی نوێ ناکەن، خەمی قووڵیان تیکێک نانە، لە پێناو مانەوەدا! پێم وایە ئەو جۆرە لە کۆمەڵگەیە، مەترسییەکی گەورەن، بۆ سەر گەشەی مرۆڤایەتی، نموونەی ئەو کولتوور و ژینگە و وەڵاتانەی، کە ترس و تۆقاندن، توندوتیژی، تیرۆر بەرهەم دەهێنن مەترسییەکەی تەنیا بۆ خودی کۆمەڵگەکەیان نییە، بگرە دواجار دەبنە مایەی سەرئێشە و هەڕەشە بۆ سەر خەڵک و کەسانی دیکە. کۆمەڵگە نەریتییەکان ئەوانەن، کە هەردەم ناکۆک دەکەونەوە، لەگەڵ کۆمەڵگە کراوەکان، ئەو کۆمەڵگەیەی کولتووری زیندوو، ئەقڵی بیرکەرەوە، ژیاندۆستی و پێکەوەژیانیان، بووەتە بەشێک لە ناسنامەی گەل و وەڵاتیان. خۆشگوزەرانی، دڵنیایی و ئاسایشی کۆمەڵایەتیی تێیاندا لە ئاستێکی بەرزدایە. لێرەدا کۆمەڵگەی کوردەواری وەک بەشێک لەو سیستەمگەلە فرەوانەی کولتووری سەرمایەپەرستەکان، زیانی گەورەی بەرکەوتووە، یان ڕاستر بڵێین، بە هۆی گوشار، تۆقاندن، چاندنی ترس لە هەناوی کولتوورییەوە. ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەی ئەو فاکتانە، تەنیا نەبووەتە نەریت، بگرە ڕەنگی داوەتەوە لە پەروەردە، ڕەفتار، جیهانبینی و روانگەمان. روانگەی تاک لە کۆمەڵگەیەکی نەریتی، نیازمەندە بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، مۆراڵی خێڵ، ئاینداری. هەموو ئەمانە لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەستی پێدەکرێت، بەڵام دەتوانین بڵێین جگە لەوانە کۆمەڵگەی کوردی ترس لە ژیان، لە ئایندە کوشتوویەتی، بە لای منەوە ئەمە بۆ ئەو ژینگەیە دەگەڕێتەوە، کە سیاسییەکانمان لە غیابی هەست

نەکردن بە بەرپرسیارەتیی مێژوویی بۆ ئێمەیان بەرهەم هێناوە .

لە دۆخی ئێستەدا دەتوانین بڵێین هاووەڵاتییانی هەرێمی کوردستان بە درێژایی مێژووی سیاسیی خۆی، هەردەم لەبەردەم سەخترین، تەنگژە و وەیشوومەی ترسدا بووە، ترس لە جەنگ و هەژاری، ترس لە شەڕی ناوەخۆ، دەستێوەردان و ناپاکی، گرانی، نائارامی و... هتد

هەڵبەتە باجی گەورە گەورەشمان، لە پێناوی ئەو ترسە داوە و بەردەوام وەک قەڵغان لێرە و لەوێ لە لایەن هەندێک کەس و لایەن خەڵک بە کارهێنراوە، لە دواجاردا بووەتە سووتەمەنی. لە نوێترین ترسی وەبەرهێندراویشدا ترسی داعش، سوپای مالیکی، تەنگژەی دارایی و مووچە و بەنزین و شەڕ و شۆڕی ماڵە خێرلێنەدیوەکەی شاری کەرکووکە. دیارە هەموو ئەو ترسانە، ئامانج و پەیامێک لە پشتیانەوەیە، خەڵکیش لەمەودوا هەقی خۆیەتی گومان و پرسیاری لەسەر وەبەرهێنەران و پاڵەوانانی ئەو هەموو ترسانە هەبێت. بەداخەوە ئێستە هەرێمی کوردستان، بە هۆی ئەو هەموو ڕووداو و پێشهاتانەوە، بووەتە مەملکەتی ترس، هەر ڕۆژە و سیناریۆیەک و هەر ساتە باس و خواسێک دەخرێتە سەر ڕۆمانە تەواو نەبووەکەی. پێم وایە خەڵک بەرگەی ئەو هەموو ترسە ناگرێت، لەگەڵ ئەوەدا بێدەنگ بوونەکەی جێگەی هەڵوەستەلەسەرکردنە! سەیرە دەسەڵاتدار و بەرپرسانی ئەم هەرێمە هێندە لە خەمی بەردەوامی تەنگژەدان، هێندە لە خەمی کۆمەڵگەدا نییە! کەس بیر لە سبەی ناکاتەوە، تێ ناگات خەمە گەورەکەی هاووەڵاتی ژیانە، ئارامییە، بینینیي خەونە بە ئایندە و خۆشگوزەرانی. ئەو لە جیاتی

سووککردنی بارە قورسەکە دەخاتە سەر شانی خەڵک، هەرچەندە گوتراوە هەوێنی شۆڕش و خەباتی هەر نەتەوەیەک، بەندە بە قوربانیدانی خەڵکەکەیەوە. دیارە کەس ناتوانێت بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانی کورد لە هەرێمی کوردستان گومان لە قوربانیدانی خەڵکی بکات، بۆیە پێویست بە منەتکردن و فرۆشتنەوەی خەبات و شۆڕش ناکات بەسەر ئەو خەڵکەوە. پێم وابێت سەردەمی ئەو شۆڕشە کلاسیکییە تەواو بووە و تەمەنێکە بە شێوەیەک لە شێوەکان، لە قۆناخی سەقامگیریداین، بۆیە لەمەودوا خەڵک لە جیاتی ترس ژیان و لە جێگەی سیناریۆکان دڵنیایی دەوێت. بێگومان دوو شت لە هەرێمی کوردستان لەبەردەم مەترسی چارەنووسسازدان، دڵنیایی و ژیان. (دڵنیایی) دیارە مەبەستمان سەقامگیری سیاسی، ئابووری، ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئارامی ناوەخۆیدایە. لەبارەی ( ژیان )ـەوە کۆمەڵگەی کوردستان بێبەشبووە لە زۆر شت، کە دەکرا حکوومەت و دەسەڵات کاری لەوە باشتری بۆ دەستەبەر بکردایە. بێ چارەکردنی ئەو دوو دونیایە، ئیدی هەرێمەکەمان هەردەم لەناو دەریای ترسدا دەمێنێتەوە.

# فەرهاد پیرباڵ
## وەك دیاردە

دوو شت من ڕادەگرێت، فەرهاد، وەک قسە و ڕەفتار. فەرهاد وەک نووسین و کتێب. بۆ هەردوو دۆخ. قسە هەڵدەگرێت. لەبارەی نووسینەوە، دەبێن دانە بە دانەی نووسین و کتێبەکانی بخوێنینەوە. خوێندنەوە ڕاتدێنێت لەسەر ئەوەی ورد بنووسیت، شیکردنەوەکانت، تێبینی و سەرنجەکانت لە جێگەی خۆیدا بێت. لە دونیای نووسین زۆر کەم ڕووی داوە ئەوەی ویستبێتی کەسێک بناسێت، یان بیناسێنیت بە باشی ئەو کەسەی نەخوێندبێتەوە، پرۆسەی نووسین و ئەدەب و مەعریفە جیایە، لەگەڵ کرداره کۆمەڵایەتییەکان، ڕاستە بیرمەندێکی وەک کارڵ مارکس مرۆڤ بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیی پێناسە دەکات، ئەرستۆش پێی وایە مرۆڤ دەرکەوتەیەکی ئاکارییە، بەمەش دەبێتە مرۆڤی جیا، لەوانی دیکە. لای زۆر لە مرۆناسانی دونیای مۆدێرنە، مرۆڤ بە بوونەوەرێکی سیاسی، ئابووری خوێندنەوەی بۆ کراوە. بەمەش تێدەگەین، کە بتەوێت لە کەسێک بگەیت، بە

تایبەت ئەو کەسە دونیای لە دونیای کەسانی دیکە جیابێت، ئەگەر گریمان نووسەر، یان خاوەن کتێب بێت، ئەو کاتە تێگەیشتن لەو، وا ئاسان نابێت. ئەستەمە فەرهاد بخەیتە دۆخێکی واوە، هەموو کەسێک لەو تێ بگات. ئەمە غەدرێکی گەورەیە لە خەڵکی دەکەیت، تێگەیشتن لە فەرهاد بە خوێندنەوەی کتێب و نووسینەکانی دەبێت. ئاخر کەی ڕەوایە بە فەرهاد بڵێیت (شێت) کتێبی (جیاوازی نێوان من و شێت)ـەکەی ئەوت نەخوێندبێتەوە!

لەبارەی وەرگێڕەکانیش، ئەوانەی نووسین و کتێبان وەردەگێڕن سەیرم پێدێت، تۆ یەک کتێب یان یەک وتاری ئەم بیرمەندەت خوێندووەتەوە، دێیت پاچڤەی دەکەیت. ئاخر برا مەعریفەی تۆ بەو، تەنیا مەعریفەیەکی تێکستییە، نەک تێگەیشتن لە هزر و ئەندێشەی ئەو فەیلەسووف و بیرمەندە، بۆیە بە ناوی وەرگێڕانەوە دەبینین غەدرێکی زۆر لەو نووسەرە گەورانەی دونیاکراوە. شێرزاد حەسەن دەڵێت تا بەشێک لە بیربۆچوونی هزرمەندانی دونیام بە زمانی خۆیان نەخوێندەوە لێیان تێنەگەیشتم، لە کاتێکدا بە عارەبی و کوردی زۆرانیانم خوێندبوووە. ئەمە بۆ وەرگێڕان ئەی ئەگەر بتەوێت لە نووسەرەکە بگەیت، دەبێت چەند بە ویژدان بیت لە بڕیاردان لەسەری. ماوەیەک لەناو خوێنەوارانی کورد باوبوو، بە ئارەزووی خۆی ڕاست و چەوتی بەسەر ئەم و ئەودا دەدا، بێ ئەوەی یەک کتێبی ئەوی بەب اشی خوێندبێتەوە؟!!. هاشم ساڵح بە نێزیکترین کەسی بیرمەندی فەرەنسایی، (محەمەد ئارگۆن)، کە بە ڕەگەز عارەبە، هاشم ساڵح بڕوانامەی بکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆراکەشی هەر لەبەردەستی ئەرگۆن تەواوکرد و

خۆشی زمانزانێکی باشی عارەبی و فەرەنسیزانێکی بلیمەتیش بوو، ئینجا بوێری ئەوەی کرد ئارگۆن پاچڤە بکات. محەمەد ئارگۆن بە یەکێک لە لێتۆژ و ڕەخنەگرانی دونیای ئیسلام ئەژمار دەکرێت، زۆر بە وردی خوێندنەوەی بۆ قورئان و کولتوور و مێژووی ئایینداری کردووە. پێویرانی هاشم سالّح بە هزری ئارگۆن لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە باش ناسیویەتی و لێی تێیگەیشتووە. دیارە مەبەستم، ناسینی کەسایەتی و کەسی نییە، بگرە دەمەوێت بڵێم ئەو باش هزری ئارگۆنی وردکردبووەوە. فەرهاد دەبێت هەمووی بخوێندرێتەوە، ڕۆمان، چیرۆک، شیعر، هونەر و گۆرانی و شەتەحاتەکانیشی. ئەگەر وا نەکەیت، ئیدی مافی خۆتە بەو بڵێیت شێت، نەخۆش، سەرخۆش و... هتد، ئەمە تۆی وێنەیەکی جیاواز لە خۆی دەدەیتە فەرهاد، ئەمە تێگەیشتنە بێ مەعریفەکانی تۆیە، تۆی بردووەتە ئاقارێکی دیکە.

سەرنج بدە ڕۆمانی (پیاوێکی شەپقەڕەشی پاڵتۆ ڕەشی پێڵاو شین) جارێ هەر ناونیشانەکەی وەکوو هیچ ناونیشانێک نییە، پاشان بیخوێنەوە، سەرنج بدە زمانەکەی ئەو میتۆلۆجیایەی باسی دەکات، تەنانەت لە شوێن و کات و ناوەکانیش گەمەیەکی زۆر جیاواز دەکات. لە کۆ چیرۆکی (پەتاتەخۆرەکان) فەرهاد ئەو فەرهادە نییە، کە پێشتر خوێندووەتەوە، ئەو گەلەک عەنتیکەتر دەردەکەوێت، ئەو چیرۆکەی کە باس لەو کەسە پەناهەندەیە دەکات، کە مۆزەکەی خواردووە و پەلکەکەی فڕێداوەتە سەر زەوی، لەو چیرۆکەدا فەرهاد، ڕەوشت و سایکۆلۆجیای بنەچەی ڕۆژهەڵاتییەکانی خستووەتە ژێر پرسیارەوە! عەنتیکەیە بێ ئەوەی شانۆنامەی (حەشیشەکێشەکان) یان (نووسەرێکی گێل)ت

نەخوێندبێتەوە، بێت بەرد بگریتە مەعریفەی فەرهاد. (گەنجە کوردە یاخییەکانی سەردەمی ئیتحادی تەرەقی)، کە لێکۆڵینەوەیەکی فەرهادە، لەبارەی ئەو خوێندکارانەی، کە لە سەردەمی هاتنی کەمال ئەتاتورک و دروستبوونی ئیتحادی تەرەقی لە ئەورووپا گەورەترین ئاژاوەی ڕۆشنبیری و مەعریفی و هونەرییان دروستکردووە. ئیدی نازانم باسی چیدی بکەم، (مولازم تەحسین و شتی تریش)، یان (حەوت وێنەی ڕووتی ژنی جەنابی مەزیر) یان باسی (سانتیاگۆ دیکۆمپۆستیلا)، یاخۆ منداڵباز) و ( هوتێل ئەورووپا)تان بۆ بکەم.

# من کوڕی کاغەزم

بۆ ئەوەی ببیندرێم / هەردەم دەنگم دێ / چەند وشەیەک دەخەمە سەر کاخەز و ناوی دەنێم خۆم/ نان/ ئاو/ قرێژ قرێژ /دەنێرمەوە/ وشە بوونمە/ ئیدی بە هەموو شەرمەزارییەکانییەوە/

ئا ئەوەتە لێرەم/ لە نێزیك خۆمێکی دۆڕدۆنگ و ناڕێک/ بە هەر بیانوویەک، کە پێتان خۆشە/ تازە من شتێکی دیکە نیم/ لەوەی کە هەم/ تکایە لە لاپەڕگەیەکی نیشتمان دانیشن /

ڕاهاتووم بێدەنگ نەبم / بیرتان دەخەمەوە / هیچ مەسجێک مەنێرن/ با لەوە زیاتر بای ئازادی هەڵ نەکات /

لەگەڵ هاوڕێ کاخەزییەکانم/ وەک پشیلەیەکی ڕام نەبوو/ / بەرد ناگرینە پیاوەتی کەس/ شووشەی هیچ مەسئولێک ناشکێنێن/

وەک ئەو خوا پێداوانەی کە لە برسێتیدا/ مرۆڤبوونی خۆیان بیردەکەوێتەوە و لە خۆشییان خۆیان پیس دەکەن/ هێڵنجم بە بۆنی گوویان دێتەوە /

لەو هەرێمە تەوالێتییەدا/ نازانم لە کوێ / پێکێک لە

کەرامەت و قاپێک مەزەی جوامێری داوا بکەم/

بۆنی گوو خەوی زڕاندووین/ گەمژە و قەحپەی کردووین/

سەرباری گشت لە خۆبوردوویەک بۆ ژیان/ نان/ ئاو/ کارەبا/ مووچەیەکی سواڵکەرییانە/ خەریکە دەمانهاڕێت/

لە حاڵی حازردا بیرکردنەوە/ لە کەلایەنیٔ و چاوشارگیٔ/ کارێکی گێلانەیە/ تازە چش/

ڕۆشنە لام/ چارەنووسمان/ لە سەگ باشتر نابیٔ/ هەروەها لە مرۆڤی ئەخلاق حیز/

سەرۆک/ چ لەو هەموو ڕسواییە تیٔ دەگات/ ژنەکەم چ لەو شیعرە زەوقسزەم حاڵییە/ من لایک بۆ هەواڵەکانی مەحافیز دەکەم/ شوکر سەرۆکیش دەزانیٔ، کە کریٔ چیم /

ئەو ساتەی ویستم لەبەر بۆنی گۆرەوی نوێژخوێنان بقیژێنم/ بیری هۆشمەندی هەندیٔ لە بەرپرسان/ پڕببۆوە/ داوای تانکەرێک چێژمانکرد/ ئاودەستەکەی بۆ دەرداین/

هیچ دەرفەتێکم نەبوو/ تا بڵێم/ چیت لە دەست دیٔ بیکە/ وەڵات هەستی تیا نەماوە/

ئێیبی بووم بە تێنسوان و لەبارەی زۆر شت/ تەنانەت سەبارەت بە قومیسەرەکان و / هەروەها لەبارەی قسەمکرد/

خەریکە پشوو دەدەم/ بۆنی درۆ کاسی کردووم/ لە مەملەکەتێکداین/ کەس نامانناسێت/ زەمەنی هیچ و پووچی/

تێل دەکات/ من ڕانەهاتووم بێدەنگ بژیم/ من کوڕی کاخەز و سەر بە ئەژدادی وشەم/ ڕانەهاتووم بمرم، من بە ژیان ڕاهاتووم/ بە ئازادی/ بە خۆم/

# لە وشەیەکی فڕێدراو زیاتر نیم، من

کێشەیەکم لەگەڵ خۆمدا هەیە، کە هیچ کاتێک سەرسام نەبوویمە بە خۆم و لە زۆر کاتانیش بە جۆرێک لۆمەی خۆم کردووە، کە بوومەتە جێگەی بەزەیی بەخۆداهاتنەوە. کات هەیە خۆم توڕداوە، شێوەیەک خۆم فەرامۆشکردووە، وەک چۆن کلێنسەکەی گیرفانم فڕێ دەدەم، ئاوها خۆم دەخەمە نێو حاویەوە. کاتێک دەنووسم ڕەخنەی توند لە خۆم دەگرم، بێزم لە وشەکانیشم دەبێتەوە، هێڵنجم بە واتاکانیان دێت، کەر دەبم کە خۆم بەدیار کتێبەوە دەبینم، پێکەنینم بە ئەقڵی خۆم دێت، ئاوڕ لە هیچ وشەیەکم نادەمەوە، من جۆرێک لە شێتی، ببوورن لە هێڕیم تێدایە، ناتوانم خوێنەرەکانم بلاوێنمەوە، ڕانەهاتووم تەواویان کەم، لەوەشدا ئەنانیم و پێش خۆێنەرەکانم دەگەم بە ئۆرگازم. نووسین لای من پرۆسەیەکی تەواو نەکراوە، بووەتە هۆیەک کە منیش دواجار شتێکی تەواو نەکراو بم. لە مندا پارچەیەکی زۆر هەیە، کە فریای کۆکردنەوەیان ناکەوم. بەڕاستی نووسین پەرتتری کردووم. جاری وا هەیە هێندە لە خۆم رادەمێنم، ئیدی جگە لە گەمژەیەک هیچی دیکە لە خۆمدا نابینم. هیچ تەواو نیم، هەر پارچەیەکم لە جیهانێکە. زمان

لەتیکردووم، دابەشیکردووم بەسەر هەزاران خۆمدا، چەندی دەکەم ناتوانم کۆیان بکەمەوە، من پەرتبوونێکم بە ئاسانی کۆناکرێمەوە. زۆر جار لە ڕۆحی قەقنەسێک خۆم دەبینمەوە، لە بۆنی شلێرێک، یان وەک کوڵەفڕێک هێندە بێ بەختم، هێلکەکانم لە ناوەڕاستی ژیان دەتروکێنم و هیچ وەرزێک فریام ناکەوێت. جاری واش هەیە، لە نێزیك دوو وشەدا خەیاڵی سێکس دەبماتەوە، تەواو دەبم. من گرێیەکی سەیرم لەگەڵ تەواو بووندا هەیە، هەرکاتێک تەوابووم واز دەهێنم، نووسین لای من جۆرێکە لە سێکس، زوو تەواوم دەکات. ئاخر بۆیە لە کتێبدا ناتوانم تا سەر هاوڕێیەتی خۆم بکەم، من زۆر لە تەواوبوون دەترسم، کێشەی منیش لەگەڵ دەقدا لە دۆخی غەریزییەکەی دایە، کاتێک دەڵێم لە نووسین دەترسم، چونکە من لە تەواوبوون دەترسم، من زۆر زوو لە شت بێزار دەبم و کە لێرە ناوم ناوە تەواو بوون، ئاخر چ لەوە ناخۆشتر هەیە دە ساڵ لەگەڵ ڕۆمانێکدا بژیت، من توانای ئەو هەموو مانەوەیەم نییە لەناو دەقدا، تێکست لای من کاری بیناسازی و نەخش و نیگار نییە تا بە دیار سکێچی ژوانگرم، نووسین گەیشتنە بە ئۆرگازم، نەک دڵداریکردن لەگەڵ کەرەستەکاندا. وەک کافکام لێهاتووە کە دەڵێت:

من جۆرێکی تر دەنووسم، لەوەی قسە دەکەم.

من جۆرێکی تر قسە دەکەم، لەوەی بیردەکەمەوە.

من جۆرێکی تر بیردەکەمەوە، لەوەی کە پێویستە بیربکەمەوە. ئەوها بەردەوام دەبێ تا قووڵترین تاریکی'....

ناتوانم تا سەر لەگەڵ خۆمدا بەردەوام بم، هەمیشە شەڕم

بووە لەگەڵ دونیای خۆمدا، لە زۆر جێگەدا خۆم جێ دەهێڵم، من ئەو شتەم کە بیرم دەکەوێتەوە، زۆر جار دەکەومە بیری خۆم و خۆم بیردەکەوێتەوە، هەندێ کاتێش لەناو خۆمدا وێڵێکم. بە ڕاستی من هاوڕێکی باشی خۆم نیم، ناتوانم تا سەر لەگەڵ خۆمدا ڕێ بکەم، ئاڵۆزییەک هەست پێ دەکەم، کە لە زۆر کاتان نیگەران دەبم پێی، ئاخر من بە کەڵکی چی نووسین دێم، تا پێم وا بێت نووسەرم.

'قسەیەکی کافکایە، باهۆز مستەفا لە ئەڵمانییەوە کردوویەتی بە کوردی.

# پارادیسۆ

هەر یەکێک لە ئێمە لە منداڵیدا، دونیایەک خەون و خەیاڵی هەبووە، بەڵام زۆر بە کەمی ڕێککەوتووە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانج و خەون و خەیاڵەکانمان هەنگاوی جددیمان نابێت. هەردەم چاوەڕوانی قەدەرێک، یان ڕووداوێکمان کردووە، ئەو هەلەمان بۆ برەخسێنێت. قسەیەکی دیار هەیە دەڵێت: مرۆڤەکان، خۆیان قەدەری خۆیان دیاری دەکەن، یان دەگوترێت: لە کۆتاییدا مرۆڤ، نانی ئەقڵی خۆی دەخوات. چەند لە ژیان و خەون و خەیاڵەکانی تێ دەگات، بەو شێوەیەش دونیای ڕۆژانەی خۆی، ڕێک دەخات .

مرۆڤ بوونەوەرێکی بیرکرەوەیە، بیر دەکاتەوە بۆ ئەوەی ئەوەی دەیخوازێت بەدەستی بهێنێت. زۆرن ئەوانەی نەگەیشتوون بەو شتەی کە خوازیاری ئەوە بوون پێی بگەن، بەس کەم ڕێککەوتووە ئەو مرۆڤە بەدیار خۆی دابنیشێت و لە خۆی بپرسێت بۆ ئاوهام؟ بۆ چی نەگەیشتووم بەوەی کە خۆم دەمەوێت؟! یان بۆچی خەونی منداڵیی و گەنجێتیم بەو ئاسانییە لە دەستداوە!. بەشی زۆری ئێمە ئەمە دەبەستێتەوە بە چارەنووس، لە کاتێکدا هەموو مرۆڤێک دەتوانێت چارەنووسی خۆی

بگۆڕێت، بەو جۆرەی کە دەیەوێت. ئەو وەرزشوانەی کە ڕۆژانە ڕاهێنان دەکات، بۆ نموونە وەرزشوانێکی مشتەکۆڵە هەزار بۆکس لە ئامێرەکە دەدات، بۆ ئەویەتیی یەک بۆکس لەناو حەلەبە لە یاریزانەکەی بەرانبەری بدات و بیکەوێنێت. هەموومان بۆ ئەو بۆکسە لەناو ژیانین، بۆ ئەو زەربەیە دەجەنگین، تا چارەنووسمان بگۆڕێت و دێوزمەکەی بەرانبەرمان بکەوێنین. بێگومان ئەمەیە وا دەکات، ڕووداوە گەورەکە لە ژیانتدا ڕووبدات.

لە فیلمی (پارادیسۆ) مرۆڤ زۆر باش لەو گۆڕینەی چارەنووسە تێ دەگات، بەڵام دەبێت خۆی ئەو گۆڕانەی بوێت، ئامادەبێت هەنگاوی جددی و بوێرانەی بۆ بهاوێژێت. ئەوانەی بێ ئەوەی ئاوڕ بدەنەوە دواجار هەنگاویان نا، کاری نایابیان ئەنجامداوە. هەڵبەت بە هۆیەوە گۆڕانی گەوهەری لە ژیانیاندا هاتووەتە ئاراوە، کاتێک پێت دەڵێن بڕۆ ئاوڕ مەدەرەوە، ئیدی بڕۆ و بیر لە هیچێک لەو شتانە مەکەرەوە، کە جێیان دەهێڵیت، پێت دەڵێن بیر لە کەس، لە نیشتمان، لە خێزان لە هیچ مەکەرەوە و بڕۆ، ئەمە ئەو گۆڕانەیە، کە لە کۆتاییدا دەستکاری چارەنووست دەکات و دەتکات بە خۆت، دەتکاتەوە بەوەی کە خەونت پێوە دەبینی، خەیاڵی منداڵی و ئاواتی گەنجێتیت بووە. بڕۆ چیتر بە دیار ساتە خەماویی و خەمگینییەکانت دامەنیشە، چارەنووست مەبەستەوە بەوەی، کە لەبەردەستدایە، ئەوانە هی تۆ نیین، ئەو شتەی کە هی تۆیە ئەوەیە، کە ئیشقت بۆی هەیە، بێ پسانەوە بۆی هەوڵ دەدەیت و تا گەیشتنیان دەستبەرداریان نابیت.

# ئەو شتانەی دەمگریێنن!

زۆر شت هۆی گریانمن، کاتێک دەبینم لەنێو تابلۆیەکدا ڕەنگێک، لە دووری ڕەنگەکانی دیکەدا سەیری دوا دڵۆپی سەر فڵچەی نیگارکێشەکە دەکات، بەڕاستی ئەو دیمەنە زۆر ئازارم دەدات. هەر کاتێک ببینم گۆرانیبێژێک لە دامێنی قوڕگیدا نووزەیەک دەکات، وەک ئەوەی پێم بڵێت غەریب بۆ گوێ ناگریت، نابینیت چۆن هەناسە بۆ ژیان دەدەم. بە جددی زۆر بێتاقەت دەبم، کە سەیر دەکەم چۆلەکەیەک بۆ خاتری بێچوەکانی، شەو لەسەر دار تێلێک دەکاتەوە و بەدەم باڵەفڕکەی فڕینیانەوە پێشک دەگرێت. لەو کاتەدا گریانم بۆ دایکم دێت، دەبێت سۆزی دایک چ مەزنایەتییەک بێت و ئێمەی چۆن لەسەر قاچ وەستاندووە. زۆر زۆر دەگریم، کە دەبینم لەنێو شاکارەکانی چێخۆف مرۆڤ دەهاڕدرێت، زۆر گرینۆکم زۆر، بە هەر شتێک کە تۆزێک ڕام چڵەکێنێت دەگریم. ئەو ڕۆژەی فیلمی "هۆبیت"ـەکانم بینی جۆرێک سەرسام بووم، ئیدی دەستم کرد بە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە و بەدیار دیمەنی هۆبیتەکان، کە چۆن لە نێو ئەو ئەشکەوتە پڕ لە ژیانەدا ڕۆژگار

تێ دەپەڕێنن، تەواوێك گریام. ئێستەش بۆ ئەو مامەم دەگریم، کە لە غەریبیدا گیانی سپارد، بە زۆر شتی جوانی سەردەمی منداڵی ئاشنای کردم، ئەو بۆ یەکەمین جار بردمی بۆ سینەما. بۆ یەکەمین کتێب کە کڕیم زۆر دەگریم، چونکە تووشی ناهامەتی بیرکردنەوەی کردم. یەکەم ئیشق دەمتاسێنێ، ئێستەش لە ئازارەکانی دەربازم نەبووە. ئەو ڕۆژەی دایکم پێڵاوێکی لاستیکی بۆ کڕیم، دڵخۆش بووم زۆر، بۆ بەیانی دام بە مشتێک حەلوا، ئێوارەکەی زۆر گریام، نەمزانی لە خۆشی حەلواکە بوو، یان لەدەستدانی پێڵاوەکەم. گریان هەردەم دەگەڵمدایە، زۆر جاران لە منداڵەکانمی دەشێرمەوە، بە دزییەوە دەگریم. بیستوومە دەڵێن منداڵ بە گریانی باوکی زۆر تێک دەچێت، من دوو جاران باوکم بینیوە بگرێت، دایکم ئەو کاتانە دەگریا، کە توانی پێکەنینی نەبوایە. شەوێک زۆر زۆر گریام، لە مەملەکەتێکی دوور دوور بووم، ئەو شەوە هێندە مەست بووم، بانگی هاوڕێکەم کرد کە "یوری گاگارین" چاوەڕێتە و دەبێت بەیەکەوە بفڕن بۆ ئاسمان، ئاخر من ئەو شەوە چەند جارێک فڕی بووم، هەرچی خەم و خەفەتی دەروونم هەبوو بەو هاوڕێیەم هەڵ ڕشت، فرمێسکەکانم دەبینیی دڵۆپ دڵۆپ وەک باران دەکەوتنە سەر زەوی، بەیانی لەسەر لق و پۆپی دارەکان لە شێوەی خوناو زەردەخەنەیان بۆم دەکرد .

زۆر گریام زۆر، ئاخر چۆن نەگریم، هیچ شتێک ما بۆ پێکەنین، بۆ یاری بۆ خۆشی، تا منیش نەگریم. کوا ئەو هەموو یادەوەرییەی منداڵان، کاتێک گەورە دەبێت لە دوای خۆیدا جێیی نەهێڵێت، من ئێستەیش بەو یادەوەرییانەوە دەژیم. ئەو گۆرانییەی، کە دەڵێت: منداڵیم دەنەوە، خۆ من بە ئامانەت لای

گەورەکان جێم هێشتبوو، بۆ ونتان کرد. چۆن لە پڕمەی گریان نەدەم ، کە گوێ لە سێوە دەگرم "ئەوەل سەحەرم" بۆ دەڵێت. چۆن ڕانەچڵەکێم، کە لە نێزیك هەر خانوویەکی قوڕدا گۆمێک لە خوێن و مێژوویەک لە تراژجیدیا ببینم، چۆن نەقیژێنم.

هەموو شتێک دەمگرێنێت، تەنانەت کتێبەکانیشم.

# ئاوێنە و شار

سوكرات دەڵێت: قسە بكە بۆ ئەوەی بتبینم. ئەو فۆڕمە لە وجود، لای بیرمەندێكی وەك دیكارت بە جۆرێكی دیكە واتا وەردەگرێت و دەڵێت: بیردەكەمەوە، كەواتە هەم، بەڵام لە ئاوێنە مەزنەكەدا، ئەو تێزە تێك دەشكێ و مرۆڤ دەبێتەوە بە ماتریالێكی بێگیان لەناو مەنزومەی شاردا. چیتر بوونی مرۆڤ وابەستەی بیركردنەوەیەكی ئۆرگانی نابێت، بگرە بوون لە بەردەم ئاوێنەی شاردا چییەتیی وردوخاش دەبێت و وەك كەرەستەیەكی بێگیان لە هەوڵی خۆ نمایشكردندایە، تاوەكوو لە ئەوی دیكە بچێت.

شار بە واتا فەلسەفییەكەی دەركەوتنە لە دۆخی زماندا، جۆرێكە لە گوتار و شكاندنی بێدەنگی. بۆ ئەوەی لە شاردا ببیندرێیت، پێویستە دەنگ هەڵبڕیت و قسە بكەیت. ژاوە ژاو و دەنگە دەنگ، ئەو كەرەستانەن، كە شار لە هەناوی خۆیدا بەرهەمی هێناون. بۆ ئەوەی وەك شارنشین دەربكەویت، دەبێت نمایشكارێكی باش بیت. شار جگە لە ماكیاجكردنی ئەندێشە و ئارەزووەكان، شتێكی دیكەشمان بۆ زیاد دەكات، ئەمیش بەستنەوەی چارەنووسمانە بە یەك دونیابینی، بە یەك وێنەی

داتاشراو. شار وێنەیەکی گەورەیە، هەموومان لەناویدا ڕەسمێک دەبینین، ڕامان دەهێنێت وەک ئەو دەربکەوین، لە ئاوێنە مەزنەکەی شاردا مرۆڤ لە هەوڵی خۆکۆپیکردندایە، پەرۆشی دووبارەکردنەوەی ڕەسمی نێو ئاوێنەکەیە، خەریکی گواستنەوەی ڕەنگی ئەو تایپەیە، کە شار لەناو ئاوێنە زەبەلاحەکەدا خولْقاندوویەتی. شار دەمانکاتەوە بە یەک بچم، بەیەک فەیز، دۆخی مرۆڤەکان لە بێدەنگییەوە دەگوازێتەوە ناو دەنگە دەنگ. شار دۆخێکی درۆینە و چاولێکەری دروست دەکات، خولْقاندنی مۆدێلە لە هۆشمەندیی تاکدا، برەودانە بە ژینگەیەک تاوەکوو هەردەم هەوڵ بۆ ئەوە بدەیت، لەوی دیکە بچیت. بۆ ئەوەی وەک شاری دەربکەویت، دەبێت هەر شتێک لە وێنەی ناو ئاوێنەکە نەچێت لە ناخی خۆتدا بیکوژیت، شار بونیادێکی درۆزنانەی هەیە، مرۆڤ فریو دەدات. گەر بتەوێت پەراوێز نەبیت، دەبێت لە شێوەی ئەوی دیکە دەرکەویت. گرینگ نییە روخساری خۆت چۆنە، لە شاردا گرینگ ئەویە شار تۆ چۆن دەبینێت، چۆن سەیری تۆ دەکات، ڕەسمی تۆی چۆن کێشاوە. ئەوە شارە وێنەی تۆ دەکێشێت، خواستی ئەو چۆنە، بەو فۆڕمە دەردەکەویت. لە ئاوێنە گەورەکەی شاردا، هەموو شتێک قوربانییە، قوربانی بۆ یەک ئامانج. بۆ تەنیا وێنەیەک، کە ئەو چۆن تۆ دەبینێت، ئەو چۆن شێوەی تۆ دەنەخشێنێت، هەر بەو شێوەیە دەمێنیتەوە. لەبەردەم ئاوێنەی شاردا مرۆڤەکان وێنە ڕاستەقینەکەیان دەسووتێنن، هەموو شتێکی خۆیان دەسڕنەوە، تاوەکوو لە وێنە درۆینەکەی ناو ئاوێنە مەزنەکەی شار بچن.

# خوێندنەوەی بازنەیی

لە سەرەتای نەوەدەکان و بە تەواوی، ساڵانی ١٩٩٣- ٩٤- ٩٥ گرووپێک بووین لە هەولێر جیا لە نەوەی پێش خۆمان، کارمان لە دونیای خوێندنەوە دەکرد. بێ ئەوەی جیاوازی بکەین، لە نێوان فڵانە نووسەر و فڵانە کتێبدا، کە ئێستە بە ناوی جیا جیا، گرووپی کتێب خوێندنەوەی برادەرچییەتی و شارچییەتی و نووسەرچییەتی و ناوچییەتی پەیدابووە و بە حیساب خوێندنەوە بۆ کتێب دەکەن، لە کاتێکدا ئەو جۆرە بازنانە دەبوا زۆر لەوەی ئێمە کراوەتر و مەحکەمتربونایە، چونکە دونیایەک کتێب و نووسەریان لەبەر دەستە. سەردەمی ئێمە سەرباری کەمی سەرچاوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە خەریکی کتێب خوێندنەوە و دەردەشەی کتێب و خۆڕۆشنبیرکردن بووین. سوودێکی زۆری ڕۆشنبیریمان لێبینی، هەر کتێبێک کە دەردەچوو یەکێک لە ئێمە دەیخوێندەوە و دەبوا کورتەیەک لەسەر کتێبەکەش قسە بکات، بەو جۆرە هەفتانە هەریەکەمان کتێبێکمان شرۆڤە دەکرد و

ئامادەبووانیش گفتوگۆیان لەبارەیەوە دەکرد. خۆتان دەزانن کتێبی چاپی خۆمان زۆر کەم بوو، بۆیە زۆرترین کتێبی بەردەستمان، ئەو پەڕتووکانە بوون، کە کرابوونە عارەبی، یان بە عارەبی نووسرابوون. ئەدەبی ڕووسیایی و ئەمریکایی لاتین و هەندێک لە ڕۆمان و نووسراوە ئینگلیزی و فەرەنساییەکانمان بە شرە عارەبییەکەی خۆمان شەن و کەو دەکرد، ئەو کات مارکیز - کافکا - ڤیکتۆر هۆگۆ - هەمنگوای - جۆرج ئۆریل- سارتەر و کامۆ و فۆکۆ و چەندان بیرمەند و نووسەرمان لەو ڕێگەیەوە ناسی. لەناو عارەبان و فارسیشدا ئاشنابووین بە محەمەد عابد ئەلجابریی، محەمەد شەحرور، ئەدۆنیس، نەسر حامد ئەبو زەید، نەجیب مەحفوز، نازک ئەلمەلائیکە، بەدر شاکر ئەلسەیاب، عەبدلوەهاب ئەلبەیاتی، فازڵ ئەلعەزاوی، غادە ئەلسەممان، عەبدولسەبور شاهین، سادق جەلال ئەلعەزم، محەمەد ئاراگۆن، یوسف زێدان، سوهراپی سەپهەری، سادقی هیدایت، ئەحمەدی شاملۆ، فەروغ و چەندان کتێب و ناوی دیکە. ئەو بازنە ڕۆشنبیرییەی هەولێر پێکهاتبوو، لە بەشێک لەو قەڵەمانەی، کە ئێستە ناوێکن و شتی باش دەنووسن، هەندێکیش وەک خوێنەری جددی هەر ماون.

# دادگەییکردنی نووسەر

هەردەم خوێنەری جددی کۆمەکی نووسەرانی کردووە، تاوەکوو باش بنووسێت، یارمەتی داوە باشتر بیربکاتەوە و بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدات، بێ خوێنەریش دواجار نووسەری تووشی وەهم کردووە، کاتێک دەخوێندرێیەوە بە منیشەوە، ئینجا تێدەگەیت چ گاڵتەجاڕییەکت خولقاندووە، چ بەڵایەکت بەسەر ئەدەب و هزر و کتێبدا هێناو.

هەرچەند باوەڕم بە ئەدەبی باش و خراپ نییە، ئەدەب هەر ئەدەبە، بەڵام دەبێت نووسەر سڵ لە خوێنەر بکاتەوە و خوێنەریش تارمایی بێت بە دوای نووسەردا.

لە ڕۆلان بارتەوە تێدەگەین، کە مراندنی نووسەر و ئیشکردن لەناو تێکستدا، بە تایبەت لە کتێبی (ڕەخنە و ڕاستی، چێژی دەق و پلەی سفری نووسین)ـەکەی زۆر بە وردی لەسەر چەمکی مردنی نووسەر وەستاوە. ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت، کە کەسێتی نووسەر فەرامۆش کرێت. ئاخر خودی نووسەریش، ژینگە و ناسنامە و ناو و سیفاتەکانی خۆی لە خۆیدا، بەشێکن لە دونیای

دەق، بەر لەناو هێنانی دەق، سەرەتا ناوی نووسەرەکەی دەهێنین. کەوایە ناو بەشێکە لەو پاکێجەی، کە نووسەر بەرهەمی هێناوە، ئاسان نییە مراندنی نووسەر لەوها دۆخێکدا. تێڕوانین لە دونیای کتێب و نووسینیش ئاسان نییە، تاوەکوو لەو گێڕانەوە مێژووییە نەگەیت، کە چۆن لای بیرمەندان تێگەیشتن بۆ دەق بەرهەم هاتووە، یان شێوەی وەرگرتووە .

بیرتان نەچێت، نیچە دێت فۆڕمی خوێندنەوە ئەدەبییەکەی سوکرات تێک دەشکێنێت، چیتر وای نابینێت، کە دەق سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەبێت، تێکست لای نیچە دەبێت بە گوتار. لای فیورباخ دەبیتەوە ئیماژەدان و لای دانتی واتا وەردەگرێت، لای هیگڵ فۆڕمێکی کۆمەڵایەتیی پێدەدرێت، لای ڤان کوخ دەبێتە ڕەنگ، لای باختین لەناو زماندا ڕەنگ دەداتەوە، لای هاپەرماس دەق دەبێتەوە بە کارەکتەرێک لەنێو کولتوور و دیالێکتدا خۆی نمایش دەکاتەوە، لای فۆکۆش زمان دەبێتەوە بە بەشێک لە جەستەی دەسەڵات.

کێ نووسەر دادگەیی دەکات، خوێنەرانێک، دیارە مەبەستم خوێنەری کوردە، کە تاوەکوو ئەم ساتەش دڵداری لەگەڵ کتێب و نووسەر دەکات و بووەتە خەلیفە و مورید، یان لێتۆژ و ڕەخنەگرانێک کە جددییەکانیان بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن!

# کۆمەڵگەی کراوە و داخراو

لە سەتەی نۆزدە، چەمکی کۆمەڵگەی کراوە و داخراو، وەک بابەتێکی هزری و فەلسەفی لەنێو بیرمەندانی ڕۆژئاوایی سەری هەڵدا، پێشەنگانی ئەم تێزانە گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی، کە دوو جۆر سیستەم هەیە، یان دوو جۆر کولتوور و نەریت لەنێو کۆمەڵگەکاندا هەیە، (کراوە و داخراو). ناوەرۆکی ئەم تێگەیشتنەشیان هاوکات بوو لەگەڵ دەنگە دەنگی نێوان پیاوانی کڵێسا و ڕۆشنفیکران، نیچەی فەیلەسووف بە هەژێنەری ئەم دۆخە ئەژماردەکرێت، پایە فەلسەفییەکانی ئەو بووبووە وێستگەیەک بۆ جیاکردنەوەی جیاوازییەکان، نیچە، بەردەوام پێداگریی لەسەر کەینونەی مێژوو دەکرد، پێی وایە هیچ شتێک بەها وەرناگرێت، تاوەکوو نەچێتە دۆخی نامێژووییەوە، بەمە نیچە دەیەوێت قسە لەسەر ڕووداوەکان بکات، لای ئەو ئەوەی مێژوو لەنێو ڕووداودا بەدەستی دەهێنێت ئەزموون نییە، بگرە کۆی دۆخە پێشمەرجەکانە، کە دۆزی ڕووداوکە دەیان خوڵقێنێت

نەک مێژوو. ئەقڵمەندانی وەک هیگڵ و هایدگەر، تەنانەت مارکسیش، دانسقەکەیدا (سەرمایە)، قسە لەبارەی گیرفان دەکات، وەک جیاوازی چینایەتی، کە ئەو ئەمە بە بکوژی مرۆڤایەتی ناوزەدی دەکات.

کۆی ئەم بیرمەندانە تێزەکانیان بە دەوری ئەو دوو چەمکە دەخولانەوە. پێچەوانەی ئەم ڕوانینە بۆ کۆمەڵگە لە سەتەی بیست و بیست و یەک بیرمەندە فەرەنسایی و ئەمریکاییەکان بوون، کە زاراوەیەکی دیکەیان وەک چەمک هێنا ناو سیستەمی هزری ڕۆژئاوایی، لەگەڵ خۆی دونیایەک ئاریشەی مەعریفی و فەلسەفی بە دوای خۆیدا هێنا. ئەمەش زاراوەی یان باشتر بڵێین تێزی (کۆمەڵگەی کۆنترۆڵکراو) بوو. ئەم چەمکەش پێوەندیی بە گەشەی ئابووری وەڵاتان و سیستەمی بانک و بازاڕی ئازاد و تەکنۆلۆجیاوە هەیە، جیهانگەرایی و شاڵاوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرامبەر تاک و گەلاندا، ڕوانگەی زۆر لە بیرمەندانی گۆڕی، کە ئەوەی ئێستە دەگوزەرێت پێی دەگوترێت کومەڵگەی کۆنترۆڵکراو. فۆکۆ وەک بیرمەندێکی فەرەنسایی ئەم وابەستەییەی تاک بە کایەکانی دەوڵەت، دەبەستێتەوە بە کۆی دەسەڵاتەکان، ئەو پێی وایە چییەتیی دەسەڵات، خودی دەسەڵات نییە وەک کارەکتەر، بگرە فاکتە دیسپلینکراوەکان هۆکاری ئەم دۆخەن، کە وردە دەسەڵات لەنێو هەناوی جومگەکانی دەوڵەت دروست دەکات، دوجار خۆی لەنێو کۆمەڵگە وێنادەکاتەوە. لای فۆکۆ سەتەی نۆزدە بەرهەمهێنی کۆمەڵگە دیسپلینەکانە، بەڵام هەمان کۆمەڵگە لە سەتەی بیست دەگەنە ئەوپەڕی لووتکەی خۆیان، کە بە ئۆرگالیزەکردنی تاکە لەنێو سیستەم و هەناوی دەسەڵاتدا، پاشان

لەنێو گەوهەری سیاسەت، بەتایبەت لە فەزای گشتیدا دەردەکەون. نابێت ڕۆمانی دادگەی کافکا لەبەرچاونەگرین بۆ دەرخستنی ئەو دوو دونیایە، کۆمەڵگەی کراوە و داخراو، کە کافکا لەم ڕۆمانەیدا سەوداکاریی لەگەڵ دوو جۆر فۆڕم لە گوتار دەکات، لەنێو کۆمەڵگەدا، ئەو یاسا بە جەدەلی نێوان ئەم دوو دونیایە دەزانێت لە کاتێکدا تەنیا یاسا بەس نییە، بۆ دەربازکردنی مرۆڤایەتی لەم سیستەمە کۆنترۆڵکراوەدا. هەردەم بیرمەندە تازەکانی ڕۆژئاوا، نموونەی گرێبەست و قەرز و تبسی کار و سیستەمی بانکەکانیان وەک هۆکارێك بۆ کۆنتۆڵکردنی تاک پێناسەکردووە، ئەوان بەردەوام ترسی خۆیان لەم ڕەفتاری سیستەمی ئابووری دونیای ڕۆژئاوایی، کە دابەش بووە بەسەر پارتە لیبراڵ و سۆشیال دیموکرات و چەپ و مەسیحییەکان، نەشاردووەتەوە، ئەمانە تاکیان وەک کەرەستەیەکی پیشەسازی و بەرهەمهێن وێناکردووە، ئەوەندە پێداگری لەسەر کار کار کار دەکەن، وەک سۆسیۆلۆجیاناسەکان ئاماژەی پێ دەدەن مرۆڤ لەم جیهانە بە کۆنترۆڵکراوەدا هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ برغووی ئۆتۆمبیلەکەیدا! ئەم ڕوانینە بۆ تاک، بۆ کۆمەڵگە بۆ مرۆڤ ویست دەکوژێت، مەبەستم ویستی وجودە وەک مرۆڤ.

# لە ئیسلامی قورئانەوە
# بۆ ئیسلامی فەرموودە

جۆرج تەرابیشی، **١٩٣٩-٢٠١٦** بە یەکێک لە لێکۆڵەر و ڕووناکبیرە جددییەکانی دونیای هزر و فەلسەفە دادەندرێت، لە جیهانی عارەبان و ئیسلامدا. زۆر کتێب و وتاری هەیە لەسەر تێگەیشتن لە فەلسەفە و هزری هاوچەرخ، جگە لەوەش توانیوویەتی ورد قسە لە بونیادی ئەقڵی عارەبان و ئیسلامدا بکات. ئیشکردنی تەرابیشی ئیشکردنێکی بەراوردکاری و ڕەخنەییانە بووە، بە حوکمی ئەوەی عارەبییەکی باشی زانیوە و ماستەرەکەشی هەر لەسەر زمانی عارەبی بووە، جگە لەوەش بە ئینگلیزی و فەرەنساییش قسەی کردووە. تەرابیشی لە کتێبی ئەقڵی سەربەخۆ لە ئیسلامدا، دێت ئاماژە بە ئەقڵی بیرکەرە و بیرنەکەراوە دەکات، لەوێشەوە گوتووێژێکی فەلسەفییانە، لەسەر دۆخی ئەقڵگەرایی دەکات، لەگەڵ ژینگەی فارابی و ئیبن ڕوشد

و پێشەنگی ئیعتیزالییەکان. ئەو ویستوویەتی شتێک لەم ژینگەیە بدۆزێتەوە، کە هەم وەک ئیشکردنی لێیەوە زەحمەتە، هەمیش دۆزینەوەی بونیادە بیرکەرەوەکەش ئەستەمە دەستنیشان بکرێت. تەرابیشی لەم جەدەلەدا بە دوای ئەقڵی سروشتی (پەتی) عارەباندا دەگەڕێت، لەمەشیان سوودی لە میتۆدی کانت بۆ گەڕان بە دوای ئەقڵی سروشتی وەرگرتووە. کانت جیاوازتر لە هیگڵ، تەنانەت لە ڕابەرانی سەردەمی ڕێنسانسیش لەبارەی سروشتی ئەقڵەوە بیری کردووەتەوە، هەر ئەمەشە وایکردووە کانت جیاوازتر لای تەرابیشی دەربکەوێت، بۆیە گەڕان بۆ دۆزینەوەی، یان گەیشتن بە بنەچەی ئەقڵی سروشتی، کانت یارمەتیدەری تەرابیشی بووە، تاوەکوو لێیەوە لە سەرەتاکانی ئەقڵی بیرکەرەوەی سروشتی عارەبان بگات و لەناو دونیایی ئیسلامدا چاوگەکانی بدۆزێتەوە. بەمەش تەرابیشی باشتر نێزیك دەبێتەوە لە توخمە فەلسەفییەکان لە ژینگەی ئیسلام و مەسیحیدا.

تەرابیشی لە پەڕتووکی ئاماژەکانی فەلسەفە لە نێوان مەسیحییەت و ئیسلامدا، هەم پارادۆکس، هەمیش جیاکاری بۆچوونیان یان دونیابینییان لەبارەی فەلسەفەوە دەخاتە ڕوو، لای تەرابیشی، ئیسلام بە هۆی ئەم دابڕانە گەورەییەی، کە لە دوای فەرموودەوە لەگەڵ قورئانی سرووش ئەنجامیدا، دۆخی گۆڕا. بۆ مەسیحیەتیش هەمان تێڕوانینی هەیە.

لای ئەو فەلسەفە لەنێو ژینگەی ئاییندا دەخنکێت، نەک گەشەبکات، بۆیە ئەو ئایین بەخنکێنەری فەلسەفە وێنادەکات. هەر بەو شێوەیە فەلسەفە بەدوور دەگرێت لە دونیای ئایدۆلۆجیادا، لە کتێبی مارکسیەت و ئایدۆلۆجیا بە وردی دێتە

سەر ئەم باسە. بێگومان ئەم نووسینەم بۆ خاتری زنجیرە کتێبێکی جۆرج تەرابیشییە، کە لە بەرئەنجامی گفتوگۆیەکی هزری و کولتووریانە لەگەڵ ئەقڵی ئەلجابری کردوویەتی، بەتایبەتی لە کۆتا بەشی زنجیرە کتێبەکانی، کتێبێکی بە ناوی (لە ئیسلامی قورئانەوە بۆ ئیسلامی فەرمووده)، کە دەزگەی ئایدیا چاپی کردووە و لەم سەفەرمدا بۆ شاری سلێمانی کاک ئەنوەر حوسێن بەرپرسی دەزگە پێشکەشی کردم. تەرابیشی لەم کتێبەدا تەنیا نووسەر و لێکۆڵەر و ڕووناکبیر نییە، بگرە وەک مێژووناس و زمانناس و ئاییناسێک دەردەکەوێت، ئەو مێژوو بە لێکدانەوە و شرۆڤەکانی دەهاڕێت، کەلەپووری ئیسلام نابەستێتەوە بە قورئان، ئەو قورئان دەبەستێتەوە بە کولتوور، بە کەلەپووری عارەبانەوە. لە پێخەمبەری ئوممیەوە دەست پێدەکات و لێکدانەوەیەکی جوان بۆ زاراوەی ئوممی دەکات، ئەو پێی وایە محەمەد، ئوممی، نەخوێندەوار نەبووە وەک خەڵکی پێیان وایە، ئەو دێتە سەر زاراوەکە و بەراوردکارییەکی وردی زمانەوانی لەگەڵ زاراوەی ئوممی دەکات، بە پاڵپشتی قورئان و کاری بەراوردکاریی لەگەڵ ڕەوش و واتا و دەلالەتەکانی قورئاندا، ئەو پێی وایە ئوممی واتە بێ پەیام، نەک نەخوێندەوار، چونکە لە زۆر شوێنی قورئان ئوممی بۆ گشتیش بەکار هاتووە، بە لای تەرابیشی ئەم گشتاندنە بۆ مەبەستی نەخوێندەواری نەبووە، بگرە تەنیا بۆ ئەوەیە، کە ئێوەی عارەبان پەیامتان نەبووە، واتە پەیامهێنەرتان نەبووە، بۆیە ئێمە محەمەدمان وەک پەیامهێنەر بۆ ناردوون. لە بەشێکی دیکەدا، نووسەر شتێک دەردەخات، لەبارەی ئیسلامی فەرموودەوە، ئیسلامی فەرموودە لای تەرابیشی دوای کپکردنەوەی دەنگی پێشەنگانی موعتەزیلەکان زیاتر

گەشەیان کردووە، بە کزبوونەوەی دەنگی ئەوان، کە لایەنگری قورئان بووینە بۆ جێبەجکردنی ئایین و تێگەیشتن لە پەیامی خودا، بەڵام بە هۆی ئیشکردن لەناو فەرموودەدا و کردنی بە سەرچاوەیەکی سەرەکیی بۆ ئاییندارى، ئیدی قورئان دوورخرایەوە لە تەنیا سەرچاوە بۆ تەشریع. تەرابیشی ئەم پرۆسەیەش ناو دەنێت لە ئیسلامی پەیامەوە بۆ ئیسلامی فتوحات، چونکە ئەو پێی وایە لایەنگرانی فەرموودە زیاتر لەوانەبوون، کە کۆیلە یان ئەنسار، یان غەیرە عارەبان بووینە و بە هۆی فتوحاتەوە هاتوونەتە ناو ئیسلامەوە.

# هێربەرت مارکۆز

بیرمەندی ئەڵمانیایی هێربەرت مارکۆز، بە یەکێک لە چەپە لیبراڵەکانی پەنجاکانی سەتەی بیست دادەنرێت، خاوەنی مانیفێستی سەرکەوتنی شۆڕشی خوێندکارانە لە فەرەنسادا. لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (ئەقڵ و شۆڕش) قسە لە هزری دۆگما و پاشخانی کولتووره زبرەکان دەکات. لەم کتێبەدا جۆرێک لە مشتومڕ لە نێوان فیورباخ و مارکس لە لایەک و کاریگەریی هیگڵ لەسەر جیاوازییە چینایەتییەکان و بەرکەوتە کۆمەڵایەتییەکان چێ دەکات، شرۆڤەی جودا لە هەناوی فەلسەفەی مارکسیزم بەرهەم دەهێنێت، ڕەخنە لەم مێژووە دەگرێت و وێنایان دەکات بە فاشیزم.

مارکۆز لەو کتێبەدا دێتە سەر شۆڕش وەک هێمایەک بۆ گەشەی کۆمەڵگە پیشەسازییەکان.

جگە لەوە مارکۆز بە یەکێک لە لیدەرەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت دێتەناسین، لەگەڵ هاپەرماس و دۆرکایمەر و تۆدۆر و ئادرنۆ کاریان لەسەر نوێبوونەوەی هزری مارکسیزم دەکرد، لە

بەر ڕۆشنایی کتێبی، (سەرمایە) و تێگەیشتی هیگڵ بۆ دادگەری کۆمەڵایەتی و ڕەوشتمەندی سەرمایە لەنێو کۆمەڵگەدا.

مارکۆز و هاوهزرانی پێیان وابوو، ئیشکردن لە دونیای مارکس پیشەی کەسانی بژاردە و خوێندکارانە، بەتایبەت ئەوانەی لە بواری فەلسەف و زانستە مرۆڤایەتییەکان دەیانخوێند. لە پەڕتووکی (مرۆڤی یەک ڕەهەندی) مارکۆز، بەها کولتوورییەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە و مرۆڤ نابەستێتەوە بە فۆرمێک لە تێگەیشتن، لای مارکۆز مرۆڤ هەردەم زیاد لە تێڕوانینێکی هەیە، بەردەوام زیاد لە ڕەهەندێک بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکان بەرهەم دەهێنێت.

# مارتن لۆسەر
# بکوژی جووەکان

مارتن لۆسەر ١٤٨٣ – ١٥٤٦ بە یەکێک لە ڕیفۆرمخوازی ئایینی مەسیحی دادەنرێت لە ئەورووپادا، لۆسەر لە بەیاننامەیەکدا، کە خۆی لە چەند خاڵێک دەبینیەوە وەک قەشەیەک، کڵێسا و دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی خستە ژێر پرسیارەوە، تێگەیشتنی ئەو بۆ ئایین و پێڕوانی ئایینی مەسیحی جیابوو، لۆسەر خودای وەک بوونەوەرێکی دەستەمۆکراوی دەستی مرۆڤ سەیر نەدەکرد، بگرە خودا لای لۆسەر ئافریدەکارێکی بێدەنگە، مەسیح لەنێو تێکستدا قسە دەکات، بۆیە ئەو زیاتر کاری لە بونیادی ئایین دەکرد، دەیویست لە کرۆکی ئایینەوە گوتاری خۆی بخانەڕوو، نامەکەی لۆسەر ئاریشەی گەورەی لە ڕۆما و ئەورووپادا هێنایە پێشەوە، ترس لە گوتار و زمانە ڕیفۆرمخوازییەکەی لۆسەر تاوەکوو دەهات لە لایەن دەسەڵاتی کڵێساوە بەهەند وەردەگیرا، ئەمەی لۆسەر تەنیا ڕەخنە نەبوو، لە فەزای ئایینی مەسیحی، وەک ئایین، بگرە مشتومڕێکی ڕادیکاڵییانەش بوو، بۆ هەلومەرجی ئاییندارى لەو سەردەمەدا. لۆسەر گومانی خستبووە سەر هەژموون و دەسەڵاتی پیاوانی

کڵێسا، ئەو دۆخەی کڵێسای بە کارگەی بە کۆیلەکردنی پێڕەوانی ئایینی وێنادەکرد، ئەو لە سیستەمگەلی گەڕانەوەی بەها و سەروەری ئینجیل ژینگەی چەپێندراوی ئاییندارى بە دۆخی ناجێگر پێناسەدەکرد. لای لۆسەر دەسەڵات نوێنەری خودا نییە لەسەر زەوی، ئەو پێی وایە خودا لە بووندا خۆشەویستی بۆ مرۆڤەکان بەرهەم هێناوە، کرۆکی ئاییندارى خوشەویستییە، نەک قوربانیدان. لۆسەر هەردەم بەگژ بە قوربانیکردنی مرۆڤ بۆ ئایین داچووەتەوە، هەردەم ئەم واقیعەی بە کوشتنی ویستی مرۆڤ لێکداوەتەوە. پرسی لێخۆشبوون و تاوان و پاداشت، بە گوتاری ئایینی نەزانیوە، ئەو پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد ئایینی مەسیحی، خۆی پەیامێکە بۆ لێخۆشبوون، خودا لەنێو زمانی دەقدایە و لە ڕۆحی مرۆڤەکان دێت و دەچێت. دەسەڵاتی کڵێساشی بە ستەمکار و بە گەمژە سەیرکردنی پێڕەوانی ئایین ڕەنگردووە. کاتێک پیاوانی ئایین، خۆیان لە بەرگی نوێنەری ئاسمان نمایش دەکەن، لەبری لێخۆشبوون و گەیشتن بە بەهەشت، پارە وەردەگرن. لای لۆسەر ئەم نمایشە جگە لە بەکەم سەیرکردنی مرۆڤ و بێ بەهاکردنی ئایین و خودا، هیچ واتایەکی دیکە نادات. وەک هایدگەر وەک یەکێک لە بیرمەمدانی فەلسەفەی (بوون و نەبوون) دادەنرێت، هایدگەر گریمانەی ورد لەبارەی تێڕوانی مارتن لۆسەر بۆ ئایین بەرچاودەخات، لای هایدگەر لۆسەر بەشێک بوە لە سیستەمگەلی ئایینی مەسیحی و بونیادە چاکسازییەکەی ئەو لەنێو دەق نەبوو، بگرە ئیشکردن بووە لەسەر چەمکی دەسەڵات و گەڕاندنەوەی بەها بۆ ئایینی مەسیحی. جگە لەوەش هایدگەر لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (تێگەیشتنی بنەڕەتی لە میتافیزیکا)، نەک

ئایین، تەواوی بوون دەخاتە ژێر پرسیار و فەیلەسووفانێکی وەک نیچە و کانت و مارکس و هیگڵ و شۆپنهاوەر بە گیانی ڕۆشنگەری دەزانێت .

بێگومان تێگەیشتن لە بیرکردنەوەی مارتن لۆسەر دژواربووە، دژە لۆسەرییەکان زۆرن، بەشێک لە بیرمەندانی ڕۆژئاوایی لۆسەر وەک فەنتەمینتالیستێک ناوی دەهێنن، پێیان وایە مارتن لۆسەر بوێری ئەوەی نەبووە ئایین تێپەڕێنێت، یەک دیدگە نەبووە بۆ کۆی ئایینەکان، بگرە گوتاری لۆسەر بۆ چەمکی ئایین هەڵگری هەمان دۆخی گوتاری ئیسلامییە، لە چەرخی ناوەڕاستدا. بیرمەندانی وەك ئیبن ڕوشد و فارابی و تەنانەت غەزالیش، کە بە پێشەنگی ڕۆشنگەری ئایینی دادەنرێن، تێگەیشتنیان بۆ ئایین و ئەوی بەرامبەر ئایدیالیستانە و کۆنپارێزانەبووە. ئەم بزاوتە هاوکات بووە لەگەڵ شۆڕشە دادپەروەریەکەی مارتن لۆسەر، بەس لە دوو دونیای جیاوازدا. لەو سەردەمەدا ئیسلام لە ئەوجی پەرەسەندنی خۆیدابووە، مەسیحیەتیش لە ئەوروپا دەخولایەوە بەدەوری ستەمکاریدا. لۆسەر بە دژە یەهودی ناسراوە لە مێژوودا، گیانی تاکی مەسیحی بەپیرۆز سەیرکردوە، هیگڵیش دەکەوێتە هەمان هەڵەوە ئەو (پێی وایە خودا ڕۆحی پیرۆزی دابەزیوە بۆ زەویی و چووەتە گیانی ئەڵمانەوە)، ئەم تێگەیشتنە هیگڵییە بۆ بە پیرۆز سەیرکردنی تاکی ئەڵمانی، دواجار بووەتە ئایدۆلۆجیا و ستەمکاری لێ بەرهەم هاتووە، لۆسەر لە کتێبی (درۆی جوولەکایەتی)، جوولەکە لە ئەورووپا بە کوشندەترین نەخۆشی ناودەبات، بۆیە لە کتێبەکەیدا دەڵێت (جوولەکان کرمێکی کوشندەن، لەنێو جەستەی ئێمەدا). ڕوانگەی لۆسەر زۆر ئایدۆلۆجیستانە بووە، ئەم تێزە کوشتندەیەی مارتن

لۆسەریش دواجار بووەتە بەشێک لە ئایدۆلۆجیای نازیزم و هیتلەری لێ بەرهەم هاتووە، لە بەرئەنجامدا کۆمەڵکوژی جوولەکەکانی لە ئەڵمانیا و ئەورووپا تیایدا ڕووی داوە.

## دیرۆکی فەتوا

فەتوا وەک چەمکێک لە دونیای مەعریفی ئێمەدا، هەڵگری دۆخی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە. بە درێژایی دیرۆک هەردەم دەرهاویشتەکانی فەتوا شێوەیەک لە ڕیتمی نەریتی کۆمەڵگەکان وەردەگرێت، لە بەرگ و ڕەنگی نوێوە خۆیان نمایش دەکەنەوە.

کارین ئارمسترۆنگ لە پەرتووکی (مێژووی ئافریدەکاری مەزن)دا. دیرۆکی فەتوا، دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرهەڵدانی جیاوازییەکان لە دونیای موسڵمانانندا، بە تایبەت لەسەر پێڕەوی ئایین و دەسەڵات و بوارە فقهی و شەرعییەکان. نووسەر کۆتایی خەلافەتی ڕاشیدین، بە سەرەتای دەرکەوتنی فەتوا دیاری دەکات، لای ئەو بوونی تێگەیشتنی جیاواز و خوێندنەوەی جودای پێڕەوانی ئایین بۆ ئیسلام، ئەدەبیاتی تەئویل و لێکدانەوەی دژبەیەک بۆ قورئان و فەرموودەی فرەوانتر کردووە. هەرچەند من جیاوازتر لە نووسەر بیردەکەمەوە و مێژووی فەتوا دەگەڕێنمەوە بۆ سەردەمی خەلافەتی ئەبوبەکری

سدیق، کاتێک بەشێک لە موسڵمانان دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر (د. خ) گوتیان (چیتدی زەکات نادەین، چونکە ئێمە تەنیا محەمەد بە نوێنەری خودا دەزانین و زەکات نادەین بە جێنشینی ئەو). پێشەوای موسڵمانانیش فەتوای لە دژیان دەرکردوو، گوتی(شەڕیان لەگەڵ بکەن، تاوەکوو زەکات بۆ بەیتولمال دەهێنن). ئەمە یەکەمین دەرکەوتنی فەتوا بوو، لە دژی ئەوانەی لە خەلیفە، وەک دەسەڵاتداری ئەوسا هەڵگەڕانەوە. ئەمە بوێرییەکی گەورەی دەوێت، بۆ خەلیفە ئەم فەتوایە بدات، چونکە لە هیچ دەقێکی قورئان بە زەقی نەهاتووە، ئەگەر موسڵمان زەکاتی نەدا بە دەسەڵاتداری باوەڕداران، دەبێت جەنگی لەگەڵدا بکرێت، یان بکوژرێت. دیارە ئەم شەڕە درێژەی هەبوو، تا ناچار بەزەکاتدان کران، ئینجا ڕێگەیان پێ درا وەک موسڵمان لەسەر خاکی ئیسلام بژین. ئەمە وێنەیەکی ڕۆشنی، پێوەندیی فەتوا و دەسەڵاتە لە فەزا گشتییەکەی حکومڕانییەتی ئیسلامیدا.

لێرەدا دەبێت ئاماژە بە دوو جۆر فەتوا بدەین، فەتوایەک خودی پێغەمبەری ئیسلام، وەک تەفسیر و تەئویل بۆ قورئان داویەتی، بۆ نموونە، لەبارەی ئەو ئەحکام و بەڵگانەی، کە پێویستییان بە ڕاڤە و لێکدانەوەی زیاتر هەبووە، بەمەش دەگوترێت (فەرموودە). بەس فەرموودەکانی پێغەمبەر لە کاتی ژیانی پەیامهێنەردا وەک بەشێک لە ئایین تۆمار نەدەکران، ئەوان لە ڕەوشی مێژوو هێشتبوویانەوە، وەک زمانی دووەمی ئایین سەوداکارییان لەگەڵ نەدەکرد، بە بەڵگەی چی، بەو بەڵگەیەی یاوەرانی پێغەمبەر فەرموویان ئەی پێغەمبەری خودا قسەکانی تۆش بنووسینەوە، ئەمیش گوتی نا. ئایەتی (پێغەمبەر

هیچ قسەیەک ناکات، تەنیا ئەوە نەبێت، کە ئێمە وەک سرووش بۆی دەنێرین)، ئاماژەیەکی ڕوونە، کە تەنیا قورئان و ئایەتەکانی ڕێگە پێ درابووە بنووسرێنەوە، وەک ئایین چاوی لێ بکرێت، ئەمەش هۆکاربووە، کە دوای سێ سەتە ئینجا دەسەڵاتی ئیسلامی بۆ ڕاپیکردنی کارەکانی بڕیار لەسەر کۆکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر بدات، ئەمەش دۆخی دووەمی فەتوایە، کە ئاماژەم پێ دا، ئەم دۆخە لە دوای کۆکردنەوەی فەرموودە بەرهەم دێت. بێگومان بەمەش جۆرێک لە تێگەیشتنمان بۆ دروست دەبێت، کە فەتوا پێوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە، دەسەڵاتداران بۆ ڕاپیکردنی کارەکانیان پێویستیان بە فەتوای زانایان و فەتواداران دەبێت. ئیمامی حەنبەل لە کتێبی (المسند) نێزیکەی سی هەزار فەرموودەی کۆکردووەتەوە و ڕاڤەی بۆ کردووە و دابەشی کردووە بەسەر چەند باب و ئەحکامێکدا، لەناو شەریعەتدا، فەتواکانی ئەو جێی باوەڕی دەسەڵاتی ئەو کاتەی موسڵمانان بووینە. کاتێکیش عارەبستانی سعودی دادەمەزرێت، مەزهەبی حەنبەلی بە فەرمی دەکەنە بنەمای دەوڵەتەکەیان. بێگومان دەسەڵات، لە مێژووی خۆیدا ئایینی وەک بەشێک لە جەستەی خۆی سەیرکردووە، هەردەم زانایانی بەکارهێناوە بۆ جێگیرکرنی پایەکانی خۆی و دەسەڵاتی بڕیارەکانی، لە سەردەمی ئیمامی شافیعیدا تەنیا کەناڵێک، کە دەرفەت بوو بێت خەڵک و موسڵمانان بەرپرس و خاوەن دەسەڵاتی ئیسلامی تیایدا ببینرێت، تەنیا مزگەوتەکان بووە، ئەمیش لە کاتی وتاری هەینیدا، چونکە ئەو کاتە بەهۆی زۆری ستەمی دەسەڵاتدارانەوە موسڵمانان ڕەخنەیەکی زۆریان لە فەرمانڕەوایان هەبوو، بەس دەبینین دەسەڵات دێت، فەتوایەک بە

ئیمامی شافیعی دەردەکات، کە هەر کەسێک لەناو گوتار و لە کاتی نوێژی هەینیدا قسەبکات، نوێژی بەتاڵ دەبێت و خودای تاقانە لێی وەرناگرێت. بێگومان مەدلولی ئەمە تەنیا ئەوە دەگەیەنێت، کە دەسەڵات فەتوا بۆ مانەوەی خۆی دەردەکات. نموونەی جیاوازی بۆچوونی مەزهەبەکانی دیکە، لەگەڵ یەک و ئەم ناکۆکییە گەورەیەی نێوان شیعە و سوونە و دروستبوونی سەتان ڕەوتی هزری و ئایدیۆلۆجی دژ بەیەک لەنێو هەناوی ئیسلامدا، فەتوای لە دۆخی سروشتی ئایینی گۆڕیوە بۆ بەرژەوەندیی دەسەڵات و دەسەڵاتدارانەوە.

# بیرکردنەوە و ئازادی

هانا ئارێنت Hannah Arendt، ١٩٠٦ -١٩٧٥. یەکێکە لەو فەیلەسووفانەی، کە ڕەخنەی جددی هەیە لە دونیای مۆدێرنە و چەمک و ڕەهەندەکانی. بێگومان لە وتار و کتێب و بەرهەمەکانیدا قسەی جدوی لەسەر فۆڕم و ئاریشەی نێو دونیای مۆدێرنە کردووە. لای ئارێنت کاتێک سیاسەت و فەلسەفە بایەخیان دەبێت، کاتێک دەبن بە بەشێک لە تیۆری گوتوویژکردن، بۆیە ئارێنت هەردەم بە دوای مشتومڕی نێوان سیاسەت و فەلسەفەدا دەگەڕا، هەر ئەوە وای کردووە ئەم دوو چەمکە دواجار ببێتە جێگەی بایەخی هانا ئارێنت.

هانس جۆنسی فەیلەسووفی بەناوبانگی ئەڵمان، لە کتێبی (بنەماکانی بەرپرسیاری) لەبارەی کارە هزرییەکانی ئارێنتەوە دەڵێت:( تێزە سیاسی و هزرییەکانی هانا ئارێنت لە ناوەندە ئەکادیمی و ڕووناکبیرییەکاندا، بووە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی گفتوگۆکردن و باسکردن لە بواری تیۆری سیاسیدا). هەروەها

ئاماژە بەوەدەكات، كە میتۆدی لێكۆڵینەوەكانی ئارێنت لەمەڕ ئایدیا و چەمكەكان، جۆرێك لە ئاراستەكردنی بەسەر كۆمەڵگە و هۆشمەندان‌دا سەپاند.

فەزای ئیشەكردنی هزری ئارێنت زیاتر وەستان بوو لەسەر چەمكی (بیركردنەوە و ئازدی)، هەردەم ئارێنت ئەم دوو چەمكەی دەبەستەوە بەیەكتری. بوونی مرۆڤی وابەستەی بیركردنەوەی دەكرد، بۆیە لە تێز و ئەندێشەكانیدا هەردەم ئارێنت پێی وابووە هەر مرۆڤێك بیری نەكردەوە، كەواتە بوونی نییە، ئەو بوونی مرۆڤی بە بیركردنەوەی لێكدەدایەوە. هەڵبەتە، ئەم ڕایەی ئارێنت، لە كانتی فەیلەسووف نێزیكە، كە دەڵێت (من بیردەكەمەوە، كەواتە من هەم)، بەس ئارێنت ئەم ڕوانینەی خۆی بە بەستنەوەی بوونی مرۆڤ وەك كارەكتەرێك لەنێو دوو فەزادا، فەزای سیاسەت و هزردا قووڵ دەكردەوە، ئەو زیاتر بایەخی بە مرۆڤی سیاسی دەدا، لای ئارێنت، سیاسەت هونەری هۆشیاری تاكە، لای ئەو بنەماكانی سیاسەتكردن، كۆمەڵگە دەخاتە سیستەمگەلێكی بیركەرەوە، بۆیە ئارێنت هەردەم تاك دەچوێنێت بە بوونەوەرێكی سیاسی. پێی وایە ئەو كاتە ئازادی، كە بیردەكەیتەوە. هانا ئارێنت بەوە لە كانت جیادەكرێتەوە، كە ئارێنت ئازادی دەخاتە پێش بیركردنەوە، بوونیش لەو ئازادییەوە دەبینێت.

سەبارەت بە چەمكی سیاسەت و تێگەیشتن لە سیاسەت دەیگوت: سیاسەت تێگەیشتنە نەك كاركردن، سەبارەت بە دۆخی بیركردنەوە و مێژوو و ڕابردوو ئارێنت دەڵێت: (بیركردنەوە واتە بیرهێنانەوەی ڕابردوو، پێوەستكردنی بە

ئێستەوە). نموونەی زۆر بۆ ئەم تێڕوانینەی خۆی دێنێتەوە، ئەو خەیاڵ و بیرکردنەوەکانی وەک گەڕان بەدوای مرواری لەناو دەریادا لێک دەدایەوە. بەڕای ئەو مرۆڤی ئازاد، دەبێت ڕۆڵی هاووەڵاتی لە چوارچێوەی گشتیدا ئەنجام بدات. لای هانا ئارێنت کاری سیاسیی لە فەزای گشتییدا، واتای ئازادیی مرۆڤەکانە. بەپێی بۆچوونەکانی ئەو لە دەرەوەی چوارچێوەی سیاسەت ژیانی مرۆڤ، نەک لە بەرامبەر توندوتیژی ئەوانی دیکەدا دەکەویتە مەترسییەوە، بگرە بێواتا و بێ ڕیشە دەمێنێتەوە.

# لە پەراوێزی ئازادیدا

سارتەر لە فەلسەفە بوونگەراییەکەیدا، بوونی مرۆڤ دەبەستێتەوە بە جۆرێک لە ئازادیی کە بەدەستی هێناوە، بۆیە دەڵێت: ئازادی چییەتی و کرۆکی مرۆڤ نییە، شتێکە مرۆڤ بەدەستی دەهێنێت. یواتە شتێک نییە بە ناوی ئازادی (چەسپاو، سروشتی) لە مرۆڤدا، بگرە مرۆڤەکان لە ڕێگەی بوونیانەوە بە هەوڵ و کارەوە بەدەستی دەهێنن. ئەوەش دەبەستێتەوە بە جۆرێک لە ئازادیی لە فەزای گشتیدا و دەڵێت: ئازادی توان و بەهرەیەکە، بە هۆی ئەوەوە مرۆڤ دەتوانێت خۆی و جیهان بگۆڕێت، ئازادیی بەکارهێنانی توانی مرۆڤە بۆ ژیانێکی باشتر، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئاگایی مرۆڤ لە دۆخی بووندا.

سەتەی هەژدە، کە بە دونیا نوێیەکەی ڕۆشنگەری هاوچەرخ ناوی دەهێنرێت، هەمووی خێر و بەرەکەت نەبووە. گەر سەیرێکی دەرکەوتەکانی بکەیت، یان لە ڕووی بەرکەوتەکانییەوە بیخوێنیتەوە، تێ دەگەیت، کە سەتەی هەژدە ئاماژەکانی بۆ دونیای ئێستەمان چەندان نیگەرانی لە هەناوی

خۆیدا بەرهەم هێناوە، فەرموو مرۆڤی لەژێر هەژموونی دەرەبەگایەتییەوە دابەزاند بۆ نێو جیهانی ماددەگەرایی و وردە بۆرژوازی نزم. لە ئەبستراکتی لاهوتییەوە بەرەو وابەستەبوونی دونیایی پەلکێشکرد، کە مرۆڤ تیایدا هەستی بە نامۆبوون دەکرد بەرانبەر بە سروشت، تەنانەت وایکرد مرۆڤ بەرانبەر بە مرۆڤیش هەست بەو نامۆییە بکات. هەردەم هێشتنەوەی دەروونێکی نامۆ، تێک شکاو لای کرێکار، لەبەردەم خاوەن کاردا خولْقاندووە، وەک کارڵ مارکسی بیرمەند دەیلێت (ئەمە فۆرمێکی نەرمی مرۆڤخۆرییە)، دونیای ڕۆشنگەری هاوچەرخ لە سەتەی هەژدە مرۆڤی لە کامەرانی وەهمیەوە گواستەوە بۆ نیگەرانییەکی واقیعی. لە دەرەبەگایەتییەوە بەرەو بۆرژوازیی. وەک مارکس گوتەنی: (بەهەشت نییە، بەڵام دۆزەخ ئەوەتا ئێمە تیایدا دەژین). لە سەردەمی گەشەی پیشەسازی و گەشەی دەستی کاردا لە ئەورووپا، ئایین وەک هەژموونێکی باڵا لەنێو کۆمەڵگە لە جووڵە کەوت، لەبری ئەوەدا جۆرێکی دیکە لە تێگەیشتن بۆ ئایین، لای بیرمەندانی ڕۆشنگەری هاتە ئاراوە، ئەوان پێیان وابوو گەشەی پیشەسازی ڕێ لە زیندوویەتی ئایین لە ناخی مرۆڤ دەگرێت، یان وەک درۆیەکی ئاشکرا وێنای دەکات و نمایشی دەکات. لەم سۆنگەیەوە، دەتوانین بڵێین سەتەی هەژدە دواجار بە سەتەی ڕەخنەیی ئەقڵانی لە ئایین چاوی لێ دەکرێت یان دەخوێندرێتەوە، پێچەوانەی دونیای ڕۆژهەڵات. بێگومان لانەی لەدایکبوونی بەشی زۆری ئایینەکانە و پێچەوانەی سەردەمی ڕۆشنگەری ئەورووپایی، کەمترین ڕەخنەی ئەقڵانی لە ئایین تیایدا زەمینەی بۆ سازکراوە.

لای سارتەر گەلێک ناتوانێت گۆڕانکاریی بکات، کە

تاکەکانی ئازاد نەبن، ئازادیی بەدی هێنراویش پێوەندی بە دۆخی هۆشیاری و ژیری تاکەوە هەیە. ناکرێت تۆ باسی گۆڕانکاریی بکەیت، کە هۆشت لای ئەو واقیعە نەبێت کە دەستەمۆی کردووی، دەبێت پرسیار لەو نائاگاییەی خۆت بکەیت، کە دایبڕاندووی لە خۆت و کۆمەڵگەکەت. ئەوەش وایکردووە، هەمیشە دەسەڵات بە هۆشیاریەوە سەوداکاریی بکات، تۆش جگە لە جەستەیەکی خەواڵوو، هیچ شتێکی دیکە بەو واقیعەت نەبەستێتەوە. بۆ نموونە کاتێک پرسیار لە خۆمان دەکەین، بۆ ئەو دۆخەی خۆمانمان پێناگۆڕێت! هۆیەکەی ئەوەیە تۆ نوستووی، لە خەیاڵ دەژیت و هیچ پێوەندییەکی ئۆرگانی ناتبەستێتەوە بەو واقیعە، بۆیە ناتوانیت هیچ گۆڕانکارییەک بکەیت، بەس لە لایەکی دیکەوە دەسەڵات بە ئاگاییەوە دۆخەکە دەبات بەڕێوە و دەشزانێت چۆن هەڵسوکەوت دەگەڵ هەردوو ژینگەکەدا بکات، ژینگەی ئێمە و خۆشی، بەڵام ئێمە تەواوێک دابڕاوین لەو هەستەی دەسەڵاتدا، لە وەهم و خەیاڵ دەژین، واتە ئەو لە ئاقارێک و ئێمەش لە دۆڵێکدا دەژین. هەرچەندە لای سارتەر مرۆڤ ئازادە و توانی خۆڕادەستکردنی بە دونیایەک چارەنووس هەیە، لە هەمان کاتیشدا توانی بەرەنگاربوونەوەی چارەنووسەکانیشی هەیە، بەڵام ئێمە خۆمان ئەو چارەنووسەمان بۆ خۆمان هەڵبژاردووە، چارەنووسی بێدەنگبوون و ڕۆیشتن لەگەڵ دۆخەکەدا، هەرچەندە ئازادیی لە کرۆکدا، ناسینی ئازادیی کەسانی دیکە و پێویستە لە لایەن ئەوانی دیکەوە ئاوا بناسرێت.

لێرەدا ئێمە و دەسەڵات وەک یەک، نە ئازادیی دەناسین، نەک وەک یەکیش پێڕەوی ئازادیی دەکەین. دەسەڵات لای

ئێمە ئازادیی ڕەهای هەیە، بێ ئەوەی بوار بە ئازادیی بەرانبەریش بدات، هۆیەکەی ئەوەیە پراوەی‌ی ئازادیی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا تاک لایانانەیە، واتە یەک دیوی ئازادییمان نمایش کردووە، ئەوەی دیکە پەرچەکردارە، نەک ئازادی. تاکی ئێمە لە پەراوێزی ئازادیی دەژیت، کە دەسەڵات بۆی چێ کردووە، نەک خۆی بەدەستی هێنابێت. ئازادیی ئەوەیە بەدەستی بهێنیت، نەک بۆت بڕەخسێنن، چونکە هەر کاتێک بیانەوێت لێت دەستێننەوە. ئەوەی لێرە دەگوزەرێت ئازادیی فەراهەمکراوە، نەک بەدەستهاتوو. هەر ئەوەشە وای کردووە هیچ بزوتنەوە و هێزێکی گۆڕانخواز، مەبەستەکەی بستێک بەرزنەبێتەوە، چونکە خۆی لە کرۆکدا ئەو ئازادییەی بەدەست نەهێناوە، تا هەوڵ بۆ گۆڕانکاریی بدات، بگرە دەسەڵات دەرگەی بۆ ئەو ئازادییە کردووەتەوە، هەر کاتێک بیەوێت دەرگەکە دادەخات. ئێمە تاوەکوو ئێستەش لەنێو ئازادییەکی هۆشمەندیی دەژین، ئازادیی نەبووەتە کولتوور، نەبووەتە چییەتی. ئەوەی هەیە ژیانە لە پەراوێزی ئازادیدا.

ئاخر ناکرێت تۆ بێئاگا بیت لە پێگەی خۆت، لە بوونت، کە خۆت بونیادت نەهێنابێت، چۆن دەکرێت باس لە ئازادیی وەدیهێنراو بکەین!

من لایەنگری ئازادیی شۆڕشگێڕانە نیم، چونکە هەردەم گرووپ و کەسە شۆڕشگێڕەکان دواجار بوونەتەوە بە ستەمکار و فاشی. من باوەڕم بە جۆرێک لە ئازادیی هەیە، کە بەها و پێگە، بە بوونی مرۆڤ بدات. مرۆڤ لە قالب دەربهێنێت و بیداتەوە دەست خۆی، هەرچەندە لەو شەڕەدا زۆر بە کەمی

مرۆڤەکان براوەدەبن، دەسەڵات براوەی یەکەمە، بەس ئەو جەنگە درێژەی دەبێت تاوەکوو مرۆڤ دەگات بەو ئازادییە. سارتەر ورد لەسەر ئەو جۆرە ئازادییە دەوەستێت و پێمان دەڵێت: ئازادی ئاکارێکی دەروونی نییە، کە مۆڵەتی دابڕان لە پێگەکان بدات.. بە پێچەوانەوە ئازادیی توانی دەستەویەخە بوونە لەگەڵ کار و بونیادنانی داهاتوودا. لەمەدا سارتەر جۆرێک لە تێگەیشتن بۆ ئازادیی دیاری دەکات، کە وابەستەی دەکات، بە کار و گەیشتن بە داهاتووەکی جیاوازتر. سارتەر مرۆڤ دەباتەوە سەر دۆخی بوونگەراییانەی خۆی و دەڵێت: ڕێگەچارە نابێت و ناکرێت هەڵبژێردرێت، ڕێگەچارە دەبێت دابهێندرێت، چێ بکرێت. لەوەدا مرۆڤ لەسەریەتی دەربازی بێت، لە خەیاڵ و خۆزگە و هەڵبژاردنی ئەگەرەکان، خراپتر بۆ باشتر، یان باشتر بۆ باشترین، بگرە مرۆڤ لەسەریەتی شت چێ بکات، ئازادیی نوێ لە هەناوی خۆی و کۆمەڵگەدا بەدی بهێنێت.

# ئەدەب چییە؟

شیعر هێندە بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن و چێژە، هێندە بۆ قسەلەسەرکردن نییە. بە واتایەکی دیکە شیعر دۆخێکی خودییە و خود بۆ خودە، یان زیاتر سەوداکارییەکی هەستەکی و چێژ لەگەڵ شیعردا کراوە، وەک گوێکرتن لە مۆسیقایەک، بینینیی تابلۆیەک، دیمەنێک: هەر بۆیەش ئەدۆنیس پێی وایە، جیاوازی شاعیرێک و تەلارسازێک نییە، چونکە هەردووکیان ئیش لەسەر جوانی و چێژ دەکەن. شیعریش لای من هەروایە، بەرکەوتنی من لەگەڵ شیعردا بەرکەوتنێکی سێکسییە، دەبێت چێژم پێ ببەخشێت.

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا لە کتێبی (پرسیارکردن لە تاریکی دەڵێت): خوێندنەوە فەزایە، بۆیە دەخوێنینەوە تاوەکوو فەزایەکی دیکەی جیاوازتر لە خۆمان دروست بکەین). عیرفان مستەفا لە وانەکانی ئەخلاقدا دەڵێت: (مرۆڤ هەردەم لە هەوڵی کەشفکردنی نهێنییەکانی خۆیدایە، بۆ ئەوەی ببێت بە خۆی، چونکە هەر مرۆڤێک نهێنیی خۆی هەیە، بەوەی کە مرۆڤە لە ئەستۆیەتی، بەرپرسیارە لەوەی ئەو سڕە لەناویدا ئاشکرابێت،

مرۆڤێک کاتێک ئەو سڕە لەناویدا ئاشکرا نابێت دەمرێت، ئەوە وەکوو ئەوە وایە، کە نەبووبێت. وەکوو ئەوە وایە ئاژەڵێک بێت و تەواو، چونکە گیانلەبەری دیکە هیچ نهێنییەکی نییە. مرۆڤ تاکە بوونێکە، کە وەک خۆی دەتوانێت ببێت، ئیختیاری بوون و نەبوونی وەک مرۆڤ هەیە). ئایا کتێب دەتوانێت ئەو بوونە ڕێک بخات و وا لە مرۆڤ بکات ببێت بە خۆی، ئایا کتێب ئەو توانستەی تێدایە ئەو نهێنییەی مرۆڤ ئاشکرا بکات. باشە مرۆڤ بە کۆکردنەوەی جیهانی دیکە بە چواردەوری خۆیدا لە خۆی نێزیك دەبێتەوە؟ یان دوور دەکەوێتەوە لە خۆی! باشە ئەدەب ئەو قورساییەیە، کە مرۆڤ بکاتەوە بە خۆی، یان بە پێچەوانەوە دووری دەکاتەوە لە خۆی؟

من لە نووسینی ئاوێنە و شاردا ئاماژەم بەوە داوە، کە مرۆڤ لەبەردەم ئاوێنە گەورەکەی شاردا ون دەبێت، یاخۆ بۆ ئەوەی بمێنێتەوە، دەبێت بچمی خۆی وەک وێنەی ناو ئاوێنەکە لێ بکات. ئەدەبیش لە ئێستەدا لەبەردەم شار و ژیاری نوێدا، قسە و تێگەیشتنی نوێی بە دوای خۆیدا هێناوە و واتای دیکەی وەرگرتووە.

سوکرات دەڵێت: قسە بکە بۆ ئەوەی بتبینم. ئەو فۆڕمە لە بوون، لای بیرمەندێکی وەک دیکارت بە جۆرێکی دیکە واتا وەردەگرێت و دەڵێت: بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم، بەڵام لە ئاوێنە مەزنەکەدا، ئەو تێزە تێک دەشکێت و مرۆڤ دەبێتەوە بە ماتریالێکی بێ گیان لەناو سیستەمگەلی شاردا. چی دیکە بوونی مرۆڤ وابەستەی بیرکردنەوەیەکی ئۆرگانی نابێت، بگرە بوون لە بەردەم ئاوێنەی شاردا چییەتی وەردوخاش دەبێت و وەک

کەرەستێکی بێگیان لە هەوڵی خۆنمایشکردندایە، تاوەکوو لە ئەوی دیکە بچێت.

شار بە واتا فەلسەفییەکەی دەرکەوتنە لە دۆخی زماندا، جۆرێکە لە گوتار و شکاندنی بێدەنگی. بۆ ئەوەی لە شاردا ببینرێت، پێویستە دەنگ هەڵبڕیت و قسە بکەیت. ژاوە ژاو و دەنگە دەنگ، ئەو کەرەستانەن، کە شار لە هەناوی خۆیدا بەرهەمی هێناون. بۆ ئەوەی وەک شارنشین دەربکەویت، دەبێت نمایشکارێکی باش بیت. شار جگە لە ماکیاژجردنی ئەندێشە و ئارەزووەکان، شتێکی دیکەشمان بۆ زیاد دەکات، ئەمیش بەستنەوەی چارەنووسمانە بە یەک دونیابینی، بە یەک وێنەی داتاشراو. شار وێنەیەکی گەورەیە و هەمووومان لەناویدا وێنەیەك دەبینین، کە ڕامان دەهێنێت وەک ئەو دەربکەوین، لە ئاوێنە مەزنەکەی شاردا مرۆڤ لە هەوڵی خۆکۆپیکردندایە، پەرۆشی دووبارەکردنەوەی وێنەی نێو ئاوێنەکەیە، خەریکی گواستنەوەی ڕەنگی ئەو تایپەیە، کە شار لەناو ئاوێنە زەبەلاحەکەدا خولْقاندوویەتی. شار دەمانکاتەوە بە یەک بچم، بەیەک فەیز، دۆخی مرۆڤەکان لە بێدەنگییەوە دەگوازێتەوە ناو دەنگە دەنگ. شار دۆخێکی درۆینە و چاولێکەری دروست دەکات، خولْقاندنی مۆدێلە لە هۆشی تاکدا، برەودانە بە ژینگەیەک، تاوەکوو هەمیشە هەوڵ بۆ ئەوە بدەیت لەوی دیکە بچیت. بۆ ئەوەی وەک شاری دەربکەویت، دەبێت هەر شتێک لە وێنەی ناو ئاوێنەکە نەچێت لە ناخی خۆتدا بیکوژیت، شار بونیادێکی درۆزنانەی هەیە، مرۆڤ فریو دەدات. گەر بتەوێت پەراوێز نەبیت، دەبێت لە شێوەی ئەوی دیکە دەربکەویت. گرینگ نییە ڕووخساری خۆت چۆنە، لە شاردا گرینگ ئەوەیە شار تۆ چۆن

دەبینێت، چۆن سەیری تۆ دەکات، وینەی تۆی چۆن کێشاوە. ئەوە شارە وێنەی تۆ دەکێشێت، خواستی ئەو چۆنە، بەو فۆڕمە دەردەکەویت. لە ئاوێنە گەورەکەی شاردا، هەموو شتێک قوربانییە، قوربانی بۆ یەک ئامانج. بۆ تەنها وێنەیەک، کە ئەو چۆن تۆ دەبینێت، ئەو چۆن شێوەی تۆ دەنەخشێنێت، هەر بەو شێوەیە دەمێنیتەوە. لەبەردەم ئاوێنەی شاردا مرۆڤەکان وێنە ڕاستەقینەکەیان دەسووتێنن، هەموو شتێکی خۆیان دەسڕنەوە، تاوەکوو لە وێنە درۆینەکەی ناو ئاوێنە مەزنەکەی شار بچن.

لەبەر چی من لێرەم، کتێب وات لێ دەکات تۆ لە هەموو شوێنێک بیت، لەبەردەم هەر وشەیەک و ڕستەیەکدا ئامادە بیت. بوونی مە لێرەدا هۆیەکەی کتێبە، ئەدەبە، هزر و ئەندێشەیە، کە لە چرکەساتێکدا بەری دەکەوین و ئیدی دەبێت بە هاوڕێی هەمیشەییمان. ئێمە لە نێزیك ئەو هاوڕێ نموونەیەدا بەر زۆر شت دەکەوین، بەر جوانی، ڕاڕایی، مەعریفە، بیرکردنەوە، خەیاڵ و... هتد، ئەدەب ئەوماڵەیە تووشی سەرکێشیمان دەکات، گومڕامان دەکات. گومڕابوون بەو واتایەی ناهێڵێت ئارام بین، ئۆقرەییمان لێ دەسێنێتەوە و دەمانداتە دەست چارەنووس، چارەنووسی بیرکردنەوە و ڕامان. بە چارەنووسێکی نوێوە، دەمان بەستێتەوە، کە وەک غەریبەیەک لەناویدا گوزەر دەکەیت، وەک پەناهەندەیەک بێ نیشتمان بێ ناسنامە تیایدا ون دەبین. ئەدەب تارماییە، گێژەڵووکەی هۆشە، ڕیتمی بوونەوەیە بە خۆت. ئاگاییە، قووڵبوونەوەیە لەگەڵ خۆتدا. ئەدەب جیهانێکی کوشندەیە، ڕاتدەهێنێت چۆن بمێنیتەوە، چۆن بژیت، چۆن وزەت بۆ مانەوە دەست بکەوێت. گۆتە دەڵێت: ئێمە لەو کتێبانەوە فێر دەبین، کە لێیان تێناگەین.

قسەی زۆر لەسەر ئەدەب کراوە، پێناسە و تێگەیشتنی زۆری لەبارەیەوە یاداشت کراوە، باس و خواسی زۆری لەسەر نووسراوە. تێڕوانینێکی باو هەیە، کە دەڵێت: شتێک نییە بە ناوی شیعری باش و خراپ، چیرۆکی باش و خراپ، داستانی باش و خراپ، ئەدەب هەر ئەدەبە، یان ئەدەبە یان ئەدەب نییە، شتێک نییە بە ناوی ئەدەبی باش و خراپ. هۆکارگەلێکی زانستی هەن، کە بیری ئەوەمان دەخاتەوە، کە مرۆڤایەتی هەوڵی داوە، شت بێ بایەخ نەکات و بە بایەخەوە سەیری بەرهەمی مرۆڤەکان بکات. مادامەکێ مرۆڤ بیردەکاتەوە و خەیاڵ و خەونی هەیە، ئەو خەون و خەیاڵانەشی لە ڕێگەی زمان و نووسینەوە دەریدەبڕێت، بۆیە دەقێک بەرهەم دێت، کاتێکیش هزر و خەیاڵ بوو بە دەق، کەواتە سەوداکاریی ئێمە لەگەڵ دەقدا دەبێت. هەر ئەوەشە وای لە ڕەخنەگر و شارەزا ئەکادیمییەکان کردووە، بە شتێک نەڵێن دەقی خراپ و باش، بگرە دەق هەر دەقە. لێرەدا بە پشتبەستن بە هەندێک بابەتی دیکەوە لەوە تێ دەگەیین، کە مرۆڤایەتیی هەردەم هەوڵی داوە بەهانەیەک بۆ دەق بدۆزێتەوە و لە "هیچ و پووچی" دەربازی بکات، واتە بیکاتە بەشێک لە جیهانبینیی خۆی و ناوێک یان شوناسێکی پێ بدات. لە زانستی دەروونشیکاریدا، کە سەرەتا دوو چەمک، یان چەند چەمکێک بەکار دەهات، بەڵام ئێستە دونیایەک چەمک بۆ ئەو زانستە داتاشراوە، وەک سایکۆلۆجیای تاکایەتی و سیاسی و سەربازی و کلینیکی و ئایینی و ژینگە و گەشە و پەروەردە و ئەدەب و فیزیک و... هتد بەو جۆرەش بۆ دونیای ئەدەب، چەندان چەمک و هۆ نراوەتەوە، تاوەکوو دەق لە هیچ و پووچی بپارێزێت، بگرە هەوڵی داوە کۆمەک بە دەق بکات،

هیچ نەبێت لەناو یەکێک لەو چەمک و خاڵانە جێیان بکاتەوە. کاتێک دەگوترێت شیعری کلاسیک و ئازاد و پەخشانە شیعر و شیعری بەرگری و ئیرۆتیک و لیریک و نیشتمانی و ئایینی و...هتد ئەمەش بۆ خاتری کۆمهك‌کردن بووە بەدەق، تاوەکوو لە "هیچ" بیپارێزرێت. باهۆز مستەفا لە کتێبی "ڕۆمانی پۆست مۆدێرن" سی و چوار جۆری ڕۆمان دیاری دەکات. دیارە ئەمەش بۆ ئەوە بووە، تاوەکوو کۆمەک بە دەقی ڕۆمان بکرێت و بە شتی "پڕووپووچ" خوێندنەوەی بۆ نەکرێت.

دیارە مەبەستی من لێرەدا شۆڕبوونەوە نییە بەناو زمان و تەکنیک و خەیاڵ و فلاش باک و شێوازی گێڕانەوە و بونیادەکانی دیکەی نووسین، بگرە ئەوەی من داکۆکیکردنە لە دەق، وەک چییەتی، چونکە لای من بونیادی دەق، دەقەکە خۆیەتی. بە واتایەکی دیکە ئەگەر سێرڤانتس لە شاکاری دۆنکیشۆتدا، سەرەتای دەقی ڕۆمانی بەرهەم هێنابێت، ئیدی دوای ئەو بونیادی ڕۆمان هەر ئەو دەقەیە، واتە بونیادی دەق، دەق خۆیەتی.

لۆرانس پیرین لە کتێبی شیعر چییە، کە ئەبووبەکر خۆشناو بە کوردی کردووە، دەڵێت: بەو پێیەی مرۆڤ لە پیاهەڵدانی شیعردا سەرکەوتووتر بووە، نەک لە وەسفکردنیدا. هەر لۆرانس شتێک لە هزرماندا دەورووژێنێت و دەڵێت: باشە ئەو شتەی شیعر "دەیڵێت" چییە!

هەمووومان دەزانین لە کات و شوێنی جۆراوجۆردا زمان بۆ دەربڕینی کاروباری هەمەجۆر بەکار دەهێنرێت، بە واتایەکی دیکە، زمان ما خۆی بەکارهێنانی جۆراوجۆرە. لەوانەیە،

ئاساییترین بەکارهێنانی گواستنەوەی زانیاریی بێت، بەڵام ئەدەب، شیعر و ڕۆمان و چیرۆک و شانۆنامە و ئەدەبی گێڕانەوە. لە بنچینەدا بۆ ئەو مەبەستە نانووسرێن، بگرە مەبەست لە نووسینیان ئەمەیە، کە پەیبردن و هەستێکی ژیانمان پێ ببەخشن و سەوداکارییمان لەگەڵ بووندا توند و فرەوان بکەن. ئەمانە بە ئەزموونەوە پێوەستن، هەمووومان هەست بە پێداویستییەکی دەروونی بۆ ژیانێکی قووڵتر، خەملێوتر و ئاوێتە بە هۆشیارییەکی زۆرتر دەکەین.

لێرەدا جیاوازی فەلسەفە و ئەدەب دەردەکەوێت، فەلسەفە ئیش لەسەر مرۆڤ دەکات، وەک ماتریالێکی گەردوونی، وەک کەرەستەیەکی فیزیک و بوون، بەڵام ئەدەب کار لەسەر ناخی مرۆڤەکان دەکات، دەچێتە ناو بیرکردنەوەیان، ناو وردەکاریی ژیان و جۆری هەڵسوکەوت و ڕووخسار و پۆشینی جل و خواردن و سێکس و خۆشی و ناخۆشی و گەرمی و ساردی و نووستن و شەڕ و ئاشووبەکانیان.

# ترس لە نووسین و سادەیی لە گێڕانەوەدا

## ١

بەر لە هەموو شتێک ناونیشان، یان بە واتایەکی فرەوانتر پێدانی شوناس، کە دروستکردنی ڕایەڵەیەک بێت لەگەڵ ناوەڕۆکی ڕۆمان بۆ من کێشەیە، تاوەکوو لەو تەنگژەیە دەربازم نەبێت، ئیدی دەرگەی گرفت و وێستگەی گوماناوی دیکە لەسەر خۆم ناکەمەوە. ناونیشانی ڕۆمانەکە بۆ من دەستپێکی ئەو گرێکوێرەیە بوو، کە منی خستە نێو گێژاوی بیرکردنەوە لەو بابەتە. بیرتان نەچێت ڕۆمان جۆرێکی دیکەی ژیانە، بەڵام لەسەر کاخەزدا، دووبارەکردنەوەی وێنەکانە، لەنێو هۆشی خوێنەردا. بە ڕاستی لە سەرەتای نووسینی ئەو دەقە کەوتمە دووڕیانێکی قووڵ، لە بەردەم هەردوو چەمکدا، کە زەحمەت بوو دەربازبوون لێی.

## ٢

ئەگەر ڕۆمان بە دیوێکدا ئیشکردن بێ لەناو ژینگە جیاوازەکاندا، بە دیوێکی دیکەدا دروستکردنی فەزایەکی نەستیشە بۆ قسەکردن لەسەر کەتوار. کۆمەڵگەی ئێمە پڕیەتی لە حیکایەت، لە میتافۆرس، هەر ئەوەش وایکردووە گومان بکەین، کە کورد کەرەستەی ڕۆمان نووسینی هەبێت! هەرچەند من لایەنگری ئەوە نیم، کە کورد خاوەنی ڕۆمان نەبێت. دوو شت بۆ ڕۆمان گرینگن، ئایدیا و ماتریالەکەی، بونیادی ژیاری ئێمە هەردووکی تێدایە، پڕیەتی لە کەرەستە، بەڵام کێشەکە لە تەوزیفکردنی ماتریالەکاندایە، یان چۆن یاری لەنێو ئایدیاکان دەکەیت و لە هەناوی زمان و گێڕانەوە و خەیاڵدا دەیان شاریتەوە. ڕۆمانخانەی کوردی گیرۆدەی دەستی پێدانەوەی ڕووخسارە، بەو وێنانەی، کە هۆشیی داگیرکردووین. ترسمان لە دروستکردنەوەی خۆمانمان هەیە لەناو دەقدا، پەنا بۆ دەمامک و ڕووخساری دیکە دەبەین، تاوەکوو وێنەیەک بخوڵقێنین. دەترسین دەربکەوین، هەردەم لە پەنای کارەکتەر و مشتومڕ و سوژەی دیکەوە، خۆمان وێنا دەکەینەوە. ترسێک باڵی کردووین، توانی فڕینمان نەماوە، بێ ئەوەی پێی بزانین وابەستەی ئەوی دیکەی کردووین. ڕۆماننووسی ئێمە ترسنۆکانە لەناو جوگرافیای دەقدا دەردەکەوێت، بوێری نییە، تاوەکوو سەر کارەکتەر جێ نەهێڵێت، لە شوێنێک بەتەنها جێی دەهێڵێت و دەیخنکێنێت. ڕۆماننووس جۆرێکە لە قوربانی. پێش کارەکتەر

قوربانی بە خۆی دەدات، ناهێڵێت کارەکتەرەکانی، لە پێش خۆی و لەبەردەم خوێنەردا دادگەیی بکرێن، دادگەیەک، کە هیچ کامێکیان دواجار خۆیان نادەن بەدەستەوە و لە جەنگێکی بەردەوامدان.

## ٣

لەو ڕۆمانە نوێیەمدا دەبوا هەندێک لاپرسەنی بم، بچمە ئەودیوی واتاکان، ئەو دیوی لێکدانەوەکان، سەرەتا ترسام و کەوتمە نێو دۆخێکی شەرمنەوە، بە واتایەکی دیکە لە ناخەوە منگە منگم دەکرد، دەبێت ڕوبوەڕووی هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، خێزانی، ئایین و مزگەوت و مەلا و شتی لەو بابەتە نەبمەوە. کەوتمە بیری دوو نووسەر (ئۆگستین و محەمەد شوکری)، کە چۆن بە گژ واقیعدا چووینەوە و چۆن چۆنیش باسی ژیانی خۆیان کردەوە، بەس لێرەدا ویستم بیانوویەک بۆ خۆم بدۆزمەوە و بڵێم جیاوازیی ئەوان و من لەوەدایە ئەوان تیایدا ژیاون، منیش لە دوورەوە تەنیا بینەرێک، یان گوێگرێک بوویمەوە. ئۆگستین لە پەڕتووکی (دانپێدانان)دا، کە جان جاک ڕۆسۆش بە هەمان ناونیشان کتێبی هەیە، مشتومڕێکی فەلسەفییانە لەگەڵ خۆی و خودا دەکات، دونیایەک مشتومڕی هزری و ئاریشەی باوەڕداری لە مانیفێستێکدا ئۆرگالیزەیان دەکات. ئۆگستین بەرکەوتنێکی ڕەوشتمەندیی لەگەڵ فەزیلەتەکاندا هەبوو، کارکردنی ئەو لەسەر چییەتی بوون بوو، نەک لەسەر خودا وەک بەدیهێنەر. ویستم ئۆگستین وەک بیانووهاتنێک بۆ خۆم بەکاری بهێنم، چونکە ئۆگستین لەو فەیلەسووفانەیە، کە لە زۆر کاتان بەهانامان دێت، بەرکەوتنی محەمەد شوکری

ڕۆماننووسی مەغریبیش لەگەڵ دونیای خۆیدا، هەمان دۆخی ئۆگستینی هەیە، منیش هەمان دۆخی ئەوانم هەیە، بەڵام ژینگەی هەر یەکێکمان لەوەی دیکەمان جیاوازە. محەمەد شوکری لە ڕۆمانی (نانی ڕووت)دا، وێنەی کەسێکمان بۆ ناکێشێت لە دوورەوە، بگرە ڕێک وێنەی خۆیمان بۆ دەگوازێتەوە، ژیانی کەس باس ناکات، بگرە دێت ئیش لەسەر ئەو ڕووداوانە دەکات، کە بەسەر خۆیدا هاتووە. سکێچی کەتوارێکی دیکەت بۆ ناکێشێت، ئەوەی بەسەریدا هاتووە، ئەوەت بۆ وێنادەکاتەوە، بەرکەوتنی من لەگەڵ دونیای هاوڕگەخوازاندا جیایە، ئاسان نییە گواستنەوەی ڕووداوگەلێک، یان دۆخ و نۆڕمێک، کە لە خۆتدا نەبێت، یان تیایدا نەژیابیت. دژواری من لەگەڵ ئایدیا و ماتریالی ڕۆمانەکەدا نەبوو، بگرە کێشەی من لەگەڵ چۆنییەتی کارکردنم بوو، لەگەڵ دۆخی ماتریال و ئایدیاکاندا. کێشەی ڕۆمانووسی کوردیش ئەوەیە، بیرۆکە و کەرەستەکانی لایە، بەس توانی ئافراندنی واتای دیکە و وێنەی دیکەی نییە، لەناو ئەو دوو ژینگەیەدا. ژینگەی ڕۆمان جوگرافیاکەی پێوەندی بە جیهانبینی کارەکتەرەکانەوە هەیە، دەبێت ڕۆمانووس بوێری هەبێت کارەکتەرەکانی جێ نەهێڵێت، هەناسەیەکی درێژی هەبێت و کاڵیان نەکاتەوە، یان نەیانمرێنێت، لەنێو ئایدۆلۆجیا و جیهانبینی خۆیدا. من لەو ڕۆمانەدا ویستوومە بچمە نێو یادگە و یادەوری کەسانێکەوە، کە هیچ پێوەندییەکیان بە دونیای منەوە نییە، لە نۆستالیژیا و دۆخی سایکۆلۆجی و ڕەمەکی و چێژوەرگرتن و ئازارەکانیان بگەم. ئاسان نییە ئیشکردن لەو دۆخە، کە خۆت تیایدا نەژیابیت.

# ٤

ڕۆمان جۆرێکی دیکەی قسەکردنە لەگەڵ خۆتدا، گوتوویژێکی دیکەی ئاگاییە لەتەک خەیاڵ و بیرکردنەوەدا. ڕۆماننووس فەزایەکی جیاوازتر چێ دەکات، جیاواز لەو بینینەی، کە پێشتر بینراوە، جۆرێکی دیکەی بیستنە، ڕوانگەیەکی دیکەی لێکدانەوەکانە. قووڵ سەیرکردن و تێڕامانە، لە شتانێک کە تۆ جیادەکاتەوە لەوانی دیکە. گۆڕینی بیرکردنەوەی بەرانبەرە، دروستکردنی جوگرافیایەکی بەرفرەوانترە بۆ تێگەیشتن، ختووکەی هۆش دەدات، باش تێهزرین جوان بنواڕێت. ڕۆمان بەڵایە، بارێکی قورسە بەسەر ئەدەبەوە. خوێنەر تووشی دژواری دەکات، ئالوودەبوونە بە خەیاڵ، کەوتنە بەسەر زماندا، ڕواندنی گومانە لە هۆشی خوێنەردا، گەڕیدەبوونە، جۆرێکە لە نامۆبوون، لە ناوەخۆتدا دەکوڵێیت. ئەو غوربەتە بەرکەوتنە لەگەڵ جۆرێک لە ئاگایی، کە مرۆڤ سەرقاڵ دەکات، بە دەستبردن بۆ تابۆکان، بۆ شتە قەدەخەکراو و دوورەدەستەکان. مرۆڤ بە سروشت وایە، یاری بە چارەنووسی خۆی دەکات. ڕۆمان گۆڕینی چارەنووسی مرۆڤەکانە، پێدانەوەی شوناسە، لکاندنی واتای دیکەیە، لێ سەندنەوەی بەهاکانە، چێکردنی تایپێکی دیکەیە، فۆڕمێکە داگیرت دەکات، دەتخنکێنێت. گەوزاندنی نەزانینە لەبەردەم زانیندا، داڕماندنی بەهاکانە لەنێو جۆرێک لە سرووتدا، کە ڕۆمان تاوەکوو ئاستی لێکترازان هاوڕێیەتی دەکات. شکاندنەوەی مرۆڤە، پێدانی ڕەنگی نوێیە، وێناکردنی دونیایەکی جیاوازترە. بریندارکردنی هەستە، درۆیەکی قووڵە، پێدانەوەی متمانەیە بە هەر شتێك، کە لە

دەستت داوە،گەڕاندنەوەی چێژە، تووڕەبوونە، پشتکردنە لە کۆی ئەو شتانەی، کە واتایەکی هەیە، ڕووکردنە شتە بێواتاکان. ڕۆمان تاقیگەیەکە، مرۆڤ دەستەمۆ دەکات، خەواندنی هۆشە لەنێو واتاکانی، بزربوونە، ونبوونە، جۆرێکە لە تەلیسم. ڕۆمان سەرسام وونە، دوورکەوتنەوەیە، فریودانە.

## ٥

مرۆڤ بۆ ئەوەی وەک خۆی، کە هەیە هەستی بەرانبەر بخوێنێتەوە، باشترین شتێک کە بیکات پێویستە خۆی بخاتە شوێنی ئەوانەوە. واتە تۆ بۆ ئەوەی لە هەست و نەستی کەسێک تێ بگەیت، کە جگە لە جەستەکەی مێیە یان نێر، پێویستیت بەوەش دەبێت تێکەڵ بە هەستەکانیان بیت، بەڵام کاتێک ئەو کەسە جیاوازتر لە ڕەگەزی خۆی لەناو خێزان و دەوروبەریدا هەڵسووکەوت دەکات، دەبێت چ هەستێکت بۆی ببێت. تۆ وەرە بە ( کچ ) لە دایک بیت، بەس لە ڕووی لایەنی دەروونی و وروژاندنی هەستەکانەوە بە (کوڕ) گەورە بووبیت. کاتێک دونیا و ژیانی کچێک یان کوڕێک بەو شێوەیە دەردەکەوێت، دەبێت ئەو جۆرە کەسانە، لەناو کۆمەڵگەدا چ دۆخێکیان هەبێت. بێگومان بەمە دەگوترێت مرۆڤە دوو ڕەگەزەکان، کە لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا بەو خەڵقەت و جەوهەرانەیانەوە، بێ ئەوەی خۆیان دەستیان لەو ئاکارانەیاندا هەبێت، بە خراپترین دۆخی دەروونی و کەسێتیدا تێ دەپەڕن، بۆیە لەبەردەم ئەو جۆرە مرۆڤانەدا، وا ئاسان نییە لە نووسینێکدا، یان لە حیکایەتێکدا بەو ئاسانییە بتوانیت وەک خۆی، کە هەیە

دۆخەکە باس بکرێت. دەبێت خۆت لەنێو ئەو جیهانەدا ژیابیت، ئینجا تێ دەگەیت، کە ئەوە چ ژینگەیەکە ئەم دوو دونیا جیاوازە، دواجار تێ دەگەیت، کە هیچ ویستێکت بەسەریدا ناشکێت. بیهێنە بەرچاوی خۆت، لە کۆمەڵگەیەکی داخراوی وەك ئێمەدا، لە خێزانێکی دواکەوتوو، لاتەریک لە هەموو ژیارێک. چ ڕوودەدات منداڵێکی بەو چەشنە لەدایک بێت و لەنێو ئەو نەریتەدا، بەو فۆڕمە گەورە بێت.

## ٦

ئەو سەمپڵەی وەرمگرتووە، بۆ ئیشکردن لەناو تێکستەکەمدا، کەسێکە لە ڕووی فیزیکی و جەستەییەوە وەک کچ گەشە دەکات، بەڵام لە هەست و ناخ و فسیۆلۆجییەوە کوڕێکە، واتە کوڕێک بە دیار جەستە کچانییەکەیەوە دۆش دادەمێنێت. ڕۆژانە بەدەست ئەو گۆڕانە نائاساییەی خۆیەوە تووشی تێک شکانی دەروونی دەبێت، لە کاتێکدا بە هۆی ترس لە خێزان و کۆمەڵگە، ترس لە باسکردنی دەکات و دەیشارێتەوە، ئەو گرێ دەروونییە لەگەڵیدا گەورە دەبێت، وەک گرێی ئۆدیب دەبێتە بەب ەشێک لە ژیانی، پێیەوە دەنووسێت، تاوەکوو ئەو کاتەی ڕووبەڕووی خۆی دەبێتەوە، ئەو گرێیە دەستبەرداری نابێت. نابێت لە بیری ئەوەدا نەبین بەرکەوتنی کۆمەڵگە و خێزانی ئێمە لەگەڵ ئەو دیاردەیەدا، بەرکەوتنێکی شەرمنانە بووە، تاکی ئێمە نامۆیە بەو شتەوە. کەم تاک و خێزان هەیە هەست لە کچ و کوڕەکانیان ڕادەگرن، گریمان هەستیشیان لێڕاگرتن، کێشە گەورەکە لەوەدایە چۆن سەوداکاریی لەگەڵ کەیسی

دووڕەگەزی و سێکسواڵییەکان و... هتد دەکەیت، ئەو پرسە لە کۆمەڵگە نەریتی و داخراوەکاندا، چارەنووسێکی کوشندەی هەیە، ئاسان نییە ورووژاندنیان، بۆیە کەسێک کە بەو شێوەیە گەورە دەبێت، گرێی دەروونی بۆ دروست دەبێت و کۆمەڵگە لە خۆی ناگرێت، فڕێی دەداتە دەرەوەی خۆی. سەمپڵەکەی منیش لەو ڕۆمانەدا هەمان دۆخی هەیە، لەناو کۆمەڵگەدا نامۆ کەوتووە، توانی دەنگ هەڵبڕین و قیژاندنی نییە، پارچەیەک لە ترس، ترسی لەو شەڕە هەیە، کە بیکات دواجار گیانی خۆی لەسەر دابنێت، بۆیە بێدەنگ بێدەنگ بەدیار زامە دەروونییەکانی دادەنیشێت. بیرمان نەچێت، جگە لەوەی خێزان و کۆمەڵگەی ئێمە شەرمنانە باس لەو توێژە دەکات، زانکۆ و ناوەندە مەعریفی و زانستییەکانیش نەیانویستووە، یان بوێری ئەوەیان نەکردووە، باس لەو ئاریشەیە بکەن. هەر شتێکیش نەبێت بە کێشە و وەک کەرەستەیەکی مەعریفی و زانستی وەرنەگیرێت، ئەوکات ناتوانین سەوداکارییەکی دروست و واقیعییانەی لەگەڵدا بکەین، زانکۆکانی ئێمە شەرم لەو باسە دەکەنەوە، بە بەشی دەروونزانی و کۆمەڵناسیشەوە،تەنانەت بەشی مرۆناسی و بەشە پەروەردەیی و زانستییەکانیش خۆیان بە دوورگرتووە. من ویستوومە ئەو پرسە وەک کەرەستەیەکی ئەدەبی لەناو ڕۆماندا بەکار بهێنم، سەرەتا ترسم لە باسکردنیان دەکرد، هەم وەک بابەت هەمیش لەو ڕووەوە ئاخۆ چەند توانی گواستنەوەی دۆختێکی ئاوام دەبێت. سەمپڵەکەم دیار بوو، بەس لە لایەکی دیکە کۆمەڵگە خۆ تەنیا ئەو دۆخەی تێدا نییە، ئەی گەیی و لیسبیان و بە گشتیی دووڕەگەز و هاوڕەگەزخوازەکان، هەموو ئەمانە لە کۆمەڵگەی ئێمە هەڵگری دونیایەک مەینەتی مرۆیین، کۆمەڵگە بەلادەر،

نەخۆش شوناسی پێداون، توێژێکن لە دەرەوەی بازنە کۆمەڵایەتییەکە ژیانیان دەگوزەرێت. بە قووڵی نا، بەس لە گۆشەیەکدا چوومەتەوە سەر ئەو دیاردەیە و وێنەکانیان، کارم لەسەر دیوی دووەمی ئەو گرفتە کردووە، کە ئەگەر خۆیان بە گژ چارەنووسی خۆیان نەچنەوە، ئیدی کۆمەڵگە نەفرەتی لێ کردوون و دەبێت خۆیان ئەو واقیعە بگۆڕن، ئەو پرسەی، کە من وەرمگرتووە، کە بۆم باسکردوون، سەرەتا هێندە شەرمن و ترسنۆکانە لەناو دۆخی خۆیدا دەژیت، تاوەکوو ئاستی ئەوەی شوو دەکات، منداڵی دەبێت، لە کاتێکدا لە ناخەوە پیاوێکە، هەر چرکەساتێك، کە پیاوەکەی دێتە لای و سێکسی لەگەڵدا دەکات، واهەست دەکات لاقە دەکرێت و دەستدرێژی دەکرێتە سەری. بەو دۆخەوە چەندان ساڵ تێدەپەڕێنێت، دەتۆرێت و خێزانەکەی نازانن بۆ تۆراوە، پیاوەکەی چونکە هەست ناخوێنێتەوە، تەنها جەستە دەبینێت، ئیدی بێ ئەوەی هەستی پێ بکات، کە دوو منداڵی لە پیاوێک هەیە نەک ژن. ژن لای ئەو جەستەیە و تەنها بۆ سێکسکردنە، نەک ناخ خوێندنەوە و گوێگرتن لە هەستەکانی. دۆخی ئەو کەسە، تا وەکوو دێت کوشندەتر دەبێت، تا کۆچ دەکات بۆ هەندەران، لەوێندەر دەبێتەوە بە خۆی، بە گژخۆیدا دەچێتەوە ترس لە باسکردنیان ناکاتەوە و داوای جیابوونەوە لە پیاوەکەی دەکات و دەبێتەوە بە پیاوێک، پیاوێک لە جەستەی ژنێکدا. بەو شێوەیە ڕەگەزی خۆی دەگۆڕێت. دوا نامە بۆ دایکی دەنێرێت و دەڵێت: دایەگیان لەمڕۆوە بانگم مەکە کچەکەم، ئیدی من بوومەوە کوڕ، تازە من دایک نیم.

## ٧

بۆ ئەوەی بتەوێت، لە مرۆڤ و نەتەوە و کۆمەڵگەی خۆت بگەیت، دەبێت ئەو کەرەستانەت دەست بکەوێت، کە یارمەتیت دەدەن خۆتی پێبخوێنێتەوە، یان سکێچی خۆتی پێبکەیت و لە خۆت تێ بگەیت، تاوەکوو لێیانەوە وێنای دروستیان بۆ بکێشیت. ناکرێت خوێندنەوە بۆ کۆمەڵگەی کوردی بکەیت، فرۆید وەک دەروونناسێک پشتگوێ بخەیت. محەمەد تەها حوسێن لە کتێبی (سایکۆلۆژیای ئەقڵی کوردی) دەروازەکانی ناسینی ئەو شوناسەمان بە تێڕوانینێکی فرۆیدییانە بۆ دەکاتەوە، ئەدۆنیسی شاعیر دەڵێت (بۆیە کولتووری ڕۆژئاواییەکان دەخوێنمەوە، تاوەکوو کولتووری داخراوی ڕۆژهەڵاتی خۆمانی پێ بکەمەوە). هەر ئەوەش وامان لێ دەکات، بڵێین پەنابردنی فرۆید بۆ شیکاریکردنی دۆخی سایکۆکۆمەڵایەتی کورد جۆرێکە لە میتۆدی هەڵوەشانەوە، بەڵام لە دۆخی سۆسیۆلۆجییەکەیدا. شۆڕبوونەوە بۆ کەینونەی مرۆڤی کورد، بێ فرۆید بەرهەمی نابێت. لێرەدا قسە لە کوردە وەک بەها، وەک میتافۆرێک لەنێو دونیای دەرەوەدا، قسەکردنە لەسەر دەرکەوتەکانی مرۆڤی کورد لەنێو پرۆسەی ئەقڵدا چ وەک چەمک چ وەک خەیاڵ و ئەندێشە و ڕمەکەکانی. کاتێک ئەنیشتاین لە نامەکەیدا بۆ فرۆید لێی دەپرسێت (چۆن لە شەڕ ڕزگارمان دەبێت؟). فرۆید ئەوە ناشارێتەوە، کە شەڕانگێزی وابەستەی خود و دەروونی مرۆڤەکانە و ناتوانرێت بنبڕ بکرێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە ڕێگەکانی قەڵاچۆپێکردن، یان کاڵکردنەوەی شەڕانگێزی لای مرۆڤ ئیدی گەیشتووەتە

بنبەست و چارە ناکرێت. فرۆید چەند فاکتێک بۆ دەربازبوون بۆ ئەم دۆخە دیاری دەکات.

-بەئەقڵانیکردن

-گەمارۆدانی مرۆڤ لەنێو سیستەم و ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

-پەرەپێدانی ئیرۆس (خۆشەویستی)

بەم سێ ڕێگەیە، دەتوانرێت هێزی شەڕ کەم بکەینەوە.

نووسەر ڕەهەندە مێژووییەکەی ئەم ئەقڵە ناباتەوە نێو گریمان شیکارییەکانی فرۆیدەوە، مێژوو دەوەستێنێت، تاک وەک سەنتراڵێک دەبەستێتەوە بەو ژینگەیەی، کە تاکی کورد لێیەوە بیردەکاتەوە، ژینگەی بیرکردنەوەی ئێمە تەنیا نەبەستراوەتەوە بە جیناتەوە، دەمێکە پرسیاری ئەو نائەقڵانییەتەی خۆمان لە خۆمان دەکەین، ئەو پرسیارە ئێستە، وەک گومان ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، خەیاڵمانی وەک پەناهەندەیەک لەنێو جەستەی ئێمە هێشتووەتەوە، هەردەم ڕوانینمان بۆ خۆمان هەستکردن بووە بە خودێکی شەرمن، غەریب لە دونیای دەرەوەماندا، کاتێکیش فرۆید لە کتێبی (دڵەڕاوکێ لەنێو شارستانیەتدا) ئەوە ناشارێتەوە، کە مرۆڤ، لە دونیای ژیارەکاندا ئاستی دڵەڕاوکێی خودی تاوەکوو دێت زیاد دەکات، تاوەکوو ئاستی ئەوەی ترس لە ئایندە، ترس لە مانەوەی مەبەست لە ڕووی فیزیکەوە نا، بگرە لە ڕووی بەها و فسیۆلۆژجیەوە، کە بەردەوام لە شەڕێکی سروشتیدایە لەگەڵ ئەم دڵەڕاوکێیەدا، دەربازبوونیش لەم دۆخە، دەبەستێتەوە بە ماڵ و بایەخدان بە شوێن، بۆیە ئەو جەستەی دایک بە ماڵی یەکەمی مرۆڤ دەزانێت، کە تا هەتا سۆزمان

بۆی دەبێت و مرۆڤ تیایدا هەست بە ئارامی دەکات و پێی وایە لەوێدا خۆشی و ئاسوودەکانی لە تەواو نەبوودایە. نووسەر ئەم لێکچوونەی فرۆید بۆ ماڵ وەک ژینگەیەکی ئارام بۆ گیان دەبەستێتەوە بە تێگەیشتنی بیرمەندێکی وەک باشلەر، کە لە کتێبی (جوانییەکانی شوێن) ماڵ بە دۆخێکی ڕۆحی دەچوێنێت. محەمەد تەها حوسێنیش دروستکردنی ماڵ وەک چاوگەیەک بۆ گەشەکردنی ئەقڵ وێنادەکات و پێی وایە ماڵ جۆرێکی دیکەیە لە شارستانیەت، کە ژیان تیایدا دەتوانرێت بە تاکگەرایی بکرێت، هەر ئەوەشە وا لە تاک دەکات هێزی ژیان و بیناکردن، کە دەرهاویشتەکەی ئەقڵە فەراهەم بکات و برەویان پێ بدات. لێرەدا ماڵ واتا مەجازییەکەی لەدەست دەدات و خاک، نیشتمان، کۆمەڵگە، شارستانیەت وەک بەرهەمی ژیاری مرۆڤایەتی وەک سەمپڵ بۆ خوێندنەوەی سایکۆلۆجیای ئەقڵی کوردی وەرگیراوە. هەر ئەوەشە وای لە نووسەر کردووە هزری فرۆیدی وردکاتەوە، تاوەکوو ڕادەی ئەوەی دایبەزاندووەتە ئاستی کۆمەڵگەی کوردی و شرۆڤەی ئەقڵ و ژیربێژی دۆخی کوردی پێ کردووە.

"سیگمۆند فرۆید " وەڵامی نامەیەکی ژنێک دەداتەوە کە داوای هاوکاری لێ دەکات، تاوەکوو کورە هاوڕەگەزخوازەکەی بۆ چارەسەر بکات، وەک لە وەڵامدانەوەکەش دیارە کە "فرۆید" چارەسەرێکی ئەو تۆ شک نابات، بۆ ئەو بابەتە و پێی وایە، کە هاوڕەگەزخوازی بە هۆی گرفتێک لە پەرەسەندنی سێکسیدا ڕووی داوە، لەسەر بنەمای تێڕوانییەکانی فرۆید مرۆڤەکان هەموویان لە سەرەتادا دوو ڕەگەزن، هاوڕەگەزخوازیش، بە جۆرێک لە لادانی ئەو دۆخە

دەزانێت، هەڵبەت ئەم نامەیە تێڕوانینێکی بێ لایەن و زانستییانەی فرۆیدە لەسەر هاوڕەگەزخوازی، ئەو وەک زانایەک قسە لەو بارەوە دەکات و دیدی و تێڕوانینی خۆی دەخاتە ڕوو، نەک وەک کەسایەتییەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی، کە لە پای گوناح و تاوان سەیری بکات، ئەو پێی وایە کە هاوڕەگەزخوازی شتێک نییە ئیختیاری بێت و خەڵکی بە ویستی خۆیان هەڵیبژێرن، وەڵامەکەی ئەوە نییە ڕەوایەتیی بدات بە هاوڕەگەزخوازی، هێندەی بەرگریکردنە لە بێتوانی ئەو کەسانەی کەوتوونەتە ناو ئەو دۆخەوە.

کارمەند عەزیز عەلی دەقی نامەکەی وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی بەم جۆرە: من لە نامەکەتان ئەوەم زانی، کە کوڕەکەتان هاوڕەگەزخوازە، من زۆر سەرسام بووم بەوەی ئێوە خودی ئەو زاراوەتان بەکار نەبردووە، لەو زانیارییانەی داوتانە سەبارەت بەو، دەتوانم بپرسم بۆچی لەوە ڕادەکەن؟ هاوڕەگەزخوازی بە دڵنیایی بەرەو پێش چوون نییە، بەڵام شتێک نییە شەرمی لێ بکەیت، گوناح نییە، کەمبوونەوە نییە، ناتوانرێت وەک نەخۆشی پۆلێنی بکەین؛ ئێمە ئەوە بە جۆرێک لە جیاوازی وەزیفەی سێکسی دەزانین، کە بە هۆی وەستان (بەربەرستێک) لە پەرەسەندنی سێکسیدا ڕووی داوە. زۆر کەسی بەڕێز لە سەردەمەکانی کۆن و نوێدا هاوڕەگەزخواز بوون، چەندان پیاوی گەورە لەنێویاندا، (ئەفلاتوون، مایکڵ ئەنجیلۆ، لیۆناردۆ دافینشی و...هتد، ). ئەوە ستەمێکی گەورەیە و نادادییە، کە هاوڕەگەزخوازی وەک تاوانێک سەیربکەم، ئەگەر بروا بە قسەی من ناکەیت، کتێبەکەی هاڤیلۆک ئەلیس بخوێنەوە. بەوەی، کە داوات لێ کردووم ئەگەر بتوانم یارمەتی

(کوڕەکەتان) بدەم، گریمانەی ئەوە دەکەم، ئەگەر من بتوانم هاوڕەگەزخوازییەکە نەهێلم، لە جێگەی ئەوە سێکسی (سێکس لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر) ئاسایی جێگەی بگرێتەوە، وەڵامەکەی ئەوەیە، بە شێوەیەکی گشتیی ناتوانین وەها بەڵێنێک بدەین بۆ ئەنجامدانی ئەوە. لە هەندێک لە کەیسەکاندا ئێمە سەرکەتوو بووین، لە گەشەپێدانی میکرۆبێکی لەناوبەر لە ئارەزووی سێکی ڕەگەزی پێچەوانە، کە (ئەو میکرۆبە) لە هەموو هاوڕەگەخوازەکاندا هەیە، لە زۆرینەی کەیسەکاندا، هیچ توانایەکی دیکە نییە، ئەوەش وابەستەی جۆری کەسەکە و تەمەنی تاکە، ناتوانین پێشبینیی بە ئەنجامی چارەسەرەوە بکەین.

ئەو شیکارییەی دەتوانین بۆ کوڕەکەت بیکەین، چەند دۆخێکی جیاوازی هەیە، ئەگەر ئەو خۆشحاڵ نەبێت، نیرۆتیک بێت، ململانێکان پارچە پارچەیان کردبێت، گرفتی هەبێت لە ژیانی کۆمەڵایەتی، دەروونشیکاری ڕەنگە هارمۆنیەت، ئارامی هۆش، لێهاتوویی تەواو بۆ بگەڕێنێتەوە، چ ئەگەر کوڕەکەت هاورەگەزخواز بێت یان گۆڕابێت. ئەگەر تۆ وا بیرت کردووەتەوە، کە من دەروونشیکاری بۆ بکەم - من پێشبینیی ئەوە ناکەم- پێویستە ئەو بێت بۆ ڤییەننا، من هیچ نیەتێکی جێهێشتنی ڤییەننام نییە، هەرچۆنێک بێت، لە بیری مەکە وەڵامم بدەیەوە.

## ٨

ئەگەر بتەوێت قسە لەسەر کایە و فیگەرەکانی ناو کۆمەڵگە بکەیت، پێویستە بە شێوەیەکی گشتگیر و فرەوان لەسەر چەمک و دەستەواژەکانی بوەستیت، ناکرێت تۆ قسە لەسەر ئایین

بکەیت، مەعریفە فەرافۆش بکەیت، قسە لەسەر هزر و ئایدیا بکەیت لاهووت فەرامۆش بکەیت، قسە لەسەر ئازادیی بکەیت و سێکس و ڕمەك فەرامۆش بکەیت، باسی تاک بکەیت و هونەر و ئەدەب و فەزیلەتەکان فەرامۆش بکەیت، هەر بەرکەوتەیەک لەناو کۆمەڵگەدا، لە بەرامبەر هەر شتێك، جا ئەقڵانی بێت، یان کەرەستەیەکی نامەعریفی بێت، پێویستە دەرکەوتەکانی لە ڕێگەی تۆژینەوە و وردکردنەەی لەناو کایە ئەقڵانی و لێکەوتەکانیدا شرۆڤە بکەیت، کۆمەڵگە نەریتییەکان، ئیشکردنی مەعریفییانە لەناویدا زەحمەتە، بەتایبەت ئەو کۆمەڵگەیە لە دەرەوەی سیستەم بێت، کە دەڵێن سیستەم مەبەستمان بازنە کولتوورییەکەیە، کە جیاوازی نەتەوە و کۆمەڵگەکان دەردەخات..

مەراقم بوو بزانم دەتوانم ئەوەی لە مێشکمدایە بینووسمەوە! برادەراکانم، بە تایبەت یەکێکیان بەردەوام دەیکێشا بە مێشکمدا دەیگوت: خۆت چۆنی ئاوها بنووسە. چەند بیرم دەکردەوە نەمدەزانی لە کوێی خۆمەوە دەست پێبکەم، ناشکرێت بەو تەمەنەوە، ملبدەمە ڕابردووم و هەرچی کردوومە و بینیومە و بیستوومە هەڵیرێژمە ئەو گۆڕەی. ئاخر مرۆڤ لە تەمەنی خۆیدا شتگەلێک دەکات و دەبینێت، خۆ ناکرێت مشت مشت یەکدەست بیخاتە سەرکاخەز. جاروبار شەرم دایدەگرتم و ڕادەمام دەمگوت: پشیلە پاشماوەی خۆی لە بنگڵێ دەنێت، تا وەکوو مشک هەستی پێن ەکات. ئەی من لە کێ دەترسم؟ زۆر جاران دڵی خۆم بەوە دەدایەوە برادەرەکانم، دۆخی ژیانیان لە من شڵەژاوتر بووە، دونیایەک یادەوەری خۆش و ناخۆشیان بەسەردا هاتووە، هەیانبوو بای شارێک بەس دەردەسەری بینیوە.

بۆ نموونە یوسف بە دە برایان خستیانە بیرێکەوە، هیچ کاتێکیش ئەو مێژووە تاڵەی بۆ باوکی باس نەکردووە. خۆ ئەزموونی لە هەمووماں زیاترە، لە ئێمەیش قسەزانتر و زمانپاراوتریشە، بۆیە وتەکەی هەمەنگوام دەهاتەوە بیر: ڕۆماننووس، ئەو شتانە دەنووسێتەوە کە پێویستە باس بکرێن.

# دیمانە

**پرسیار: دوای ١٠٠ ساڵ، ڕۆمانی کوردی گەیشتووەتە چ ئاستێک؟ دەتوانێت ململانێ بکات لەگەڵ ڕۆمانی وەڵاتانی جیهاندا؟**

وەڵام: مێژووی نووسینی ڕۆمان لەناو کورد، وەک نموونەی دەقی کاخەزی دیرۆکێکی زۆر درێژی نییە، جگە لەوەش تاوەکوو کۆتایی هەشتاکانی سەتەی بیست ڕۆمانی چاپکراو لە باشووری کوردستان چەند ڕۆمانێکی دیاری کراو بووە، واتە لە ڕووی چەندایەتییەوە نێزیکەی بیست دانەیەک دەبن، بەڵام لە دوای ڕاپەڕین، بە تایبەت دوای ساڵانی دوو هەزار و تاوەکوو ئێستەکە، ئیدی شەپۆلی ڕۆمان نووسین لە باشوور و بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، ڕۆمان و ڕۆماننووسی کوردی گەیاندە قۆناخێکی دیکەوە. بە بەراورد بە ساڵانی زوو، چاپکردنی ڕۆمان هێندە بە خێرایی گەشەی کرد، تاوەکوو ئەم ساتەش، جگە لە هەندێك هەوڵی جددی لێتۆژ و ڕەخنەگرانی کورد، کە

بە پەنچەی دەست دەژمێردرێن نەتوانراوە وەک پێویست ئەو قۆناخە هەڵسەنگێنن، ئەرکی ناوەندە ئەکادیمی و زانکۆکانە ئەو جیاکارییە دەستنیشان بکات، نەک ئێمە و مانان؟!. خوێندکارانی زانکۆ بە تۆژینەوە و تێزی ماستەر و دکتۆراکانیان دەتوانن بۆمان شی بکەنەوە و بگەنە بەرئەنجامێک، کە ڕۆمانی کوردی لە کوێی ڕۆمانی جیهانیدایە. تاوەکوو ئێستە هەوڵەکان لەو ئاستەدا نین، تاوەکوو ئێمە لەو دیدارەدا بێین قسە لەسەر ئەوە بکەین، ئاخۆ ڕۆمانی کوردی دەتوانێت ململانێ لەگەڵ ڕۆمانی جیهانیدا بکات؟! بە ڕاستی من لەگەڵ زاراوەی ململانە و کێبەرکێ و ئەو شتانەدا نیم بۆ دونیای ئەدەب، چونکە ئەدەب پێوەندی بە هەست و خەیاڵ و جیهانبینی تاکەوە هەیە، ئەدەب بەرهەمی بیرکردنەوەی تاکە، جا ئەو تاکە کەمبۆدی بێت، یان بەرازیلی، یاخۆ ئەورووپایی، یاخود کورد بێت، یان تاکێکی دیکە بێت. مادامەکێ قسە لەسەر دەقە وەک بەرهەمی مرۆڤ، کەواتە تۆ سەوداکاریی دەگەڵ چییەتی دەق دەکەیت، نەک کەس و نەتەوە و ڕەگەز و...هتد، بەڵام دەتوانین پرسیارەکە بەو شێوەیە لێ بکەین، ئایا کورد توانیویەتیی سەوداکارییەکی ئەدەبیانە لەگەڵ ڕۆماندا بکات؟! پێش ئەوەی وەڵام بدەمەوە دەمەوێت لەسەر ئەدەبیاتی زارەکی و ئاخافتن و زمانی دایک و حیکایەت و گێڕانەوە و داستان لەناو کورددا، هەڵوەستەیەک بکەم. گەر سەرنج بدەینە مێژووی ئەدەبیاتە زارەکییەکان، کورد لەوەدا زۆر دەوڵەمەندە. هەروەها لە حیکایەت و داستان و شێوازی گێڕانەوەدا، لەمەشیان میراتێکی سەنگینمان هەیە. کۆڕ و مەجلیس و دیوەخانی کوردەواری، پاشخانێکی دەوڵەمەندی لەو بوارەدا بۆمان بەرهەم هێناوە. زمانی کوردیش بە هەموو زار و

بنزارەکانییەوە، بە تایبەت لە باشووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان میراتێکی گەورەیان بۆ جێ هێشتووین.

بیرمان نەچێت خۆی کێشەکە لە تەوزیفکردنی ئەو میراتە دەوڵەمەندەیە بۆ سەر کاخەز، بۆ سەر دونیای ئەدەب و گێڕانەوە، یان بە واتایەکی دیکە دەتوانین بپرسین ڕۆماننووسی ئێمە چۆن سەوداکاریی لەگەڵ ئەو کەرەستانەدا کردووە؟ دیارە ڕۆمان جگە لە زمان و تەکنیک و شێوازی گێڕانەوەی، دوو بونیادی سەرەکیی هەن، کە پایەکانی ڕۆمانی لەسەر ڕۆدەنرێت، ئەمیش ئایدیا و ماتریالەکەیەتی، واتە هزر و کەرەستەکانی. ڕۆماننووسی کورد زۆر بە کەمی توانیویەتیی کار لەناو ئەو دوو چەمکەدا بکات، هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی تۆ ئەو پرسیارە بکەیت، چونکە لەو کایەدا بۆشاییەکی زۆرمان هەیە و نەمانتوانیوە لەناو ڕۆماندا تەوزیفی بکەین. کورد یەک دونیا کەرەستەی ڕۆمانی هەیە و خاوەنی ئایدیا و هزر و ئەندێشەی خۆیەتی، بەس کاتێک تۆ نەتوانیتن کۆی ئەوانە لەناو دەقدا جێ بکەیتەوە و لەناو ڕۆمانیشدا دواجار قووڵ بەر ڕووداو کەرەستە و هزر نەکەوتی، ئەو کاتە ئەو پرسیارە دروست دەبێت، ئاخۆ ئێمە لە کوێی ڕۆمانی جیهانیداین؟. هەرچەندە من هەندێک لە ڕۆمانەکانی کاروان کاکە سوور و کەریم کاکە و بەیان سەلمان و عەتا نهایی و جەبار جەمال غەریب و لە پیشتردا حوسێن عارف و عەبدوڵڵا سەڕاج و جەلیل کاکەویس و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل بەو ڕۆماننوسە جیهانیانە دادەنێم، کە قووڵ بەر تەکنیک و ئایدیا و ماتریالەکان کەوتوون و زۆر باش ئیشیان لە جەوهەری ڕۆماندا کردووە.

**پرسیار: بۆچی لە ئەدەبی کوردیدا، مێژووی ڕۆمان زۆر نییە؟**

وەڵام: دۆخی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی کورد، هۆکارگەلێک بوون، کە ئەو ژانرە بە درەنگ بە ئێمە بگات و نووسەری ئێمەش شەرمنانە سەوداکاریی لەگەڵ ژینگەی ئەدەب بەگ شتی و ژینگەی ڕۆماندا کردووە، واتە وەک خۆی تەکنیک و زمان و شێوازی ڕۆمانی نەیناسیوە، زیاتر بایەخی بە شیعر و هۆنراوە و لاواندەنەوە داوە، واتە قووڵ بەر ئەدەب نەکەوتووە. نووسەری کورد زیاتر سەوداکارییەکی هەستەکیی و ڕۆمانسییانەی دەگەڵ ئەدەبدا کردووە، نەک ئاوێتەبوونێکی هزری و مەعریفی، بۆیە هەلومەرجی گەشەی ئەدەب لای ئێمە دۆخێکی شیعرییانەی وەرگرتووە، ئەو فۆڕمە لە ئەدەبە زیاتر هی گەلانی ژێردەستە و کشتوکاڵین، کۆمەڵگەی کشتوکاڵی کەرەستەکانیان زیاتر هۆنینەوە و سۆز و لاواندنەوەیە، بۆیە زۆر بە کەمی ئاوڕمان لە ڕۆمان و هزر و فەلسەفە داوەتەوە. کاتێک تۆ سۆزدارانە ئیش لە دونیای ئەدەبدا دەکەیت، ئەو کات بەرهەمی تۆ هەر شیعر و لاوک و حەیران دەبێت. کاتێکیش دەڵێن لاوک و حەیران مەبەستم ئەوەیە، کە بەرکەوتنی ئێمە دەگەڵ ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆردا، تەنانەت داستان و ئەفسانە و حیکایەتەکانیش هێندە شیعرئامێزبووە، هێندە فەزایەکی کراوەی بۆ جیهانبینی نووسەر نەخوڵقاندووە.

بە ڕاستی ڕۆشنبیری کورد زۆر لە پاش عارەب و فارس، سەردەمی ڕۆشنگەری ئەورووپای ناسی. مخابن چەرخی

درەوشانەوەی ڕێنسانس، زۆر درەنگ بە ئێمە گەیشت. لەناو کورد ئەوانەی ئەورووپایان دیتبوو، بە پەنچەی دەست دەژمێردران، بەداخەوە لە ڕێگەی ئەو زمانزانیی و شارەزایی و توانابیەی، کە هەیانبووە، هێشتەکێ توانستی ئەوەیان نەبووە، کە وێنە گەورەکەی ڕۆژئاوا وەک خۆی بۆمان بگوازنەوە. لێرەدا پێویستە قسەیەکیش لەسەر بزاڤی وەرگێڕان بکەین، نموونەی نووسەر و ڕۆشنفکرێکی کوردم بۆ بهێنەوە، فەرەنسایی زان، ئەڵمانی زان، ئینگلیزی زانێک، کە وەک پرۆژە کاری لەسەر بە کوردیکردنی ئەدەب و هزر و فەلسەفەی ڕۆژئاوایی کردبێت. مەبەستم ئەوانەیە، کە لە سەتەی بیستدا خاوەن قەڵەم و ڕۆشنفکربوون. نموونەی ماڵباتی بەدرخانییەکان، کەسایەتییەکی وەک (میقداد مەدحەت بەدرخان)، کە لە ساڵی ١٨٩١ چووەتە میسر و پێنج ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان چاپ دەکات، کە بە یەکەمین رۆژنامەی کوردی کاخەزی دادەنرێت. زمانی کوردی، تورکی، عارەبی ، فەرەنسایشی بە باشی زانیوە، جگە لەوەش بە دامەزرێنەری ئەلف و بێی لاتینی کوردی دادەنرێت، بەڵام هیچ کامێکیان کاریان لەسەر گواستنەوەی ئەدەبی بیانی نەکردووە، بۆ سەر ئەلف و بێی کوردی، مەبەست ئەلف و بێی لاتینی کوردییە. (میر جەلادەت بەدرخان) لە نێوان ساڵانی ١٨٩٣ — ١٩٥١ ژیاوە، بە حەفت زمان قسە و نووسینی پێکردووە، وەک کوردی، ئینگلیزی ، فەرەنسایی ، ئەڵمانی، تورکی ، فارسی، عارەبی ، عیبری و یۆنانیشی زانیوە، بەڵام هیچێک لەو زمانانە کۆمەکی ئەوەی ناکەن ئەدەبی گەلان وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی. (محەمەد ئەمین زەگی بەگ) لە نێوان ساڵانی ١٨٨٠ — ١٩٤٨ ژیاوە، زمانەکانی کوردی، عارەبی، فارسی ، تورکی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسایی بەباشی زانیوە و لەبەر زیرەکی و

لێوەشاوەیی بە "زەکی" ناوبانگی دەرکردووە. خاوەنی زیاتر لە دوانزە کتێبە، بەڵام هەوڵی نەداوە بە هۆی ئەو هەموو زانینەی زمانەوە کە هەیبووە، ئەدەبی ڕۆژئاوایی بکاتە کوردی. (ڕەفیق حیلمی)، کە لە نێوان سالآنی ١٨٩٨- ١٩٦٠ ژیاوە، عارەبی، تورکی، فەرەنسایی زانیوە، کتێبی (خولاسەی مەسەلەی کورد) کە لە فەرەنسایی بە کوردی کردووە، لەگەڵ کتێبی (کورد لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا ١٩٢٠) بە عارەبی نووسیویەتی، چەند پەڕتووکێکی بە زمانی کوردی لەسەر شیعر و ئەدەبی کوردی نووسیوە، ئایا هەوڵی داوە ئەو میراتە هزری و فەلسەفی و ئەدەبییەی ڕۆژئاوا بگوازێتەوە ناو کورد؟! بێگومان نەخێر. (تۆفیق وەهبی) کە لە نێوان سالآنی ١٨٩١- ١٩٨٤ ژیاوە، جگە لە زمانی کوردی، شەش زمانی بە باشی زانیوە، عارەبی، ئینگلیزی، تورکی، فەرەنسایی و... هتد، ئەندامی کۆمەڵەی جوگرافیاناسانی بەریتانیا بووە، بە کوردی و عارەبی و ئینگلیزی کتێبی هەیە، بەڵام هەوڵی نەداوە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە، ژیاری ڕۆژئاوا بە ئێمە بناسێنێت. (پیرەمێرد) کە لە نێوان ١٨٦٧ – ١٩٥٠ ژیاوە، بە چاکی زمانی کوردی، تورکی، فارسی، عهارەبی قسە و نووسینی پێکردووە. (گۆران) کە لە نێوان سالآنی ١٩٠٤ – ١٩٦٢ ژیاوە، زمانی کوردی و عارەبی و تورکی و ئینگلیزی زانیوە و زۆر باش ئاگەداری ئەدەبی گەلان بووە. (عەرەبی شەمۆ) کە لە نێوان سالآنی ١٨٩٧ – ١٩٧٨ ژیاوە، زمانی کوردی، ڕووسیایی بە باشی زانیوە، داستانی "قەڵای دمدمی" کردووە بە زمانی ڕووسیایی بە پیتی سلاڤی لە یەریڤان. هەڵبەت پیرەمێرد و گۆران و عەرەبی شەمۆش وەکو ئەوانی دیکە کاریان لەسەر گوستنەوەی ئەدەبی گەلان نەکردووە بۆ سەر زمانی کوردی، بەس دەبینین زانایەکی وەک (ئیبن ڕوشد) کە

لە نێوان ساڵانی ۱۱۲٦ – ۱۱۹۸ ژیاوە، زمانی عارەبی، ئیسپانی، فەرەنسایی، عیبری و یۆنانی بەباشی زانیوە و ئەو تخوبە تێک دەدات و دەپەڕێتەوە بۆ ڕۆژئاوا، ڕۆژئاوایەک هێشتە خۆی وەک ئیبن ڕوشد، کە ناسیویەتی خۆی نەناسیوە و دواجار لە ڕێگەی ئیبن ڕوشدەوە بە خۆی ئاشنا دەبێتەوە. لە ڕێگەی زمانزانییەکەیەوە، تەواوی فەلسەفەی یۆنانی دەگوازێتەوە ناو کولتووری عارەبی و ئیسلامی. باشە نموونەی زانایەکی کوردی بلیمەتی وەک (ئیبن و ئادەم)مان هەیە، لە نێوان ساڵانی ۱۷٤۷ – ۱۸۳٦ ژیاوە، کۆمەڵێک دانراوی هەیە لە زانستی ئەقڵی و نەقڵیدا، زمانی کوردی و عارەبی و فارسی زۆر بەباشی زانیوە، پەڕتووکێکی بە زمانی کوردی هەیە، بە ناوی "مشكاه المنقول" مەلا کوردەکان ڕەخنەیان لێ گرتووە و پێیان گوتووە تاوەکوو زمانی عارەبی هەبێت، دروست نییە بە زمانی دیکە شت بنووسرێت. ئەویش لە حاشیەکەیدا نووسیویەتی: (سەرم سوڕما لە گوتنی ئەو مەلایانە، ئەوانە وەکوو هێلکەی لە تووکڵەی خۆی هاتوونەدەر)

سەیرەکە لەوەدایە ئیبن و ئادەمیش دواجار بوێری ئەوەی نەکردووە، بپەڕێتە ناو ژیان و دونیابینی ئایینی و کولتووری گەلانی دیکە. هۆیەکەی ئەوەیە، کە نووسەری ئێمە، پرۆژەی نەبووە و وەک پێویست نەیڕوانیتە کتێب و مەعریفە.

ئەوەی ڕاستی بێت زۆر لە زانا و دانای کورد هەن، لەنێو کولتووری ئایینیدا ونبووینە، لەکاتێکدا ئەوان جگە لە زمانی کوردی، بەشی زۆریان عارەبی، فارسی و تورکییان زانیوە، بەڵام ئەو دۆخە درەوشاوەی ڕۆژئاوا نابینن، وەک ئیبن و ڕوشد بیرمەندانی دیکەی جیهانی ئیسلامی ناچن تێکەڵ بە کرۆك و کولتووری دونیای دیکە بن، بگرە دێن بە گژ کولتوورێکدا

دەچنەوە، کە بێ ئەوەی بیزانێت ونی دەکات. کێ لە ئێمە وەک خۆی بەشێک لەو زانایانە دەناسێت، کە لەناو دونیای ئایینییدا بیریان کردووەتەوە و چەندان دانراویان بە زمانی عارەبی هەیە، کێ لە ئێمە وەک خۆی ئەوان دەناسێت، کە شەرعزان و زمانزان و فەقهی و زانای بلیمەت بووینە، بەڵام دەبینین زۆرینەیان ونبووینە، چونکە بە زمانی خۆیان بیریان نەکردووەتەوە، بە زمانی دایک خەیاڵیان نەجووڵایە، خەونیان نەبینیوە، یان کاریان لەسەر ڕۆشنکردنەوەی هزر نەکردووە، بەو زمانەی کە هی دایکییەتی. زمانی دایک، کاتێک دەبێت بە هۆش و هۆشمەندی کە شتی لێ بەرهەم بێت، نووسەر بەو زمانەی، کە بیردەکاتەوە، بەو زمانەش دەنووسێت.

بیرمان نەچێت ئەدەبی ئێمە زۆرینەیان سیاسی بووە، یان کرووزانەوە و باس و خواسی ڕۆمانسییانە بووە، تاوەکوو ئێستەکەیش ڕۆمانی ئێمە لە حیکایەتی شیرین و فەرهاد دەربازی نەبووە، کەمی ڕۆمانی کوردیش لە مێژوودا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کورد نەیتوانیوە سەوداکارییەکی ئەدەبی و مەعریفییانە لەگەڵ ژانری ڕۆمان و گێڕانەودا بکات. سەرسام بووە بە ئەدەبێک کە هزری نەگۆڕیوە، بگرە زیاتر کاری لەسەر متبوون و خۆجوینەوە کردووە، لە سەرەتاوەش زۆر بە کزۆڵی ڕۆمان دەرکەوتووە، هیچ هونەرکارییەکی لەو بوارەدا نەکردووە، تەنها حیکایەتی گێڕاوەتەوە. زمان و تەکنیک و شێوازی گێڕانەوەی جۆرێک بووە لە ئەدەبی سەرگوزەشتە، هەر بەو شێوازەش سەوداکاریی لەگەڵ دۆخی ڕۆماندا کردووە. دیارە دەرکەوتنی ڕۆمانی کوردی بۆ ساڵانی بیستەکانی سەتەی بیستەم دەگەڕێتەوە، هەرچەند ئەو ڕۆمانانەی لەو ماوەیەدا نووسراون، نابێت نادیدە بگیرێن و بەبایەخەوە وەک سەرەتایەک بۆ

ڕۆماننووسین لەناو کوردا سەیری نەکەین، ئەوەش کاری ڕەخنەگر و ئەکادیمێستەکانە، تۆژینەوە بکەن و لایەنە هونەرییەکانیان هەڵبسەنگێنن. (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جاف و ( لە خەومای) جەمیل سائیب، هەرچەندە وەک ژانر شوناسی ڕۆمانی پێوە نەلکاوە، بەڵام ئەدەبناسان ناویان ناوە چیرۆکی درێژ و بە پێوەری میتۆدی ڕۆماننووسین، بە بەراورد بە ڕۆمانی ئێستە ئەو دوو دەقەش خراوەتە لیستی ڕۆمانەوە، کە بە یەکەم دەرکەوتنی ڕۆمانی کوردی لە باشوور دادەنرێت. نووسەر و ئەکادیمێست و شارەزایانی بواری ئەدەب، ڕۆمانی (پێشمەرگە)ی ڕەحیمی قازی و ( ئاشتی کوردستان)ی محەمەد ساڵح سەعید و (ژانی گەل)ـەکەی ئیبراهیم ئەحمەد بە وەرچەخانێک دەزانن لە بواری ڕۆماندا.

**پرسیار: بۆچی لە کتێبخانەی کوردیدا، ڕۆمانی وەرگێڕدراو چەند بەرامبەری ڕۆمانی نووسراوی کوردی زیاترە؟**

وەڵام: وەک باسمکرد بزوتنەوەی بە کوردیکردنی ئەدەبی گەلان، لەناو کورددا زۆر درەنگ دەستی پێکردووە. نیگەرانیشم لەوەی، کە بەشی زۆری ئەو قەڵەم بەدەست و ڕۆشنفکرانەی ئێمە لەبری ئەوەی سەرقاڵی دۆخی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هزری جیهان بن، هاتوون بە شتی دیکەوە خەریک بووینە، یان دەکرا لە پەنای ئەو شتانەوە وەک پرۆژە و کارێکی درێژخایەن و ئەزموونی سەیری گرینگی گواستنەی ئەدەبی بیانیان بکردایە، چونکە ئەوان چەندان زمانیان زانیوە و لە نێزیکەوە دۆخی ڕۆژئاوایان بینوە و لە بەهاکەی تێگەیشتوون. سەبارەت بە ڕۆمانی وەرگێڕدراویش من بە شتێکی لەنگ و ناڕێکی نابینم، بگرە

هەردەم لایەنگری ئەوە بوویمە، کە ئەوەی وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی، زیاتر بە ئۆرگانی بکرێت و ناوەندە چاپەمەنی و دەزگە و وەرگێڕان بە بەرنامە و پلانەوە کار بکەن، هەرچەندە لەوەشیان دونیایەک ئاریشەمان هەیە، وەرگێڕ هەیە لەیەککاتدا (نیتچە) دەکاتە کوردی و کتێبی (چۆن دەبیت بە کەسێکی سەرکەوتوو)ش وەردەگێڕێت، دێت ئیش لەسەر (فۆکۆ) دەکات و ڕۆمانیش دەکاتە کوردی، کتێبی سیاسی و دەروونشیکاری و شیعریش دەکاتە کوردی، ئەو ناڕێکییە گومانمان لا دروست دەکات، چونکە وەرگێڕ نابێت ئەوها پەرتبێت، تۆ دەبێت وەک پرۆژە سەیری وەرگێڕانی نووسراوی دەرەوەی خۆت بکەیت، بۆ نموونە سەیرە تۆ لە (نیچە و هیگڵ و هایدگەر) نەگەیشتبیت، لەولاوەش خەریکی گواستنەوەی هزری ئەوان بیت، جارێك ئێمە کلۆڵین لە ناساندن و تێگەیشتن لە چەمک، هەموومان بە دەست ئەو چەمکە هزری و مەعریفی و فەلسەفی و ئەدەبییانەوە گیرمان خواردووە، نازانین چۆن و لە چ شوێنێک بەکاری دەهێنین. کەواتە پرۆسەی وەرگێڕان کارێکی کولتووری قووڵە، بەرپرسیارەتییە، ناکرێت بەو فۆڕمە ئەو مەکینە زەبەلاحە بسووڕێنین، کارگەی وەرگێڕان بنەمای خۆی هەیە، ئاخر ئاسان نییە، تێگەیشتن لەو بیرمەندانە. هەرچەندە من هەمیشە لایەنگری ئەوە بوویمە، کە دەبێت پرۆسەی وەرگێڕان زیاتر بایەخی پێ بدرێت، بەس لە زمانی یەکەمەوە. کاتێک ڕەخنەم لە نووسەرانی کۆن گرت، کە ئیشیان لەسەر گواستنەوەی ئەدەبی گەلان نەکردووە، مەبەستم لەوەدا ئەوەیە بڵێم ،کە ئەوان زمانی یەکەمیان زانیوە و دەیانتوانی ئەو کارە بکەن، بەڵام ئێستە تۆ بێت فۆکۆ لە عارەبییەوە بە من بناسێنیت و (فرۆید) لە تورکی و (درێدا) لە فارسی و (دۆلۆز) لە عارەبییەوە و...هتد، بە ڕاستی

بەوە زیاتر دوور دەکەوینەوە لە هزر و تێڕوانینی ئەوان، چونکە تۆ لە زمانی دووەم و سێیەمەوە وەرتگرتووە، کە ئەمە دۆخی واتا و دال و مەدلولی چەمک و تێڕوانینەکان دەگۆڕێت، من هەمیشە نموونەی نووسەر و وەرگێڕێکی وەک (هاشم سالح) دەهێنمەوە، کە وەرگێڕێکی سەرکەوتووی دونیای عارەبانە. کارەکانی (محەمەد ئارەگۆن)ی بیرمەندی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عارەبی، خۆی خوێندکاری ئارەگۆن بووە، فەرەنسایی زانە و عارەبی زانێکی باشیشە. ئینجا وەک خۆی دەڵێت: بە ترسەوە کار لەسەر هزری ئارەگۆن دەکەم. سەبارەت بە پرسیارەکەش، کێشە لەوەدا نییە ت ڕۆمان زیاترە وەرگێڕدراوە، لە بەرهەمی کورد خۆی، بگرە قسە لەسەر چییەتی نووسین و دەقە، کە ئێمە چ دەنووسین و چ وەردەگێڕین. ڕەنگە شەپۆلی وەرگێڕانی ڕۆمان لە نووسینی ڕۆماننووسی کورد زیاتر بێت، ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییە و بگرە یارمەتی دۆخی ئەدەبی ئێمەش دەدات، بەڵام با پرسیارەکە بەو شێوەیە بکەین، بۆ زیاتر ڕۆمانی بیانی دەخوێنرێتەوە و کەمتر لەوە ڕۆمانی کوردی دەخوێنرێتەوە؟ ئەو پرسیارە باس و خواسێکی جددی دەورووژێنێت، کە لێرەدا ڕەنگە بوار نەبێت و بە وردی و پوختی تۆژینەوەی لەسەر بکەم، بەڵام لە دەرفەتی دیکەدا دەتوانین بەیەکەوە بچینەوە سەری.

ئامادەکردنی: سیروان عەباس گۆڤاری خاڵ ژمارە ٣٣ ی ساڵی ٢٠٢١ " تەوەری ڕۆمان و چیرۆکی کوردی"

## نووسین بەتامی چیرۆك

پیاوەکە قوپچەی کراسەکەی وەک دڵی ئۆقیانووسەکان پەرت بووبوو، ناوێکی وای لێنەبوو هەروا بە ئاسانی لەسەر لێومان بەربێتەوە، وەکوو ئەو ناوان بوو، کە قوتابخانە، مەلها ، بارەگەی حزب و مزگەوت و کتێبیان بەناو دەکرێت، لە شێوەی دوکانی پێڵاوفرۆشەکان ناوی ئەمیش هەبوو. بە خەیاڵێکی بڵاوەوە تێم ڕوانیی و دوو لەو شمشێرانەی بەدەستەوەبوو، کە بێ فیشەک، لە مۆزەخانەی نیشماندا دانرابوون، شێوەییم بردەوە سەر یەکێک لە هاوڕێکانی سەردەمی منداڵیم. هەر لەم شارە پان و درێژەدا کۆمەڵێک پیاوی ڕەنگ ئەستوورم بینی، کە هەموویان بە شێوەی جەنگاوەر و کارمەندگەلی حکومی، ڕەنگ گەنمی و پێست مردووبوون. بۆنی بن هەنگڵیان تێکەڵ بەو عارەقانە دەکرا کە مەستی نەدەکردین، تۆ بڵێی کاری ئەم شانۆگەرییە یەک پەردە سیاسییە، لەم جیهانە پڕ وەیشوومەیەدا لەو نیشتمانە لەبیرکراوەدا چی بێت؟ بەر لەوەی ئەو زەمینە بە جێ بهێڵێت، کە مێژوویەک لەمەوبەر پیاوە گوارە لە گوێیەکان ڕوویان تێ دەکرد، ئیدی دەکەوتە گومان و پێی وابوو لە پشت ئەم جەنگانەوە پاڵەوانێکی نەخۆش بەدی دەکرێت، کە لە ساڵانی قات و قڕیدا کۆمیدیای دەچاند، وێ دەچوو یادەوەریی ئەمیش وەکو شارەکەم و

میوانخانە هەژارکەوتووە ڕەنگ زەردەکە، لەژێر تەمدا سڕابێتەوە. ئایا بە هۆی تەمەوە بوو ئەو ڕۆژە کەس بەسەر شەقامەکاندا نەدەبینرا، یاخود هیچ کاتێک کەس بەسەر ئەم شۆستە داڕزاوانەدا نەبووە. بە وردی کەوتە خوێندنەوەی دروشمی سەر بارەگەی حزبەکان و بانگەشەی ڕزگارکردنی مرۆڤ لەم دۆزەخەدا. لە جێگەی تابلۆی چێشتخانەکان و شوێنە گشتییەکان پۆستەری مرۆدۆستانەیان هەڵواسیبوو، لەسەریان نووسرابوو (هەرگیز مرۆڤ ناچێتەوە سەر سروشتی خۆی، تاوەکوو دەستبەرداری درۆکانی نەبێت) لە پەنجەرەی بەتەم داپۆشراوی چایخانەکەی بەرانبەر هوتێلەکە، کۆمەڵێک لاوم بینی سەیری بارینی بەفر و قەشەنگی سروشتیان دەکرد، بە جۆرێک ئارامیی خستە هەناوییەوە، وەک پەڕی گوڵ ڕوخساری پێیان دەگەشایەوە. هۆتێلی ئەشرەفگراند باڵەخانەیەکی دانسقەی دەستکردی سەردەمی ئەمەوییەکان بوو، کە لەسەر شێوەی بیناسازیی ئیسلامیی بنیاد نرابوو، تەلیسمێکی جوانی تەلارسازیی تایبەتی خولقاندبوو، دەستڕەنگینی و ورد لە نەخشکاریی بە ڕۆشنی لێوە بەدی دەکرا، کە دڵنیا دەبووی زەوق و سەلیقەیەکی فانتازی قەشەنگیان لە ڕەنگپێدان بە خانووەکانیان هەیە، ئەمەش دڵخۆشی دەبەخشییە ئەوانەی، کە لەبەردەمیدا بۆ سەیرکردنی وەستاون. مەمەڕی میوانخانەکە لەژێر تابلۆیەکدا بوو، کە وەک چەترێک دەیڕوانییە خۆی، ڕێبوارەکەمان کاتێک بەژێر تابلۆ شێوە چەترییەکەدا تێ دەپەڕی، کە بە ئەندازەی تێپەڕبوونی پاسێک بەرز دروستکرابوو، هەستی بە دڵخورپەیەکی سامناککرد کە پێوەندیی بەو ماندووبونە زۆرەوە هەبوو، کە بەدرێژایی ڕێگەکان چەشتبوویی، بۆیە لەبەر ماندوویی جەستەی،

نائارامییەکەی فەرامۆشکرد. با ئەوەیش بڵێین ئەم دڵهەڵچوونەی ڕێبوارەکەمان پێوەندیی بەو گەشتە و دیدارەوە هەیە، کە لە پێناویدا ڕەنجی زۆری داوە. ئەو چوار مانگ لەمەوبەر لە کافێیەکی گرانبەها لە پاریس چاوی بە ئاغای فیردەوسی کەوتبوو، کە هاوڕێی سەردەمی منداڵی بوو، پێی ڕاگەیاندبوو لەم گەشتەدا بۆ ڕۆژهەڵات گرفتی زۆرت تووش دەبێت، ئێستە وڵات وەک جاران نەماوە و گۆڕاوە. جگە لەوە کۆمەڵگەی نوێژخوێنان وەکو خەڵکی ئێرە تووشی پەتایەکی سەیری ژیان بووینە، سەرەنجی بۆ ئەوە ڕاکێشا ئەگەر ویستت شت بنووسیت، خوازیاری ئەوەی چ ببینی بگوازییەوە، وەک خۆی شتەکان ببینی، پێشنیازی ئەوەی بۆ ڕێبوارەکەمان کرد کە هیچ کەسێک نەکات بە هاوڕێی خۆی تەنیا قەڵەم و کاخەزەکانی نەبێت، بەڵام ئەو هیچ بایەخێکی بەو ئامۆژگارییەی ئاغای فیردەوسی نەدا و کەوتە دروستکردنی تۆڕێکی فرەوان لە هەڤاڵ و دۆست، تەنانەت هەر لەبەردەم هوتێلەکە کەسانێکی ناسی، کە بۆ ئەو دەروازەیەکی گرینگ بوو بۆ نووسینەوەی گەشتنامەکەی، جگە لەوە ئەو بۆ دیدارێک هاتووە، دەبێت ئەو کوڕە هۆشمەندەی ئێمە هەر ببینێت، کە خەو و خۆراکی لێ تێک داوە. کلیلی ژوورەکەی لە کارمەندی هۆتێلەکە وەرگرت و چووە ژوورەکەی خۆی، دوای کلیلدانی دەرگەکە ئیدی پاڵکەوت، هەستی بە جۆرێک لە حەسانەوە کرد، لە سەر جێگەکەیی و سەر لەسەر سەرین بە هێمنی گوێی لە هەستەکانی خۆی ڕاگرت. هەردەم وەک سروشتی تایبەتی خۆی ڕێبوارەکەمان بە ئاراستەی پێچەوانە بیر دەکاتەوە، ئەوەی بەدرێژایی ڕێگە قسەیان بۆ دەکرد و گوێی لێبووە یان بینیویەتی، ئەو جیاوازتر لەوان

تێدەهزری. هۆش و دڵی بایەخیان بەبوون و نەبوونی ئەو شتانە دەدا، کە خۆی چۆنی بۆ دەچوو، یان چۆن چۆنی لێیان تێ دەگەیشت، تاوەکوو سنووری یەقین لە شت ڕادەما، لەوە نەدەترسا لە ئاکامی غەریزەیەکی شێتانە وەکو ئەوانەی لە ژیانی سارد و سڕی سۆزداری و دەروون هەڵچوونیاندا تەنیا زنجیرەیەک زام و ناسۆرییان بە یادگاری بۆ دەمێنێتەوە، گرفتاری داوی ئەوین بێت و بەو شێوەیە دوا بڕیار بدات، کە ئاوەزی پەی پێنەبردبێت. لە نیوەی شەودا خەیاڵی تاوەکوو دەهات قووڵتر دەبوو، درێژدەبوویەوە، هێمنتر هەنگاوی دەنا، جۆرێک دەنوسا بە خەیاڵ ئیدی ئەستەم بوو لێک بوونەوەیان، جگە لە سپێدە و جگە لە تاریک و ڕوونی بەیان، هیچ شتێکی دیکە توانی لێکترازانی ئەم دووانەی نەبوو. ساردی و تەمی سەر پەنجەرەی ژوورەکە هەستی پاکیزەیی خەوتووی لای ڕێبوارەکە بێدارکردەوە، هەرچەندە ئەو لە یەکەمین ڕۆژی گەیشتنیەوە بۆ پایتەخت متمانەی بە هیچ کتێب و قسە و باسێک لەسەر ئەو شارە نەبوو. کتێب لەم مەملەکەتە شتێکی ماندووکەر، وەڕسێنەر و خەمبەخشە. عەیامێکە بێ بڕانەوە بەسەر ئەو خەڵکە دەڕژێت، کتێب لەم شارە دڵئاوساوەدا هەموو بەیانییەک بە شەقامەکانی شاردا خەو دەیباتەوە، لە بەردەم ئەم دەم و چاوانە لەنگەر دەگرێت وچان دەدات، کە تژین لە ڕووخساری قووپاو، ئەوان زمانیان لە قەڵەم و دەستیان لە کاخەز نەخشێندرابوو، ژیانیان بە پەراسوویان نووساوە. وەکو ڕۆژنامەنووسە پارەدارەکان شاریان دەکردە چراخان، هەردەم چەواشەکارانە دەنگدەرانیان دەدواند. بە کەڤاڵ و دروشمەکانیان جوانییان کاڵ دەکردەوە، ڕێگەی سەخت و دژوارەکانیان تەخت تەخت بۆ هەژارەکان دەخستە

سەر پشت، بە درێژایی دیدارەکانیان دەگەڵ خەڵک و تەواوی مەخلوقاتی شاردا بە درۆ بێ بڕانەوە بەسەریاندا دەباری. کاتێک لە تافی لاویدا لە پەنجەرەی ماڵە ئارامەکەیانەوە سەیری دیمەنی خیابانە تەماوییەکانی دەکرد، وەکو مێژووەیەکی لەتبوو، وەکو بەشێک لە داستانێکی مەزن دەهاتە بەرچاوی، ئەمێستا چەشنی سەرەتای ژیانێکی خەواڵوو کە ڕۆژگارێکی درێژ، وەکوو دوا پەناگەی لە خەیاڵیدا هەڵی گرتبێت وابوو، وەکوو پەڕاگەندەییەکی نائومێدانە کە نەیدەویست بە خەیاڵیش پێشبینیی ئاکامەکەی بکات، بەو شێوەیە دەرکەوت. سپێدە زوو هێشتە شار بە تەواوی لە خەو وەئاگا نەهاتبوو، بێ ئەوەی گوێ لە نووزە نووزی دار و بەردی شار بگرێت، لە خیابانی تەمەنەوە بە پیاسەیەکی ڕێبوارانەوە شۆڕی کوچە و دەواری بازاڕچە و گەڕەکی شام بوویەوە، کە هەژارترین و نەدارترین گەڕەکی ژیان بوو، دەستپێکی وەرزی زستان بوو، پێنج ڕۆژ بوو چلەی زستان دەسپێکردبوو، هێشتە ڕەشەبای ساردی پاییز ماڵئاوایی تەواوەتی نەکردبوو، گەڵا بە بای ناسکی زستان هەڵدەوەرین، شەقامە ڕەنگخۆڵاوییەکان، کوچە باریکەکانی شار ڕەنگیان سپی سپی دەچووەوە، لەم وێنەیەدا شار لە بازووی هەیتەیەکی هیلاک دەچوو، کە بەدەست ئازارپێدانی هەندێک مرۆوە، وەک ئەوەی خودا نەفرەتی لێکردبێت، وەک شێوەی کۆڵانەکە باریک باریک دەردەکەوت، دەنگی تاک تاکی ماشێن و ئەو گالیسکانەی بە هێسترەکانەوە لغاوکرابوون لە دوورەوە بە درێژایی شەقامە پانەکەی بەردەمی، بێدەنگی شاریان دەشکاند، لەملاوە هەناسەیەک وەک دەنگێک بە تەتەڵە و پڕ هەست و خرۆشان، وەک بڵێی تاقە ترپەی دڵی ئەم خاکە بێت بە دەوری

خۆیدا دەیگەوزاند، خەڵکەکە لە شێوەی سەگێکی ماندوو سێبەرێکی درەوشاوەیان لە دوای خۆیاندا ڕادەکێشا، بۆ چەند چرکەیەک خەیاڵی غلۆر دەبۆوە بە دەنگی پێڵاوە قورسەکانی کپی و سامناکی خیابانەکەی شکاند، خیابانێک لەبەردەم کوتاڵفرۆشەکانەوە تێ دەپەڕی بەرە و ڕیزی بەقاڵەکان پێچی دەکردەوە و درێژ دەبۆوە تاوەکوو بەردەمی چایخانەکەی نێزیك باڵاخانەی پارێزگە، جارجارێك بە تاسەوە دەوەستا بۆ ئەوەی سەیرێکی ئەم شارە بکات، وەکوو ئەوەی یەکەم جاری بێت ببینێت، ئەو ئێستە لە ناوەڕاستی پایتەخت وەستاوە، لە ناوەندی شار لە نێزیك ئاپۆرای ئەو خەڵکەی، کە بۆ بازرگانی، گەشت و سەیران، وەرگرتنی زانست و زانیاریی لە هەر چوار لای وەڵاتەوە ڕووی تێدەکەن، بۆ ئێوارەش وەک دەزووی مێروولە ڕێچکە دەبەستن و ماڵئاوایی لە شار دەکەن، ناوە ناوە ئەوەستا تاوەکوو سەیرێکی باخچە و دەوەنەکان بکات. لەبەردەم ماڵەکان درەختی باڵابەرز و گژوگیای هەراشبووی زۆر بینی، لەناو کۆشک و خانووەکاندا دارهەنجیری کێوی و بادام و داری توو، کە بە گەڵای پڕ لە نازیان کەپرێکیان لە شێوەی سێبەر بۆ سەر جەستەی ڕێبواران دروستکردبوو. بەتاو بەژێر دەوەن و دار زەیتوونەکان و دارچنارە لق بەستووەکاندا تێدەپەڕی، بەدەم ڕۆیشتنەوە نیگای دەبڕیە خانووە کۆن و داڕووخاوەکان. سەیری ئەو هەڵمانەی دەکرد، کە لە دەمی زۆربلێکاندا دەهاتنە دەرەوە، گەرمکەرەوە خەڵووزییەکانی زۆر بە لایەوە جوان بوو، کە دووکەڵە مەیلە و ڕەشەکانیان بە هەوای ساردی دەرەوە دەبوو سپی سپی دەردەکەوتن. سەرەنجی دابووە وەڕینی سەگە خێرنەدیو و بەرەڵڵاکان بەو ڕێبوارانە دەوەڕین، کە بەسەر

سکەی ئاسنینی شەمەندەفەرەکانەوە دەپەڕینەوە. سەیری ئەو دووکەڵە زراڤانەی دەکرد لە حەمامەکانی شار بەرز دەبوونەوە، گەڕەکە هەژارنشینەکان لەژێر بەفرەکەدا چۆڵ و بەجێهێڵدرا و دەهاتنە بەرچاو، ئەم دیمەنانە هێندە دڵگرانی کرد، بە جۆرێک فرمێسک بەسەر ڕوومەتەکانی هاتە خوارێ. لەوبەر دۆڵەکەوە ژن و پیاوێکی بەدی کرد، کە لە بازاڕ دەگەڕانەوە بە دوو دەستی پڕ لە شتومەکەوە، بە کامەرانی هەنگاوەکانیان دەگەشایەوە، ئەمیش وەک ئەوەی تابلۆیەکی نایابی بەرچاوکەوتبێت، زەردەخەنەیەکی بۆیان کرد. ئەو دڵگرانییەی لە ناخەوە هەستی پێ دەکرد، سەرچاوەکەی تەنیا بۆ هەژاری و بێچارەیی ئەو خەڵکە نەدەگەڕایەوە، بگرە هەستێکی قووڵ و نامۆی کوشندەبوو، کە لە شانۆیە یەک پەردە سیاسییەکەی وەڵات ڕەنگی دەدایەوە، لەبەردەم دوکانی وێنەگران ئاپۆرای خەڵکی دەبینی بزەیەکی دەهاتێ، کە خۆیشیان نازانن وێنەی کوێ دەگرن، دەیڕوانییە پەنجەرەی ڕزیوی چایخانە پڕەکان، کە لە کەسانی بێ کار، کە قوماریان بەبەختی خۆیان دەکرد داپۆشرابوو. هەموو ئەوانەی لە مەیدانە چۆڵە بەتەم داپۆشراوەکاندا دەیبینی، دواتریش بەردەوام خۆی نمایش دەکردەوە، وەک ئەوە وابوو، کە دۆزەخێک لەنێو شارێکدا ببینێت. دەیگوت: دەبێت بە هەموو لایەک ئەم شارەیان لە بیرنەکردبێت و بڵێسەی ئەم دۆزەخەش، تاوەکوو کۆتایی ژیان بە کپی و بێ هەدادان هەر گڕبگرێت. ڕۆژگار تێ پەڕی و وەخت یاوەری هیچ کەس نەبوو، تا بەرگی ئەم ئاتەشا لە خۆی دابماڵێت. بە چاوی فریادڕەسێک لە هەموو شتێکیان دەڕوانی گشتیان تێ دەکۆشان ئۆخەیەک و تەوقەیەکی شادی دەگەڵ

خۆیاندا بکەن، هەر لە خاوەن پایەکانەوە، بگرە تاوەکوو هەژارترین کەس، هەموو ڕووخساریان نابوو بە ژیانەوە. پایتەخت بۆ ئەو شارێک بوو، تاوەکوو وردتر بە کوچە و خیابانەکانی بگەڕابایتایە بەری چەندان شتی سەیر و سەمەرە دەکەوتی، هەردەم وەک شارێکی جیاواز دەردەکەوت، ئەمڕۆی وەک دوێنێ نییە، سبەیش وەک ئەمڕۆکەی نەبوو، لە گۆڕانێکی هەمیشەییدا دەخولایەوە، وەک کەناری ئەو دەریایانە وابوو پڕی بوو لە شەپۆل، شەپۆلی لە ناکاو ئەو کاتانەی لەناویدا پیاسەی دەکرد، شەقامەکانی ناکۆتا و پێچاوپێچ درێژ درێژ دەبوونەوە، بە جۆرێک دەتگوت: هەرگیز کۆتا ڕێگە نادۆزمەوە و ئیدی ناگەم بەو سەر، هیچ کۆتاییەک دیار نەبوو. شارێک لە سەراب لە هەناسەی شەکەت، ئەوەندە سەیر دەردەکەوت، وەک دەریا وێنەی خۆی لەنێو شەپۆلەکاندا دووبارە دەکردەوە، هەر بارێکە ڕێیەک چەندان ڕێچکەی وردی بە دوای خۆیدا دروست دەکرد، کە بەردەوام دونیایەک موسافیری ماندوو لەناویدا گوزەریان دەکرد، تەنانەت وێنەی ڕێبوارەکانیش لەنێو ئەم سەرابەدا خۆیان دووبارە دەکردەوە، وای هەستت دەکرد هەندێک لەم ڕۆیشتنانە بێکۆتان، بە جۆرێک دەیانڕوانی ئیدی نیگا و تەماشاکانیان بەسەر شەقامەکاندا ڕەنگی دەدایەوە، گەر باشتر سەیرت بکردایە، وات هەست دەکرد بەشێک لەم خەڵکە تارمایین، وەک نادیار دێن و دەچن، هیچ شتێک بەو شارەیان نابەستێتەوە، وەک شتانێک لە دەستی خاوەنەکانیان ون ببن، ئاوها سەرگەردان دەسووڕانەوە. زۆر لێرە بێ ناونیشان، تەنانەت توانی بە دواداگەڕانی خۆشی نییە، هەستت دەکرد ئەوە ناوی ئێمەیە، بەسەر دەرگە و دیوارەکانی پایتەخت هەڵواسراوە،

ناوەکان بە خەتێکی گەلەک ناڕۆشن وەک دڵی شار تاریک نووسرابوون، کەسێك نەبوو ناوەکانمان کۆبکاتەوە، وێنەکانمان جارێکی دیکە بۆ بخاتەوە سەر ڕووخسارمان و پێمان بڵێت: ئەوە ئێوەن بەدیار خۆتانەوە ونبووینە، دەی پەلە بکەن نیشتمان چی دیکە توانی بەدواداگەڕانی نەماوە، ئاخر هەندێک مەخلوقی سەیری دەبینی، بە کۆڵێک بێدەنگییەوە بە دوای وشەیەکدا دەگەڕان، بە کۆڵێک نەگبەتییەوە بە دوای ناونیشانێک دەگەڕان، بێ سەر وەک وێڵێک لەمسەری شارەوە بۆ ئەوسەری شار، بە دوای خۆیاندا دەگەڕان و نەیان دەدۆزییەوە، بە جانتاکانی دەستیانەوە نیشتمانیان کۆدەکردەوە.

وەک تارماییەکی نادیار هەردەم و هەردەم بێئامانج دەسووڕانەوە، شار پڕی بوو لە پیاوی شەرمن، کە هیچ توانێکیان نەبوو لە دەرگەی ژیان بدەن، بێهێز و بێخێر بە دونیایەکی لێوان لێو لە خووی بەدەوە، بێ نیاز و بێ دەرەتان، بە باوەشێک خواستی خراپەوە پشتیان بە دیواری مێژوو دابوو، هەندێکیان وەک ئاشقەکان مژیان لە جگەرەکانیان دەدا، ئاڵوودە ئاڵوودە نیگەرانییان هەڵدەمژی، گەلەک سەیر دەردەکەوتن وەک خێوێکی نابوت، کە ڕقی دونیای لە خۆی دەبێتەوە و بۆ هەردەم بە دوای تۆڵەیەکی جەرگبڕ دەگەڕان، بەشێکیان لەو ڕووخسار و سیمایانە بوون، کە بۆ هەواڵپرسینی ڕێبوارانێک وێڵ بوون، کە بێ ئەوەی شتێک لە یادگەی ئێمە جێ بهێڵن بۆ هەتا هەتایە ونبوون، ئەوانەی دیکە لە ڕۆیشتنیان دیاربوو سووک و سادە بە ئاسپایی بەنێو دڵی شاردا تێ دەپەڕین، وەک مەخلوقاتێکی بێ زیان گوزەریان دەکرد، دەمبینی کەسانێک بێجێ و شوێن سەرگەردان میوانی تەنیایی خۆیان بوون، لە تەنیاییدا چەقیبوون،

وەک شەبەنگێک لە گەڵای دارێکەوە بەربێتەوە، وەک تریفەیەک بە گەزی مانگەوە نووسابێت، بەو جۆرە دڵنەوایی تەنیاییە بێدەنگەکەی خۆیانیان دەدایەوە، چەند لەو شەونمانە دەچوون، دوای باران نیگەرانیان لەنێو ڕووخسارەکانیان دەشاردەوە، شار پڕی بوو لە هەناسەی ئەو ئاشقانەی ئاسمانێکیان نییە بۆ ژوان، دەرگەیەکیان نییە، بۆ ڕامووسان، پەنجەرەیەکیان نییە بۆ ئارامی. شار لەناکاو بچووک بچووک لە شێوەی دەریایەکی خنکێندراو، بە کۆچ خۆی نمایش دەکردەوە، شەپۆلێک ئومێد تیایدا نێژرابێت، کەنارێک تژی بێت لە گیانی بێ نیشتمان، ئەم شارە وەک کەناری دەریای چارەنووس وایە، گیانی هەزاران کۆچی بێدەنگ کردووە، هەزاران ئۆمێدی لەنێو هەناویدا حەشارداوە. بە جۆرێک شار بچووک دەبووەوە، وەک ئەوەی خاک هەناسە هەڵمژێت و بە دیار ئاوابوونی خۆرەوە ئەشک بگرێت، یاخود وەک زەریاکان هەرچی بێدەنگی ژیان هەیە شۆڕی بنی بنەوەی خۆی بکات، هەندێك جار بۆ پیاسەیەک بە بەردەم چایخانەی هونەرمەندان تێ دەپەڕی، کە گوێی لە دەنگی ئەوان دەبوو، ئارەزوویەکی سەیر دای دەگرت، ئیدی وای هەست دەکرد شار ڕادەکشێت، بەرین بەرین دەبێتەوە، ئەوەندە بە فرەوانی دەیبینی، لەو وابوو ئیدی زەوی بووەتە ئاسمان و ئەستێرەکان وەک هاوڕێ لەتەکیدا پیاسەدەکەن، چ دەنگێک بوو ئەو دەنگە، دەوەستا و بە خۆی دەگوت: چ سیحرێک لەم هەناسەیەدایە، بەڕاستی بە بینینی ئەو بە گوێگرتن لەم دەنگە هەستی دەکرد، لەنێو خۆیدا ون دەبێت، بە جۆرێک لە خۆی جیا دەبوویەوە، ئیدی بۆهەمیشە نادۆزرێتەوە. ڕێبوارەکەمان چەند ڕۆژێک لەنێو خەیاڵەکانیدا لەم شارە بردە سەر، پاشان خووی بەو ژیانە خەیاڵئامێزە گرت،

ڕۆژەکانی بە خەیاڵی دیداری کوڕە هۆشمەندەکەی ئێمە، کە بۆنی ئەمی لەنێو کتێباندا هەست پێکردبوو، بەم جۆرە ساتەکانی بەڕێ دەکرد، دواتر پێی زانی، کە ئەوەی بە دوایدا دەگەڕێت، دۆستی گیانی بە گیانی خەڵکانێک بووە، ئەو ڕۆژەی کە بۆ یەکەمین جار لەنێو پایتەخت وێنە و ناوی ئەوی لەسەر یەخەی یەکێک، لە گەنجە خۆپیشاندەرەکان بینی، جوان لەم قسەیەی شۆفێرەکە حاڵی نەبوو کە گوتی: حیکمەت و زانیارییەکانی ئەوەی بە دوایدا وێڵی لە بڕان نایەت، دەبوا لەم قسانە باش تێ بگات، بۆچی باسی ئەوی کرد، دەبوا بزانی ئەمیش یەکێکە لە دۆستە گیانی بە گیانیەکانی کوڕە هۆشمەندەکە، هەر بەو قسانەی پێویست بوو بمزانیایە، هەر کەسێک نوری ئەوی بەرکەوتبێت ڕۆحی لە نەمری دەچەقێت، ڕووخساری بۆ هەردەم درەوشاوە دەبێت، گیانی پڕ دەبێت لە حیکمەت و ئاوەز، لای ئەو گەیشتن پێی لانەی گیان و پەناگەی هەستەکانی بوو، بۆیە پەرۆشی گەیشتن بوو بەو دیدارە، تاوەکوو بۆنی ئەو لە بست بە بستی ناو وەڵات بکات و ڕۆحی ئەو بە تەنافەکانەوە هەڵمژێت. لەنێو نیشانەکانیدا سەمای جاویدانی بکات، هەرچی ڕۆحی شیرینی ئەو هەیە بینۆشێت. ڕۆژگارێک بە جەستەیەکی بێ ڕۆح و هەستەوە، حەپەسا و گێژ لە نێوان زەوی و ئاسماندا هەڵواسرابوو، وەک کەسێک، کە بە هەمان زەوق و شەوقێکەوە کە خەوی لێ دەکەوێت، بە جۆرێک کە خەبەری نەبێتەوە، بە شێوەیەک خەیاڵی گەیشتن بەو مەستی خۆی کردبوو، هەرگیز لە ژیانیدا ئەوەندە هەستی بە بەختەوەری نەکردبوو، هەرگیز بە خەونیش نەگەیشتبوو بەو هەموو خۆشییە. ڕۆژەکان تێ دەپەڕین، نەیان دەتوانی یەکدی ببینن و یەکدی لە باوەش بگرن، تێر تێر بۆنی یەکدی بکەن، لە چاوی خەڵکەوە گەیشتە ئەو باوەڕەی،

کوڕە هۆشمەندەکەمان تەنیا شەوێک ماوەتەوە یاخود چەند ساتێکی کورت بێرەدا تێپەڕیوە، لە پایتەخت تەنیا وەک ڕێبوارێک گوزەری کردووە، ئاخۆ کەمتر لە ساتی بۆرژانی پیرە پیاوێک ماوەتەوە، یان ڕۆژگارێکی درێژ، کەس نازانێت چەند لێرە بووە. خەڵکەکە دەیانگوت: ئێمە تەنیا ئەوەندەمان بینیوە، کە قاوەیەکی خواردووەتەوە، گشتیان تاوەکوو ئەم ساتەش بەو ڕۆشناییە دەژین، کە لە ئەو بەربووەتەوە، کەس نەیدەزانی ئەو چەنێک لەم مەملەکەتە ماوەتەوە، چەنێک لەسەر زەوی ماوەتەوە، کەس ئەو مێژووەی بیر نەماوە، ئاخۆ کەی بوو بێرەدا تێ پەڕی، تەنانەت سەرۆک حزبەکانیش، کە وێنەیەکی گەورەی ئەویان لە بارەگەکانیاندا هەڵواسی بوو، بیرمە ئەو ڕۆژەی بە دەنگە خۆشەکەی شیعری بۆ دەخوێندینەوە، لێم پرسی ئاخۆ ئەو ڕۆژەی کوڕە هۆشمەندەکە، لە کتێبخانەکەی تۆ بە بێدەنگی دانیشتبوو، جگە لە تۆ کەسی دیکە بیری ماوە هاتنەکەی چەندی خایاندووە، هەبوو دەیگوت: من لە مزگەوت و کڵێسا و پەرستگەکان دەمبینی، زۆر جاریش لەناو بازاڕ و زانکۆکان بە بێدەنگی دادەنیشت. سوێندیان دەخوارد تاوەکوو قاوەکەی خواردووە، ئیدی لەبەر چاوانی ونبووە، ئێستەش بەدەست ئەو ئازارەوە دەناڵێنێت و دەڵێت: خۆزیا بە دەستی خۆم چایەکەم بۆ دابنابوایە، خۆزگە چایەکەشی دەخوارد ئینجا بڕۆشتایە، دەیگوت: ئەوەندەی بەو ونبوونە لەناکاوەکەی دڵپەستبووم، ئەوەندەش دڵخۆشم بەوەی، کە ڕۆیشت گەرمایی نورێک لە جێگەکەی هەڵدەستا، ئێستەش بەو تیشکەوە دەژیم. کەسانێک، کە تەنیا ناویان بیستبوو، هەزار سوێندیان دەخوارد دەیانگوت: چەندان شەو لە ماڵی ئێمە نانی خواردووە، لەم دۆخەدا لەبەر خۆشەویستی ئەو و نوور و پەیام و کەسێتییەکەی

کەوتبوونە نێو هەزاران جۆری درۆکردنەوە، لەم ڕۆژگارەدا مرۆڤەکان بەسەر درۆ و ڕاستیدا دابەش بووبوون، ئەوەندەیان خۆشدەویست، بۆیە هەموو درۆیەکیان بەدەمیدا دەکرد، هەزاران بوختانیان بۆ هەڵبەستبوو، بە جۆرێک هەبوو دەیگوت: بینیویانە بە خۆی و لەشکرێک لە جەنگاوەری شمشێر بەدەست بێرەدا تێپەڕیوە، بە خۆی و دونیایەک سوارچاکەوە ماندوویەتی ڕۆژهەڵاتیان لە کۆڵنابوو، بە خۆی و جیهانێک نیگەرانییەوە لە سووچێکی پایتەخت پشوویان دەدا. هەبوو دەیانگوت: دەمانبینی سواڵی نوێژ دەکات، هەردەم وەک سواڵکەرێک ژوور بە ژووری پەرستگەکان دەگەڕا، بۆ ئەوەی بە مرۆڤ بڵێت نوێژێک بە دیار تەنیای خۆیانەوە بکەن. دەمانبینی بە باوەشێک ژنی ڕووتەوە بێرەدا تێ پەڕین، ژنانێک ڕووخساریان پڕی بوو لە زەردەخەنەی پیاوە درۆیینەکان، لە ڕووخساری گەنجە خەماوییەکانی نێو ئاوێنەی بێچارەییان، ئەوەندە شەکەت دەردەکەوتن وات هەستدەکرد، پایتەخت پڕی بووە لە ئابڕووی مرۆڤ، لە بێزاری ژن. بەو شێوەیە ڕێبوارەکە بەدەست خۆیەوە دەتلایەوە، ئەو دەبوا ڕۆحی بەر کورە هۆشمەندەکە بکەوێت. بە زمانێکی پڕ لە نهێنی و تەلیسماوییەوە قسەی دەکرد گوتی: خۆتان دەزانن بەخت یاوەری نەبوو، وەک پێویست نەیهێنا، تێپەڕاندنی قۆناخی هەرزەکاری وەک بەرکەوتنێکی سەیر وابوو دەگەڵ هەستەکانیدا، تاوەکوو دەهات بۆی قورستر دەبوو، جیهانی ڕابردووی بێزاری و دڵگوشرانێکی زۆری بۆ دەهێنا، کە هەردەم بە بیرکەوتنەوەی ڕۆحی تاریک و دڵی داغان دەکرد، بە ڕادەیەک یادەوەرییە خراپەکان دەهاتنە بەرچاوانی، تاوەکوو وای لێدەکرد لە شکۆمەندی و جوانی ئەو جیهانە نوێیەی کە هۆگری بووبوو، گەر ژیرانەتر هەنگاوی نەنابوایە ئیدی ترس لە

کەوتن بەسەر ڕابردوویدا زیاتر دەبوو، تاوەکوو ڕۆژگار هەنگاوێک خێراتر تێدەپەڕی ئەمیش زیاتر لە ناخەوە دەشڵەژا و ڕۆحی نووقمی بێدەنگی دەکرد، هەردەم دێوزمەکان خەیاڵە نەفرەتییەکان باسی ئەو کتێبە تاریکانەیان دەکرد، کە مایەی دڵەخورپەی زیاتر بوون، مایەی ڕەشبینی بوون، گشتیان وەک پاکێجێک وابەستە بەیەک مایەی خەم و ئێش و ئازارەکانی مرۆڤ بوون، لەسەر ئەم خاکەدا لەم شارە بێ ئاسمانەدا، لەم پایتەختی وەیشوومەدا، ئاسمانێک بێ حەوسەڵەترین قسەی خۆی بە گوێی مرۆڤدا کردووە. بە بێدەنگییەکی سامناک و خەمگینەوە، هەر تەنیا بۆ دڵی خۆی پەرێشان، بۆ گەیشتن بە ئەو گوتی: هیچێک لەمانە نەیتوانیوە، بارتەقای وتەیەکی ئەو شکۆی بوون بپارێزێت، مرۆڤ دەرباز بکات لەو هەموو نائومێدییە ئای لە حیکمەتی ئەو لە ئاوەزی ئەو، ئای لە کوڕە هۆشمەندەکەی ئێمە، هەر تۆ مایەی شکۆی بۆمان هەر تۆ دڵخوازی گشت دڵانی. ئەو خودی ژیانی وەک گیا و دەوەن و باخێک دەبینی، ئەو هەردەم گەشبینانە دەیڕوانییە گێتیی، هەموو ئەو ڕەشبینیی و ڕوانینە تاریکبینانەی دەنگە جیاوازەکانی دیکەی وەک سووکایەتییەک بۆ سەر ژیان دەبینی، بە جۆرێک شەرمی لە بینینیان دەکردەوە، وەک هیچ کەس نەبوو دەنگێکی تاوەکوو بڵێیی جیاواز ڕووخسارێکی زۆر شکۆدارانە پەنجەکانی جیاوازتر لە هەموو ئەو دەستانەی مرۆڤیان بێچارەکرد، ژیانیان خستە باوەشی تاریکییەوە، دەردەکەوت ئەو زۆر دلێرانە، مەرد و خۆنەویستانە ژیا. نەیدەویست چیتر مرۆڤ بەم ئازارەوە بژێت، هەردەم دەیگوت: تەواو چیتر وا بیرنەکەنەوە هەست و نەستە خراپەکان بۆتان شتگەلێکی موژدەهێنن، کە ڕۆژگارێکە خاوەندارەتیی ناخە خراپەکەتان دەکات، نا لەوە ناچێت هیچ

شتێک لەم خەیاڵ و خولیایانە هی خۆتان بن، ئەوانە دروستکراون ڕۆحە نەفرەتییەکان بۆیان سازاندوون، یان ئەوەتا ئەمانەش وەک هەموو ئەو شتە نەخوازراوانە وان، کە لە بەشێکی ئەم جیهانەدا وەک گەنجینەیەکی ئەمبارکراو بۆ هەردەم لە بەشێکی دەروونتان تەقەتکراون، ڕۆژانە وەکوو قەرزێک بۆ ئەوەی زیاتر ڕیسواتان بکەن، بۆ ئەوەی زیاتر ناشرینتان بکەن، پێتان دەبەخشنەوە، بێ ئەوەی تێ بگەن ئەوانە ئەو شتانەن، کە بۆتان ئامادەکراوە، ئەوە ئێوە نین، ڕۆحە ڕاستەقینەکەتان نییە، بگرە هەستە نەفرەتی و بێئاگاکەی خۆتانە، کە هێشتە لە خەوی قووڵی بێدەنگیدا بێدار نەبووەتەوە، هۆ هۆ هۆ، ئەی ئەو دڵانەی بۆ تەنیا ساتێک بێداری نادۆزێتەوە هۆشێک، ئاگاییەک نابینێتەوە، تاوەکوو ئیدی بۆ هەردەم وەک خۆی وەک ئەوەی، کە هەیە بژێت، ئەی مرۆڤی لە خۆتدا چەقیوو بەم ئاوازە تازەیە و بەو دەنگە نوێیەی ناخت باوەڕ بهێنە، گوێ لە مۆسیقا و خۆت بگرە، خێراتر باوەش بە دیداری ئەودا بکە، ئەو لەسەر دەریاکان و لە بەرزی ئاسمانەکان گۆرانی دەڵێت لەسەر خاک و زەوییە کێڵدراوەکانتان ئاوازێکی خەمگین، کە بۆتان وەک سوکناییەک وابێت وەک شکۆ پێتانەوە بنووسێت، ئاوها خۆشتانی دەوێت ئاوها لە باوەشتان دەگرێت، ئەو خوودە ڕاستەقینەکەتانە، کەسە شاراوەکەی نێو خۆتانە هەستە ڕاسەقینەکان و خەونەکانتانە، ئەو ڕۆشنایی دیدەن و نیگای چاوەکانتانە، باوەشکردن بەو باوەشکردنە بە خۆتان،گوێگرتن لەو، گوێگرتنە لە خۆتان، ئەو حەکیمی ڕۆژگارە. هەر ئەوەش دواجار بووەتە مایەی ئەوەی پایتەخت بە پەرۆشەوە، بە تاسەوە شکۆی ڕابگرێت، هەر لەم شوێنە و لەم جیهانە و لەم شارە ڕۆژگارێک لەمەو پێش بە حیکمەت و بە ئاوەزەکانی ئاماژەی بەو جیهانە تایبەت و

پەناهانەی ناوەوەی هەموومان کردبوو، باسی ئەمڕۆ و دوێنێ و بەیانی بۆ کردووین، لەنێو ڕۆحی هەمووماندا نەمامێکی تازەی لە ڕەنگی سروشت و لە هەناسەی مرۆڤ چاندووە. ئیدی ماندووبوونی چەند ڕۆژە و ڕۆیشتن بە سواری خەیاڵەکانی، هێشتە دڵی نەحەساوەتەوە وەک موسافیرەکانی ڕۆژگاری کۆن دەڵێن: تێپەڕبوون بە ڕێگەکانی ئومێد کوشندەیە، جگە لە هەناسەی خۆرهەتاوێک کە بۆ ڕێبواران وەک کەوتن بەسەر درێژترین ڕێگەی تۆزاوی وایە، وەک بایەکی وشکی خنکێنەر وایە، لەوەدا توانای بینین و بیرکردنەوەی مرۆڤ تەواوەک شەکەت دەبێت. لەم جۆرە وەرزانەدا گەشتکردن لە نێو تونێڵی ڕێگەیەکی نەپساوەدا بەتەنیشت غەمێکی گەورەدا خواستێکی مەترسیداری خۆ لەبەینبردن لە هەستی مرۆڤ دروستدەکات هیچ شتێک وەک غەمێکی نەپساوە بە گەردەنی ڕێگەیەکی دوور دوورەوە وا لە مرۆڤ ناکات بیر لە خۆ دەربازبوون لەم جیهانە بکاتەوە، ڕێبوارەکەمان ئومێدی گەیشتن بەو دیدارە و بەو جیهانە تازەیە دووری ڕێگەکان، ماندوویێتی گەڕان بەدەوری دڵخوازەکەی نەدەبینی، هیچ بێزاریەکی لە بەرانبەر ئەو گەشتەیدا دەرنەبڕیوە، ئەو مەحکووم بوو بەو ڕێگە نەپساوەیە گوزەر بکات، لەناویدا تا ناکۆتا بیابان و تۆزاوی بە شێوەیەکی لوولدرا و ڕێچکەکان لە ناویدا دووبارە دەبوونەوە، ئەو ڕۆژەی گەیشت بە پایتەخت، دۆسییەکەی کوڕە هۆشمەندەکەی لە دڵدا هەڵگرتبوو بە درێژایی ڕێگە وەک ئازیزترین دۆست دەیپاراست، لە ناو ڕۆحی خۆیدا حەشاریدابوو، نەیدەهێشت کەس بەو دۆسییەی بزانێت، کەسیش زەفەر بەو نهێنیەی ناخی بەرێت دڵ و دەروونی لەو هەموو ڕاز و نیازەی بکەنەوە، ئەو بە دونیایەک ئومێدەوە باوەشی بە پایتەخت داکرد، بە کۆشێک

نیازەوە دڵی خۆی خستە سەر شەقامەکانی پایتەخت، هەندێ جار کە دەگەڕایەوە بۆ ڕابردوو بیری لە ڕۆحە نەفرەتیەکەی دەکردەوە، لە هۆشی خۆیدا دەیگوت: چ ئیشێکی بێمانامکردووە لەگەڵ چ تووخمە ئادەمییەک ژیاوم، زۆر جاران چارەی مەرگی خۆی لا شیرینتر بوو لەو ژیانەی تیایدا دەژیت. مردنێک وەک ئۆخەیەکی فریاهێن تەواوی ئازارە ڕۆحیەکانی رابردووی بیر بەرێتەوە کە لەبەردەم سەرابی ڕێگەکاندا سەیری خۆیدەکرد وەک ئاوێنەیەک لە خۆی ڕادەما هەردەم ناچار دەبوو خووە نا ڕەسەنەکەی لەسەر ڕوخساری لابەرێت، بەردەوام بیری لە جۆرێک لە خۆکوشتن دەکردەوە، خۆ کوشتنێکی تا سەر ئێسقان گومڕا. بیری دەکردەوە وەک یوسف ئەمجارە خۆی خۆی بخاتە ناو بیرێکەوە تا ئەبەت ونبێت، بۆ هەردەم نەدۆزرێتەوە. زۆر جاران هەر بەدەم ڕێگەوە ئارەزووی جۆرێکی مردن و خۆونکردنی دەکرد، دەیویست لەکەناری دەریایەک دابەزێت و لەبەردەم شەپۆلە لاواز و کزەکانیەوە خۆی ونبکات، بگرە بە هێمنیەکەوە ماڵئاوایی لەم زەویەدا بکات، لە شەبەنگی دونیا تازەکەیدا جارێکی دیکە بە ژین بێتەوە، لەبەر بێتینی و لاوازی خۆی لەبەر ئەو هەموو خەون و خەیاڵەی کە ڕۆژگارێک بە کۆڵیەوە نووساوە، نەیدەویست بەو جۆرە بمرێت ئەو لەمردن ڕاهاتبوو، ژیان هەردەم بۆ خۆی ڕایدەکێشا. تێدەگەیشت گیانی ئەو دەبێتە سەدەفێک و ئیدی ڕۆحیشی تەکان لەدوای تەکان دەگەڵ جەستەیدا تێدەپەڕێت و بەنێو زەریا و ئاوە قووڵەکاندا دەڕوات، بە جۆرێک باوەش بە ئۆقیانووسەکاندا دەکات، وەک نەورەسێکی ئازاد، دەگەڵ هەناسەی دەریاوانە ڕۆمانسیەکان دەبێتە دۆست، کە وەک پیرە پیاوە خۆڵەمێشیەکان دەردەکەوتن، وەک ئەوەی تیشکی ئەشق

خاکی خاکی کردبن. جاری وا هەبوو خۆی، خۆی فریودەدا ئەو مرۆڤانەی توانی پەیبردنیان نامێنێت، ئیدی دەست دەکەن بە خۆفریودان، یاخۆ ئەو کاتانەی نایانەوێت ڕاستگۆ بن دەگەڵ خۆیاندا، کەوتوونەتە دۆخی شەرمەزارییەوە، ئەو کات بە دوای ڕووە درۆزنەکەی خۆیاندا دەگەڕێن، وەک کەسانێکیان لێدێت بیریان چووبێتەوە، پێش خۆفریودانەکەیان کەسێکی دیکە بوون، خودە ڕاستەقینەکەیان بوو. مرۆڤ ڕانەهاتووە درۆ بکات، ئەو کاتە نەبێت، کە ناڕاستگۆیی زۆری تینی بۆ دەهێنێت، واتە ئەو کاتەی ڕاستگۆیی فەرامۆش دەکرێت، دۆخی درۆکردن لە دەروونی مرۆڤدا دەپشکوێت. وەک ئاشقێک مەعشووقەکەی نەیویستبێت دڵی بە دڵی خۆیەوە بەندبکات، بەو شێوە دەردەکەوت، زۆر لەو زیندانیانە دەچوو، تەمەنی زیندانییەکەی تەواو بووە، بەس هێشتە هەست بە ئازادیی ناکات، لە لایەکی دیکەوە نایەوێت ئەم شارە تۆزاوییە، ئەم پایتەختە لماوییە جێ بهێڵێت، کە وەک شارێکی تاریک و ناڕۆشن سەیری دەکات. دەشیزانی ئەم ئەشقەی ئەو ئەشقێکی ئیلاهیانەیە، خۆکوشتنە. لەم ئەشقە دێرینانە دەچێت بەدەست نەگەیشتنی بە دڵدارەکەیەوە لەناوەوە گڕدەگرێت و دەسووتێت، دەترسا ئیدی لە بیری یەک بچنەوە و ڕووخساریان لەنێو دوورییاندا ون بێت. بەس هەرگیز ژان و زامەکانی بیرناچنەوە، خەڵکی پێیان وابوو ئەو ئیشقەی ڕێبوارەکەمان بۆ دیداری کوڕە هۆشمەندەکەی ئێمە وەک ئەشقی هەرزەکارەکان نەبوو، کە وەک کڵپەیەکی کتووپڕ لەناکاو هەڵدەکات، لە ناکاویش خامۆش دەبێت، بگرە ئەو هەستی دەکرد هێڵێکی پڕ لە وزەی ئەوین، بەو دەیبەستێتەوە، کە دەبێت وەک مەجنوونێک زۆر چاوەنواڕب کات، وەک ئەیوبێک ئارام بگرێت تاوەکوو دەیدۆزێتەوە. دەبێت دڵێکی

سەنگین و ئاسنینی هەبێت تاوەکوو هێدی هێدی نهێنییەکانی دەربکەوێت، دەیزانی ئەو ڕۆژگارانەی، کە پێکەوە لەو بیابانە بێچارەیەدا لەم گەشتە چارەنووسسازەدا ،تەماشای کەرنەڤاڵی بەیەک گەیشتنی خۆیانیان دەکرد، چرکە ساتی ئاسایی نەبوون، دەشیزانی پەرۆشییە شێتانییەکەی ئەو جگە لە سروشتێکی جوان، کە تەنیا شێتەکان بۆ ئەوانەی خۆشیان دەوێت دەری دەبڕن هیچی دیکە نەبوو. باش دەیزانی ڕەفتارەکانیان دڵەخورپە و منگە منگی پەرۆشییان بۆ یەکدی ئەوپەڕی شێتییە. شاردنەوەی کۆمەڵێک نهێنیی دیکەیە لەنێو ناخیاندا، گفتار و دەروونە پاکژەکانیان ئاوێنەن، بۆ چارەنووسێکی تایبەت، کە ئەو بۆی برژاوە بۆی وێڵ و سەرگەردانە، دەشیزانی ئەوەی لە ڕۆحیدا وەک نهێنیی پارێزراوە، ڕۆژێک دادێت لەنێو دڵی هەموماندا لەنێو ڕۆحی هەموو جیهان لەنێو گیانی گشت دونیادا دەنگەکەی دەبیسترێت، دەیزانی ڕۆژێک دێت حیکمەت و زایەڵەی ئاوەزەکەی، لە پایتەخت لە تەواوی پەرستگە و باڵەخانەکان و بارەگەی حزب، تەنانەت لەنێو مەیخانە و مەلهاکان دەبیسترێت. دەمێک بوو هەستی دەکرد، لەنێو دەریایەکی درەوشاوەدا مەلەدەکات، لە مێژبوو دەیوست لەنێو ئەو دەریایەدا دەستی ئەوانە بەرنەدات، کە بۆنی ئەویان لێدێت، دەویست توند توند دەستی هەموویان بگرێت، تاوەکوو هەرچی بۆنی ئەو هەیە هەڵیمژێت، گوزارەی ئەو مەلەکردنەی لە خوێنیدا چەقیبوو، هەردەم دەیگوت: ئێمە لەنێو ڕۆحی پڕ لە نووری ئەودا مەلەدەکەین. دڵنیابوو لەوەی ڕۆژێک دادێت ڕۆحی ئەو لەنێو گەردووندا دەدرەوشێتەوە، لەنێو شار و پایتەختدا خەڵکی بەسەر شەقامەکاندا وتە و حیکمەت و ئەقڵمەندییەکەی ئەو گوێ لێ دەگرن، دەیگوت: وەرن تاوەکوو تینتان تێدایە دەستی بگوشن،

ئەوەی دەستی بخاتە نێو دەستییەوە، لە جیهانێکی تازەدا بە پۆشاک و بەرگی نوێوە بە چاو و گوێیەکی دروست و بێسنوور و ئارامەوە دەردەکەوێت، خودا لەنێو دڵیاندا دەردەوشێتەوە. چیتر ناگەڕێنەوە نێو ئەندێشە کاولبوەکانەوە، ناگەڕێنەوە نێو ئەو چیرۆکانەی، جگە لە خاپوورکردنی خەونەکان، جگە لە گێڕانەوەی ساتە سامناکەکان هیچی دیکەی بۆ جێ نەهێشتین، ئێوە هیچ پەناگەیەکتان نەبوو، لە بیابانێکی بێ چرادا، بێ ئەوەی ئاوڕێک بدەنەوە، کەوتن بەسەر خاکێکی شەقار بوودا. هەر کەسێک بەم دیدارانە ئاشنا نەبێت، وێڵ دەبێت لە بیاباندا دەچەقێت، لەنێو ئاوێنە دووبارە بووەکاندا ون دەبێت لە بەردەم خۆیاندا، وەک دووبارەبوونەوەی هەستەکانی لەبەردەم ڕێگەیەکی سەرابیدا، وەک سێبەرێکی ماندوو دەکوژێنەوە. پێی وایە هەندێك کەس بەشی زۆری خەونەکانیان لە وەهمدا ڕۆچووە، هەندێکی دیکەیان ڕاهاتوون خۆیان و ئی دیکە بکەنە نێو چاڵێکی پڕ لە وەهم. خۆی وەک پاڵەوانێکی نێو چیرۆکە خەیاڵییەکان دەهاتە بەرچاو، کە کەوتبێتە ناو ئەو شارەوە، هەردەم ترسی لە دووبارەبوونەوەی خۆی هەبوو، لە دووبارەبوونەوەی جەنگەکان، ڕیتمی شەڕەکان، بۆنی بارووت و کوشتنی مرۆڤ، ئەگەر ژیانە بۆ ئەو دووبارەبوونەوە بێت، ئەوە خۆی و تەواوی خەڵکی وەک مردوویەک دەهاتە بەرچاو، کە بە کوچە و شەقامەکانی پایتەختدا دەگەڕا هەستی دەکرد زیاتر بەسەر خۆیدا پەرتدەبێت، ئیدی جیاوازییەکانی خۆی نادۆزێتەوە، پەرتبوونی خۆی بۆ کۆناکرێتەوە، بە شێویەکی ترسناک لەیەک دەچوون ئەو خەڵکەی ڕۆژانە دێن و دەچن، وەک ئاپۆرایەک لەنێو شاردا دەردەکەون، لە دیدی ئەودا یەک کارخانە بەرهەمی هێناون، یەک ڕوانگە مانیفیستۆی کردوون،

تەواوی مرۆڤەکانی بەیەک ڕەنگ دەبینی، پەرستگە و بارەگەی ژنە ئازادەکانی وەک مەیخانەیەکی مەستکەوتوو بەسەر جەستەی پیاودا سەیردەکرد، شار پڕی بوو لە وردە قسەی بێ تەماشا، پڕی بوو لە نیگای پەرتبوو. پایتەختی وەک چیرۆکە درێژەکانی بیابان سەیر دەکرد، پاڵەوانەکانی بە ڕووخسارێکی تۆزاوییەوە کۆچێک بۆ باکوور دەکەن، کۆچێکی نادیار. هەردەم بە چاوی ئەبڵەقبووی پڕ لە پرسیارەوە دەیڕوانییە ئەم کۆترە باڵکراوانەی، کە منداڵەکان لە باوەشیان دەکردن، کوڕەکانیش لەسەر بان خۆشییەکانیان دەگەڵ بەش دەکردن، ئاخر کۆتر چ لەو خۆشییە چێژ وەردەگرێت دیلی نێو دەستی مرۆڤ بێت، چ چێژێک لەم فڕینە دەبینێت، ئێواران بە دڵێکی یەخسیرەوە باوەش بە هێلانەکەیدا بکاتەوە، چ لەم زیندانە تەلبەندکراوە بکات، کە نەتوانێت باڵێک زیاتر بۆ فڕین قەرزبکات، کە نەتوانێت ئاشقانە باوەش بە ئاسماندا بکات، لەسەر کام تێل و کام چەم و کام دارستان هەیە، پڕ بە هەناسەکانی لە شەقەی باڵ بدات، ئەمە چ چێژێک لە مەوداکانی فڕین بە چەند سەربانێک، لە ئێوارەش بە نادڵی لەسەر دەستی مرۆڤێک بۆ ئەوەی ماچی دڵدارەکەت بکەین هەڵنیشیت، ئەمیش وەک فێڵێک و دەستخەڕۆکردنێک بتخاتە زیندانێکەوە. چ لەو دونیا پڕ لە درۆیینەی مرۆڤ بکەم، هێشتە تێنەگەیشتووە ئێمەی باڵندە لە ئاسمان نەبێت جوانیمان لێ دەرناکەوێت، باڵەکانمان باش هەناسە نادات. توند دەستی گرت و بەچەند هەنگاوێک پێش خۆی دا، وەک ئەوەی بیەوێت ئەندازەی هەموو جەستەی چاولێبکات بەو جۆرە چاوی تێبڕی دەستی چەپیشی لە گیرفانی پانتۆڵەکەیدا بوو، ئاشنای بەوە گرتبوو، هەردەم ئەو دەستەی دەخستە گیرفانەکانییەوە، بە شێوەیەک لە شەقامدا دەڕۆیشت، وەک کەسێک ورد ورد

سەیری زەوی بکات، وا پێدەچوو لە ئەستێرەیەکی ونبوودا، بە دوای جۆرە خاکێکی نوێ و نیشتمانێکی خاش خاشکراودا بگەڕێت، بە هەنگاوی لەو خاوتر و لەو هێواشتر هەنگاوەی دەخستەوە دواوەی، گوێی لێبوو دەیگوت: وا نەزانی ئێرە نیشتمانێکی بێنرخە، ئێرە بەشێکی نەبینراوی قەشەنگترین شاری دونیایە، ئێرە ئەو شوێنەیە، کە هەموو شارێکی تێدایە، تەنانەت پڕیەتی لە نیشتمانی من، پڕیەتی لەو خاکەی کە بەدواییدا دەگەڕێین، دونیایەک نهێنیی تێدایە شتی شاراوەی زۆری لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. ئەوەی ڕاستی بێت، هیچێک لەو شتانەم نەدەبینی، کە ئەو باسی لێوەدەکرد، تەنیا کوچە و چەند شەقامێکی داپۆشرا و بە دار و دوکانم دەبینی، کە وێنەی ئەندازەیەکی زۆر ناحەزانەیان دەردەخست، لە تەپوتۆزێکی خامۆشکرا و چەقیبوون، مرۆڤ بە زەحمەت توانی جیاکردنەوەی ڕەنگەکانی هەبوو، چونکە ئەم شارە تەلیسمکراوە، هەردەم لێک دەکشان، هەردەم تخووبەکانی درێژدەبوونەوە، بە بارتاقای هەناسەکانی چڵێسییان دوور دوور دەکەوتنەوە هەندێك کات وەک شارێکی درەوشاوە دەردەکەوت، هەندێك کاتیش بچووک خۆی دەردەخست، لە شێوەی شارێکی پارچە پارچە بوو، ئاخر ئاسان نییە لەم هەستە بگەیت، گەر خۆت لەناویدا نەژیابیت، ئەم قسانەی چەند بارە دەکردەوە دەیگوت: سەیری هێمنی ئەو ئێوارەیە بکە، سەیری ئەو کچانە بکە، چۆن مەستن و بەدیار یارەکانیان سەما دەکەن، بڕوانە شوێن پێی ڕۆیشتنی ئەو ڕێبوارانەی بۆ ژوان خەریکە باڵدەگرن، سەیری ئەو شۆفێرانە بکە، چەند شیرین میوانەکان دەخەنە سەر شەقامەکان، چەند جوان دڵی شاریان بۆ ڕادەخەن، سەیری ئەو میوانخانانە بکە، چەند دڵیان بەبێ ماڵی ئێمە خۆشە، چەند دڵخۆشن، کە ئێمە

ماڵێکمان نییە بۆ ژیان، دەتۆ سەیری ئەم هەموو تەماشایانە بکە، چۆن لە یەکدی دەڕوانن، زۆر بێفیزانە کۆتا نیگایان بۆ یەک دەنێرن. ئای لەم شتە سەیر و عەجایبانە، جگە لە غوباری ژێر پێڵاوی ئەو ڕێبوارانەی لەمسەر و ئەوسەری دونیاوە بۆی دێن، ئەو گەشتیارانەی، جگە لە فەرشێکی لۆچ و لوولدراو هیچی دیکە نین، جگە لە ڕووداوێک، جگە لە دووبارەبووەوەی مێژوویەک چیتر نین، ئەوانە هەموو شتێک دەبەن دەگەڵ خۆیان، تەنیا پەژارەیی دەهێنن، جۆرێکن لە بوونەوەری شەکەت لەنێو جەستەی خۆیاندا، داڕما و لەنێو پیاسەکانیاندا، ڕێبوارێکن هەموو بێدارییەک دەتۆرێنن. هەندێک بە بۆنی بارووت و تەپوتۆزی جەنگەکانەوە دێن، هەناسەیان پڕیەتی لە هاوار لە قیژەی خەفەکراو، لە بۆنی حەسرەت. تاوەکوو پتر بەرەو قووڵایی ئەم شارە دەڕۆیشت، زیاتر تەپۆتۆزی جەنگ هێرشیان بۆ دەهێنان، خۆڵ و غوبار لەسەر قژ و ڕیش و برژانگەکانمان هەڵدەنیشت.

# نامەی ٢٦مین

## ژووری ١

مەرجانەخاتوون لە تەمەنی ٥٣ ساڵیدا خوازبێنی کرا، ئەم هەواڵە نەک گەڕەک تەواوی شاری تووشی شۆککرد، ئەم باس و خواسە، کە سەرەتا لە دەمی ڕوقیەخانی کچی دەرویش عەوڵڵای جامچییەوە خرایە بەرگوێیان، لەوێشەوە بۆ ئەو دەم و ئەو زوبان دەنگۆی بەنێو شار و شاران بڵاوبوویەوە. مقۆمقۆی ژنان و توانجی قەیرەکچانیش لەولاوە بوەستێت، کەس قسەیەکی چاکی لەدەم نەدەهاتە دەرێ، پیاوەکان لە ژنەکان و ژنەکانیش لەوان خراپتر بوون، بۆ قسەوقسەلۆک، بگرە بوختانکردنیش. ئاخر خوازبێنییەک ئەوەندەی دەهێنا، خەڵکی خۆیان لەسەر خراپ بکەن. ماڵی مەرجانەخاتوونیش ئاوابێت، جوانییەکەی ژن فریو دەدات چ جای پیاو، برای خۆی ئەشقی دەبوو، بەو تەمەنەوە تۆ ئەوەندە ئاغاژنانە دەربکەویت، ئاخر ناهەقی نییە، تا ئێستە شووی نەکردووە! نابێت کەسێک، پیاوێک لایەقی ئەو شاژنە بێت. بنەماڵە و خانەوادەی بە ناو و ناوبانگی ئەوتۆ دەهاتنە خوازبێنی، کە پیاو هەبوو کچی خۆی بە بەرگی

بەری پێشکەش دەکردن، بەڵام ئەو هەر قسەی یەک بوو نەیدەکردە دووان، کەللەی قسانی زۆر ڕەقبوو، لە ڕووخساریدا مەرجانەخاتوون بەو کچە ڕەوشتخراپانە نەدەچوو، کە لە کەلی شەیتان نەهێتەخوارێ! کەسێکی زۆر نەرم و نیان و سەلار، باوکی بە کچە خاتوون و پایەدارە و سەنگین ناوی دەبرد، هەرچەند خوێندنی تەواونەکردبوو لە پۆلی دووی ناوەندیی وازی لە خوێندن هێنا، بەڵام خوێندن و نووسینی زۆر باشبوو، کتێبخانەیەکی بچووکی لەماڵەوە هەبوو، جگە لە دیوانی شاعیرانی وەک وەفایی و بێکەس و مەولانا و پەشێو و چەندان کتێبی دیکەشی لێبوون. دەڵێن: مامۆستایەکی خوو خراپی هەبوە و ڕۆژێک دەبێتە دەمەقاڵیان مەرجانەخاتوون، لەو ڕۆژەوە دڵی لە خوێندن و قوتابخانە دەڕەنجێت، مامۆستاکەشی ناوی ئەڵماسی کچی مەحموودە فەندی تەربییەیە، باوکی ئەڵماس خان، لە ناوەڕاستی سالآنی شەستەکانی سەتەی بیست لە شاری سلێمانییەوە دێنە شاری هەولێر، بە پلەی فەرمانبەری گشتیی لە پەروەردەی هەولێر دادەمەزرێت، کەسێکی زۆر بە زەبر و توندبووە لە کاری فەرمانبەریدا، ئەوەندە گوێڕایەڵی میری و ئەرک و فەرمانەکانی دەوڵەت بووە، یەک کاتژمێریش دوانەکەوتووە لە ئەرکدا، لە قسان دەڵێن، ڕۆژی مردنی باوکیشی، لە پرسەکەشیدا ئیشوکاری خەڵکی ڕاپەڕاندووە، کەسێکی سەیر بووە، لەبەر ئەو ڕەوشت و ئاکارەیەوە دوو جاران لە وەزارەتی پەروەردەی بەغداوە سوپاس و دەستخۆشانەی بۆ هاتووە، بۆیە بە ناوی مەحموودە فەندی تەربییە ناسراوە. ئەم مامۆستا ئەڵماسەش بە ڕەوشت و هەڵسوکەوتییەوە دەگێڕنەوە چووەتەوە سەرباوکی، لە گوتنەوەی

وانە لە پۆل و قوتابخانەدا کەسێکی بە پەرۆش بووە، هەر ئەوەش وایکرد لەگەڵ مەرجانەخاتوون بەریەک بکەون، مەرجانەخاتوونیش خوێندن و ئاییندەی خوێندنەکەی لەسەر دابنێت. هەرچەندە دەڵێن: ئەڵماس خان چەند جارێک دەچێتە ماڵی مەرجانەخاتوون، تاوەکوو دڵی ئاشت بکاتەوە و پاشگەزببێتەوە و بگەڕێتەوە قوتابخانە، بەڵام مەرجانەخاتوون دڵی نەرم نابێتەوە و هەرگیز نەگەڕاوەتەوە بۆ قوتابخانە.

ئەوەندەی داخوازیکارانیشی بە دڵساردی گەڕاندووەتەوە، خەڵکی ئەم داخوازیەشیان هەر بە نەخێر لای مەرجانەخاتوون لێک دەدایەوە، ئاخر ئەو چەندان داخوازی هاتووە، ئەوە لە چ کاتێک، کە تەمەنی ٢٠ تا ٣٠ ساڵان دەبوو، کە جوانی و قەشەنگی ئەو لەو کاتە شەڕی لەگەڵ مانگدا دەکرد. کولمەکانی سوور و لێوەکانی وەک هەنار تەڕوبەڕ دەتگوت تازە گەڵای ماچیان گرتووە دەدرەوشانەوە، تازەش شوو ناکات.

## ژووری ٢

ماڵی مەرجانەخاتوون کەوتبووە ناوەڕاستی کۆڵان، کۆڵانەکەیان جیاوازتر لە کۆڵانەکانی دیکەی گەڕەک، لە بەرچاوان دەردەکەوت، لە بەرچاو و دڵی کوڕە گەنجەکانی گەڕەکیش هەر زۆر جیاوازتر خۆی پیشان دەدا، ئەو کۆڵانە هەر کۆڵانێک نەبوو، دونیایەک بوو لە پەری، لە باڵندەی ڕەنگاوڕەنگ، لە باخێکی لێوان لێو لە کچی جوان، مێرگێک بوو لە بە هەشت، چەندان کیژۆڵەی جوان و تازەپێگەیشتووی لێبوو، باخی سینەی هەر یەکێکیان دوو هەناری گرتبوو، بۆیە

پێیان دەگوت کۆڵانی حەڤدە، حەڤدە کچی ئاسکئاسای تازە پێگەیشتووی لێبوو.

زیاد لە ٢٠ ساڵە مەرجانەخاتوون، بە تەنیا دەژیت و لەوێ ڕۆژییەوە شنەبای خوازبێنی بەر چارەنووسی مەرجانەخاتوون نەکەوتووە، ئەم بێ پیاوییەی مەرجانەخاتوون لای ژنانی گەڕەک بووبووە مەتەڵ و بنێشتەخۆشەی بنزاریان و جارجارەش قسەوباسی گەرمیان. دەبێت تۆ ئەوەندە جوان و ناسک بیت، پیاوێکیش نەبێت دەست بۆ ئەو جوانییەت ببات، ماچی دوو لێوانت نەکات و مژی ئۆخەی لە گەردەنت نەدات، ئەمە قسەی ئەو پێوەژنەیە، کە ناوی شەرمینە و ٦ ساڵێکە هاوسەرەکەی بە کارەساتی ئۆتۆمبێل گیانی لەدەستداوە، هەر لەو کۆڵانەی، کە ماڵی مەرجانەخاتوونی لێیە ماڵی ئەوانیشی لێیە، بە هۆی جلوبەرگ دوورینەوە هاموشۆی ماڵی مەرجانەخاتوون دەکات، ئێوارەیەک دەچێتە لای مەرجانەخاتوون و ئیدی دوای سەلام و بەخێرهاتن، دێتە سەر جل دوورین، پاشان چی لە دڵی هەبوو هەمووی بۆ مەرجانەخاتوون هەڵڕشت.

+کچ بیت و لە ماڵی باوکت بیت زۆر باشترە، نەک بێوەژنێک بیت، بێ پیاوی زۆر زەحمەتە، نازی منداڵ و بژێوی ژیان....

مەرجانەخاتوون نەیهێشت قسەکە تەواو بکات.

_بەڕاستی وایە، بەس هەرچۆنێک بێت ئەوە ژیانە؟

+بەڵێ ئیدی ژیان وایە (شەرمین دەیەوێت بەو قسانە لە مەرجانەخاتوون بچێتە پێشێو لە نهێنیی ئەو شوونەکردن و

خوازبێنییەی ئێستەی تێبگات). بەس بێوەژنیاتیش هەندەک ناخۆشە؟

_ناخۆشە بەڵام لەسەر مرۆڤەکان پێویستە ئارامیان هەبێت.

+(بەپێکەنینەوە ) چاوەڕوانی و ئارامیش ساڵێک و دوو ساڵ؟

_چییە شەرمین پێدەچێت حەزت لە مێرکردنەوە بێت؟

+(بە شەرمەوە) نا بەخوا بەس ئەواش ناخۆشە؟

_من لەو نیگەرانییانەی تۆ تێدەگەم، بەس خۆ مێردکردنەوەش کفر نییە.

+چیت لێبشێرمەوە بۆ من بووەتە کفر و گوناە؟ماڵی خەزورانم ناهێڵن شووبکەمەوە و دەڵێن ئەو سێ منداڵە بەخێوکە باشترە.

_جا ماڵی خەزورانت چ پەکیان کەوتییە، ئەوان بێ مێردن یان تووش (بە پێکەنینەوە). ژن کە مێردی ویست دەیەوێت؟

+(بۆ شەرمینی دەرگە بوویەوە) باشە خۆت بۆ شووناکەیت، (بە زەردەخەنەوە) دیارە ئەتوو مێردت ناوێت، (بەم قسەیە شەرمین هەستی بە خەجاڵەتکرد) بۆیە گوتی: داوی لێبوردن دەکەم مەرجانەخاتوون ئەو قسەیەشم لە ڕووی تۆشکرد، بێ ئەدەبی بوو ها؟

_نا بوراوی، بەس بارودۆخی من جیایە؟

+بۆ جیایە، ژن و پیاو هەر نابێت هاوسەرگیری بکەن؟

_من تازە پیربوویمە؟ (بەزەردەخەنەوە)؟

+ماشائەڵلا ، ماشائەڵلا کچی چواردەساڵیش لە جوانی و ناسکی ناگاتە تۆ، ئێستە سەرەتای تەمەنتە، (ئەوەی تۆزێک بە بەخیلیەوە گۆت).

_شەرمین قسەیەکت پێ بڵێم من لە تەمەنی ٢٠ ساڵی شووم نەکردووە، تازەش بەو تەمەنەوە مێردم بۆچییە، نایکەم.

+(نەیدەویست بڵێت بەس قسەکە قافی هات) ئەدی ئەوە لەسەر خێران داخوازیشت هاتییە، بیکە و تەواو؟

_داخوازی چی، من شتیوام نەزانییە و ئاگاشم لە هیچ نییە؟

+(بۆ ئەوەی لێی نەپرسێت کێ ئەو هەواڵەی بڵاوکردووەتەوە) ئەمنیش هەر لە دەمی منداڵ و ژنانی کۆڵان گێم لێبوە؟

_(سروشتی مەرجانەخاتوون وایە زۆر بە دوای قسە و قسەلۆکاندا ناچێت،) گوتی: خەڵکی بۆ خۆی قسان دەکات، ڕاست بێت درۆ بێت هەقی نییە؟

_(هیچی دەست نەکەوت، بە پێکەنینەوە) مادامەکێ پیاوەکی بۆ ئێمە ببینەوە؟

+(بەخۆشییەوە) بە سەرچاو شەرمین خان، هەر مێردێک هەزار پیاوت بۆ دەبینمەوە.

_دەی با لەوە زیاتر کاتت نەگرم، تۆش ئیشەکەت بکە و جلەکانیشم زوو بۆ تەواو بکە؟

+ئەمەشیان بە چاون، (بە دڵێکی خۆشەوە) فەرمانت بەجێیە شەرمین خان،

_دەی جارێ خوات لەگەڵ بێت.

+خوات لەگەڵ

## ژووری ٣

مەرجانەخاتوون، خانوەکەی لە باوکی بۆ بەجێ مابووە، نێزیکەی تەمەنی ٢٠ ساڵان دەبوو، کە ماڵیان هاتووەتە هەولێرێ، ئەوە ٣٣ ساڵی تەواوە لەو خانووە دەژیت، باوک و دایکی دەمێکە مردوون، لە تەنیا برایەک و پوورێک زیاتر کەسی دیکەی نییە هاموشۆی بکات، براکەی لەو گەورەترە و دوو ساڵە بە هۆی نەخۆشییەوە لەناو جێ کەوتووە، پوورەکەشی لەبەر سەرقاڵی بە ماڵ و منداڵەکانی، هەفتانە یان دوو هەفتە جارێک دێتە لای، مەرجانەخاتوون هێشتە کچە و مێردی نەکردووە، تەندروستیشی گەلەک باشە، بۆیە ئەگەر بێکەسییەکەی نەبێت، کە بۆ ئەوە بووەتە مایەی نیگەرانی، ئاخر تەنیایی و ژیان بە تاقی تەنیا لە خانویەکدا لەنێو ئەو کۆمەڵگەیە بۆ پیاوان قورسە و قسە و قسەڵۆکی خەڵکیش لەولایە، ئەدی بۆ کچێک، کە نێزیکەی ٢٥ ساڵە بە تەنیا بژیت لە ماڵێکدا، دەبێت چەند سەخت بێت. هەرچۆنێک بووبێت ژیانی گوزەراندووە، بێ ئەوەی پێویستی بەکەس هەبێت، خۆی لە ماڵەوە جل و بەرگی ژنان دەدوورێت و ژیانی خۆی پێ دەگوزەرێنێت، هەر بۆیەشە پێیان گوتووە، خاتوون، بە ڕاستی خاتوون و دەستڕەنگین، پاکوخاوێن، ژنان و کچانی گەڕەک هەر لەبەر ئەو خاتوونییە و دەستڕەنگینییەی

جلوبەرگی خۆیان لای ئەو دەدووری. ماڵەکەشی وەک خۆی پاکوخاوێن بوو، خانووەکەی، کە لە باوکی بۆی بەجێماوە، لە دوو ژوور و حەوشەیەکی گەورە و ناندین و گەرماو و ئاودەستێک پێکهاتووە، باخچەیەکی پڕ لە گوڵ و گوڵزار و دار هەرمێییەک و پرتەقاڵێک لە نێزیک دەرگەی خانووەکەی هەڵبڕیوە و جوانییەکی بە حەوشە و دیوی ژوورەوەی خانووەکە داوە، هەرکەسێک بۆ یەکەمین جار بێتە ئەو ماڵە تێدەگات خاوەنەکەی چەند هۆگری سەوزایی و گوڵ و باخە، دەگێڕنەوە لە ناوەڕاستی ساڵی هەفتاکانی سەتەی بیست، لە ئان و ساتی کارەسات و نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولدا، خانەوادەی مەرجانەخاتوون لەگەڵ زۆر لە خێزان و خەڵکی کوردستان، لە ترسی تۆپبارانی ڕژێمی بەعسەوە، ئەوانیش ئاوارەی وەڵاتی ئێران دەبن و لە ئۆردووگایەک بۆ چەند مانگێک بە ناچاری دەمێننەوە، مەرجانەخاتوون لەو دوورییە و لە ئاوارەییدا چەند چیلکە دارێک و چەندان نەمام لەگەڵ خۆی دەهێنێتەوە. هۆگری گوڵ و دار و سەوزایی بۆ مەرجانەخاتوون بووبووە ئەشق، ئەوەندە دڵی بە گوڵەکانەوە خۆشبوو، زۆرجاران گوێت لە دەنگێک دەبوو، یان هەستت دەکرد لێوی بۆ قسان وەک دووباڵی کۆتر لێک دەدا، تا باش لێی نێزیك نەبایتەوە، نەتدەزانی ئەو بە زمانی گوڵەکان قسە دەکات، ئەو گفتوگۆ لەگەڵ دارەکان دەکات، نەک تۆ، دایکی مەرجانەخاتوون، دەیگێڕایەوە بۆ خزمان و کچانی کۆڵان، دەیگوت ئەو کچەی من ڕەنگی وەک گوڵەکانی لێهاتووە، فێری زمانی ئەوان بووە، شەوان وڕێنەدەکات و بە شێوەیەک قسان دەکات من تێی ناگەم، هەستێکی سەیری هەیە بۆ گوڵ، ناوی یەک بەیەکیانی

دەزانی، ئاخر هەر ئەو گوڵانەبوون، نەیهێشت شووش بکات، چەندان جار خوازبێنی دەهات و لەو لایە بیانوویەکی دەهێنایەوە و ڕازی نەدەبوو، تا وای لێهات خەڵکی دەیانگوت ئەو کچە ئاسایی نییە، لە مرۆڤ ناچێت هەردەم لەگەڵ دار و گوڵان قسان دەکات و بە دەم گەڵا و ڕەگەکانیانەوە خەیاڵ دەیباتەوە، ڕامانێک ڕادەمێنێت، وەک ڕاوچییەک بۆ نێچیرەکەی چۆن سێرەی بۆ دەگرێت، ئەوها لە باخچە ڕادەمێنێت. زۆر جار خەیاڵی دەڕۆیشت، بیری لە زۆر شت دەکردەوە، مەرجانەخاتوون دەیزانی بیر لەچی دەکاتەوە، ئەو سەبووری بەو گوڵانە دەهاتەوە، سۆز و دڵداری لەگەڵ ئەوان دابەش دەکرد، هەردەم ژووانی لەگەڵ ئەوان بوو.

## ژووری ٤

ئامینەی هاوسێیماڵی ڕوقییەخان، کە ئەو هەواڵەی بیست، چایەکەی بەردەمیشی نەخوارد و یەک پێی هەڵسایەوە و خۆی گەیاندە ماڵی ڕوقییەخان.

_ئەرێ ئەوە ڕاستە؟

+چ ڕاستە ئامینە

_دەڵێن مەرجانەخاتوون داخوازی هاتووە؟

ئەو پێی خۆش نەبوو، لە دەمی خەڵکی دیکە ئەو هەواڵە ببیستن، بۆیە گوتی

+ئەیەڕۆ کچێ ئامینە خێر بڵێ ئەوە بە ڕاستتە؟

ڕوقییەخان، لەنێو گەڕەک و خزم و ناسیاواندا، بە کەسێکی دەم تەقیوو ناوبانگی دەرکردبوو، قسەی لەدەم ڕانەدەوەستا و هەندێک جاریش بۆی زیاد و کەمیش دەکرد.

ئامینە لەبەرئەوەی ڕوقییەخانی باش دەناسی و سەین و بەینێکیان لەگەڵ یەکدیش هەبووە، نێزیکەی بیست ساڵێکە هاوسێی یەکترن و نان و نمەکی یەکدییان زۆرکردووە و شەرمیان لێک نەدەکرد بۆیە گوتی:

_چییە دەتەوێت لە منیشی بشاریتەوە؟

+نا بە خوای بەس حەزناکەم لە دەمی منەوە، کەس بیزانێت، ئەرێوەڵلا خوازبێنی هاتووە

_دەبێت کێ خوازبێنی ئەو پیرە ژنەی کردبێت؟

+نازانم، ئەمنیش لێم بووەتە مەراق دوو ڕۆژە سەر دێنم و دەبەم، کەس نەمایە لێی نەپرسم، کەس نازانێت کێیە؟

_ئەوجا ئەوە چۆن دەبێت؟ واتە کەس نەیزانیوە کێیە؟

+بە خۆت دەزانیت ئەمن ڕوقییەم پێدەڵێن شت نییە لەبەر دەستی من بە نهێنی بمێنێتەوە، بەس ئەو پیرەمێردەی ناناسم و نەمزانییە کێیە.

_ئەدی مەرجانەخاتوون، ئەتوو نێوانتان زۆر باشە، یانی خۆشی نەیزانییە کێیە، بە تووی نەگۆتییە؟

+نەخێرهیچ ناڵێت، کچێ نازانیش دەکات.

_بە پێکەنینەوە ناهەقی مەگرە، بەو تەمەنەوە داخوازیت بێت خراپ نییە؟

+بەس ئامینە ئەتوو لەو قسانە گەڕێ، پێشمەکەنە، ئەو مەرجانەخاتوونە، دەبێت شتێک لەو خوازبێنییەیدا هەبێت.

_شتی چی ڕوقییەخان، مەرجانەخاتوون کەی لەو تەمەنەی ماوە شتی لەبن سەردا بێت؟

+مەبەستم ئەوە نییە، دەڵێم ها باسیان دەکرد، کە چەندان جار خوازبێنی کراوە.

_ئەریۆەڵلا باشم لە یادە

+ئەدی بۆ ئەوێ ڕۆژێ مێردی نەدەکرد؟

_ئاخر خۆی نەیدەکرد.

+باشە منیش ئەوە دەڵێم بۆچی نەیدەکرد؟

_ڕەنگە دڵخوازێکی هەبێت و چاوەڕێی ئەوی کردووە؟

+نەخێر وا نییە، ئەگەر دڵخوازێک لە ئارادابوایە، ئەی بۆچی تا ئێستە دیار نییە؟

_مممممممم

+من دەڵێم ئەو مەرجانەخاتوونە، چاوەڕێی یەکێکی کردووە بێتە داخوازی، ئەویش تا ئێستە نەهاتووە؟

_شیرین و فەرهادە، بە پێکەنینەوە، خێر بڵێ ڕوقییەخان، مەرجانەخاتوون هەر شووناکات؟

+ئەی ئەوە نییە داخوازی هاتۆتەوە؟

_یاب یتەوە من باوەڕم وایە قەت شووناکات.

+ئاخر شوونەکردنەکەشی هەر قسە هەڵدەگرێت؟

_وایە

+لێم بووەتە خولیا، ٣٠ ساڵە ئەو شتەم لە مێشک و هەناوی خۆم هەڵگرتووە، هەر دەبێت بیزانم.

_بە خوا ئەتۆ زۆر شتان دەزانیت، ئاگات لە هەموو ڕووداوێکی ئەو گەڕەکەیە، بەس پێموابێت سەر لە نهێنیی ژیانی مەرجانەخاتوون دەرناکەیت.

+دەبینیت، بزانە سەری لێدەردەکەم یان نا؟ دەی ئەمنیش کارم هەیە و خوات لەگەڵ.

_خوات لەگەڵ.

## ژووری ٥

ئەو تەنیا مرۆڤێک نەبوو، تەنیا کەسێک نەبوو، فریشتەیەکی خوایی بوو، ئەو میوانە ناوەختە لە کوێ پەیدابوو، لە چ زەوییەکەوە هاتوون، لە چ ئاسمانێکەوە دابەزیون. لەگەڵ کام کاروان بار و بارگەیان هێناوە، کۆچەری کام کۆچن، ڕێبواری کام وەڵات و شارن. ئەوەی ئەو بینیی ڕۆشنایی هەتاوێک بوو دەبریسکایەوە، گوڵێک بوو لەنێو بەهەشتدا خونچەی دەدا، دڵێک بوو لە قووڵایی دەریادا، لەتەک ئەڵماسێک ژیانی دەبەخشییەوە ماسییەکان. ئاخر چاو بڕوا بەوە ناکات، فریشتەیەک بەو گەرمایی هاوینە، دەبێت چ جەنگێک بۆ ئێرەی هێنابێت، چ وەیشوومەیەک پیلی گرتبێت و چارەنووسی بەو شوێنە گەیاندنبێت. بەو مانگی تەمووزە. بەو قرچەی گەرمایە، لەگەڵ پۆلێک باڵندەی ڕۆح سووک بەو خێراییە، بەو کاتە

لەناکاوە لە دەرگە بدەن، دەرگە وەک فەرشی نێو کۆشکی بەڵقیس سینگی بە ڕووی میوان دەکردەوە، خۆشی بەوانە دەهات و زەردەخەنەی شادییان لێ دەباری. ئەو تەنیا گوێی لە فەرموو فەرموو بوو، ئەو وشەیە، لای ئەو بەژنی لە دارچنار دەچوو هەر نەدەبڕایەوە، درێژ درێژ بوو، وەک ڕێگەی ژیان و مردن. پەری وا لە ئاسمانانیش نییە، وەکوو ئەوەی پێشتر فریشتەی بینیبێت لە دڵی خۆیدا دەیگوت بە خوا ئەو زۆر لە پەری جوانترە، پەری کەی شکۆی ئەوەی هەیە، لە جوانی و قەشەنگی بگاتە ئەو! یوسفی چی، عیسای کوڕی مەریەمی چی، کوڕی پاشای ئینگڵتەرای چی، تەخت و تاراجی کیسرای چی، کامەیان دەتوانن لە شکۆ و جوانی شان لە شانی ئەو بدەن. ئەو وێنەیەی ئەو بۆ میوانە ناوەختە پەری ئاساییەکەی کردبوو، لە ڕووخسار بە مرۆڤ نەدەچوو، لە بەژن و باڵا هەزار سوارچاکی فارس و ڕۆمی بە قوربان بێت.

لەودیو پەنجەرەکەوە بە تیچاوێک سەیری بەردەرگەی دەکرد، بە ئاسپایی و ورد ورد ڕوانینی بەرەو لای هەنگاو و قاچی میوانەکان لاردەکردەوە. لە بیری ئەودا نەبوو، بەو نیوەڕۆیە، بەو درەنگانی ڕۆژە کاتژمێر دوانزە، فریشتەیەک لەگەڵ چەند مرۆڤێک بە کۆشێک سڵاوەوە باوەش بە ماڵی ئەواندا بکەن، لەبەرخۆیەوە دەدوا (پەری و ماڵی ئێمە) لە قورئان و کتێب و فەرموودە و گوتاری مەلایان، کە باسی فریشتان دەکەن، مرۆڤ تەزووی بەلەشیدا دێت. ئاخر پەری پاکترین دروستکراوی خودایە، هیچ لە ئێمە ناچن، نەدەخەون، نە دەخۆن و دەخۆنەوە، ئەدی بەو کات و ساتە ناوەختە، نەدیتی و نەناسی لێمان بە وەژوورێ کەوتینە. من بە خۆم گوێم لە مەلا قادری

گوتاربێژی مزگەوتی شێخ نەبی گەڕەکی خۆمان بووە، کە بە مەلا قادری ڕەوشت ژنانی ناو و ناوبانگی ڕۆیشتووە، دەیگوت: هەموو نەوەی ئادەمێک دوو فریشتانی لەسەر شانییەتی، هی چاکە و خراپان، بای نووکە دەرزییەک چاکە و خراپەی بکەیت، ئەو دوو فریشتەیە لە دەفتەری کردەوەکانت دەینووسن! لە ڕۆژی زیندووبوونەوەش بە پاکراوەیی دەیدەنەوە دەستی. وای بۆ ئەو کەسەی بەدەستی چەپ کتێبەکەی وەردەگرێتەوە، ئەوە بێ ئەملا و ئەولا خودا دەیباتە جەهەننەمێ، ئەگەر بە دەستی ڕاستیش کتێبەکەت وەرگرتەوە، ئیدی تۆ بەهەشتی! ڕۆژەکیان ئەو مەلا قادری ڕەوشت ژنانییە لەبەردەم ماڵی مەرجانەخاتوون بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد، بە خوا بابە دەڵێن بۆ فریشتە نایەتە ئێرە، ئاخر چۆن فریشتە بێتە ئەو گەڕەکەی، بەردەرگەی هەرماڵێک دەگریت، خواردنی بە مەنجەڵەوە فڕێ دەدەاتە ناو زبڵدانی، خوداش ئەوە قبووڵ ناکات، بێ دینیش بەو ڕێژەیەی، برنج و نانی بخەنە ناو زبڵدانی، وا بڕوات خودای گەورە نەفرەتتان لێدەکات.

مەرجانەخاتوون لەبەرخۆیەوە دەیگوت: ئاخر بەو هەموو گوناهەمانەوە فریشتە چۆن دێتە ماڵەکەمان، بەدەست خۆی نەبوو، لەنێو ناندێنی بێ سەر دەسووڕایەوە، سەرێک بۆ ئەملا و سەرێکی بۆ ئەولا دەبرد، لە دایکی پرسی

+ئەوانە کێنە؟

_کچم بە خوا منیش جارێ نازانم کێنە؟ دەی جارێ ئەتوو دەست و بردبە، دەبێ چێشتی زیاتر بخەینەسەر ئاگر، ئەوانە میوانن، دەبێت ڕێزیان بگرین، نیوەڕۆیە بێگومان برسیتیان.

مەرجانەخاتوون، دەتگوت لە شیرینی خەو ڕاپەڕیوە، دەستی ئیشانی نەدەگرت، زەردەخەنە بەسەر لێوانی دەتکا و چاوەکانی پڕی بوو لە ڕاز. دیار نەبوو ئەو خۆشییەی مەرجانەخاتوون لەپایی چییە؟ بۆ میوانەکانە، یان فریشتەی هەزارباڵ. وەکوو ئەوەی چێشت بۆ دڵخوازەکەی ئامادەبکات بەو دەست و پەنجە نەرمانەی، کە ئەستێرەی شادییان لێوە دەبریسکایەوە، زۆر دڵخۆش دیاربوو، خۆشی سەیری بە خۆی دەهات، ئەو دڵخۆشییە لە پای چی و بۆ کێیە، شتێکی سەیر نەبوو، ئیدی دڵ گاڵتە نازانێت، هەروا بە ئاسانی باڵناگرێت، مەگەر هێلانەیەکی لە دڵی خۆی شیرینتری نەبینێبێت، ئەو هەستی دەکرد، شتێک ئارەزووی فڕینی بۆ دروست کردووە، فڕین بۆ کیشوەرێکی دیکە، بۆ ئاسمانان بۆ هەواری فریشتان. چەندی سەردێنێت و دەیبات لەوە حاڵی نابێت، دەمی وڕێنانی لێ دەبارێت، دەبێت ئەو فریشتەیە نان بخوات، باشە ئەوانی دیکە قەیدی ناکات، وەک ئێمە مرۆڤن، بەڵام خۆ پەری نان و ئاو ناخۆن! باشە ئەی ناڵێن پەری خودا نابینرێت، ئەی من چۆن ئەو دەبینم، چۆن هەستی پێدەکەم، دەبێ خەون و خەیاڵ نەبێت. دایکی مەرجانەخاتوون بۆ بەخێرهاتن چووە ژووری میوانان.

+یا خوا بەخێربێن سەرچاوانمان، گەورەتان کردین، ئەدی بۆ ماڵ و منداڵەکانت نەهێناوە کاک حەمەدەمین.

_گەلەک مەمنون، بمان بوورە بەو ناوەختەوە هاتین، بە خوا منداڵەکانیش گەلێک باشن، ئەوجارە، کە هاتین ئینشائەڵڵا دەیانهێنم؟

+جا چمانکردییە، میوان ڕێزی لە سەرچاوانە، پاشان خۆ

ئێوە میوان نین، ئێوە خزم و کەسی ئێمەن و خاوەن ماڵن، پێڵاوتان سەرسەرمان، خوا بکە ئێوە بە ئێمە ڕازی بن، ئەوها گەورەمان بکەن.

کاک حەمەدەمین، کە دەبێتەوە ئامۆزای دایکی مەرجانەخاتوون، خەڵکی دێیەکی ناوچەی بالیسانن، زۆر بە کەمی هاتوچۆی یەکتریان کردووە، بۆیە مەرجانەخاتوون نەیانی ناسییەوە.

+نەتزانیی ئەوانە کێنە؟

_کچم ئەوە حەمەدەمینی ئامۆزامە، لە من گەورەترە و گەلەک لە مێژە بۆ ژیان چوونەتە بالیسان، لەوێ مەڕ و ماڵاتیان هەیە و بە کشتوکاڵەوە خەریکن، نازانم چەند منداڵی هەیە دەمێکە یەکترمان نەبینیوە، بەس ئەوەی لەگەڵیەتی پێم وا بێت کوڕە ناوەنجییەکەیەتی، دوو پیاوە بە تەمەنەکەی دیکەش ناناسم، ڕەنگە خەڵکی گوندی خۆیان بێت.

+یانی ئەوانە خزمی ئێمەن؟

مەرجانەخاتوون خەیاڵی لای ئەو فریشتەیە بوو، دەیویست بڵێ ئەی ئەو پەرییە کێیە لەگەڵیان، بەڵام شەرمی دەکرد، ئەوە بەدایکی بڵێت، بەس هەردەبوا پێی بڵێت، چونکە ئەو هێشتە لە خەمی ئەو پەرییەدایە، ئاخۆ ئەو چ دەخوات، چ خواردنێک بۆ ئەو ئامادەبکات؟

_بەڵێ لە خزمیش لە پێشترە ئامۆزامە باب برا.

+دایە خواردن ئامادەیە ئەگەر دەیبەیت، بەس دەمەوێ شتێکت لێ بپرسم، فریشتە نان دەخۆن

_نەخێر، نان ناخۆن.

+یانی قەت نان ناخۆن، یانی هیچ ناخۆن؟

_بەڵێ کچی خۆم ئەوان وەک ئێمە نین نان و ئاو ناخۆن، ئەرێ ئەو پرسیارانە چییە دەیکەیت، جارێ وەختی ئەو پرسیارانەیە؟

خەمی گەورەی مەرجانەخاتوون ئەو فریشتەیە بوو، بۆیە لە خەمی نانخواردنیدا بوو.

+ئەدی چ بۆ ئەو ئامادەبکەین؟

_بۆ کێ؟

+بۆ ئەو پەری خودایی!.

_چییە شێت بووی، پەری کێیە؟

+ئەو فریشتەیەی، کە لە ژوورەوەیە؟

_مەرجانە چییە کچم ئەتوو ئاگات لە خۆیە چ دەڵێت؟ چییە وڕێنان دەکەی!

مەرجانە لە خۆی کەوتە گومان، دەبێت ئەوەی من بینیم خەون نەبێت، یان خەیاڵێکی شێتانە نەبێت، دایکم ڕاست دەکات فریشتە، کەی لە ژوورەوەیە، باشە ئەدی ئەوەی من بینیم چ بوو، بە خودای لە پەرییەک زیاتر هیچی دیکە نەبوو.

+دایە منیش لەگەڵت دێم خواردنەکان دێنم؟

_باشە وەرە، بەس نەکەی بێیتە ژوورەوە، میوانی بێگانەی لێیە؟

+بە چاوان، بەس لێم بووەتە حەزێ!.

_چیت لێبووەتە ئارەزوو کچی خۆم؟

+بە خوا ئەو پەری خودایە!

_بە خودای ئەتۆش تێک چووی، هەر پەری و مەری مابوو.

+باشە بڕۆ سەرپۆشێک لەسەر بکە و خواردنەکە بێنە با بۆیان بەرم؟

سەیرە کەس ئەو ڕووناکییە، ئەو تروسکایی نوورە نابینێت، نیگەرانی ئەو دەگەڕایەوە بۆ دوو چاوی ئەبڵەقی دایک و باوکی، کە عەجەب ئەو پەری خودایە لە ماڵەکەیاندایە و ئەوانیش نایبینن! مەرجانە دڵی لەو ساتە بەجێما بوو، کە پەرییەکەی تێدا بینی، هەستی خۆناسین، باڵقبوون، ئەشق، شەیدایی، تێکەڵ بەیەک بوون. هەموو هەستەکانی ورووژا، باوەڕی بە چاوەکانی نەدەکرد، حەزی دەکرد بچێت دەست لەو پەری خودایە بدات. ئەو زیاتر دڵ و ڕۆحی ئاوێتەی نیگای ئەو پەری خوداییە بووبوو، ئەشق لە یەکەمین نیگاوە دروست دەبێت، ئەو نیگای ئەشقە مرۆڤ دەکاتەوە بە خۆڵەمێش دەیکاتەوە بە قوڕی شێلدراوی بەردەستی خودا، دەبێتەوە بەو قوڕەی، کە خودای تاقانە مرۆڤی لێوە دروستکرد، ئادەمی لێ خوڵقاند. مەرجانە لای وابوو تازە لەدایک بووە، لە ناخی ئەودا ئەو دیدەنییە، جیایە لەگەڵ هەموو بینینەکانی دیکە، لێرە هەستەکان جیاوازتر دەردەکەون، جیاوازتر دەڕوانن، مەودای ئەو نیگایە پڕیەتی لە تەماشا، تەماشایەک هەستەکان رادەگرێت،

پڕی دەبێت لە ڕاز و نیاز، لە قسە، لە ئیماژەدان، لە وشە. ئەوینی ئەو نیگایە دڵ دەباتەوە بۆ قووڵایی ژیان، بۆ نێو دەریای ئەڤین، بۆ نێو سەرەتای تابلۆی بوون.

## ژووری ٦

مەرجانە لە خۆی بێئاگابوو، کە ئەشقەکەی ئەو یەک لایەنەیە، بە ڕاستی ناخۆشە دڵت بە کەسێکەوە بێت، ئەویش ئاگای لێ نەبێت، دڵ دەرویێشانە لەنێو تەکیەی ئەشقت دێوانە بێت و واوەیلا بکات، ئەوەی بەرامبەریش بێ ئاگا لەنێو خەو و خەیاڵی خۆیدا بێت! ئەشق وا لە مرۆڤ دەکات جوانتر ژیان ببینێت، هەست بە بوونی خۆی بکات لەنێو خۆیدا گەورە بێت. ببێت بە نیگارکێشێک و خەیاڵی لێوان لێو بکات لە ڕەنگ.

لای مەرجانە کاتی ئەوە هات ئیدی ئەشقی خۆی ئاشکرا بکات، نهێنی دڵی بۆ مەعشوقەکەی هەڵڕێژێت، بەردەوام هەوڵی دەدا دەردە دڵی بۆ کەسێک بگێڕێتەوە، بەڵام لەناو خزمان و هاوڕێ و دەستەخوشکاندا، تەنانەت دایک و باک و براکەشیدا کەسی بە هۆگری ڕازەکانی نەدەزانی، جار جارێ دەچووە نێزیك باخەکەیی و لە نێزیك گوڵێکەوە بەدڵ گوڵەکانی ب ەقسان دەهێنا، گفتی زۆری لە گوڵەکان وەردەگرت، کە نابێ نهێنیی ئیشقەکەی لای هیچ کەسی دیکە باس بکەن. مەرجانە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ئیشقی ئەو بۆ پەری خوداییە، نامەی زۆری نووسی، لە دڵی مەرجانەدا ئەو نامانە لەگەڵ هەستەکانیان تێکەڵ دەبن و بە خۆشەویستەکەی دەگات، مەرجانە نامەکانی ل

نێو کتێبەکانی دەشاردەوە، ئەو هەردەم وای خەیاڵ دەکرد، کە ئەو فریشتەیە شەوان لە کاتی بێدەنگی و تاریکیدا دێت نامەکانی لەنێو کتێبان دەردەهێنێت و دەیخوێنێتەوە. مەرجانە ئەوەی بە تێکەڵبوونی هەستەکان لێک دەدایەوە، ناوە ناوەش لە نامە ناردن بێزار دەبوو، ئەو پێی وایە ئەشق لەنێو نامەکاندا زیندانیکراوە، وشەی ئەشق هیچ نییە، مادامەکێ نەتوانێت بڵێسەی ئاگری دڵێک خامۆش نەکات.

نامەی یەکەم

بۆ پەری خودایی..... ئازیزترین کەسم

سڵاو...... ئازیزەکەم  لە دڵەوە هەواڵت دەپرسم و پەرۆشی باشی تۆم.

نازانم لە کوێوە دەست پێبکەم، گەڕانەوە بۆ خەیاڵ و یادەوەرییەکان، یان بۆ فڕینی نیگاکانمان بۆ باوەشی یەکتر، یان بۆ یەکەم دیدار و یەکەم ترپەی دڵ، نازانم بە چ زمانێک، هەستی خۆم بنووسمەوە، بە کام وشە ڕازی پڕ لە نهێنی ناخمت بۆ  هەڵڕێژم. ئازیز گیان بڕوا بکە چەند جارێک ئەم نامەیەم نووسیتەوە، دواجار دڕاندوومە، لە وشە و دێڕ و واتاکانی رازی نەبووم، هەست دەکەم ئەم زمانەی پێی دەنووسم تێر ئەشقم ناکات، تژیم ناکات لە چێژی ئەوینت. تەنیایم لە کۆڵ ناکاتەوە، پڕترم دەکات لە بێدەنگی، هەناسەم زیاتر تەنگ دەکات، دڵم دەکوشێت.

م ەرج ان ە

١٩٨٦/٣/٤

نامەی کۆتایی

بۆ........ ئازیزترین کەسم

سڵاو....

ئەم جارە نەمویست ناوت بهێنم، نەشمویست بە هیچ ناوێکی دیکە بانگت بکەم، ئەمە ٢٦مین نامەیە بۆت دەنووسم، ئازیزەکەم، تێدەگەم نامەی هەموو دونیا بەشی دووریت ناکات، ئاوازی هەموو دونیا بەشی خەندەیەکی تۆ ناکات، دیوانی گشت شاعیرانی سەر ڕووی زەوی بەشی وشەیەکی ئەشق ناکات. بێگومان ئەم نامەیەش شوێنی یەک نیگای تۆ ناگرێتەوە، کە لەژێر پێڵوی چاوەکانت تێم دەڕوانیت، چ لە نامە بکەم، کە تا ئێستە نەیتوانیوە ئاهێکی من بگۆڕێتەوە بە ئۆخەیەک، فارگۆنی ئەم شەمەندەفەر بپچڕێنێت و ئاوڕێک لە بێ مروەتی دڵم بداتەوە. چ لە دێڕی درێژ و هۆنینەوەی نامە بکەم، چ لە ئیشقێک بکەم، لەنێو زەرفی نامەیەکدا زیندانی کرابێت. چ لە وشەی ئیشق بکەم، کە بڵێسەی ئاگری دڵێکی پێ خامۆش نەکرێت.

م ەرج ان ە

١٩٨٨/٢/٨

## ژووری ٧

بەرەبەیانی ١٩٨٨/٥/١٥ هێشتە سروەی بەیان ماڵئاوایی لە شەو نەکردبوو، هێشتە خۆر زەردەحەنەی ڕۆژێکی نوێی نەخستبووە

سەر لێوانی زەوی، گەڵای دارئەسپینداره‌کان بۆنی تریفەیان بەرنەدابوو، بەهار تازە چرۆی دەکرد، نەرمە با و فێنکایی و سەوزایی کوێستانی هیران و نازەنین و دەشتی خۆشناوەتی هێشتە وەک دوا تابلۆی داڤنشی رەنگیان لێ دەتکا، وەک ڕووخساری عیسای مەسیح دەبریسکانەوە، وەک ڕۆمانی بەفری بامۆک وشەکانی بست بست باڵادەگرن.

سپێدەیەکی تەنیا، شەرمن، بێدەنگ. هێشتە منداڵان بۆ نوقڵانە و شادی جەژن، لە ناوەڕاستی کۆڵان و سەرشەقام و دەرگەی ماڵان نەدەوەستان، کوکختییەکان تازە هێلانەیان جێهێشتبوو، هێشتە ئاگری چێشتی جەژن خامۆش نەبوو. ئاسمان تاسا، ژیان خەسێندرا، دەریاکان ترس دایگرتن، خنکان. بەو بەیانییە زووە، کە هێشتە یەزدان شەڕ و خێری بەش نەکردبوو، ئەنفال بوو بە میوانی ماڵەکانمان، ئەنفال بوو بە ئایەت بوو بە درێژترین زام.

ئەمە کۆستی تەنیا کەسێک و ماڵێک و شارێک نەبوو، ئەمە کۆستی نەتەوەیەک، مرۆڤایەتی بوو. مەرجانە خۆ ئێستەش بڕوا ناکات، ئەنفال فریشتەکەی ئەوی بردبێت. (لێت دەپرسن لەبارەی ئەنفالەوە، تۆش پێیان بڵێ ئەنفال هی خودا و پێغەمبەرەکەیەتی) ئەمەی لە تەفسیری نامی بەرچاوکەوتبوو، ڕۆژێ دە جاران دەیخوێندەوە. تا وای لێهات لەبەر خۆی پێدەکەنی و بە گاڵتەوە دەیگوت، خودا و پێغەمبەرەکەی چیان داوە لە پەریەکەی من، بۆ بردوویانە، بۆ ئەنفالیان کردووە، دیارە پەریش ئەنفال دەکرێت! خودا چ پێویستی بە فریشتەکەی من هەیە!

# ئایین و بیرکردنەوە، دۆزەخی کەلامییەکان: لە حەللاجەوە بۆ سورەوەردی

دەرکەوتنی گرووپی قەدەرییەکان، وەک یەکەم توێژی بیرکەرەوەی دونیای ئایینی، لە سیستەمگەلی ئیسلامیدا دادەنرێن، کە بۆ تێگەیشتن و ڕاڤە و شیکردنەوەی دەقی ئایینی پەنایان بۆ زانستی کەلام دەبرد، بە تایبەت بۆچوونی جیاوازیان لەبارەی چەمکی قەزا و قەدەرەوە ،کە دواجار تاوانبارکران، بە لادەرەکان، دواتریش ئەو ئایدیایە ئاراستەیەکی ئۆرگانی وەرگرتوو، لەسەر دەستی موعتەزیلەکان گەشەی کرد و بوون بە چەندان گرووپ، لە چوارچێوەی قوتابخانەی ئەهلی کەلامدا شوناسیان پێ درا.

ئەگەر لە ڕێگەی یادەوەرییەوە بگەڕێنەوە ئان و ساتی دۆخی پێغەمبەرایەتیی پێغەمبەری ئیسلام و ئاوێزانبوون و تێکەڵبوون و ئاشنایی ئەو، لە ڕێگەی سرووشەوە بە قورئان. دەوترێت تاوەکوو ئەو لە ژیان بووە کەسێک، کە بۆی هەبێت قسە

بکات، تەنیا ئەو بووە، لە یەک کاتدا ئەو قسەکانی خوداش دەگەیەنێت بە ئێمە و خۆیشی قسە دەکات. لای زۆرینەی زانایانی ئەهلی سوننە، وتەکانی پێغەمبەریش وەک وەحی و سرووش سەیر کراوە، بە بەڵگەی قورئانی (وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى)، کۆی گشتیی ئەوانی دیکە دەبێ لەنێو ئەو مەنزومەیەدا گوێڕایەڵ و حیکایەتخوان بن، بەڵام بە هۆی وەفاتی پێغەمبەرەوە کێشەکان سەر هەڵدەدەن و بێدەنگی دەشکێت. بە ناچاری بڕیار لەسەر کۆکرنەوەی قورئانی پیرۆز دەدەن، تا لە فەوتان دەربازی بێت. دوای ئەوەش کە کێشەی دیکەیان لەبارەی تێگەیشتنیان لەسەر واتا و دەلالەتەکانی قورئانی پیرۆز بۆ دروست دەبێت، ئیدی دەست دەکەن بە کۆکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر "درودی خودای لەسەر" دواجار ناو دەنرێت بە تەفسیری پابەندی (التفسير المأثور)، ئەمەش تاوەکوو ماوەیەکی زۆر فۆڕمێک وەردەگرێت و موسڵمانان بە تەواوی دەکەونە ژێر کاریگەریی هەژموونی (القول ما قال الله و قال الرسول) کە وادەکات نەریتێک بەر بە بنەمای (اذا صح الحديث، فهو مذهبی)، لەنێو ئەو کولتوورەدا بچەسپێت. تایپێک لە سەوداکاریی لەگەڵ ئایینداری دروست دەبێت، کە پرسیارکردن و گومانکردن و لێکدانەوە، بە کورتی هەر کردەیەکی بیرکەرەوە و فەلسەفاندن تیایدا بە هەموو شێوەیەک حەرام و قەدەخەکراو بێت.

بە تێپەڕبوونی کات و هەرا و زنای بەشێک لە زانایانی موسڵمان، لەبارەی تێگەیشتنیان بۆ قورئان و فەرموودە، ئیدی ناکۆکیی خوێناویی لە هەناوی کۆمەڵگەی ئیسلامدا دروست

دەبێت، سەرەداوی ئەو ئاریشەیەش دەگەڕایەوە بۆ ئەو ئایەت و فەرموودانەی، کە جێگەی تەئویل و لێکدانەوەی جیاواز و قسە لەسەرکردن بوون، واتە مەتاتییەتی ئایەت و ناڕۆشنی لە دەقەکاندا، وای لەوانکرد کە تێڕوانینی دیکەیان بۆ دروست بێت. قوتابخانە کەلامییەکان دەروازەیەک بوو، بۆ بیرکردنەوەی فەلسەفییانەی بەشێک لە موسڵمانان بۆ دەقە ئایینییەکان، یان بە واتایەکی دیکە دەرکەوتنی ئەهلی کەلام، سەرەتای جیاوازیی تێگەیشتنی ئایینداریی و دروستبوونی تەئویل و بۆچوونی دژ بەیەکیان بووە، لەسەر ئەحکامدا، تەنانەت لەسەر بە کافر سەیرکردنی گوناهکاران و بابەتگەلێکی زۆری تایبەت بە جیهانبینی قورئان .

هەرچەندە حیکایەتی دیکە هەیە کە مێژووی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی کەلامییەکان بۆ پێش موعتەزیلە و واسڵییەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام هەندێک لە مێژووناسان (حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب) بە یەکەمین کەس دادەنێن، کە لە ڕێگەی نامەیەکەوە، کە لە ئاکامدا وەک مانیفیستۆیەک دەدرێتە قەڵەم، کە لەبارەی ئاخۆ کەسێک گوناهی گەورەی کردبێت کافرە، یان نا" کە ئەو کێشەیە سەرەتا مورجیئەکان دەیورووژێنن. حەسەنیش لایەنگریی لە بۆچوونی مورجیئەکان دەکات و بۆچوونی خەواریجەکان ڕەت دەکاتەوە، کە ئەو کەسەی گوناهی گەورە بکات ئەوان بە کافری دەزانن و دەڵێن هەتاهەتایە لە دۆزەخدا دەبێت. مورجیئەکان دەیانگوت: ئەو کەسە کافرە، بەڵام مەرج نییە هەتاهەتایە لە دۆزەخدا بمێنیتەوە، ئێمە دەبێت ئەو باسە لێ گەڕێین بۆ خودا و دوای بخەین، یان چاوەڕێی بەزەیی خودا بکەین. ناوی مورجیئەش هەر لەو

سەرگەیەوە هاتووە (ارجاء) واتە دواخستن، یان چاوەنواڕی ئومێدەوارانە، بە ئومێدی خودا و ئەوەی، کە لە دوارۆژدا چی لە ئەو بەندەی خۆی دەکات. تەنانەت ئومێدەوارانە لەو ژیانەدا، بە ئومێدی ئەوەی، کە ئەو کەسە تۆبە بکات، بەو شێوەیە نەمرێت. ئیبن خەلدوون لەو بارەیەوە بەرچاوڕوونی زیاترمان پێ دەدات، بە ڕاشکاوی باسی ئەو فۆڕمە لە زانستی کەلاممان بۆ دەکات، کە بەر لە موعتەزیلە هەبووە. دەڵێت: موسڵمانەکانی پێشین "بەر لە واسیڵ و موعتەزیلە" لە کاتی بیرکردنەوە و ڕاڤەکردنیاندا بۆ پرسەکانی بیروباوەڕ، پەنایان بۆ قورئان و فەرموودە دەبرد، بەڵام پاش ئەوەی کێشەکان لە بارەی هەندێك وردەکاریی بیروباوەڕەوە سەریان هەڵدا، وردە وردە کەوتنە پەنابردن بۆ سەلماندنی ئەقڵی و بیرکردنەوە و لێکدانەوەی خۆیان، بەو شێوەیە زانستی کەلام سەری هەڵدا.

واتە زانستی کەلام لە کرۆکدا، ئاوێتە و وابەستەی ئەوەیە، کە ئێمە تاوەکوو چەند پەنا بۆ لێکدانەوە و سەلماندنی ئەقڵی دەبەین. بە هۆی زۆر هۆوە، ناشتوانین جۆرێک لە تێکەڵی و هاوواتایی لە نێوان فەلسەفە و زانستی کەلامدا دروست بکەین، بە پێچەوانەوە ئەو دوو چەمکە دوو دونیای جیاواز بە یەکن، چونکە کەلامزانەکان بیروباوەڕەکانی خۆیان لەبارەی بوون و گرینگترین پرسەکان لە سەرچاوە ئایینییەکانەوە وەردەگرن و پرس و گەڕانی فەلسەفی لای ئەو، پرس و گەڕانی کەسێکی پەرۆشی ڕاستەقانیی نییە، بگرە پرس و گەڕانی کەسێکە، باوەڕ و دڵنیایی تایبەتی خۆی هەیە، کە لە ئایینەکەیەوە وەری گرتووە و دەیەوێت بەڵگە بۆ سەلماندنیان بدۆزێتەوە و بەرگرییان لێ بکات، بەبێ ئەوەی کە پرسیاری جددی بخاتە سەر

بیروباوەڕەکانی خۆی، یاخود گەر نەیتوانی بیان سەلمێنێت و بەڵگەی ئەقڵی و بە هێزی، پێچەوانەی باوەڕەکانی دەست نەکەوت، ئامادەبێت دەستبەرداری ئەو باوەڕانە بێت.

دەکرێت بۆ زیاتر شارەزابوون و تێڕوانینی وردمان لەسەر زانستی کەلام، باس لە هەندێك خاڵ بکەین، کە بووەتە هۆی ناولێنانی. بەشێک پێیان وایە لەبەرئەوەی ناونراوە زانستی کەلام، چونکە لە بەرامبەر لۆژیکدا وەک میتۆدێکی سەلماندن دانراوە. بیروبۆچوونی دیکەش هەیە ،کە لایو ایە هەموو بابەتەکان و باسەکانی ئەو زانستە سەرەتا بە (الکلام في کذا....) دەست پێ دەکات واتە (قسەکردن لەبارەی......) ئەوە بووەتە هۆی کە ئەو زانستە ناوبنرێت کەلام. بۆچوونی سێیەمیش دەڵێت: لەبەرئەوە ناونراوە کەلام، چونکە کەسی شارەزابوو دەتوانێت بەڵگەسازی بکات و توانی گفتوگۆ و قسەکردنی دەبێت لەگەڵ دژەکانیدا، شارەزای تۆژینەوە و ڕەتکردنەوە دەبێت. ئیبن خەلدوونیش دەیگەڕێنێتەوە بۆ کردەییەکی تیۆری و دەیبەستێتەوە بە باوەڕ و ئایینەوە، یان دەشێت لەبەرئەوە ناونرابێت، چونکە کێشە و بەرکەوتنەکەی لەگەڵ خودا و قورئانە. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە زانایان نایشارنەوە، کە ناونرانی کەلامییەکان جۆرێک لە توانج و بەکەمزانین دادەنرێت، دەڵێن: ئەگەر کەلام وەک قسە لە بەرامبەر فەرموودەکانی خودا و پێغەمبەرەوە وەربگرین، کە مشتومڕێکی بێ بایەخ و بێ بنەمایە، ئەو کاتە ئەو شوناس پێدانە دواجار دابەزاندنە لە ئاستی ئەو زانستە، بەڵام ئەگەر ئەو ناولێنانە لە بەرامبەر قسەی خەڵکەوە وەربگرین، وەک پێوەری گەیشتن بە واتایەک، ئەو کاتە کەلام بە قسەی دروست و بەهادار، بە قسەی بەڵگەدار، بە قسەی تۆکمە و ئارگیۆمێنتسازی دەوترێت.

بە گوتارێک دەگوترێت لە بارەی گرینگترین دۆخەوە، کە ئاڵوگۆڕی بۆچوونەکان لە خۆ بگرێت، بێگومان گەر بەو واتایە بێ، ئەوە ناولێنانەکە ڕێزداری تێدایە بۆ ئەو زانستە. هەرچەند زانا و سەر مەزهەبە دیارەکانی دونیای ئیسلامی بەهای زۆریان بۆ ئەو زانستە داناوە، یەکێکی وەک ئەبوو حەنیفە "١٥٠ ک" لە بری زانستی کەلام، پێی وتووە (الفقه الاکبر). چەندان ناوی دیکە کە زانایانی ئیسلامی بەکاریان هێناوە، بەڵام لێرەدا بە پێویستی نازانین یاداشتیان بکەین.

**پێناسەی ئایین:**

سروشتی ئایین وایە، وەک لە پێناسەکەیدا بۆی کراوە، چییەتی ئایین (گرێدان و پێکەوە بەستن)ـە. ئەم فیگەرانەی ئایین، کە خۆی دەنوێنێت لە گرێدان و پێکەوە بەستنەوە، بووەتە بەشێک لە ڕەهەندە هیومانییەکانیش، بەشی زۆری قوتابخانە ئایینیی و پەرستگەکان، ئایین بەو جۆرە پێناسە دەکەن، کە فاکتێکە بۆ پارێزگاریکردن لە مرۆڤ، ئیدی ئەم جیهانبینییەی ئایینزاکان بۆ ئایین فۆرم و بەهای دیکەی وەرگرتووە، لە زۆر شوێندا ئایین ئەم پێناسەیە لەدەست دەدات، مرۆڤ دەکاتەوە بە قوربانی، لە پێکەوە گرێدان و بەستنەوەی دڵەکان، دەگوازرێتەوە بۆ لێکترازان و کوشتنی ئاییندارا ن. ئەم فیگۆر و دالانەش بە دوای جۆرێک لە مەدلوولی شاراوەدا دەگەڕێن لە مرۆڤدا، لە دەربڕینێکی مەجازییەوە دەچێتە تەلبەندێکی دیکەوە، کە ئاماژەیەکە لە باوەڕ و بە پیرۆز سەیرکردنی ئەوەی ڕۆحی پیرۆز گوتوویەتی، کە لە باوەڕێکی دەروونییەوە خۆی دەردەخات. ناشتوانین بڵێین ئەم ئاکارە باوەڕییە تەنیا تایبەت بە ئایینی ئیسلام،

یان هەر ئایینێکی دیکەوە، بگرە ڕۆحیەتێکە هەردەم لە ژینگەی مرۆڤ و لە هەناوی سایکۆلۆجیای مرۆڤەکاندا لە دیزاینێکی ئاکاری خۆی مانیفێست دەکاتەوە. بەو تێگەیشتن و دەرهاویشتانە بێت، بە واتا گشتییەکەی ئایین لوغزێکی نادیارە و وەک ڕووداوێکی دەروونیی، کە لە ئارەزوەکانی ناهۆشیارییەوە سەرچاوە دەگرێت، خوێندنەوەی بۆ کراوە. ئارەزوویەک، کە دەیەوێت لە ڕێگەی باوەڕەوە بە نادیار، یان هەر سوژەیەکی دیکەوە بێت جەستە و گیانی مرۆڤ ڕزگار بکات. وەک ماکس ڤێبەر دەڵێت: (تەنیا شتێک توانی ڕاگرتنی ئەم هاوسەنگییەی هەیە، ئاگایی و هۆشیاری کەسەکانە). بە بۆچوونی من ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە مرۆڤ ئیدی دەربازی دەبێت لە باوەڕهێنان بە ئایینێک، یان کاریگەربوون بە هێزێک کە بە ئەودیوی سروشت (میتافیزیکا) ناوزەند کراوە، پێموایە مرۆڤ لە ڕێگەی توانە ئەقڵی و ئاگاییەکانییەوە، ناتوانێت سنوور بۆ گوشارە دەرەکییەکان دابنێت، بۆیە هەردەم ئایین، کە بە گرێدان و بەستنەوە وێنای کراوە لە زۆر دۆخدا، شوناسە ڕاستەقینەکەی دەردەکەوێت، لە کاتی شڵەژانە دەروونی و بێ هێزیدا لەبەردەم کارەساتە سروشتییەکاندا، جارێکی دیکە دەبێتەوە بە هاوڕێ بێدەنگەکەی مرۆڤ.

## تێگەیشتن لە ئایین:

هەر لێکۆڵینەوە و ڕوانگەیەکی زانستی و ئەکادیمییانە بۆ ئایین، لای ئایینداراانی عەوام، کارێکی زیادەیە و لە زۆر کاتانیش بە دژە ئایین و لادەر پێناسە و خوێندنەوەیان بۆ کراوە، هەرچەند ئایین وەک کولتوور و نەریت، کە لە دۆخی

ئێستەماندا باوە، جێی خۆی گرتووە لە دونیای کۆمەڵایەتیماندا، ئیتر چ پێویست دەکات بێین دەردەشە و گفتوگۆ و کێشمەکێشمی تیۆری و فەلسەفییانە لەبارەیانەوە بکەین، بۆیە ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو قۆناخەکانی دیکە، پێویستە باس لە ئایین و دەرکەوتەکانی ئایین و نەریتە هیومانستییەکانی بکەین. بەو فۆڕمەی ئایین، وەک ڕەهەندێکی مرۆیی کۆمەڵگە، هەلومەرج و ئاکامی تایبەتی خۆی هەیە. واتە ئایین، لە ڕەوشی بوونیدا سروشتێکی مرۆیی و مرۆڤدۆستی هەیە، بەمەش دەگەین بەو بەرئەنجامەی، کە ئایین جۆرێک لە ئاکاری فیزیکییانەی خۆی کردووەتە پێداویستییەک بۆ مرۆڤایەتی، بەم شوناسەوە هەردەم هەوڵی داوە، ئەو بوونە بکاتە پێداویستییەکی حەتمی، بۆ ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ. هەر ئەمەشە وامان لێدەکات بۆ تێگەیشتن و نێزیکبوونەوە لە کۆمەڵگەکان، خوێندنەوە بۆ ئایین و جۆری ئایندارەتییەکەیان بکەین، ئەمەش کۆمەکمان دەکات، وەک بەشێک لە نووسەر و بیرمەندانی دونیا پێیان وایە: (ئایین کرۆکی کولتوورەکانە)، کولتووریش هەردەم وەک فۆڕمی ئایین چاوی لێکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەوە بڵێین کوردیش وەک بەشێک لەم مەنزوومە فرەوانەی جیهان، بووەتە هێمایەک بۆ ئایینناسی لای کەسانی دیکەوە، چجای ئێمەی کورد ماف بە خۆمان نەدەین، قسەیەکی جددی لە بارەی جۆری ئاینداری کۆمەڵگەی کوردی نەکەین، بۆیە چەندی لای پێڕەوکارانی پیرۆزە و پڕ بەهایە، پێویستە لای ناوەندە ئەکادیمی، زانستی، ڕووناکبیرییەکانیشمان بەهای خۆی وەربگرێت. دەتوانین بڵێین هەردەم ئایین و ئاینداران چەندان پرسیاری شاراوەیان کردووەتە قوربانی بێدەنگی خۆیان، واتە کورد لای بووەتە نەریت و

شوناسێک، کە ئایین بە بێدەنگی پێڕەو دەکات و هیچ قسەیەک لەبارەیەوە ناکات، کەمیش ڕووی داوە، مەبەستم لای خەڵکی عەوامە، تەنانەت لای بەشێک لە هەڵگرانی بیری ئایینییش ئەستەم بووە، "چەلەحانێ" لە بارەی ئایینەوە بکرێت، بۆیە وشەی چەلەحانێ بەکار دەهێنم، چونکە بەشی زۆری ئەم گفتوگۆیانە دیبەیتی زانستی و ئەکادیمی نەبووینە، یان بۆ شکاندنەوە یان بۆ ناشیرینکردنی بەرامبەر بووە، ئەمەش جێی داخە و پێویستە بە لەبەرچاوگرتنی پێکەوەژیانی ئایینییمان، ئەم قۆناخە تێپەڕێنین و دونیای خۆمان بەرز ڕابگرین. سوودی ئەمەش، ڕەواندنەوەی کۆی ئەو نیگەرانییانەیە، کە خۆمان لەسەر ڕەفتاری ناموسڵمانانە و هەڵسوکەوتی توند و دوور لە ئایینی بەشێک لە ئێمە بەرامبەر هەم خۆمان، هەمیش ئایینەکانی دیکەوە هەمانە. ئاساییە پێمان وابێت بە دیوێکدا ئایین لە دونیای کورددا، لای ئەوانەی وەک خۆی لە ئایین نەگەیشتوون، بووەتە ئامراز و هۆکارێک بۆ بەلاڕێبردن و قبووڵکردنی داگیرکاری و ستەمکاری، واتە سستی لە هەستی نەتەوەیی و هۆشیاری نەتەوەیی و نیشتمانی، بە هۆی جۆرە تێگەیشتنێک بووە لە ئایین، لە هەناوی مێژووی ئێمەدا بەشێک لەو کارەسات و ڕووداو وماڵوێرانییانەی، کە هەبووینە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جۆرە تێگەیشتنە لە ئایین. ئەمانە و زۆر فاکتی دیکەش، میکانیزمێکن بۆ قسەکردن لە ئایین. سەیربکەن بۆ تاوەکوو ئێستە نەمانتوانیوە هیچ هەنگاوێکی جددی بنێین لەبارەی ئاییناسییەوە، چونکە ئایین لەنێو کوردا لە سەرووی پیرۆزییەوەیە و ئەوەندەی پابەندە بە نەریتی ئایینداریەوە، ئەوەندە پابەند نییە بە ئایینەوە.

هێندە ئاستی پراکتیزەکردنی ئایین و دروشم و

ڕێوڕەسمەکانی بۆ ئاستێکی میللیی جەماوەری دابەزیوە، کە باس لە دەروونێکی شێواو و هەژار و تووڕە و دڵڕەق دەکات و تۆڵەسێنە، ئەوەندە واتا و هیوای ژیان و مرۆڤایەتی تێدا نەماوە، ئیدی بە واتا ئەرێنییەکەیشی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئایین ڕۆڵ و ئەرکی خۆی لە دەستداوە، سادە کراوەتەوە بۆ هەندێک داب و نەریت و سرووتی ئایینی، کە هیچمان و قووڵبوونەوەیەکی تێدا نییە. لێرەوە ئەگەر بڵێن هێندەی ئەمڕۆ ئایین لە بێواتایی، بێنازی، بێهودەییدا دەژیت، ئەوەندەش گوێڕایەڵکردنی کوێرانە و دوور لە ژیری بەسەریدا زاڵە.

**ئایین و مەعریفە:**

دەبێ خواستی قسەکردنمان لەسەر ئایین، سەیرکردنی بێت وەک خۆی، یان بۆنەیەک هەبێت بۆ ئەوەی بیدوێنین. پڕ واتاترین بۆنەش، سەیرکردنییەتی وەک بەرکەوتەیەکی تیۆری و زانستی. وا چاکە باسەکەمان بەو پرسیارە بکەینەوە، ئایە ئایین بووەتە کێشە بۆمان؟ بە واتایەکی دیکە ئاخۆ ئایین بووەتە بەرکەوتە لە دونیای مەعریفی ئێمەدا، بەر مەعریفەمان کەوتووە؟ یان وەک بوونێکی مەعریفی بەری کەوتووین، بووەتە هۆشیاری ئێمە، پرسیاری لا دروستکردوین؟ کاتێک دەڵێین ئایا بەر ئایین کەوتووین، مەبەستمان چەند بارەکردنەوەی ئەو وتە بێ بەهایانە نییە، کە ئایین بە ئاستەنگ و ڕێگر لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی دەبینن، یان پێیان وایە ئایین ئەفیونێکە و گەلان بێ مەیل و خواست دەکات. پێچەوانەی ئەمە، کە دەڵێین ئایین وەک بەرکەوتە، مەبەستمان بەرکەوتنی مەعریفی کوردە بە ئایینەوە، نەک بانگەشەکردنی بۆ بێ ئایینی و دوورکەوتنەوە

لە ئایین. دەبێ ئەو ڕاستییە لەبەرچاوبگرێن کە ئایین لە دونیای ئێمەدا ئامادەگییەکی مەعریفی و فەلسەفییانەی نییە، تەنیا سرووتێکی ڕۆژانەی خەڵک بووە. واتە نەبووەتە جێگەی مشتومڕی نەک مەعریفەدار و ئەقڵگەراکان، بگرە لەناو خۆشیاندا پێڕەوکارانی ئایین نەیانتوانیوە، وەک پێویست دەروازەکانی گفتوگۆی ئایینی بەسەر خۆشیاندا بکەنەوە، (مەبەست لە دیبەیتی زانستیانە و تیۆریانەیە بۆ ئایین). کاتێکیش خواستی قسەکردنمان لەسەر ئایین بۆ دروست دەبێت، بێگومان خاڵی پێکەوە گرێدراوی ئایین و زانست لەبەر چاودەگرین، کە بوێری تۆژینەوە و پرسیارکردنمان لێی هەبێت، ئەگەر بەو ڕۆحییەتەوە مەلە لە دەریای قووڵی ئایین نەکەین، ئەوە ناتوانین بەو بەرکەوتە بڵێین بەرکەوتەی مەعریفییانە. بە دیوێکی دیکەوە تۆژینەوە لە دۆخی ئایینی و لێکۆڵینەوە لە شوێن پێی ئایین لە ئاوەز و هۆش و بیرمان، خۆی لە خۆیدا کارێکی ئەقڵانی و بایەخێکی ئەکادیمییە، چونکە هێندەی ئایین بووەتە کۆنەستی تاکی کورد، هێندە ئایدیاکانی دیکەی بابەتی بنەڕەتی نەبووینە لە دونیای ئێمەدا، هیچێک لەمانە تاوەکوو ئەمڕۆ نەکراوەتە پرسێکی ئەکادیمییانە، کە وەک دەرکەوتەیەک خۆیان لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا مانیفێست کردووە، بێ ئەوەی مەعریفەی ئێمە لای بۆ بکاتەوە، کە ئەمەش جێی هەڵوەستە لەسەرکردنە. هەر بۆیە مشتومالکردنی تیۆری، بۆ ئایین لە دونیابینی ئێمەدا دواجار دەبێتەوە بە مشتومڕێکی جیاوازتر لە جاران، بەمەش دەگوترێت ئایین وەک بەرکەوتەیەکی مەعریفی.

### بیرکردنەوە.... وەک دۆخێکی کوشندە:

بیرکردنەوە، یان بە واتایەکی دیکە ئەقڵ وەک پرۆسەی کردەیەکی تایبەت، کە بریتییە لە شرۆڤەکردن. بە دەربڕینێکی دیکە بریتییە لە ڕێگە و شێوازی بەکارهێنانی زمان لەناو ڕێساکاندا، چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان لە پێوەندیکردن و چۆنییەتی ڕەوایەتیی پێدان و پاساو داناندا. هەر بڕیار و دەستەواژەیەک، کە بەکار دێت، دەبێت بەو جۆرە بێت، کە کە شیاوی پاساودان و سەلماندن بێت. چونکە ئەو جۆرە بڕیارانە دەبنە بڕیار لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ. بیرمەندێکی وەک هاپەرماس، بیرۆکەی ئەقڵانی دەبەستێتەوە بە دوو ئامڕازەوە (کەسی و گشتی)، پێی وایە دۆخە کەسییەکە ڕەوشێکی لاپرسەنی و مەبەست و نیازێک لە پشتییەوە هەیە، بەڵام لە دۆخە گشتییەکەیدا مەبەستەکە گشتگیرترە و ئامانج و جیهانبینییەکەی فرەوانترە.

پرسی بیرکردنەوە لە هەناوی ئاییندا، بەتایبەت لە ئایینی ئیسلامدا، ئاکامەکەی زۆر لە کەسی بێئایین، یان پێڕەوکارێکی دوور لە ئیسلام کوشندەترە. کوشندەیی بەو واتایەی بیرکردنەوە دۆخی باوەڕی کەسێک بگۆڕێت بۆ گومان و پرسیارکردن لەسەر ئەو چەمک و واتایانەی، کە ئیسلام لەبارەیانەوە خۆی ساخکردووەتەوە، بەڵام ئەو کاتەی بیرکردنەوە دەبێتە هۆیەک بۆ زیاتر قووڵبوونەوە و هەڵێنجانی واتا و دەلالەتی دیکە لە ئاییندا، ئیدی هێزێک ڕەوایەتیی دەدا بە خۆی، کە وێنات بکات وەک ئەوەی کە خۆی دەیەوێت، ئەو وێناکردنە چارەنووسی تۆ دیاری دەکات. مێژووی ئایین پڕیەتی لەو دیمەنانە، کە

بیرکردنەوە ئاکامەکەی بە مردن، یان دەربەدەربوون گەیشتووە.

لە لایەکی دیکەوە بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی باسەکەمان لە ژینگەی ئایینی مەسیحیدا، کارەکتەرێکی وەک مارتن لۆسەر ١٤٨٣ – ١٥٤٦ وەردەگرین، کە بە یەکێک لە ڕیفۆرمخوازی ئایینی مەسیحی دادەنرێت لە ئەورووپادا، لۆسەر لە بەیاننامەیەک، کە خۆی لە چەند خاڵێک دەبینییەوە وەک قەشەیەک، کڵێسا و دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی خستە ژێر پرسیارەوە، تێگەیشتنی ئەو بۆ ئایین و پێڕەوانی ئایینی مەسیحی جیابوو، لۆسەر خودای وەک بوونەوەرێکی دەستەمۆکراوی دەستی مرۆڤ سەیرنەدەکرد، بگرە خودا لای لۆسەر خولقێنەرێکی بێدەنگە و، مەسیح لەنێو تێکستدا قسە دەکات، بۆیە ئەو زیاتر کاری لە بونیادی ئایین دەکرد، دەیویست لە کرۆکی ئایینەوە گوتاری خۆی بخاتە بەردەمی ئەوانی دیکەوە، نامەکەی لۆسەر ئاریشەی گەورەی لە ڕۆما و ئەورووپا هێنا پێشەوە، ترس لە گوتار و زمانە ڕیفۆرمخوازییەکەی لۆسەر، تاوەکوو دەهات لەل ایەن دەسەڵاتی کڵێساوە بەهەند وەردەگیرا، ئەمەی لۆسەر تەنیا ڕەخنە نەبوو لە فەزای ئایینی مەسیحی، وەک ئایین، بگرە مشتومڕێکی بنەوانگر و ڕادیکاڵییانەش، بوو بۆ هەلومەرجی ئایینداری لەو سەردەمەدا. لۆسەر گومانی خستبووە سەر هەژموون و دەسەڵاتی پیاوانی کڵێسا، ئەو دۆخەی کڵێسای بە کارگەی بە کۆیلەکردنی پێڕەوانی ئایینی وێنادەکرد، ئەو لە سیستەمگەلی گەڕانەوەی بەها و سەروەری ئینجیل ژینگەی چەپێندراوی ئایینداری، بە دۆخی ناجێگر پێناسە دەکرد. لای لۆسەر دەسەڵات نوێنەری خودا نییە لەسەر زەوی، ئەو پێی وایە خودا لە بووندا خۆشەویستی بۆ مرۆڤەکان بەرهەم هێناوە، کرۆکی ئایینداری خوشەویستییە،

نەک قوربانیدان. لۆسەر هەردەم بەگژ بە قوربانیکردنی مرۆڤ بۆ ئایین داچۆتەوە، هەردەم ئەم واقیعەی بە کوشتنی ئیرادەی مرۆڤ لێکداوەتەوە. پرسی لێخۆشبوون و تاوان و پاداشت، بە گوتاری دینیی نەزانیوە، ئەو پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد ئایینی مەسیحی، خۆی پەیامێکە بۆ لێخۆشبوون، خودا لەنێو زمانی دەقدایە و لە ڕۆحی مرۆڤەکان دێت و دەچێت. دەسەڵاتی کڵێساشی بە ستەمکار و بە گەمژە سەیرکردنی پێڕەوانی ئایین ڕەنگردووە. کاتێک پیاوانی دین، خۆیان لەبەرگی نوێنەری ئاسمان نمایش دەکەن و لەبری لێخشبوون و گەیشتن بە بەهەشت، پارە وەردەگرن. لای لۆسەر ئەم نمایشە، جگە لە بەکەم سەیرکردنی مرۆڤ و بێ بەهاکردنی ئایین و خودا، هیچ واتایەکی دیکە نادات. هایدگەر بە یەکێک لە بیرمەندانی فەلسەفەی (بوون و نەبوون) دادەنرێت، هایدگەر گریمانەی ورد لەبارەی تێڕوانینی مارتن لۆسەر بۆ دین بەرچاو دەخات، لای هایدگەر لۆسەر بەشێک بوە لە مەنزومەی ئایینی مەسیحی و بونیادە چاکسازیەکەی ئەو لەنێو دەق نەبوو، بگرە ئیشکردن بووە لەسەر چەمکی دەسەڵات و گەڕاندنەوەی بەها بۆ ئایینی مەسیحی. جگە لەوەش هایدگەر لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (تێگەیشتنی بنەڕەتی لە میتافیزیکا)، نەک ئایین و تەواوی وجود دەخاتە ژێر پرسیار.

بێگومان تێگەیشتن لە بیرکردنەوەی مارتن لۆسەر دژواربووە، دژە لۆسەریەکان زۆرن، بەشێک لە بیرمەندانی ڕۆژئاوایی لۆسەر وەک فەنتەمینتالیستێک ناوی دەهێنن، پێیان وایە مارتن لۆسەر جورئەتی ئەوەی نەبووە تەجاوزی دین بکات و یەک دیدگای نەبووە بۆ کۆی ئایینەکان، بگرە گوتاری لۆسەر بۆ چەمکی

ئایین هەڵگری هەمان دۆخی گوتاری ئیسلامییە، لە چەرخی ناوەڕاستدا. بیرمەندانی وەک ئیبن ڕوشد و فارابی، تەنانەت غەزالیش، کە بە ڕەوادی ڕۆشنگەری ئایینی دادەندرێن، تێگەیشتیان بۆ ئایین و ئەوی بەرامبەر ئایدیالیستانە و کۆنەپارێزانە بووە. ئەم بزاوتە هاوکات بووە لەگەڵ شۆڕشە دادپەروەرییەکەی مارتن لۆسەر، بەس لە دوو دونیای جیاوازدا. لەو سەردەمەدا ئیسلام لە لووتکەی پەرەسەندنی خۆیدا بووە، مەسیحیەتیش لە ئەوروپا دەخولایەوە بەدەوری ستەمکاریدا. لۆسەر بە دژە یەهودی ناسراوە لە مێژوودا، گیانی تاکی مەسیحی بەپیرۆز سەیرکردوە، هیگڵیش دەکەوێتە هەمان هەڵەوە ئەو (پێی وایە خودا ڕۆحی پیرۆزی دابەزیوە بۆ زەوی و چووەتە گیانی ئەڵمانەوە)، ئەم تێگەیشتنە هیگڵییە بۆ بە پیرۆز سەیرکردنی تاکی ئەڵمانی، دواجار بووەتە ئایدیۆلۆجیا و ستەمکاری لێ بەرهەم هاتووە، لۆسەر لە کتێبی (درۆی جوولەکایەتی)، جووەکان لە ئەوروووپا، بە کوشندەترین نەخۆشی ناودەبات، بۆیە لە کتێبەکەیدا دەڵێت (جوولەکەکان کرمێکی کوشندەن، لەنێو جەستەی ئێمەدا). ڕوانگەی لۆسەر زۆر ئایدیۆلۆجیستانە بووە، ئەو تێزە کوشتندەیەی مارتن لۆسەریش دواجار بووەتە بەشێک لە ئایدیۆلۆجیای نازیزم و هیتلەری لێ بەرهەم هاتووە، لە بەرئەنجامدا کۆمەڵکوژی جووەکانی لە ئەڵمانیا و ئەورووپا تیایدا ڕووی داوە.

لەو سۆنگەیەوە دەتوانین ئاوڕێک لە جیهانبینی دوو کەسایەتی ئاییندارى ئیسلام بدەینەوە، مەنسوری حەللاج و سورەووەردی (شێخی ئیشراق) کە بە شێوەیەک لە شێوەکان تێگەیشتن و ئاییندارى ئەوان، هەرچەندە چەندان سەتە جیاوازی

دەرکەتنیان لە نێواندا هەیە، بەڵام لۆسەر کە ڕیفۆرمخوازێکی ئایینی مەسیحی بوو، بە ئاگاییەوە کاری لەسەر هەڵوەشاندنەوەی چەمکی خورافیات و ئاییندارییە چەقبەستووەکەی کڵێسا دەکرد. لێرەدا نموونەی وەک حەللاج و سورەوەردی لەناو مەنزومەی ئیسلامیدا وەردەگرین، کە تێگەیشتن و ڕوانگەی تازەیان لەباری ئایین و خوداناسی بەرهەم هێناوە، بەڵام لە چوارچێوەی فەلسەفەی تەسەوف و جیاوازتر هەڵسوکەوتیان لە ئەوانی دیکەوە کردووە، کە دواجار بە هۆی جیاواز دەرکەوتنیان، بە لەدەستدانی گیانی خۆیان کۆتایی هات.

حەللاج... خودا ناسێکی جیاواز

کە لە گەشتە دوور و درێژەکەی خاکی هیندستان دەگەڕێتەوە، ئیدی حەللاج ئەو حەللاجەی جاران نەما. وەختێک سەردانی ماڵی جونەیدی بەغدادی دەکات، هەرکە لە دەرگەیدا، جونەید پرسی کێیە؟ حەللاج بە (انا الحق) وەڵامی دەداتەوە.

لەو ڕۆژەوە ئەو وشەیە لەنێو دەمی مورید و سۆفیاندا بڵاوبوویەوە، هەرچەند حەللاج دەمێ بوو پرسی (انا الحق)ی لە کتێبی (الطواسین) ورووژاندبوو. زۆر ورد لە واتاکانی ئەو وشەیە ڕۆچووبوو، بە جۆرێک کەوتبووە بەراوردکردن لە نێوان منەکەی خۆی، دەگەڵ (انا ربکم الاعلی)یەکەی فیرعەون و (انا خیر منە)کەی شەیتاندا، کە بەرانبەر ئادەم گوتوویەتی. سۆفییەکان پێیان وایە ئەو منانە زۆر جیان، هەردەم منەکانی ئەوانیان بە هەڵە زانیوە و بە خۆپەرستی ناوزەندی کردوون. دەبینین لە کاتی دەنگهەڵبڕینی ئیبلیس لەسەر تازە

دروستکراوێکی خودا، کە ئادەمە، بە هۆی قایلنەبوونی بۆ بردنی کڕنووشی ڕێز لە بەردەم ئادەمدا، شەیتان کەوتە دۆخی یاخیبوون لە بەرانبەر خوددا. فیرعەونیش هێندە لە خۆبایی بوو، کە خۆی بینی خودای لە یادکرد، موریدانی حەللاج دەڵێن: حەللاج کە خودای بینی خۆی لە بیرکرد. ئەو منەی فیرعەون گوتی، کوفربوو، ئەوەی حەللاجیش توانەوەیە لەنێو ئەوینی خودادا.

کاتێکیش حەللاج لە بەندیخانە دەبێت، لێی دەپرسن ئەوین چییە؟

لە بەرسڤدا دەڵێت: ئەمڕۆ دەیبینی، سبەینێ دەیبنی و دوو سبەیش هەر دەیبینی.

حەللاجناسان، دونیابینی ئەویان هەر یەکەو بە جۆرێک شیی کردووەتەوە، کاریگەرییە ڕۆحی و فەلسەفییە عیرفانییەکانی ئەویان بەستووەتەوە بە چەند وێستگەیەکەوە، کە ڕەنگە ئەو ناڕوونییەش بووبێت لە جیهانبینی حەللاجدا، کە دواجار بووەتە هۆی کوشتنی. مخابن نموونەی زانایەکی وەک ئیبن تەیمییە، کە دوای کوشتنی بە چەندان ساڵ لە سێدارەدانەکەی بە کارێکی شەرعی زانیوە. هەرچەند بەشێک لەوانەی لە پشتی کوشتنەکەی دابووینە سەرەتا شاگەشکەبوونە بە بیرکردنەوەی حەللاج، بەڵام لەبەرئەوەی لێی تێناگەن، ئیدی دەست بۆ گیانی دەبەن. یەکێک لە هەرە ڕووداوە ڤێزەونەکانی مێژووی مرۆڤایەتی ئەوەبووە هەرکە لە کەسێک حاڵی نەبووینە یان نەیانویستووە لێی تێبگەن، کوشتوویانە، یان دەربەدرکراوە و بە شێت ناویان هێناوە.

زۆرێک لە نووسەران پێیان وابووە حەللاج کاریگەریی ئەوانی دیکەی زۆر لەسەر بووە، یان بە گوێرەی شرۆڤە و لێکدانەوەکانیان شوناسی جیایان بە حەللاج بەخشیوە. یەکێکی وەک "فان کریمەر" پاش گەڕان و وردبوونەوە بۆی دەرکەوتووە وتە بەناوبانگەکەی حەللاج (انا الحق) ڕەگوڕیشەیەکی هیندیی هەیە، کە "ماکس هۆرتین"ی مێژووناسیش لەمەدا هاوڕایی بووە، ئەمیش بە وردی لێکدانەوەی بۆ وشەی (انا الحق) و (انا براهما) دا کردووە، پێشیوایە هەم لە ناوەکەی، هەمیش لە چییەتی وشەکە، کە لە کتێبی (الاوپانیشاد)دا هاتووە لێکچوون هەیە. هەندێک لە لێتۆژان کە لە نێویشیاندا نووسەری موسڵمانیش هەیە، هەمان تێڕوانینیان بۆ دروستبووە. نەشیان شاردووەتەوە ئاکارە دەروونییەکانی حەللاج لە فۆرمی ئاییندارێ عیساوە نێزیکە، بۆیە تاوانباردەکرێت بەوەی بڕوادارێکی مەسیحی بووبێت. لێکۆڵەرێکی دیاری وەک "ئۆگۆست مۆلەر" ئەو دیوە شاراوەی حەللاج ئاشکرا دەکات و بە نەخۆش وێنای دەکات. بەوەی کە حەللاج لە جەوهەردا هەڵگری نەخۆشی سایکۆپایی بووە، نموونەی هەڵگەڕانەوەی لە ئایینی ئیسلام بۆ ناو دینی مەسیحی بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکەی دەهێنێتەوە کە حەللاج هەردەم کەسایەتییەکی لاپەڕگیری هەبووە.

جگە لەمەیش لە باس و خواسی تێگەیشتن لە جیهانبینی حەللاج، ئاماژە بە فەلسەفەی بوونگەرایی دەکرێت، کە حەللاج لە بیرکردنەوەیدا ڕەگ و ڕیشەیەکی بوونگەرانەی هەبووە. دیارە بنەمای بونوگەرایی تێهزرین و ڕوانینی ئەقڵانییانەیە بۆ شتەکان. پێیان وایە مرۆڤ دەبێت بیربکاتەوە، بۆ ئەوەی وەک مرۆڤ

بژیت. ئەو چییەتییە لە ڕۆحی حەللاجدا، گەیشتن بووە بە پلەی کەماڵ. کاتێک مرۆڤ دەبێت بە مرۆڤ، لای حەللاجییەکان ئەو قۆناخە ناو دەنێین فەنابوون، پێشیان وایە ئەوکاتە بزربوون لەنێو بووندا ڕوودەدات و مرۆڤ دەچێتە قۆناخی گەیشتن بە ئاستی فەنابوون لەنێو زاتی ئیلاهدا. دوایین پەیڤ و پەیامی حەللاجیش کە وەک کەسێکی یەکتاپەرست دەرکەوتووە، پێش ئەوەی لە سێدارەی بدەن گوتوویەتی: ئاشق بۆیە ڕێی ئەوین دەگرێتەبەر، هەتا لەنێو مەعشوقدا بزربێت. هەر ئەوەیش لوتوکەی یەکبوونی تەواوە، کە ئاشق بە خوێنی خۆی باجەکەی دەدات.

هەر ئەوەیشە وا لە حەللاج دەکات بڵێت:

ئەی متمانە پێکراوانم بمکوژن/ چونکە لە مردنمدا ژیان هەیە.

بوونگەرایی بریتییە لەو بیرە سەرەکییانەی لە دژواری قووڵەوە سەرچاوە دەگرێت، هەل و مەرجی گەشەکردن لەو شتانە وەردەگرێت کە مرۆڤ بە هۆش و ویژدانەوە لە تەکیان ژیاوە. فەلسەفەی بوونگەرایی لە ململانێکی کوشندەدایە دەگەڵ زاڵبوون و توانایی مرۆڤ لە بەرانبەر هیچدا. "سارتەر" بۆچوونی وایە مرۆڤ دەبێت هەردەم لەنێو دوو جەنگدا بژێت، باوەڕ و زانست. ئەمەیش دەبەستێتەوە بە چەمکی ئازادییەوە، کە "دیکارت" وابەستەی یەزدانی دەکات. شەڕکردن لەنێو ئەو دوو جەنگدا، مرۆڤ ئاڵوودەی جۆرێک لە یاخیبوون و پەنابردن بۆ بیرکردنەوەی قووڵتردەکاتەوە، لەوەی کە واقیع پێدەبەخشێت. لێرەدا لۆژیکی باوەڕ مرۆڤ نووقمی گرێکوێرەکانی خۆی

دەکات، بۆیە زانست لە ڕێگەی هۆش و بیرکردنەوە، پەرە بە ناسینەوەی ئەو شتانە دەدات، کە باوەڕ بێوەڵام بەجێی هێشتوون، یان لەودیو ئەقڵ دایناون. فەلسەفەی زانست جارێکی دیکە، لە دەرگەی باوەڕ دەداتەوە، وەک چۆن "سوکرات"، تەنانەت سۆفیستاییەکانیش هەمان دۆخیان هەبوو، چەمکی (نازانم و گومان) مرۆڤی دابەشکرد بەسەر دوو جۆر، ئەوانەی لە شوێنێک سنوور بۆ ئەقڵ دادەنێن و ئیتر دەست بۆ ئەودیوی نەزانینەکانیان نابەن، ئەوانەی بە گومانەوە سەیری هەموو شتێک دەکەن و پرسیار لەسەر کرۆك و چییەتیی شتەکان دروست دەکەن. دۆخی حەللاج تێپەڕاندنی هەردوو فەلسەفەکە بوو، تا لە کۆتاییدا بەری شتێک کەوت، کە بەدەگمەن کەسی دیکە بەری دەکەوێت، ئەویش کەوتنی بوو بەسەر هەقیقەتدا، یان باشتر بڵێین بەسەر چارەنووسێکی دیکەوە کەوت، دۆزینەوەی شتێک لە قووڵایی ناخیدا، پەیبردن بە جەوهەری بوون، بە خاڵقییەتی خالّق لە زاتی خۆیدا.

جیاوازی حاڵەتەکەی حەللاج دەگەڵ هەموو ئەوانەی لە مێژوودا بە سۆفی، یان عاریف و متەسەوف ناسراون چییە؟ حەللاج بەس سۆفی نەبوو، "جونەیدی بەغدادی" لە پێناسەی سۆفیگەریدا دەڵێت: سۆفێتی نە نیگار و ڕێوشوێنە و نە زانستیشە، بگرە ئاکارە. سۆفییەکانیش دەڵێن: هەرکەس ئەخلاقی لە تۆ بەرزتر بوو، ئەوە سۆفێتیشی لە تۆ باڵاترە. سۆفێتی واتە بێگەردبوونی پەنهانییەکانت لە لێڵی سەرپێچیکردندا، "هوجەیری"ش ئەو قسەیەی بەو جۆرە ڕاڤەکردووە و دەڵێت: ئەوین جۆرێکە لە ڕازیبوون و قایلبوون، بەوەی جگە لە توانەوە لە دونیای دڵدارەکەیدا هیچی دیکەی بۆ نییە. بەشێک لە ئەهلی

متەسەوفیش پێیانوایە، فەلسەفەی یەکانگیریی جەوهەری سۆفیەکانە ئاوێتەبوونە لە نێوان شەریعەت و تەریقەت و هەقیقەتدا. دژە بۆچوونەکانی دونیای سۆفیگەری نموونەی وەک "شێخی شیبلی" دەڵێت: سۆفیگەری هاوەڵ بۆ خوادانانە، چونکە پاراستنی دڵە لە بینینی غەیری خۆی و هیچی تر. "سەعیدی نەورسی"ش لە بارەی جیهانی سۆفییەکانەوە دەڵێت: ڕوون وەربگرە و لێڵ فەرامۆش بکە. چونکێ حەللاج بە دوای ئەو پێناساندنەدا نەدەگەڕا، تاوەکوو ئێمە بێین ئەو ناوەی لێ بنێین، بۆیە بە دروستی ناچێتە ناو هیچ خانەیەکەوە، ستەمێکی گەورەی لێ دەکەین ئەگەر پێمان وابێت ئەوی حەللاج کردوویەتی کاری متەسەوف و عاریف و سۆفییەکانە! من پێچەوانەی هەموویان پێم وایە حەللاج شتێکی دیکەبوو، چونکە ژیان و دونیابینی حەللاج بە ڕەهایی ناچێتە هیچ بازنەیەکەوە، لە هەمان کاتیشدا هەموو ئەوانە بوو، بەڵام کۆتایی حەللاج شتێکی دیکەی پیشاندان، کە دەریدەخات ئەوەی حەللاج کردوویەتیی پێگەیشتن بووە نەک ئەزموون، واتە تێگەیشتن لە حەللاج بە گەیشتن بووە لەو کۆتاییەی، کە بەسەریدا هاتووە، کە گیان بەخشینییەتی، نەک ئەوەی گوتوویەتی، یان کردوویەتی، بۆیە موریدبوون و وێڵبوون بە دوای تەریقەتی حەللاج، ناتکات بە حەللاج، ئەوەی ئەو شتێکی دیکە بوو.

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو پێناسە و حیکایەت و سەرگوزەشتانەی بۆ دونیای تەسەوف و عیرفان کراوون، ڕێگەکەی شتێکە، بەڵام ئاکامەکەی لای حەللاج بە جۆرێکی دیکە دەکەوێتەوە، سۆفییەکان بۆ پاکبوونەوە ڕێگەی تەسەوفیان گرتووە، بەڵام حەللاج وەک گوناهبارێک بە ڕێگەی خودادا

ناڕوات، سۆفییەکان خۆیان بە تاوانبار و زەلیل لە بەرامبەر خودادا دەرخستووە، حەللاج وەک دۆست خودای ناسیوە. ناسینی خودا لای حەللاج وەک شێوەی عاریف و سۆفییەکان نەبووە، بۆیە ئاکامەکەیشی وەک ئەوان نەبوو. ئەو پۆلێنەی بۆ سۆفیگەری کراوە، نموونەی سۆفیگەری بێسنوور و سۆفیگەری خۆخواردنەوە، لە هیچیاندا حەللاج دەرناکەوێت، ئەوی حەللاج بەرکەوتن نەبووە، دەگەڵ زاتی ئیلاهدا، چونکە ئەو بەرکەوتنە بەرکەوتنێکی باوەڕدارانەیە، وەک ئەوەی لە ئایینداریدا پێڕەو دەکرێت، چونکە زاتی خودا نە کۆتایی، نە کات نە شوێنی هەیە، بەڵام بەرکەوتنی مرۆڤ دەگەڵ زاتی خودادا، پێوەندییەکی هەستیەکییە، کە خودا بوونێکی ڕەهای هەیە، کە لە بوونی خودای ڕەهاوە سەرچاوە دەگرێت. حەللاج بە جەستە نا، بە ڕۆحیکی جاویدانییەوە خودا تێکەڵ بە خۆی دەکات. لە جەستە دادەبڕێت و دۆستانە سەوداکاریی دەگەڵیدا دەکات. واتە فەلسەفەی لە (یەکەوە بۆ یەک)هەرچەندە دواتر مێژوونوسان ئەوەیان وەک میتۆدێکی تەسەوفی بۆ پێناساندنی بەشێک لە کاری سۆفییەکان دادەنا و کاریان لەسەرکرد، بەڵام ئەو یەک بۆ یەکە لە کرۆکی دونیای حەللاجدا بە کردەوە ڕەنگی دابووە.

نووسەری ئەڵمانیایی خاتوو "ئانا ماری شمیل" لە کتێبی (مێژوو و ڕەهەندەکانی سۆفیگەری لە ئیسلامدا) بە تێروتەسەلی لە بارەی مێژووی سۆفیگەرییەوە نووسیویەتی، بۆ دەوڵەمەندکردنی باسەکەم سوودێکی زۆرم لێبینوە. لەو حیکایەتانەی لە بارەی دونیای سۆفییەگەری، کە دەیگێڕێتەوە من دوو نموونەم وەرگرتووە، تاوەکوو بیسەلمێنم کۆتاییەکەی حەللاج جیایە دەگەڵ کۆتایی هەموو عاریف و سۆفییەکانی

جیهان. چیرۆکی سێوخواردنەکەی ئادەم دەگێڕێتەوە، کە لە فەرمانی خودا دەرچووە، بۆیە ماوەیەکی زۆر لە بەهەشت خۆی کەنارگیر دەکات، وەک گوناهکارێک هەردەم گلەیی لە خۆی دەکات، لە پاشاندا، کە وەک سزایەک خودا دەینێرێتە سەر زەوی، مێژووناسان دەڵێن ئادەم و حەوا سەرەتا لە خاکی هیندستان ژیاون، لە "شاخی ڕاهون" بۆ ماوەی سێ سەتە لە خودا دەپاڕێتەوە، تاوەکوو خودا لێی خۆشبێت. "ئانا ماری" ئەوە بە یەکەمین دەرکەوتنی دۆخی سۆفیگەری دەناسێنێت لە مێژووی بنیادەمدا. کە خۆی لە خۆسزادان و پەناگیری و پاڕانەوە و چاوەنواڕیکردنی لێخۆشبوونی یەزدان خۆی دەبینێتەوە، کە حەللاج هیچ یەکێک لە مانەی نەبووە، بەو جۆرەش دەگەڵ خودادا، کە بە دۆستی خۆی زانیوە سەوداکارییەی دەگەڵدا نەکردووە. چیرۆکی دووەمین فەرموودەیەکی پێغەمبەری ئیسلام دەهێنێتەوە "د.خ"، کە فەرموویەتی: ئەوەی من دەیزانم ئێوەیش بتانزانیایە کەم پێدەکەنین و زۆریش دەگریان. لەمەشدا حەللاج نادۆزرێتەوە، هەرچەندە لەناو سۆفییەکاندا گرووپێک لەسەر بنەمای ئەو فەرموودەیەدا دروستبوو بە ناوی (گرینۆکەکان).

حەللاج گەڕیدەیەکی ڕۆحی و جەستەیی بوو، بۆیە هەردەم شوناسی جیاواز جیاوازیان پێدەبەخشی، ئەو کاتەیش خەریکی لە سێدارەدرانی بوون، خەڵک بەردیان تێدەگرت، شیبلی هاوڕێی گوڵێکی تێگرت، دەگێڕنەوە حەللاج هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا، کە هۆی ئەو ئاهەیان لێپرسی؟ گوتی: ئاخر ئەو خەڵکە نازانن، کە چی دەکەن، خۆ ئەو، مەبەستی شیبلی بوو، زانیبای کە چ دەکات. ئەو وتەیەی کە دەڵێت: گوڵ تێگرتنی دۆست، لە بەردی ناحەز بە سوێترە. لەوەوە هاتووە.

## سورەوەردی.. ترۆپکی هۆشمەندی:

ئەبو حامیدی غەزالی (٤٥٠ ک) تەوژمی سۆفیگەری میانڕۆی سوننەی ڕێک خست، هەرچەند سەرجەم بیر و ئایدیای نووسینەکانی هەڵقوڵاوی تەوژمی فەلسەفەی کەلامی بوو، بەڵام دواتر هەر خۆشی بێ بەزەییانە بەرەو ڕووی وەستایەوە و دژایەتی کرد. پەرتووکی (مشکاة الأنوار) یەکێکە لەو کتێبانەی سۆفییە پاشینەکان، زۆر موتاڵیان دەکرد، بەڵام هەر لەدێر زەمانەوە ڕوونترین گوزارشتی سۆفیگەری لەبارەی تەسەوفی "نوور" ،کە غەزالیش پێناسەی کردووە لە تیۆرییە سۆفییەکانی شیهابودینی سورەوەردیدا بەدی دەکەین.

سورەوەردی (١١٥٣ ک) پێی وایە ئەوەی لە میتافیزیکا پێی دەگوترێت "بوون"، لەگەڵ ئەو ئەزموونە دێرینەی، کە "نوورە" دێتەوە و هاوتایە، کەوابوو بوون یەکسانە بە "نوور ."

(زانین تەنیا بۆ زانینخوازان باس دەکرێت، نەک بۆ هەموو کەسێک، چونکە ئەوەی لەو زانینە نەگات، ئەوە خەڵک ئازار دەدات). سورەوەردی بەو تێگەیشتنەوە، لە تەمەنێکی گەنجانەدا دەرکەوت. بەو هەناسە مەعریفەدارە گەیشت بە لووتکەی هۆشمەندی، لە زۆر بواری زانست و عیرفان و فەلسەفەدا گەیشتبووە ترۆپک، بە هۆیەوە جگە لە ئەندێشە و بیرکردنەوەکانی، بگرهو ژیانیشی کەوتبووە مەترسییەوە.

لە زاری "فەخرەدینی ماردینی"یەوە بیستوومانە، کە سەرەتا ترسی لەو هەموو زیرەکی و سەرەڕۆییەی سورەوەردی هەبووە

و هەر زوو مەترسی لەناوبردنی ڕاگەیاندووە. دەگێڕێتەوە کاتێک سورەووەردی دەگاتە شاری حەلەب تەمەنی نێزیکەی سی ساڵێک بووە، لەو سەردەمەدا جیاوازی ڕوانگەی زانایان، لەسەر کۆمەڵێک پرس، لە دۆخێکی کوشندە و خوێناویدا بووە. ململانەکانیان گەیشتووەتەتە ترۆپکی مەترسی، بەتایبەت لە ئان و ساتی دەمەتەقێی نێوان قوتابخانەی باتنی و زانایانی سوننەدا، لەو کاتە لە ڕووی هزرییەوە کۆمەڵێک تەوژم سەرهەڵ دەدەن، توندترینیان لە نێوان ئەهلی کەلام و مەزهەبە فەقییەکاندا بووە. کەلامییەکان لەسەر چوار چەمکی قووڵ پێداگربوون، لەگەڵ ئەوانی دیکەدا.

_تەوحید و سیفەتەکانی خودا

_قەزا و قەدەر

_وەعد و وەعید

_پێغەمبەرایەتی و ئیمامەت

سورەووەردی بەسەر ئەو دۆخەدا کەوت، جیاوازتر لە هەردوو بەرە بیری دەکردەوە، بۆیە دەسەڵاتی ئەیوبی و بەتایبەت (شا زاهیر)، فەرمانڕەوای حەلەب، سوود لە زیرەکی سورەووەردی وەردەگرێت و دەیهێنێتە کۆشکەکەی و بانگی گەورە زانایانی موتەکەلیم و داناکان دەکات و پێکەوە دایان دەنیشێنێت، بۆ ئەوەی گوێیان لێبگرێت و بزانێت چ ناکۆکییەك لە نێوان سورەووەردی و ئەوانی دیکەدا هەیە. سروشتی شا زاهیر وابوو، هەرچی زانای بلیمەت هەبوو، نێزیکی دەخستەوە لە خۆی، ئەو سەردەم (ئیبن عەرەبی) و چەندان دانای دیکەش سەر بە

کۆشکەکەی شا زاهیر بووینە، بە هۆی بلیمەتی لەبەردەم کەلامییەکاندا، تاوەکوو ئاستێکی بەرز، توانەکانی سورەووەردی لەبەردەم شا زاهیر دەرکەوت، بۆیە پایەی لای شا زاهیر مەزنتر دەبێت و لە خۆی زیاتر نێزیکی دەکاتەوە و پشتی دەگرێت. سورەووەردی بە هۆی زیرەکی و توانی وەڵامدانەوەی بیرۆکەکانی ئەهلی کەلامەوە، دەرگەی شەڕێکی کوشندەی بە ڕووی خۆیدا کردەوە، کە بە مردنی کۆتایی پێهات. بەشێک لە زانایان نامەیەک بۆ سەڵاحەدینی ئەیوبی دەنێرن و مەترسی بوونی سورەووەردی لە قەڵەمڕۆی ئەیوبییەکانی پێ ڕادەگەیەنن و باس لەوەش دەکەن کە مێشکی شا زاهیریشی تێکداوە.

فەلسەفە ئیشراقییەکەی سورەووەردی دوو پایەی گرینگی لە خۆگرتبوو، حاکمیەت و فەزیلەتەکان، ئەو پێی وابوو، دڵ چەقی هەموو شتێکە، هێزێکە و حکومڕانییەتی زەوی دەکات. چەمکی خەلیفەی خودا لەسەر زەوی ( إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً) بەوە لێکدەدایەوە، کە خەلیفە واتە (حەکیمی خۆزان)، ئەو حەکیمەی ڕوو نەچووەتە خۆزانی، نابێتە خەلیفە و فەرمانڕەوایی زەوی پێ ناکرێت.  زەمینیش بێ ئەو خەلیفانە، بوونی نییە. هەمیش بۆ ئەو جۆرە حەکیمانەیە، کە ببنە خەلیفە لە زەمینی خودا، چونکە خەلافەت هێز و سرووش لە خوداوە، ئیلهام وەردەگرێت. مەبەستی سورەووەردیش لەو خەلافەتە، حیکمەتی عەقڵی و زانستی دڵە، کەوایە لای سورەووەردی چەقی فەرمانڕەوایی لای مرۆڤەکان دڵیەتی، نەک ڕەوایەت وەرگرتن لە هەر شتێکی دیکە، هەموو ئەو شتانەی، کە لە دەرەوەی ئەو دوو چەمکەوە دەبنە هۆی پێدانی مافی حاکمیەتی مرۆڤەکان ڕەتدەکاتەوە،

مادامەکێ حیکمەتی عەقڵ و زانستی دڵی لەگەڵدا نەبێت. پێی وایە دەکرێت ئەو خەلیفانە دیار بن، یان نادیار. پێغەمبەران و فریشتە و پاشاکان بە دیارەکان ناودەبات و نادیارەکانیش ئەوانەن کە پێیان دەگوترێت ( قوتب) لای سورەوەردی کارەکتەری (قوتب) کەسێکە حیکمەتی عەقڵ و زانستی پێیە. زۆر لە سوپەرمانەکەی نیچە و مەدینە فازیلەکەی فارابی و یۆتۆپیاکەی دانتی دەچێت، بەڵام سورەوەردی وردتر لەسەر کەسێتی (قوتب) ئیش دەکات و دەیبەستێتەوە بە کۆمەڵێک فەزیلەتەوە، کە لە کارەکتەرێکی خەیاڵی و سوپەرمانیدا، بەرگی کەسێکی واقیعی و فریادڕەسێکی پێدەدات، ئەو لای وابوو دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەم، بە سەڵاحەدینی ئەیوبیشەوە، ئەو قوتبە نین، شایانی ئەو فەرمانڕەوایەتییە بن. لای سورەوەردی ئەو قوتبە موڵکی ئایینێك و نەتەوەیەک و کولتوورێک نییە، نموونەگەلی وەک هرمس، پلاتۆ، ئەمپادۆکلیس، پیتاگۆرس، ئاگادیمۆنۆ، زەردەشت وەردەگرێت، کە هەموویان پێش ئایینی ئیسلام هەبوون، کە ئەو حەکیمانە ئیشراقیان لە ئەقڵە باڵاکانەوە وەرگرتووە. دواجار بە لۆژیکی (حیکمەتی خۆزانی) دەبنە حەکیمی زەمان و قوتب و ئیمام .

ژینگەی بیرکردنەوەی سورەوەردی تاوەکوو دەهات فرەوانتر دەبوو، بەرەو ئاقارێکی تایبەت بە خۆی هەنگاوی دەنا. هیچ کاتێک وەک ئەوانی دیکە بیری نەدەکردەوە، لە کتێبی حیکمەتی ئیشراق و (مشاريع المحافظات) دەکەوێتە گوتووێژێکی ڕەخنەگرانەی جددی لەگەڵ بیر و ڕاکانی ئەرستۆدا. لە لایەکی دیکەوە لە زۆر شوێندا، لە میتۆدا باوەڕەکانی پلاتۆ و زەردەشت و هرمس و باقی سەرچاوە و

هزرەکان جیادەبێتەوە. بۆ نموونە لە بابەتی یەکبوون و حلوولدا لە حەللاج دوور دەکەوێتەوە. وەک نووسەر محەمەد عەلی ڕەیان دەڵێت:

جیاوازی سورەووەردی و غەزالی ئەوەیە، کە غەزالی داکۆکیی لە ئیسلام دەکرد، بەڵام سورەووەردی داکۆکیی لە هەقیقەت دەکرد. ئەوەش جیاوازییەکی مەزن بوو، کە سورەووەردی هیچ سەرچاوەیەکی ڕۆحی، یان هزری، یان ئەقڵی و ئاییندارى و فەلسەفی دواجار نەدەبوونە ڕێگر بۆ ئەوەی لێیان جیاببێتەوە و ڕەخنەیان لێ بگرێت و وەڵامیشیان بداتەوە. لەبەر ئەو هۆکارانە زۆر ناسناو و شوناسی تایبەتی وەک دانا و زانای زەمانە و بلیمەت و چەندانی ناوی دیکەیان بۆ سورەووەردی داتاشیبوو. هەر بۆیەشە لە ئەنجامی ئەو زیرەکییەی، شا زاهیری کوڕی سەڵاحەدینی ئەییووبی، کە زۆری لە خۆ نێزیك کردەوە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی زاناکانی ئایین، بەتایبەت هی ئەوسای حەلەب ئیرەیی پێ ببەن و ڕقیان لێببێتەوە و پلان بۆ دوورخستنەوەی دابڕێژن. ئەگەر بەباشی لە هزری سورەووەردی نێزیك ببیتەوە و خوێندنەوەیەکی وردی بۆ بکەیت تێدەگەیت، کە لەسەر چەمکی تۆژینەوە و خۆزانی دەڕۆیشت، هرمس و پلاتۆ و پیتاگۆرس و سوکرات و زەردەشت و مانی لای ئەو لە پێشی پێشەوەی چینی باڵای داناکانن. لە هەمان کاتیشدا پێی وابوو، پێغەمبەری ئیسلام لەنێو تۆژینەوەکاریدا شۆڕنەبووەتەوە، بەڵام لە خۆزانیدا قووڵ بووەتەوە، چونکە (رسول و نبي) بووە، بۆیە زاناکانی ئایین لە حەلەب لە بارەی پێغەمبەرەوە پرسیاری لێدەکەن، سورەووەردی بێدەنگ دەبێت، بەڵام زاناکان بێدەنگ نابن. تەوژمی زیاتری بۆ دەهێنن و پرسیارێکی سەختتری بۆ

دروست دەکەن. ( ئایا خودا دەتوانێت لە دوای محەمەد پێغەمبەرێکی دیکە بنێرێت). ئەو جۆرە پرسیارە لە لۆژیکدا بە شێوازی لە ڕوودامان ناسراوە. بەو واتایەی پرسیارێک بکەی وەڵامەکەی هەرچییەک بێت، کوشندە بێت. ئەگەر سورەووەردی وەڵامی دابایەوە "بەڵێ خودا دەتوانێت" ئەوە مەترسیداربوو، چونکە محەمەد دوا پێغەمبەری نێردراوی خودایە، ئەگەریش بڵێت "نەخێر" بەو وەڵامە سنوور بۆ هێز و دەسەڵاتی خودا دادەنێت، بۆیە سورەووەردی بەو جۆرە وەڵام دەداتەوە، (سنوور بۆ هێزی خودا نییە) لەسەر ئەو وەڵامەی بڕیاری کوشتنی دەدرێت.

لەبارەی کوشتنی سورەووەردییەوە چەندان باس و خواسی جیا و تێڕوانینی دژ بەیەک هەیە، بەڵام (قاسم محەمەد عەباس)ی نووسەر کە حەللاجناسێکی دەگمەنە دەڵێت: ئەو ڕەوتەی بووە هۆکاری کارەساتی حەللاج دوای زنجیرەیەک دادگەیی کردن، زۆر لەو ڕەوتە دەچێت، کە بووە هۆی کوشتنی سورەووەردی، جگە لەوەش لە بارەی مەرگی سورەووەردییەوە دەڵێت: وەک گیان دەرچوونی حەللاج، مردنێکی کەم وێنە و تاقانە بوو.

**المصادر العربية:**


١. ميرسيا الياد - يوان ب. كوليانو/ معجم الأديان – ترجمه وتقديم وتعليق/ خليد كدرى – عدد الصفحات – ٥٣٨ – تاريخ الگبعه: ٢٠١٨م – الناشر- مؤمنون بلا حدود للنشر والتوزيع- لبنان – بيروت.

٢. ميشال مسلان - علم الأديان - مساهمه فى التأسيس / ترجمه عزالدين عنايه الگبعه ٢٠١٦.

٣. فريدريک كوبلستون – تاريخ الفلسفه – المجلد الپالپ – ترجمه امام عبد الفتاح الامام. الگبعه الاولى ١٩٤٤ .

٤. د. سلگان بن عبدالرحمان العميرى – ڤاهره نقد الدين فى الفكر الغربى الحديپ – الجز و الأول والپانى - الگبعه الپانيه ١٤٣٩ه - ٢٠١٨م. دار النشر/ تكوين للدراسات والأبحاپ.

٥. د. محمد بن بسيس بن مقبول السفيانى – الأسس المنهجيه لنقد الأديان- دراسه فى سؤال المنهج ونقريه البحپ – المجلد الأول – الگبعه الأولى ١٤٣٧ه – ٢٠١٦م. ناشر/ مركز التأصيل للدراسات والبحوپ.

## سەرچاوە کوردییەکان:

١- جەمال حوسێن- فەلسەفەی ئیسلامی - دەرکەوتن تا کەوتن – چاپی یەکەم -٢٠١٩ / چاپخانەی تاران – لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس.

٢- نەوزاد جەمال- فەلسەفەی ئایین – چاپی یەکەم ٢٠١٦ چاپخانەی سەردەم – کوردستان سلێمانی.

٣- د.کاوە ئەحمەد – عەقڵ و باوەڕ – چاپ – ٢٠١٩ لە بڵاوکراوەکانیماڵی وەفایی.

٤- بێرنارد لویس - ئیسلام و ڕۆژئاوا- وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ڕەزوان حەسەن، چاپ - تاران ٢٠١٨. لە بڵاوکراوەکانی دەزگەی ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.

٥- عەلی ئەسغەر حیکمەت - مێژووی ئایینەکان – بە کوردیکردنی – هاشم عەلی وەیسی چاپ – تاران ٢٠١٩ – لە بڵاوکراوەکانی دەزگەی ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.

٦-دیڤید هیوم – مێژووی سروشتیی دین / بەکوردیکردنی مەسعود بابایی/ چاپ – تاران ٢٠١٦. لە بڵاوکراوەکانی ماڵی سوهرەوەردیی.

٧- ئێریک شارپ – جۆناسان زێت. سمیت/ فینۆمینۆلۆجیای ئایین- بەکوردیکردنی ئارام مەحموود ئەحمەد- پرۆژەی کتێبی گیرڤان – لە بڵاوکراوەکانی دەزگەی ئایدیا ٢٠١٩.

تێبینی: جگە لەو سەرچاوانە، سوودێکی زۆرم لەو سێ پەڕتووکە وەرگرتووە.

١- مێژوو و ڕەهەندەکانی سۆفیگەری لە ئیسلامدا لە نووسینی ئانا ماری شمیل/ بە کوردیکردنی زانا ناجی – هیوا مەحمود

٢- دەروازەیەک بۆ ئاشنابوون بە زانستی کەلام/ هاوژینی مەلا ئەمین

٣- خوێندنەوەی حیکمەتی ئیشراقی سورەوەردی/ هۆشەنگ شێخ محەمەد یوسف